هەڵبژاردەیەك لە :

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

## دەربارەی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان

نووسینی : م . م . فان بروونەسن

وەرگێڕ : شێرکۆ هەژار

- بەرگی یەکەم -

٢٦٢١/ ٢٠٠٩

ئەسڵ :

M. M. van Bruinessen.
Agha, Shaikh and State.
On the social and political organization of Kurdistan. (diss.)
1978 Rijswijk.

( ناوی نووسەر بە ئەم نووسینە بە " فان برۆنسن" و " فان برۆنێسن"یش هاتووە ) .

---

پەراوێزی نووسەر خراوەتە داوێنی لاپەڕە و پەراوێزی وەرگێڕ بە ژمارە و دوای باسی نووسەر دێ .

ئـەم کتێبە هەڵبژاردەیەك دەگرێتەوە لە دکتۆرنامەیەکی (١٩٧٨) بە زمانی ئینگلیسیی پسپۆڕێکی ڕۆژئاوا، کە - دەڵێ- هەوڵی داوە پێبەندیی یەکەمی کورد لە کۆمەڵگایدا(بە عەشیرەت و ئاین و دەوڵەت) شەن وکەوبکا. ئـەگەر دەزگایەکی بێگانە بیەوێ پەروەندەیەك بۆکورد بکاتەوە، باسێکی‌گشتی و ئـەساسیی بۆ دەست پێ - کردنی ئەوە پێویست بێت، تا ئیدی بۆ لەمەودوا، پەڕە بە پەڕەی بخرێتە سەر، ڕەنگە زۆر دڵی بەم بەرهەمەی نووسەر خۆش بێت و لەوەوە - بەلای کەم - زۆر سوپاسی بکەوێ . بۆ کـوردیـش - کە هێشتا لە دنیای کتێبدا یەکجار زۆر هەژارو پەرپووت و نەدارە- گرنگ و تەنانەت زۆر زۆریش گرنگە .

کتێبەکە شەش فەسڵە، من لێرەدا بە چەند لاپەڕەیەك ئاماژەیەکم بە فەسڵی یەکەمی کردووەو، هەڵبژاردەیەکی بەشی زۆری فەسڵی دوو و سێ و چوارەمی و دەقی تەواوی فەسڵی پێنجەمیم کردووەتە کوردی ( ١٩٨٣) .

من هەر وەرگێڕانێکم بەجێ‌هێناوەو نەچووم لێ‌بکۆڵمەوەو ساغی بکەمەوە، مەگەر هەندێ هەڵەو بوختانی کە بۆ من زۆر زەق و ئاشکران و پێویستیان بە هیچ لێکۆڵینەوەیەك نیە و کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەم پێ‌کردوون . (بۆ باسەکانی تری جگە لە مەسەلەی سیاسیی کوردیش، تورك ناسی هۆڵەندی" ئیریك زورخەر" دەڵێ هـەڵەی تێدا هەن ) .

گرنگترین نوختەی زەعفی نووسەر لێرەدا بریتیە لەوە کە هـەرچەندە ئـەوپـەڕی دڕدۆنگ وسـرك و بـەدبینە بە کوردو، ئەوەندە بـەگومانە لە هـەر کەس و شتێکی جیهانی سیاسەت و ئیستیـخبـارات ، - زۆر سەیر- چووە ریشی خۆی داوەتە دەستی سەرچاوەکوردەکانی لەهۆڵەندا ، زۆرتر دوو کەسی دژی بارزانی، کە لە خـزمـەتیدا بوون و؛ هەرچی بوختانی دژی بارزانی و کەسانێکی‌تریشی لەوان بیستووە، بە بێ ئاماژە بە هیچ سەرچاوەو، هیچ بەڵگەهێنانەوەیەك، خۆی لێ‌کردوون بە خاوەن و بەناوی خۆی نووسیونی . ئەوە بەڕاستی شتێکی یەکجار زۆر سەیرە . نووسەر خۆی لەم دکتۆرنامەیەدا گـاڵتەی بە عەقڵی ئـەفسـەرە سیاسیەکانی ئینگلیس دێت، کە لە ئاست بێ باریی کوردانێك چەندە ساویلکە بوون، کەچی ئەویش خۆی هاتووە ڕێك هـەمان کاری کردووە؛ وێڕای ئەوەندە ماندووبوونەی کە ئەم بەرهەمە زۆر دەوڵەمەندەی لێ پەیدابووە، چووە ئاوا ریشی خۆی داوەتە دەست ئەوانە کە ئاوا لەخشتەی بەرن و کارەکەی لێ عەیبداربکەن . بەڵام دیسان، ئەو توڕەهاتەی لێ دەرچێ کە لەو کوردانەوە تێی‌کەوتووە، ئەم کارنامەیەی - بە بیری من - دەوڵـەمەنـدترین کتێبێکە بێگانەیەك لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی کوردی نووسیبێ و، شایانی ئەوەیە کاری زۆری لەسەر بکرێ .

شێرکۆ هەژار

## ناوەرۆك

چەند دێڕێك لە فەسڵی یەکەم : زانیاریی گشتی دەربارەی کوردستان ١٣-١٩

لە فەسڵی دووەم : عەشیرەت و ئاغا و ناعەشیرەت ٢١-١١٣

١- عەشیرەت و بەش- بەشی ٢٣-٣٧

بەرەو تیرە ٢٣-٢٤

بنیاتی عەشیرەت ٢٤-٣٤

ماڵ ٢٤-٢٦

دەستە بەگوێرەی ناوچە ٢٦-٣١

دێ ٣١-٣٣

رەفتاری بە کۆمەڵ لەسەر ئەساسی لە دێ کەمتر یا پتر ٣٣-٣٤

سنووری عەشیرەت ٣٤-٣٧

٢- ناوە کوردیەکان ٣٧

٣- دوژمنایەتیی خوێن و کێشە وهەرای تر ٣٨-٤٩

ناوبژی ٤٢-٤٧

تەرزی ژن هێنان و کێشە وهەرای عەشیرەتی ٤٧-٤٩

کێشە و هەرای تر ٤٩

٤- لە عەشیرەت سەرووتر ؟ ٥٠-٥٧

دەستەی لە عەشیرەت گەورەتر ٥٠-٥١

دوژمنایەتیی ناوخۆ و دەسەڵات لە سەرچاوەی دەرەوەوە ٥١-٥٣

دوودەستەیی لە دنیای کۆمەڵایەتیدا ٥٣-٥٦

رەقابەتی ئاغایان و تێکچوونی یەکێتیی عەشیرەت ٥٦-٥٧

٥- رابەری و کێشە وهەرا ٦٠-٥٨
کێ دەبێتە رابەر ؟ ٦٠-٥٩
٦- ناو و کاری رابەری ٦٢-٦١
٧- دیوەخان ( دیوان، دیوانخانە ) ٦٩-٦٣
٨- رووی ئابووری : باج بۆ ئاغا ٧٣-٧٠
عەشیرەتی باڵەك بە نموونە ٧٣-٧١
٩- وەزعی رابەریی چەند عەشیرەتێك ٨٤-٧٤
مەنگوڕ ٧٨-٧٤
پژدەر ٨١-٧٨
هەمەوەند ٨٢-٨١
دزەیی ٨٤-٨٢
١٠- دەسەڵات پێکەوەنان : ئاوەدان کردنەوەی جەزیرە ١٠١-٨٥
یەکێتی عەشیرەتانی هەڤێرکان و حاجۆ ١٠١-٩٥
١١- جووتیاری ناعەشیرەتی کورد و نێوانیان لەگەڵ عەشیرەتی کورددا ١٠٥-١٠٢
چەوساندنەوەی ئابووریی جووتیاران لەلایەن عەشیرەتەوە ١٠٤-١٠٢
جیاوازیی قەومی ١٠٥-١٠٤

خــــولاســــە ١٠٧-١٠٦
- پەراوێزی وەرگێڕ - ١١٣-١٠٨
پێڕستی ناوی ( لە ) فەسڵی دووەم ١١٨-١١٤
لە سەرچاوەکانی نووسەر ١٢٠-١١٩

له فهسڵی سێیهم : عهشیرهت ودهوڵهت ۲٤۳-۱۲۱

۱- چۆنێتیی عهشیرهتی کورد بهکورتی، سهرهتایهك بۆ مل لێ نانی باسی ئهم فهسڵه ۱۲٤-۱۲۳

۲- عهشیرهتی کورد شتێکی ههر خۆیهخۆ نیه ۱۲٦-۱۲٥

۳- روودانهوهی چهند وهزعیك : عهشیرهت و حکومهتی دهوڵهتانی رۆژههڵاتی ناوهڕاست ۱۳۰-۱۲۷

٤- روودانهوهی چهند وهزعیك : نێوانی مهرکهزو ناوچهکانی سهرسنوور ۱٤۱-۱۳۱

٥- بوونی کوردستان به بهشێك له ئیمپراتۆریی عوسمانی ۱٥٦-۱٤۲

پێشهکی : قهرهقۆیونلو و ئاق قۆیونلو ۱٤٥-۱٤۳

سهفهوی ۱٤۹-۱٤٥

سهیرکردنی رووداوان له خوارهوهوه ۱٥۱-۱٤۹

رووبهڕووی یهکتر بوونهوهی عوسمانی و سهفهوی ۱٥۳-۱٥۱

سیاسهتی عوسمانی بهرامبهر به کورد ۱٥٦-۱٥۳

٦- مێژووی سیاسیی چهند ئهمارهتێکی کورد ۱٦٥-۱٥۷

مهلیکهکانی حسنکێف ۱٥۹-۱٥۷

ههکاری و میرهکانی ۱٦۳-۱٥۹

چهمشکهزهك ۱٦٥-۱٦۳

۷- دامودهزگاو شێوهی ئیدارهی کوردستان (ی عوسمانی) له سهدهی ۱٦دا ۱۸۲-۱٦٦

نهزمی زهوی و دامودهزگاو شێوهی ئیدارهی ئیمپراتۆریی عوسمانی ( له سهدهی ۱٥-۱٦دا) ۱٧٦-۱٦٦

بهجێهێنانی نهریتی ئیدارهی عوسمانی له کوردستاندا ۱۸۲-۱٧٦

۸- نهریتی ناوخۆی ئهمارهته کوردهکان ۲۰۳-۱۸۳

بتلیس ۱۹٧-۱۸۳

مێژوو ۱۸٦-۱۸٤

عهشیرهت و میر ۱۸٧-۱۸٦

عهشیرهتهکانی بتلیس ۱۸۸-۱۸٧

دابینکردنی دهسهڵاتی میر بهسهر عهشیرهتاندا ۱۹۰-۱۸۸

داهات و لەشکر ١٩١-١٩٣
هێزی تری عەسکەری ١٩٣-١٩٤
ئیدارەو داوەری ١٩٤-١٩٥
توێ توێی کۆمەڵایەتی ١٩٥-١٩٧
بابان ١٩٧-٢٠١
چەند تەعلیقیک ٢٠١-٢٠٣
٩- لەونێوانەدا : کۆچکردن بۆ رۆژهەڵاتی باکووری ئێران ٢٠٤-٢٠٧
١٠- گۆڕانی سیاسی لە سەدەی نۆزدەدا ٢٠٨-٢١٠
١١- راپەڕینی بەدرخان بەگ و رووخانی ئەمارەتی بۆتان ٢١١-٢١٩
بۆتان دوای نەمانی میر ٢١٧-٢١٨
نەتیجە ٢١٨-٢١٩
١٢- قانوونی نوێی زەوی و تەئسیری ٢٢٠-٢٢٣
سیاسەتی زەویی ئینگلیسەکان لە کوردستانی عیراق ٢٢٣
١٣- دامەزراندنی میلیشیای عەشیرەتیی کورد : حەمیدیە ٢٢٤-٢٣٠
١٤- گۆڕان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ٢٣١-٢٣٥
سنووری نوێ : دابەشکردنی پتری کوردستان ٢٣١-٢٣٢
سیاسەتی دەوڵەتانی نوێ بەرامبەر بە عەشیرەت ٢٣٢-٢٣٥
١٥- چەند تێبینیەکی نەتیجەگیریی ئەم فەسڵە ٢٣٦-٢٤٠
- پەراوێزی وەرگێر - ٢٤١-٢٤٣
پێرستی ناوی (لە) فەسڵی سێیەم ٢٤٤-٢٥٢
لە سەرچاوەکانی نووسەر ٢٥٣-٢٥٤

## نـــەخـــشە


| نەخشەی ژمارە | | |
|---|---|---|
| ١ | نەخشەیەکی گشتیی کوردستان | ١١ |
| ٢ | کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ١٥ |
| ٣ | نەوتی کوردستان و ڕێگاو بانی نێوان کوردستان و دەوڵەتان | ١٧ |
| ٤ | شێوازی لە کوردستان قسەیان پێ دەکرێ | ١٨ |
| ٥ | شوێن و عەشیرەتی کە ناویان لە فەسڵی دووەمدا هاتووە | ٣٧ (و بڕوانە ل١٠٩و١١٠) |
| ٦ | باکووری جەزیرە | ٨٦ |
| ٧ | قەڵەمڕەویی قەرەقۆیونلو١٤٠٦- ١٤٦٩ و سنووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریی شائیسماعیل لە دەوری ١٥١٢دا | ١٤٧ |
| ٨ | شوێنی ئەمارەتە هەرەگرنگەکان | ١٧٩ |
| ٩ | بتلیس و دەوروبەری | ١٨٥ |
| ١٠ | بابان و دەوروبەری | ١٩٧ |
| ١١ | خوراسان | ٢٠٥ |
| ١٢ | ئەمارەتی بۆتان لە سەردەمی هەرە گەورەبوونیدا(١٨٤٦) | ٢١٤ |


## شکڵ


| شکڵی ژمارە | | |
|---|---|---|
| ١ | پێکهاتنی بەرە و دابەش بوونی | ٤١ |
| ٢ | هەر ئامۆزا هێنان | ٤٨ |
| ٣ | نێوانی نەژادیی بەشێکی ماڵی ئاغاکانی دوورکی ( ماڵا عەباس ) | ٨٧ |
| ٤ | نێوانی نەژادیی بەشێکی ماڵی ئاغاکانی هەڤێرکان ( ماڵا ئۆسمان ) | ٩٥ (و ١١٨) |
| ٥ | توێ- توێی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کورد | ١٠٦(و١٠٧) |
| ٦ | پەرەسەندنی تۆڕی دەزگای ئیدارە و تێکچوونی یەکەی ئۆتۆنۆمی سەر سنوور | ٢٣٨ |
| ٧ | بە باش کردنی تۆڕی ئیدارە، یەکەی ناوچەیی بچووکتر و سادەتر دەبنەوە | ٢٣٩ |

وێنە


| | |
|---|---|
| تەییانی کۆچەر، ناوەندی کوردستان | ٢٨ |
| تاوڵی سەرۆکی دێ - جێی میوانان | ٦٥ |
| خانوبەرەی ماڵی عەلی ئاغای مەنگوڕ، لە بنارێکی لای دەشتی قەڵادزێ | ٧٧ |
| سەنەدێکی تاپۆی عوسمانی | ٩٢ |
| گۆڕی حاجۆ لە دووگر، نیشانەکانی ژیانی ئەو ئاغایەی بەسەرەوە | ١٠٠ |
| هۆبەیەکی نیوە کۆچەران - مەڵبەندی پەرڤاری | ١٠٣ |
| مستەفا پاشای میران | ٢٢٧ |


Black Sea
Trabzon
Kars
Lake Sevan
Eriван
Baku
Caspian
Sea
Bayburt
Erzincan
Erzurum
Sivas
Mt. Ararat
Agri
Maku
Araxes R.
Dersim
Ercis
Axlat
Lake Van
Van
Muş
Elazig
Xoy
Malatya
Silvan
Sitlis
Se'ird
Selmas (Shahpur)
Tebriz
Erdebil
Diyarbekir
Çolemerik (Hakkari)
Lake Rezaye
Rezaye
Meraş
Sewerek
Mardin
Cezire
Eyntab (Gaziantep)
Urfa
Nesibin
Qamişli
Amadi
Mehabad
Cezire
Rwandiz
Qale Dize
Seqqiz
Mediterranean Sea
Aleppo
Sinjar
Mosul
Erbil
Serdest
Bane
Raqqa
Kerkuk
Silemani
Hewraman
Sine (Sanandej)
Deir ez Zor
Hemedan
Dalehu
Tigris
Xaniqin
Kirind
Kirmanşah
Euphrates
Baghdad

چەند دێڕێك لە

# فەسڵی یەکەم

## زانیاریی گشتی دەربارەی کوردستان




سنووری دەوڵەتان .

ولاتی کە زۆربەی کوردە .

ناوچەی‌کوردنشینی دەرەوەی کوردستانی تەواو .

« نەخشەی ژمارە ٢    کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست »

نەخشەی ژمارە ٢، نەخشەیەکی کوردستانە کە کوردی نەتەوەیی ساڵی ١٩٤٨ بۆ دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان ناردووە ( ئەوەندە هەیە ئەوان " لوڕو بەختیاری" شیان رەگەڵ خستووە، من - کە پێم وایە ئەوە بێ پایەیە - بەم شێوەیە راستم کردووەتەوە(١)) و هەر شوێنێکی ئەم نەخشەیەی ئێرە کە توانیبێتم لێ بنۆڕم، بۆم دەرکەوتووە کە بەڕاستی کوردستانە، لەبەر ئەوە هەر کە لەم کتێبەدا ناوی کوردستان دەبەم مەبەستم ئا لەم وڵاتەیە کە ئەم نەخشەیە پیشانی دەدا .

کورد، زۆر کەمیان کۆچەرن، زۆربەیان جووتیاری و ئاژەڵداری دەکەن، هەن گەرمیان و کوێستان دەکەن کە من لێرەدا پێیان دەڵێم " نیوە کۆچەر" .

کورد تاسەرەتای ئەم سەدەیە هەموو پێداویستێکی ژیانی خۆیان لە کوردستان پێك دەهێنا : جلوبەرگ و قاپ و-قاچاغ و ئامێری کشتوکاڵ و خشڵ و... ئیدی . زۆرترین پیشەوەرانی کوردستان ئەرمەنی و جوو بوون . خەڵکی

دێهات کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ شارەکاندا هەبوو و ئەو شارانەش بەهەمان شێوە تێکەڵ بە تۆڕی بازاڕی دنیا دەبوونەوە . سەنعەتی کوردستان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بە هۆی دوو شتەوە زۆر پەرێشان بوو و تەنانەت زۆری هەر بە یەکجاری لەناو چوو، یەکەم : کوشتاری ئەرمەنیەکان و کۆچی دواتری جووەکان بۆ ئیسرائیل بوو، کە بەوە کادیری سەنعەتی لە کوردستان زۆر کەم مانەوە ( کورد خۆی جێی ئەوانەی پڕ نەکردەوە، ئێستاش شال و شەپك لە کوردستاندا هەر تەنیاو تەنیا مەسیحی دەبێ دروستی بکا(٢) ) . هۆی دووەمی پەككەوتنی سەنعەتی کوردەواری، هاسان بوونەوەی هاتوچۆ ( و بارهێنان و بردن ) بوو . لە ساڵانی ١٨٣٠یەوە واپۆڕ کەوتە دەریای رەشەوە و کووتاڵی هەرزانی ئەوروپایی داڕژایە ئەنادۆڵەوە . لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا شیرکەتە ئەڵمانەکان رێی قەتاری ئەستەمبووڵ - بەغدایان دەست پێ کردو رێی بازرگانییان بۆ رۆژئاوای کوردستان هاسان کردەوە ( کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا پێكهات) . کووتاڵی هەرزانی دەرەوە، لەسەرەتادا چووە شارەکانی ئەنادۆڵ و لەوێوە بەرە- بەرە کەوتە کوردستانەوەو پشتی سەنعەتی ناوخۆی شکاند. جادەکێشان ( دروستکردنی رێی ئۆتۆمبیل ) ئەوەندەی دی ئەو کارەی خست کردەوە،و گەیشتنی کەرەستەی کیمیایی ( لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە) قوڕەکەی ئەوەندەی دی شێلا . مەعدەن جێی گڵکاریی گرتەوە، ئەوجا لاستیك هاتە جێی مەعدەن، قوماشی مەکینە جێی پارچەی چنراوی دەست ( و بەرهەمی جۆلایی ) گرتەوە و...ئیدی . بێ لەوەش، شتی تر بۆ جاری یەکەم کەوتنە بازاڕی کوردستانەوە و ئیتر بوونە پێداویستی ئەساسی . ئەگەر بەشێکی زۆر کەمی سەنعەتی ناوخۆ، بە هێندێك گۆڕان و بەکارهێنانی مەکینەی سادەوە، بەرگەشی گرتبێ، ئەوا ئەویش رەقابەتی سەنعەتی مەکینەی باشتری شارەکانی تورك و بەغدا و تارانی پێ ناکرێ . نەبوونی نەزمێکی هەڵسووڕانی ئابووری و گرانیی مەسرەفی بارکردنی کووتاڵیش ئەوەندەی دی بە زیانی کوردەواریی دەشکێنێتەوە . کوردی خاوەنی سەنعەتی وا پەرپووت، بۆ خۆ راگرتن خۆیان ناچار دەبینن، پارەی کەمتر بدەن بە کرێکارو زۆر لایەنی قانوونی لە کاردا پتر گوێ پێ نەدەن . ئەم وەزعە کارێکی کردووە کەسابەت روو لە هێنان و تواندنەوەی کووتاڵی دەرەوە بنێ : تیغی ریش تاشین لە ئەڵمانیاوە، هەندێ وردە بابەت لە چین و هۆنگ کۆنگ و ژاپۆن و هیندستانەوە، قوماش لە هیندستان و ژاپۆن یا ئینگلستانەوە، چرای نەوتی لە چینەوە، سابوون و بسکویت و شیرینی لە پایتەختەوە . ئەوانە بە زنجیرەیەك بازرگاندا دەگەنە دێهاتی کوردەواری ( کە هەریەکە دەبێ قازانجی خۆی لێ بکا ) . کەسانێك لە پایتەخت رادەسپێرن کووتاڵیان لە وڵاتانەوە بۆ دێت، کەسانێکی تر لە پایتەخت لەوانی دەکڕن و بە دووکانداری شاری دەفرۆشن و...ئیدی زۆر دەست دەکا تا بە ماڵە دێهاتی دەگا . ئەگەر بازرگانیەکە




جادەی نێوان دەوڵەتان — چاڵی کە نەوتی لێ دەردەهێندرێ

ڕێی قەتاری نێوان دەوڵەتان — شوێنی کە دەڵێن دەکرێ نەوتی تێدا هەبێ

سنووری دەوڵەتان — لوولەی نەوت

سنووری کوردستان

نەخشەی ژمارە ٣ نەوتی کوردستان و ڕێگاو بانی نێوان کوردستان و دەوڵەتان

لەوسەرەوە ( لە دێهاتەوە ) بێت ، ئەوا ئەویش بە هەمان زنجیرەدا دەڕواو هەر گەوە( ئاڵقە )یە لەوبەینەدا دەبێ قازانجێکی زۆری خۆی بخاتە سەر . هەن بوونە وەکیلی شیرکەتێکی بێگانە لە مەرکەزی ئوستان و ویلایەتدا (ئێران،تورکیا) کە دەبێ کووتاڵی هەرئەو تاقە یەك شیرکەتە بفرۆشن ، بەوە هەم شیرکەتەکە دەستی ڕەقابەتی ناوخۆ و دەرەوە لە بندا دەبڕێ و هەم وەکیلیش بە یارمەتیەکی لە شیرکەتەکە دەستی دەکەوێ کاری خۆی دەڕوێنێ. بەوشێوەیە، سەنعەت جێی خۆی داوە بەو چەشنە بازرگانیەی کە کوردستان بەو دەوڵەتانەوە دەبەستێتەوە کە حوکمی دەکەنو، لە ڕێی ئەوانەوە بە مەرکەزە سەنعەتیەکانی دنیاوە . ئەوە حەتمەن دەکرێ ناوی

پەرەنەسەندوویی و دواکەوتنی پتر لێ بنرێ تاوەکو پەرەسەندن .

رێی پێوەندی و هاتوچۆ لە کوردستاندا ئاوێنەیەکی باشی وەزعی ئابوورییەتی : جادەی کە هەن لە نێوان دێ و شاری مەرکەزدان، و لەنێوان شاری مەرکەزو مەرکەزی گەورەتردا و لەنێوان ئەوان و پایتەختدا، بەڵام رێی جادە لە نێوان دێ و دێدا نیە . ئەگەر کەسێك بیەوێ بە ئۆتۆمبیل لە دێیەیەکەوە بچێتە دێیەکی سەد کیلۆمیتر بەولاوە، لەوانەیە پێویستی بە سەفەری سێ سەد کیلۆمیتر هەبێ، چونکە دەبێ لەپێشدا لە دێیەکەی خۆیەوە




شێوازەکانی کوردیی رۆژهەڵاتی باشوور ، شێوازەکانی کوردیی باشوور ، شێوازەکانی کوردیی باکوور
شێوازەکانی گوورانی ، شێوازەکانی زازا

« نەخشەی ژمارە ٤ شێوازی لە کوردستان قسەیان پێ دەکرێ »

بچێتە شاری مەرکەز ( کە ئەوە تاقە جادەیەکە لە دێیەکەی ئەوەوە)، و لەوێوە بە جادەی نێوان شاری مەرکەزو دێیەکەی تردا پێچ بداتەوە . زۆر وادەبێ، کوردی کە لە دێهاتی دەوروبەری خۆی لە چەند دێیەکی کەم پتری نەدیوە، لە دێیەکەیەوە بەدوای کاردا جادە دەگرێ، لە ئەستەمبووڵ یا لەدواییدا لە ئەڵمانیا یا لە هۆڵەندا سەر دەردێنێ . ئەم تەرزە جادەکێشانە گیروگرفتی زۆری بۆ هێزی کوردە نەتەوەییەکانی عیراقیش نایەوە، چونکە شارەکان ( جەرگەی پێوەندیی جادە) بەدەست حکومەتەوە بوون : خەڵکی مەڵبەندی بادینان زستانانە زۆر پەرێشان دەبوون، و هاتوچۆی نێوان سلێمانی و باڵەکایەتی دەبوو بە قەڵەمڕەویی ئێراندا بکرێ .

کرێکاری کورد لە شارە سەنعەتیەکاندا کار دەکا کە لە دەرەوەی کوردستانن، خاوەن پارەی کوردیش پارەکەی هەر لەو شارانەدا دەخاتە کار . بەو شێوەیە هەم سەرمایەداری کورد و هەم پرۆلیتاری کوردیش هەن، بەڵام لە دەرەوەی کوردستانن . تەبیعی ئەوەش تەئسیری بەسەر نەتەوایەتیی کورددا هەیە، کرێکارێکی کوردی مەرکەزێکی سەنعەتیی تورك رەنگە هەستی پێوەندیی چینایەتیی بەکرێکارێکی تورکەوە لە هەستی نەتەوەیی پتر بێت . بە هەرحاڵ، کورد بۆ کار لە دێهاتەوە روو لە شارەکانی کوردستانیش دەکەن : فرۆشیاری گەڕیدە، دووکانچە دانان، بۆیاغچێتی، وردە کەسابەت ؛ ئەگەر خوێندنێکیشی تەواو کردبێ، هەوڵ دەدا ببێ بە کارمەند ( ێکی معاش پەڕپووت) .

بێکاری لە شارەکانی کوردستاندا زۆرە، شار خەڵکی کەمتری نوێ لە دێهاتەوە دەتوانێ وەخۆبگرێ، هەشن لەو شارانەوە بار دەکەن دەڕۆن، لەبەر ئەوە ژمارەی دانیشتوان زۆرتر هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە .

له

# فەسڵی دووەم

## عەشیرەت و ئاغا و ناعەشیرەت

کـورد هەموو لە عەشیرەت نین . ئەوەی راستی بێت، ناعەشیرەتیان لەهەندێ شوێن زۆر لەعەشیرەتیان پترە، بەڵام ئەوەیە ناعەشیرەت لە رووی سیاسی و یا ئابووریەوە ( یا تا ئەم دوا- دواییانە ) هەر ژێردەستەی عەشیرەت بوون .

## ١- عەشیرەت و بەش- بەشی

### بەرە و تیرە

کـورد عەشیرەتیان بە هەردوو شێوەی : " بـەرە" و" تیرە " هەیە . بـەرە : ئەو ماڵانەی لە هەمان باوك، باپیر یا باپیرەگەورەوە کەوتوونەوە، خۆیان لە ماڵەکانی دی جیا دەکەنەوە و لە هەلومەرجی تایبەتیدا پێکەوە و بە جیا لەوان رەفتار دەکەن . دیارە بەرە لە کۆنیدا وەك یەك نین، دەکەوێتە سەر ئەوەی بە چەند پشت لە یەك باو و با- پیرن . بەڵام تیرە : کۆمەڵێکی عەشیرەتی پێك دێنن بێ ئەوەی باو و باپیریان یەك بێ .
جیاکردنەوەی بـەرە لە تـیرە لە ناو کورداندا زۆر زەحمەتە، کورد لە مەسەلەی چوونە بنج و بناوانی خۆیاندا وەك زۆر خەڵکی عەشیرەتیی تری دنیا نین، - تۆ بڵێ - لە ئامۆزازا(وخاڵۆزازا)ی باوك و دایك بەولاوە زەحمەتە سەری خۆیان بە زنجیرەی ئەسڵ وفەسڵی خۆیانەوە بیەشێنن . وابووە کەسێکی تری لاوەکی هاتووە و خۆی داوەتە پاڵ بەرەیەك و خۆی لەگەڵدا گونجاندوون، وای پیشان داوە کە خۆی بە یەکێك لەوان دادەنێ و ئەوانیش قەبووڵیان کردووە، ئیتر ئەولادی ئەو کەسە لەدوای یەك یان دوو پشـت بەتەواوی بوون بە بەشێك لەو بـەرەیە، و ئیدی بـە دەگمەن یەکێك هەڵدەکەوێ ئەوەی لەبیر بێ کە ئـەمانە و ئـەوان لە یەك بـەرە نین . کەوابوو، لێرەدا هـەستی هـاوبـەرەیـی لە خزمایەتیی راستەقینەی خوێنی ئـەو بەرەبابە پـتر کار دەکا . تەنانەت وابووە، ماڵێك هاتووەتە پێشەوە و کرداری گرنگی عەسکەری یا سیاسیان لەدەست هاتووە، خەڵکی دی چ تاك- تاکە و چ بەرەی تەواو لە دەوریان هاڵاون و وێکڕا تیرە یان بەرە ( تەنانەت عەشیرەتی تەواویش )یان سازداوە و دوای چەند پشتێك جیاوازیی ئەسڵیان لەبیر چووەتەوە . هەرچەندە ئەمانە بەگوێرەی سنفبەندیی کۆمەڵناسی تیرەن وبەرە نین چونکە لە یەك بەرەباب نین، بەڵام لە راستیدا وەك بەرەیەك رەفتار دەکەن، تەنانەت ئەگەر بیاندوێنی دەبینی مێژووی یەکێکت وا بۆ دەگێڕنەوە کە گوایا باپیرەگەورەی هەموویان بووە . رۆندۆ* نموونەیەك دێنێتەوە بە بەڵگەی ئەم قسەیە دەشێ، دەڵێ : عەشیرەتی " ئـۆمەریان " لـە دوو تیرە " ئـەقڤانکان " و " مـەحموودکان " پێك دێ .

---

* رۆندۆ Rondot ( ١٩٣٧ ) : ١٦-٢٢ .

پیرەمێرد هەن ئێستاش لە یادیانە کە مەحموود و ئەقان دوو ئاغا بوون هیچ خزمایەتیەکیان لەنێواندا نەبووە و هەرکەسەو پیاوەکانی بەناوی خۆیەوە ناوبراون . کوڕێکی لاوی ئەقان لە ماڵی باوکی خۆی رۆیشتووە و رەگەڵ مەحموودکان کەوتووە، بەوە کە لە رووی عەسکەرییەوە لێهاتوو بووە، پاش ماوەیەك بووە بە رابەری مەحموودکان، ئیتر کە وای لێدێ هەردوو دەستە بەوجۆرە لەهەرهەمان خێزانی ئەقان دەبن، هەموو مەحموودکان و ئەقانکانیش دەبنە یەك . زۆرکەس هەن ئێستا دەڵێن مەحموود و ئەقان برا بوون و مێژووی قارەمانیی -گوایا- دوو براو باوك و باپیری دوو برات بۆ دەگێڕنەوە .

## بنیاتی عەشیرەت

ئـەگەر یەکێك لەو نەخشە هاسانکراوە خوێندگەییانە رەچاو بگرین کە عەشیرەتی بە چەند تیرە دابەشکردووە و تیرە بە چەند بەرە و بەرەی بە چەند ماڵێك داناوە ( دیارە بە هیوای ئەوەی بەڵکو بۆ روون کردنەوە فایدەیەکی هەبێ، ئەگینا خۆ شەرت نیە لە کوردستاندا وابێ، ساهلنس پلەیەکی بۆ" دێ "ش تێدا جێکردووەتەوە) وەهەوڵ بدەین بنیاتی عەشیرەتی کورد تێبگەین، دەبێ وا باشتر بێ لە خوارەوە پێدا سەرکەوین، کەواتە لەپێشدا :

مـاڵ :

مـاڵ لە ئەساسدا لە ژن و مێرد و منداڵان (و/ ی رەبەن) پێك دێ، وادەبێ باپیر،نەنك، مام، خاڵ، یان پووریشی تێدا دەبێ . ئەگەر کابرا لە یەك ژنی پتر هێنابێ - کە ئیمتیازێکی دەوڵەمەندان بوو و ئێستا روو لە نەمانە - هەر ژنە و ژووری خۆی جیایە، بەڵام بە هەموان یەك ماڵن . چێشت لێ نان و شیردۆشین و... ئیدی پێکەوەیە . لە ناو کۆچەراندا زۆرتر وایە بەشێکی تاوڵ ( چادر، رەشماڵ،کۆن) بۆ پیاوەکە جیاکراوەتەوە و بەشە-کەی تری بۆ هەموو ژنەکانە و هەر ژنەی خەڵوەتی تایبەتی زۆرکەمی بۆ دەرەخسێ . زۆر وادەبێ کوڕ دوای ژن هێنانیش چەند ساڵێك لە ماڵی باوکیدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوسا خۆی و بووکە بەتەواوی نابنە بەشێك لەو ماڵە) ، تەنانەت وادەبێ کوڕەکە مەڕی تایبەتی خۆی دەبێ و بووکەکەی بەجیا دەیدۆشێ و ئەو شیرە تێکەڵ بـە شیری ماڵی باوکی ناکرێ . بەڵام زۆر کاری تر هەن کە جیاناکرێنەوە و بەهەرحاڵ داب وایە کاروباری ناوماڵ وێکڕا لە ئەستۆی هەموو ژنەکاندایە . بارت ( بارث Barth)، چوار دێی کوردستانی باشووری ماڵ بە ماڵ سەر پێداکردووە و لیستەی کردووە، دەڵێ : تەنیا ١٠٪ ی ماڵەکان ( لە بـاوکەوە) خزم و کەسی یـەکترن* . مـن ،

* بارت دەڵێ لەگەڵ دەستەیەکی بژیشکیدا - کە بۆ کوتانی بژیشکی لە نەخۆشی - سەرم بەو ماڵانەدا کرد و ←

هەرچەندە ژمارەی سەرژمارییشم بەدەستەوە نیە بەڵام، پێم وایە لە کوردستانی باکووردا نیسبەتەکە لەمە زۆر پترە . هەندێك - بە تایبەتی لە دەوڵەمەندان هەن - حەزدەکەن زەوی و ئاژەڵی هەیانە بە یەك بەشدارایی بۆهەموو ماڵەکە بهێڵنەوە، تا بە میرات دابەش نەکرێ و هۆیەکی لێك بڵاوبوونی خەڵکی ماڵەکە کەم بێتەوە . ئەوەیە دەبینی مڵکداریەکی کە زۆر مابێتەوە زۆرتر هی بەرەیەکە کە باوەگەورەیان کاتی خۆی هاتووەتە سەرزەویەکە و کردوویەتە مڵکی تایبەتی خۆی بە تەرزێك کەس هەقی کڕین و فرۆشتنی نەبووە*. مافی کێڵانی ، بە هەرحاڵ،

---

← بەو فێڵە ئەو زانیاریانەم لێ دەرخستن . بارت (١٩٥٣) : ٢٥ . با دێیەکان بکەین بە ئا، ب، ج، د و لیستەیەك بە شێوەیەك ڕێك بخەین کە بەراوردی تێدابکرێ :

| | ئا | ب | ج | د | هەرچوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناتەواو | ١ | - | . | . | ١ | |
| بێوەژن + منداڵان | ١ | ٢ | - | - | ٣ | |
| خێزانی سەرەتایی | ٢٦ | ٢٨ | ٢٤ | ١٨ | ٩٦ | |
| ماڵی کە پیاوی پتر لە ژنێکی هەیە | ٤ | - | ٢ | ١ | ٧ | ١٢٢ |
| خێزانی سەرەتایی + دایکی مێرد + ئەولادی ڕەبەنی مێرد(منداڵ یا خوشك/ برا) | ٣ | ١ | ١ | ٢ | ٧ | |
| خێزانی سەرەتایی + ئەولادی ڕەبەنی مێرد(منداڵ یا خوشك/ برا) | ٤ | ٢ | ١ | ٢ | ٩ | |
| خێزانی سەرەتایی + باوکی مێرد | - | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ١٠ |
| خزم و کەسی باوك | ١ | - | ١ | ٢ | ٤ | |
| سەرجەم | ٤٠ | ٣٥ | ٣٢ | ٢٦ | ١٣٣ | |

* سەرژماریی تەواو، هەر نیە . "لێکۆڵینەوەی جەرد( لیستەکردن)ی دێ" ( وەزارەتی کاروباری دێ، ئەنقەرە، ١٩٦٤/ ١٩٦٥) ئاماژە بە هەندێك سەرژماری دەکات : لە ویلایەتی ئورفە ( کوردو عارەب)ی تورکیا ،لە٦٤٤ دێ، ٤٨ بەتەواوی هی یەك کەس بوون ( واتا هەموو زەوی کشتوکاڵ بەتەواوی هی یەك بەرە بووە )، ٢٩ بە تەواوی هی یەك ماڵ بوون، ٢٨ بەتەواوی هی یەك بەرە بوون (٣) بەڵام ناڵێ هەر بەرەیە چەندی هەبووە: بەرەی وا هەبووە لە دێیەکی پتر هەبووە، بەرەی تر هەبوون لە چەند دێدا بەشیان هەبووە ( هەموو دێ هی ئەوان نەبووە، لەبەرئەوە بەر لیستەکەی سەرەوە نەکەوتوون) . بەرە لە ترسی قانوونی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ( ئیسلاحاتی←

هەر بەدەست ماڵە جووتیاری خاوەن ملکی کەم یان شەریکەبەشە( کورەکانیش لێرەدا ئەوەندەی باوکیان زەویەکە بە هی خۆیان دەزانن، کەس ناڵێ " زەویەکەم"، هەر دەڵێن " زەویەکەمان" ، بەدەست ماڵەکەیە، نــەك سەرۆکی ماڵەکە ) .

دەسـتە بە گوێرەی نـاوچە :

لە کوردەواریدا وا هاتووە، عەشیرەت بە ناوی ئەو ناوچەیەوەیە کە لێی دەژی*، یان ناوچە بە ناوی عەشیرەتەوەیە** . ئەلیکان - بە نموونە - عەشیرەتە و ناوچەشە ( لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا)، شوێن هەیە ئێستاش بەناوی عەشیرەتێکەوەیە کە زۆر لەمێژە هەر نەماوە، یان لەو شوێنە کۆچی کردووە .

رێو شوێنی عەشیرەتی، دینی ئیسلام، دەرەبەگیی عوسمانی و فارس و پەیدابوونی ملکداریی تەواوی شەخسی بە چەشنێك تێکهەڵشێلراون مەسەلەی پێوەندیی زەوی و عەشیرەت ( بەرە یا تیرە)یان زۆر ئاڵۆز کردووە، کە لـە فەسلی داهاتوودا باسی دەکەین .

هەرچەندە ئیتر ئێستا زەویی کشتوکاڵ لە هەموو شوێنێ بووەتە ملکی شەخسی و کڕین و فرۆشتنی- بە قانوون - ئازادە، بـەڵام - کە بێتە سەر واقیع - ئەوەندە سووك و هاسان نیە، ناکرێ خاوەنەکەی هەروا بـە هـەرکەسێکی بیەوێ بفرۆشێ، دەبێ کڕیار لـە عەشیرەتەکەی خۆی بێ و تـەنانەت وا باشترە یەکێکی خەڵکی ئـەو هـەمـان دێیەش بێ . وێ دەچێ ئەوە لە باکووری کوردستان ( جگە لە ناوچەی کە نـاعەشیرەتین یا عەشیرەتگەریەکەیان نەماوە ) زۆر بەتوندی بگیرێ :

لە شوبات/ فیوریەی ١٩٧٦دا هەرایەك لەسەر کێشەیەکی وا نرایەوە، کە چەکی تێدا بەکارهات : پیاوێکی خەڵکی دێی کانیکێ ( عەشیرەتی رەشکۆتان )، لە دەشتی باتمان، زەویەکەی بە یەکێك

---

← ئەرزی ) بەپەلە زەویەکە وا لە ناوخۆیاندا دابەش دەکەن منداڵی بچووکیش بێ بەش نـاهێڵنەوە، تـەنانەت ئەگەر قانوونیش رێیەکی ئەوەی لێ گرتبێ ئەوان دنیایەك رێیان هەن کـارمەندی پێ رازی بـکەن قـانوونەکە بەلای ئەواندا بشکێنێتەوە (من خۆم ئەمەم لە سووریاو عیراق و ئێران چاو پێ کەوت، چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە تورکیا تا ئێستا هەر قسەی قۆڕ بووە ) .

* وەك " پژدەر" ( پشت دەر ) .

**یا ئەمارەت بەناوی کەسێکەوەیە: بەهدینان (باکووری عیراق) بەناوی بهادین (بەهائەددین)ێکی سەدەی١٤(٤) .

لە عەشیرەتی بەکران ( کە لە چیاکانی ساسوون دەژین و زەویان کەمە ) فرۆشتبوو . خاوەنی نوێی زەویەکە و چەند خزمێکی ویستیان بێنە دێیەکە ( کانیکێ ) وە، بەڵام خەڵکی دێ پێشیان پێ - گرتن و نەیانهێشت بێن . لەسەر ئەوە، بەکران لە چیاکان هاتنە خوارەوە و تەقەیان لە خەڵکی دێ کرد*. دوای ٢٤ سەعات تەقەکردن، جەندرمە و لەشکری تورك کەوتنە مەسەلەکەوە . لەنەتیجەدا هەراکە بە مەیلی رەشکۆتان بڕایەوە و رووی دێ و ناوچەکە نەگۆڕا .

رەفتاری بەکۆمەڵ لە مەسەلەی لەوەڕگەدا باشتر دەدیترێ، تیرە لەوەڕگەی تایبەتی خۆی دیارە، هەرکەسێك لەو تیرەیە بێت مافی ئەوەی هەیە ئاژەڵی بەرێتە وێ و کەس ناتوانێ بڵێ نا . لە ناو عەشیرەتی تەییان ( تاقە عەشیرەتی کۆچەری کە من چوومە ناویان) هەریەکە لە هەشت تیرە بەشێکی لەوەڕگەی ( لە ناوەڵبەندی تەییان خۆیدا ) بۆ دیارکراوە و وای لێ چاوەڕوان دەکرێ ئاژەڵی نەخانە بەشە لەوەڕگەی تیرەی تر . کەوابوو لەوەڕگە لێرەدا بەگوێرەی تیرە دابەش کراوە، بەڵام دیسا هەر چالاکی لەسەر ئەساسی هەموو عەشیرەت درێژخایەنتر و پتەوترە،چونکە وادەبێ تیرە لێك دادەبڕێن یان دەبنە یەك و وەزعی لەوەڕگەیان دەگۆڕێ بەڵام سنووری ناوچەی عەشیرەت بەهاسانی ناگۆڕێ و پایەدارترە،جاران هەر بە زۆری داگیرکردن بوو کەگۆڕانی تێ دەکەوت و ئەمڕۆش تەنیا بەرێی دەوڵەتەوە دەگۆڕێ .

بچووکترین کەرتی عەشیرەتی تەییان ی کە بەگوێرەی ناوچە دیار بێ تیرەیە ( کەرتی لە تیرە بچووکتر سنووری

---

* کە لێرەدا تەقەکردن زۆرتر بۆ سەرنج ڕاکێشان و ترساندنە نەك کوشتن . ئێستا ( لەوەتای چەك و تەقەمەنی قاچاغ و گران بووە) تەقەکردن مەسرەفێکی زۆر لەبەرچاوانە . کە ئەم شەڕە قەوما ( من خۆم لە باتمان بووم ) ، بۆیان باس دەکردم کە " بەکران ٢٤ سەعات لەسەریەك تەقەیان کردووە، تفەنگی زۆریان هەیە، عەشیرەتێکی بەهێزن " . بەڵام بەهەرحاڵ کەسی تێدا نەکوژرا. لە شەڕێکی تردا ( لە نێوان" تەییان"ی کۆچەرو" ژیرکان"دا- حوزەیران/ ژوئەنی١٩٧٥)، هەندێك کەسی کە لە شەڕەکەدا بوون بە فیزەوە بۆیان باس دەکردم کە "یەك ملیۆن فیشەکیان هاویشتووە"،بەڵام بەهەرحاڵ،بێ ئەوە کەکەسی تێدا بریندار بێ . ئەمە -هەرچۆنێ بێ- بە پێچەوانەی باسی کۆنترە، دکتۆرێك ( بە ناوی" رۆس") ساڵی ١٨٣٣ سەری لە میری رواندز داوە و نووسیویە :" کە گوتت کورد.. واتا شەڕ!، من کوڕی ١٢و ١٥ساڵیم دیتن کە لەم شەڕانەی دواییدا دوچاری سەختترین برین ببوون، من تێدەگەم شەڕەکانیان زۆر خوێنینن " ( لە کتێبی فرێزەردا(١٨٤٠) : ١ : ٧٣/ ٧٤ )



تەبیان ی کۆچەر ، ناوەندی کوردستان

ناوچەی خۆی بەجیا نیە) . لە ناوعەشیرەتی گەورەی" جاف "ی کوردستانی باشووریشدا کە جاران کۆچەر بوون ( ئێستا زۆرتر نیشتەجێن ) رەشماڵیان کەمتر و پێکهاتنی هۆبەیان هەر بەگوێرەی تیرەیە، شەرت نیە خزمی نزیکی یەك بن و لەسەر ئەساسی یەك بەرەبابی گەیشتبنە یەك* . عەشیرەتی نیوەکۆچەری مەنگوڕو مامەش ( نزیکی قەڵادزێ ** )یش کە دێهاتیان بە چەندهۆبەدا دابەش دەبن، من نەزمێکی ئەوتۆم تێدا نەدیتن و دەیانگوت کە وەزعی پێکهاتنی هۆبەیان ساڵ بەساڵ دەگۆڕێ . بەڵام ئەوەتا لێرەش هەر تیرەیە و سنووری لەوەڕگەی خۆی دیارە، هەر هۆبەیە بە مەیلی خۆی جێهەواری لەو سنوورەدا هەڵدەبژێرێ .

وەزعیکی نوێ لە ناوچەی شاخاویی باشووری دەریاچەی" وان " هاتە پێش . زۆر دێ تازە دیسان

---

* بارت (١٩٥٣) : ٣٨ .

** Qale dize

بە تاك- تاكەی خەڵك و دەستە- دەستەی عەشیرەتی ئاوەدان دەبوونەوە ( جاران ئەرمەنی و كلدانی و نەستۆریی لێ دەژیان و ئەوەبوو زۆریان لە شەڕی جیهانیی یەكەم و كارەساتی دوای ئەوەدا كوژرابوون، دوورخرابوونەوە یان رایانكردبوو) . بەوە كە ئەمانە لەكۆنەوە لێرە نەبوون تا ماف و رێوشوێنیان دیار بێ، بڕیاری ئیدارەی حكومەتی تورك وەزعی بۆ ساغ كردنەوە : هەر پارچە زەویە بۆ دێیەك نووسرا . تەبیعی خەڵكی دێ ئەم بڕیارە بە هەقی مڵكداری دادەنێن، ئیتر هەر دێیە و لەوەڕگەی تایبەتی خۆی هەیە كە خەڵكەكەی بە چوارچاو ئاگایان لێیەتی كەسێكی دێیە- كانی تری دەوروبەریان - تەنانەت ئەگەر ئەو كەسە لە هەمان ئەو بەرەیەی ئەوانیش بێ - تخوونی نەكەوێ .

كۆچەركە لە رێی كۆچیاندا بە مەڵبەندی عەشیرەتی تردا دەڕۆن دەبێ پووشانە ( باجی لەوەڕ) بدەن . سەرۆكی دەستەی كۆچەر( لە حاڵەتی تەییاندا سەرۆكی تیرە ) پارە لە پیاوەكانی كۆدەكاتەوە و دەیدا بە سەرۆكی دێ یا سەرۆكی ئەو بەرەیەی بە مەڵبەندیدا تێدەپەڕن . زەحمەتە تێپەڕینی كۆچەران بە بێ كێشە تەواو بێ، یا ئەوەتا لەسەر پارەكە رێك ناكەون، یا یەكتر بە دزیی حەیوانان تاوانبار دەكەن، زۆرتر وایە كۆچەر بەوە تاوانبار دەكرێن كە زۆر دەمێننەوە و كەواتە ئاژەڵیان زۆر دەلەوەڕێ و تەنانەت دەكەوێتە دەغڵی خەڵكیشەوە . هەرئەوەندەت زانی لێیان بوو بە شەڕ ، تیرەی كۆچەر لەلایەك و دێ لەلایەك و هەركەسەو هاوعەشیرەتی فریای كەوت، زۆرتر وایە شەڕ یەك - دوو رۆژی پێدەچێ تا زەلامێكی بەدەسەڵات ( رابەری ئاینی، ئاغایەكی عەشیرەتیی" بێ لایەن " ، فەرماندەی جەندرمە ) دەكەوێتە نێوانەوە و بە ئاگربەسێكی بێ سەروبەریان دەسازێنێ كە لەوانەیە لە یەكەم تێپەڕینی داهاتووی كۆچەراندا هەڵوەشێ* . كەواتە ئەو ناوچەیەی كۆچەری پێدا دەڕۆن بە مڵكی تێكرایی بەرەی نیشتەجێ دادەنرێ (هەردوو بە هی خۆیانی دادەنێن )، لەبەر ئەوەیە دەبینی بەكۆمەڵ وەلامی بەدرەفتاریی كۆچەران دەدرێتەوە . بەهەرحاڵ، هیچ نەبێ بەشێكی دەسكەوتیان

---

* دەڵێن لە رابردوودا كاتێ میرە كوردەكانی كوردستان بەڕاستی سەربەخۆ بوون، حوكمی سەخت و بەلام داد - پەروەرانەیان نەیهێشتووە كێشەوهەرای وا سەرهەڵدەن . كارمەندانی حكومەتی توركیا بەگشتی بەوە تاوانبار دەكرێن كە خۆیان ئاگری كێشەوهەرای عەشیرەتی خۆش دەكەن ـ كە بەشێكە لە سیاسەتی " لێكیانكە و حوكمیانكە " .

لەو پارەی کە کۆچەر بە پووشانە دەیاندەنێ ) بەسەر خەڵکی دێ دا دابەش ناکرێ و سەرۆکی بەرە یا دێ بۆ خۆی هەڵدەگرێ . چەند ئاغایەك هەمن ، بە کەینو بەینێکی لەگەڵ جەندرمە و دەزگای داوەریدا هەیانە، مافی ئەوەیان بۆخۆیان داتاشیوە پارەی پووشانەی مەڵبەندێك لە کۆچەران داوابکەن کە لەکۆنەوە بە مەڵبەندی عەشیرەتێکی نیشتەجێ دانەنراوە ( یان مەڵبەندی عەشیرەتێك بووە کە چیتر دەسەڵاتی ئەوەی نەماوە مافی جارانی خۆی پێ داوابکرێ)، ئەمەش هەنگاوێکی تری گۆڕانی بەرەو ئەوەیە کە بەشەخسی دەست بەسەرزەویدا بگیرێ . ئەم مەسەلەیەی نێوان " گیراڤی" و تەییانیش شتێکە لەم بابەتە : بەشێکی لەوەڕگەی چەند تیرەیەکی تەییان لەژێر دەسەڵاتی بەرەی گیراڤیی بەهێزدایە* کە دەستیان لای حکومەت دەڕوا و جووتیارانی ناعەشیرەتی

---

* بەگوێرەی قانوونی تورکیا، چیاکان ( بە لەوەڕگەوە) زەویی دەوڵەتن و کەس ناتوانێ مڵکی لێ هەبێ . بەڵام زۆر وادەبێ ( ئەوانیش وەك مڵکی دەوڵەت لە پێدەشتەکاندا ) کەسانێکی دەستڕۆیشتووی ئەو ناوچانە بۆخۆیان دابڕیون و ئەگەر کۆچەر ڕێیان وەوێکەوێ دەبێ پووشانەیان بدەنێ . هوتەرۆت H• tteroth ( ١٩٥٣: ١٥٠ - ١٥٢) دەڵێ ئەم وەزعە لە دانانی سیستەمی نوێی ئیدارەدا ( لە ساڵانی ١٩٣٠ بە : ویلایەت ـ قەزا ـ ناحیە ـ شارەوانی ـ دێ ) پەیدا بووە، سەرۆکی شارەوانی ( بە هەڵبژاردن بوو، زۆرتر هەر وابوو کە بەدەسەڵاتترین پیاو بوو) سنووری ناوچەی ئیدارەی خۆی بە سنووری مڵکی خۆی داناوە و پووشانەی لێ وەکۆکردووە، و- بە قسەی هوتەرۆت - ئەگەر کۆچەر پووشانەیان نەدابایێ، ڕێی کۆچی لێ دەگرتن و نەیدەهێشت پێ بنێنە مەڵبەندی شارەوانیی ئەوەوە . ڕێی تێ دەچێ شتی وا ڕووی دابێ ، بەڵام من گومان لەوە دەکەم ئەو قسەیەی هوتەرۆت بۆ ئەوە بێت بکرێتە ئەساسی تێگەیشتنی ئەو وەزعە . هوتەرۆت دەوری هێزی ڕووت و زرنگیی لەوە بەکەمتر دەگرێ کە هەیە . هەموو سەرۆکێکی شارەوانی ناتوانێ پووشانە لە کۆچەران بستێنێ ( ئەوەی ڕاستی بێ، خەڵکی دێی " کال "ی هەمان مەڵبەند باج دەدەن بە تەییانی کۆچەری کە زەویوزاری دێ بە هی خۆیان دادەنێن و لەدەستیشیان دێ وا بکەن) . ئەگەر داوای پووشانەی سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ قانووندا نەگونجێ ناتوانێ حیساب بۆ پشتگیریی دەوڵەت ( جەندرمە) بکا. تەنیا کەسانێکی کە چەکداری تایبەتی خۆیان هەبن یا نێوانی " شەخسی"یان لەگەڵ کارمەندانی گەورەدا هەبێ دەتوانن بیر لە باج سەندن بکەنەوە . گیراڤی پێوەندیی وایان روون و ئاشکرا هەیە : " فەریت مەلەن " وەزیری ئێستا ( ١٩٧٧)ی بەرگری (دیفاع ) و نوێنەری ویلایەتی وان زۆر لەگەڵ گیراڤیاندا ڕێکە ( هەندێك دەڵێن کە خۆیشی گیراڤیە ) .

نزیکی شاتاق ( ویلایه‌تی وان) یشیان خستووه‌ته ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆیانه‌وه، ده‌بێ ته‌ییان پاره‌یه‌کی یه‌کجار زۆر پووشانه بده‌ن به‌گیراقی*، به‌ڵام ته‌ییان دیساهه‌ر هه‌ندێ مافی له‌مێژینه‌یان هه‌ن که گیراقی ناتوانن ئینکاریان بکه‌ن : گیراقی ناتوانن له‌پڕێکدا رێی ته‌ییان نه‌ده‌ن و له‌وه‌ڕگه‌کان به عه‌شیره‌تی تر به ئیجار بده‌ن . ئه‌وجا تیره‌ی ته‌ییان به یه‌کده‌نگیی یه‌ك ده‌سته‌ی عه‌شیره‌تی له‌گه‌ڵ گیراقیدا ده‌دوێ، گیراقی مافی ئه‌وه‌یان نیه - به‌نموونه - بڵێن فلانه‌که‌سانه له تیره‌ی ته‌ییان قه‌بووڵ ناکه‌ن یا به‌شێکی باشی له‌وه‌ڕگه بۆ فلانه‌ی تریان دابنێن و به‌تایبه‌تی خاتری ئه‌وان بگرن، ئه‌وان قسه‌یان له‌گه‌ڵ هه‌موو ته‌ییاندایه و هه‌قی ئه‌م و ئه‌ویان نیه . لای عه‌شیره‌تی نیشته‌جێ و نیوه کۆچه‌ریشدا زۆرتر وایه هه‌ر تیره‌یه ناوچه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه، له‌وانه‌یه له تیره به‌ره‌خواریش وابێ هه‌ر ده‌سته‌یه‌و ناوچه‌ی تایبه‌تی خۆی له سنووری مه‌ڵبه‌ندی تیره‌دا هه‌بێ به‌ڵام شه‌رتیش نیه وابێ، سه‌یر ده‌که‌ی "ئۆمه‌ریان" له دوو تیره پێکدێ و هه‌ردووکیان له سه‌رتاسه‌ری مه‌ڵبه‌ندی عه‌شیره‌تدا پێکه‌وه ده‌ژین** ( له زۆربه‌ی دێیه‌کاندا هه‌ردوو تیره هه‌ن )، یان "مامه‌ش"ی کوردستانی عیراق پێنج تیره‌ن و به هه‌موویان پێنج یا شه‌ش دێیان هه‌یه، بچیه هه‌رکام له‌و دێیانه ده‌بینی له هه‌موو پێنج تیره‌که‌ی تێدایه .

دێ :

هه‌رچه‌نده زه‌ویی کشتوکاڵ بووه‌ته مڵکی تایبه‌تی، به‌ڵام - وه‌ك نموونه‌مان بۆ هێنایه‌وه - کڕین و فرۆشتنی هه‌روا هاسان و بێ قه‌یدو شه‌رت نیه *** . "مه‌رعا mer'a" ی لای دێ ئێستاش هه‌ر به تێکڕایی هی گشت

---

* له ساڵی ١٩٧٥دا، باجێکی له ته‌ییانیان سه‌ندووه ( ره‌نگه ته‌ییانه‌کان سه‌د ماڵ بووبن، ده‌وری سێ یا چوار مانگێك له‌و له‌وه‌ڕگانه‌دا خستوویانه) ده‌ڵێن کردوویه‌ته حه‌فتاهه‌زار لیره‌ی تورك ( ده‌وری پێنج هه‌زار دۆلار ) . گیراقی به‌شێوه‌ی تریش ته‌ییان له رووی ئابووریه‌وه ده‌چه‌وسێننه‌وه، من خۆم له رێی چوونه ره‌شماڵی ته‌ییاندا تووشی بازرگانێکی گیراقی بووم په‌نیری له کۆچه‌ران ده‌کڕی، ئه‌و جۆره بازرگانانه قازانجی ئێجگار زۆر وه‌ده‌ستدێنن : ساڵی ١٩٧٥ کیلۆیه‌ك په‌نیر له ره‌شماڵی ته‌ییاندا ده‌یکرده ١٠-١٢ لیره‌ی تورك ( به گوێره‌ی چۆنێتیی په‌نیر بوو )، له په‌رڤاری ( که مه‌رکه‌زی ناوچه‌یه‌کی نزیك بوو ) ده‌یکرده ١٥-١٦,٥٠ لیره‌ی تورك، له وان و سێرت - که مه‌رکه‌زی ویلایه‌تن - کیلۆی به ٢٠ - ٢٥ لیره‌ی تورك بوو .

** رۆندۆ : ٢٢ .

*** هه‌رچه‌نده به‌ڵگه‌یه‌کی تایبه‌تیش به‌ده‌سته‌وه نیه، به‌ڵام هه‌ندێ نیشانه‌ی وا هه‌ن که خه‌ڵکی دێ مافی ←

خەڵکی دێیە . لای نیوەکۆچەرەکانی باشووری دەریاچەی وان هەردێیەو لەوەڕگەی تایبەتی هاوینی خۆی هەیە . بەگوێرەی ئەوەندەی من بۆم کرا لێ بکۆڵمەوە، گەرمیان و کوێستان کردنی نیوە کۆچەران بە بڕیاری دێیە و لەسەر ئەساسی عەشیرەت، تیرە، یا ئەوەی هەر بەشە و دەستەیەی لەناو دێدا بەجیا بڕیاربدا نیـە . حکومەتیش، ئەگەر خۆی راستەوخۆ کاروباری لەگەڵ خەڵکی نیشتەجێدا هەڵسووڕاندبێ، زۆرتر هەر دێی بە ئەساس داناوە* . جاران باج لەسەرئەساسی دێ بەکۆمەڵ وەردەگیرا. بێگارو مڵکانەی بە شت بەگوێرەی دێ دابەش کراوە،نوێژی هەینی **و نوێژی بۆ بارانیش دیساهەر لە دێدا بە کۆمەڵ دەکرێ . وادەبێ دەکرێ دێ بەشێوەیەك لەو نەخشە هاسان کراوە خوێندگەییانەدا جێ بکەینەوە کە( لە ل ١٣دا) باسمان کرد: حەوت تیرەی منگور ( ی کوردستانی عیراق ) ی کـە ناویان هـەیـە، زۆرتر بەگوێرەی دابەش بوون و زیادبوونی پشـت بـە پشـتیانە ٢ تا ١٠ دێیان گرتووەتەوە . دێی بچووك زۆرترهەر لە هێڵی یەك بەرە پێك دێ کە وابووە چەند کەسێکی تریش ( لە دەرەوەی عەشیرەت یا لە تیرە یا بەرەی تر ) بە پەنابەری روویان تێکردووەو بوون بە بەشێك لەو . تیرەی " شەکر " ی

---

← وێکڕایی(هی هەمووان )یان لە زەویی‌کشتوکاڵدا بووبێت . بەڵام بەهەرحاڵ پیاوگومان لەوە دەکا کوردستان قەت ئەو جۆرە " مُشاعە musha'a "یەی لێ بووبێت کە ڤێولەرسە Weulersse دەربارەی سووریای گوتووە ( زەوی هی هەموان بووە، بەڵام هەرماڵە کێڵانی خۆی بەجیابووە و، لە ماوەی دیارکراودا بە یەکسانی دیسان بەسەر هەموو پیاواندا دابەش کراوەتەوە) (٦) .

* لامتن Lambton دەڵێ هەموو حکومەتە ئیسلامیەکان وایان داناوە، لەسەرەتادا وایان بۆ کشتوکاڵ بە باش زانیوە کە وا بێ و تا سەدەی بیستەمیش هەر وایان هێناوە . ( لامتن، خاوەن زەوی و جووتیار لە ئێران،١٩٥٣، لەندەن : ٣) .

** وەنەبێ بڵێی هەموو پیاوی دێ بچنە ئەو نوێژانە . وەزعی دێ بەگوێرەی شەخسیەتی سەرۆکی ( یا سەرۆکەکانی) دێ و هەلومەرجی ئابووری/ کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ . لەو نوێژانەی رۆژانی هەینیدا کە من دیتمن، بەدەگمەن وا دەبوو لە نیوەی پیاوانی دێیان پتر تێدا بەشداربوایە ( زستانانە - کە کارێکی تریان نـەبوو پێ خەریك بن - زۆرتربوون تاوەکو هاوین) . جارێکیان نوێژێکی بۆبارانیشم دیت،هەر منداڵەوردکەی دێ و چەندپیرەمێردێکی تێدا بەشداربوون، لـەوانەیە پیرەکان بۆ خواردن بەشدارییان کردبێ چونکە ژنانی دێ خۆراکی تایبەتیان بـۆ بەشدارانی ئەو نوێژە سازکردبوو، هەرزەکارانی دێ لە دوورێکەوە بە جۆرە گاڵتەپێهاتنێك سەیریان دەکردن .

" باڵەك" (٧) لە شێوێكی تەنگەبەردان (جۆگەیەكی پێدا دەڕوا كە دەڕژێتە رووباری باڵەكەوە) . لە ئەسڵدا هاتوون دێیەكیان لێرەدا ئـاوەدانكردووەتەوە . كاتێك ژمارەیان زیادیكردووە، كەرتێكیان چووە دێیەكی دیكەی لە سەرووتر ئاوەدان كردووەتەوە، بەهەمان شێوە دێی سێیەمیش لەسەرووی دێی دووەمەوە دروست بووە . ئەوانەی دێی یەكەمیان ئاوەدانكردووەتەوە لە یەك بەرەباب نەبوون و لە ئەسڵ و شوێنی جیاوازەوە هاتوونە ئـەم شیوە و بەهۆی ئەوەی مەرقەدی شێخێكی لێ بووە دێیان لەوێ ئاوەدانكردووەتەوە، ئەوكەسەی ملی لە ئاوەدانكردنەوەی دێیدووەم ناوە پیاوێك بووە لە دێی یەكەمەوە هاتووە و بە زوویی ئەولادو خزم و دۆستی نزیكیشی چوونەلای، لێرەو لەوێشەوە خەڵك روویان تێ كردووە و هەموو بەتەواوی لە یەك بەرەبابی راستەقینە نیـن، دێی سێیەمیش هەروەتر، بەڵام دیساهەر خەڵكی دوو دێیەكەی تر پتر دەچنەوە سەربەرەبابێك تاكوئەوەی یەكەم . لە دێیەكدا كە عەشیرەت و ناعەشیرەتی هەردوو تێدا دەژین ( وەك لای" دزەیی" و"هەمەوەند" ان )، ئەوانەی عەشیرەتن زۆرتر لە یەك یا دووبەرە(ی زۆر سەتحی)ن . ئەم حاڵەتانەی لێدەرچێ، ئاوەدان بوونەوەی دێ بەگوێرەی هیچ جۆرە بەش- بەش وكەرت- كەرتێكی عەشیرەت نیە و پێشووتر ئۆمەریان و مامەشی كوردستانیعیراقمان بەنموونەهێنانەوە كە تیرە جیاوازەكانیان لە هەموو مەڵبەندی عەشیرەتدا هەن و لە زۆربەی دێیەكاندا پێكەوە دەژین .

رەفتاری بەكۆمەڵ لەسەر ئەساسی لە دێ كەمتر یا پتر :

زەحمـەتـە پیاو دەسـتەی لـە خەڵكی دێیەك كـەمتـر بەرچاوكەوێ كە رەفتاری بەكۆمەڵی جیای خۆی هەبێ . لای ئۆمەریان، دێ چەند" باڤك"ی تێدایە، هەر باڤكە سەر بە یەكێك لە دوو تیرەكە (مەحموودكان و ئەڤانكان)ی ئۆمەریانەو بەشی لە زەویی دێدا بەجیا بۆ دیاركراوە*. بەڵام دیسا بەدەگمەن هەڵدەكەوێ رەفتاریان لەسەر ئەوئەساسە (یەك باڤكی) بێ . بەهەرحاڵ، ئەوە تەنیا لەكاتی پەیدابوونی كێشە و ناخۆشیدا دێتە پێش . من لەناو" گـوێـان"ی" ئولودەرە" شدا رێم كەوتە دێی لەوبابەتەوە . دێ چەند باڤكێكی تێدابوو كە خزمی زۆرنزیكی یەكدی نـەبوون، هەر بـاڤكە و لە بەرەبابێك بوو كە هەندێ كەسی تری تێكەڵ ببوو، بەڵام تەنیا بەهۆی دوژمنایەتیەكی خوێنی نێوان دوو باڤكان بوو كە من توانیم فەرق بەوە بكەم . خەڵك لە سەرووی " دێ " شەوە ( لەسەر ئەساسی عەشیرەت، تیرە یا بەرە ) كەم وا دەبێ بەكۆمەڵ (یەك دەستەیی) رەفتاركەن . تاقە رەفتارێكی وەهای كە من لە عەشیرەتی نیشتەجێم دیوە لەكاتی شەڕوهەرادا

---

* رۆندۆ : ٢-٢٦ .

بووە . ئەمە بەلای پیاوانی عەشیرەتیشەوە هەر وایە : کاتێ من پرسیارم دەربارەی وەزیفەی دەستەو بەشە جیاوازەکان، رەفتاری بەکۆمەڵ و ئەرکی سەرشانی سەرۆکەکانیان لێدەکردن، هەمیشە وەڵامیان هەر ئاماژە بوو بە کێشەو دوژمنایەتی و شەڕی عەشیرەتی .

سنووری عەشیرەت

سنووری عەشیرەت و تیرە زۆر ئاشکرا نیە . بەگوێرەی رۆژگار دەگۆڕێ . هەرچەندە دەستەی بەرەی مەرکەزی هەن کە جەرگەی تیرە یاعەشیرەت پێك دێنن، بەڵام هەمیشە خەڵکێکی زۆرهەن ( تاك - تاکە یا دەستەی تەواوی عەشیرەتی) لە رۆژی خۆشی و سەرکەوتندا خۆیان رەگەڵ دەخەن و لەکاتی شکست ونەهاتیدا پشتیان تێدەکەن وداد‌ەبڕێن و سنوورەکە بەگوێرەی ئەوە دەگۆڕێ . " ریچ " ی ئینگلیس یەکەم ئەوروپاییەك بووە سەرنجی ئەوەی داوە . ریچ نوێنەری شیرکەتی رۆژهەڵاتی هیندستانی بریتانی بووە لە بەغدا، حاکمێکی کورد ساڵی ١٨٢٠ بانگێشتن(دەعوەت)ـی کردووە، ریچ لەوەدا زۆرشتی سەرنج داوە کە من لەم کتێبەدا زۆرجارئاماژەیان پێ دەکەم . ریچ لە باسی عەشیرەتی " جاف " ی بەدەسەڵاتدا - کە خۆی زۆر لە رابەرەکانی ناسیون - دەڵێ کە چەندهەزار رەشماڵێکن بەڵام تەنیا ٦٠٠ رەشماڵیان جافی ئەسڵن، ئەوانی تر کەرتی‌گەورەی عەشیرەتانی تری کۆچەر(یا: بۆوە بە کۆچەر ) ی ئەو مەڵبەندی سەرسنوورەن (سنووری کێشەی قەڵەمڕەویی دوو ئیمپراتۆریی‌عوسمانی وئێران )،کە وادەبێ بە جافیان ناو دەبا بەڵام هەندێ جاریش ئاماژە بە ناوە کۆنەکانیان دەکا* . سەدەیەك دوای ئەوە ( ساڵی ١٩٢١ )،کە هەندێك جافی دیوی‌کوردستانی عیراق نیشتەجێ ببوون، ٥٤٠٠ رەشماڵی کۆچەریان ژماردووە،کە وادیارە زۆربەی ئەو تیرانەی کە پێشوو رەگەڵ جافی ئەسڵ کەوتبوون، ئێستا ئیتر ببوون بە " جافی حەقیقی". " ئەدمۆندز"یش باسی ئەسڵی ئەم تیرانەی کە دوایی ببوون بە جافی حەقیقی ناکا ،هەرچەندە ئاماژە بە هەندێك تیرەی تر دەکا کە هێشتانەببوون بە جافی تەواو**. جاف ئەوسا (١٩٢١) بەرەیەکی بەگزادەی هەبوو و چەند تیرەی جافی رەمەکی، بەڵام وادیارە ئەمە لە سەردەمی ریچیشدا هەروابووە ***.

---

* ریچ، بەرگی یەکەم، تێبینی/ پەراوێزی ٢٨٠ . ریچ دەڵێ کەرتی تری عەشیرەتی لە هەموو عەشیرەتەکانی لورستان و کوردستانی ئێران خۆیان خستبووە ژێر سایەی جافەوە . ئەوەبوو جاف دەیتوانی لەشکرێکی ٣٠٠ سوارە و پتر لە هەزار پیادە ساز دا .

** ئەدمۆندز(١٩٥٧): ١٤٦. *** باشترین باسێکی نەریتی مەرتەبەیی جاف ئەوەی بارت ـە(١٩٥٣):٣٤-٤٤.

میلنگن Millingen لە ساڵانی ١٨٦٠دا فەرماندەی هێزێکی لەشکری تورك بووە لە ناوچەیەکی تری سەر سنووردا ( لە قۆتورQotur ی باکووری کوردستان )، ئەویش سەرنجی هەمان شتی داوە، دەڵێ عەشیرەت لە کوردستان لە دوو دەستە پێکدێ : دەستەیەکیان ئەو ماڵانەن کە هەمیشە بەتەواوی لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتدا یەکیانگرتووە،دەستەکەی تریش کەسانێکی سەرەڕۆ و ئاوارەوتەرەی ئێرەو ئەوێن،ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم عەشیرەتەدان و سبەی دەدەنە پاڵ عەشیرەتێکی تر*. ئەم قسەیەی میلنگن، چەندە دەکرێ بۆ تێگەیشتنی وەزعی ئەوسای عەشیرەتەکانی کوردستان بە ئەساس وەربگیرێ زەحمەتە پیاو پەی پێ بەرێ، چونکە میلنگن لەنزیکەوە زۆرترهەر شارەزای تاقە یەك عەشیرەت ( عەشیرەتی میـلان ) بووە و لەسەر ئەو ئەساسە ئەم قسەیەی کردووە . میلان لە سەردەمی خۆشبەختیدا بە رابەریی ئۆمەر ١٦٠٠ رەشماڵ بوون ، کەچی دوای ئەوەی پـاشا(ی تورك)ی" وان " و عەشیرەتە هاوسێیەکانی کە ئێرەیی(حەسوودی)یان پێدەبردن وێکڕا هاتنە سەریان و لێدانی سەختیان لێدان، لەو ١٦٠٠ رەشماڵە دوای دوو ساڵ تـەنیا ٥٠٠ رەشماڵ مانەوە، خەڵکەکەی تر لەگەڵ پشت تێکردنی رۆژگـار پشتیان تێکردو لێی دابڕان**. حاڵەتی سێیەمی کە لە مەسەلەی گۆڕانی زۆری ژمارەی عەشیرەتدا بەرچـاوم کەوت، ئەوەی عەشیرەتی" مللان Milan " ( ملی- وەرگێڕ) بوو ( ناوی لە ناوی " میلان Mîlan " نزیکە بەڵام ئەمە عەشیرەتێکی ترە) . مللان لەدەوری ١٩٦٠دا نەهاتی بوو، باجی دەدا بە عەشیرەتی " شـەممەر " ی عارەب، ٦٠٠ رەشماڵێك بوو کە دەیکردە بەشێکی زۆرکەمی ژمارەی ٣٠ساڵ لەوەبەریان کە ئەوەماڵبەندە ئەوسامەیدانی شەڕو هەرای نێوان هێزەکانی میسر و لەشکرەکانی عوسمانیدا ببوو . ساڵی ١٨٦٣، بەهەرحاڵ، ئـیبراهیم پـاشا رابەریی مللانی گرتە دەست و چەندجار بە سەرفرازی بەسەر عەشیرەتانی عارەبیدا دا و لـە ئاخریدا تـەنانەت شەممەری شکاند، ئیتر ژمارەی عەشیرەت یەکجار زۆر زیادیکرد و زۆرعەشیرەتی بچووك بوون بە مللان***.

---

* میلنگن (١٨٧٠) : ٢٨٣ .

** میلنگن (١٨٧٠) : ٢٨٤ .

*** تایلەرTaylor(١٨٦٥) : ٥٥ ،هێزی ئەو سەردەمەی مللانی بە ٦٠٠رەشماڵ داناوە، ژابا Jaba (١٨٧٠) ژمارەی پێش ساڵی ١٨٥٠ی مللانی بە ٤٠٠٠ رەشماڵ باسکردووە . دوای ئەوە، سایکس Sykes ( ١٩٠٨) : ٤٦٩ ولاپەرەکانی بەدوویدا،و رۆندۆ( ١٩٣٧) :٣٤-٣٨،و بڵاوکراوەی رەسمی" تێبینی دەربارەی عەشیرەتە کوردەکان..." ( بەغدا، چاپخانەی حکومەت ١٩١٩) باسی گۆڕانی دواتریان کردووە . باوی سەرکەوتنی ←

ئەم سێ حاڵەتە بێ وێنە نین، بەهەرحاڵ لەوانەیە هەر بە رێکەوت نەبێ کە وا هەر سێ لەسەر سنوور بوون. پیاو حاڵەتی وەهای بە ئەو هەمان ناوانەی عەشیرەتان لە رابردوودا بەرچاو دەکەوێ* کە رەنگە هەمان عەشیرەت بن ( بەڵام شەرتیش نیە وابێ ) . پیاو لە بەراوردکردنی لیستەی ناوی عەشیرەتانیشدا کـە لە سەردەمی جیاوازدا کراون گۆڕان دەبینێ، هەمیشە دەبینێ کە وا لە سەردەمێکدا عەشیرەت هەبوون و دوایی نەماون، عەشیرەتی تر لەپێشدا نەبوون و دوایی پەیدابوون**. یـەکێتی ( و سنووری ) عەشیرەت لای کۆچەران لە کاتی کۆچـ(ی بـە کۆمەڵ) دا دەردەکەوێ. عەشیرەتی نیوەکۆچەر و بەتایبەتی عەشیرەتی نیشتەجێ تەنیا مەگەر لەکاتی شەڕوهەرا لەگەڵ عەشیرەتی تر یا هێزی تردا ( دەوڵەت، لەشکری تر یا ئەوروپایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت) یەکپارچەیی خۆیان پیشان دابێت و ئیتر ئەوسا ئەوانەی سەرسنووری مەڵبەندی عەشیرەتیش ( چ تاك- تاکە و چ بەرەی تەواو) خۆیان ساغ کردبێتەوە . تیرەو بەرەش تـەنیا لەکـاتی کێشـەوهەرا لەگەڵ تیرەو بەرەی تردا یـەك پـارچەییان دەردەکەوێ، رابەریی رابەرانیشیان زۆرتر هەر لە کاتی وەهادا دەبیندرێ .

کێشـەوهـەرا لە ژیانی عەشیرەتاندا هەر ئەوە نیـە نەتیجەیەکی ئەو ژیانە بێ یا رەگەڵیدا پەیدا بێ بەڵکو هـەر بـەشێـکـە لـە هەیکەلی ( بنیاتی) عـەشیـرەت . بەش- بەش و کەرت- کەرت بوونی عەشیرەت هەر تـەنیا لە

---

← ئیبراهیم بەوە خۆشتر بووە کە کراوە بە فەرماندەیەکی حەمیدیە . لەشوێنی خۆیدا ( فەسڵی داهاتوو) پتری باس دەکەین .

* بەنموونە، ئـەلیکان ناوی عەشیرەتێکی یەکێتی عەشیرەتانی هـەڤێرکانـە، کەچی لەولاتری رۆژهەڵاتی ئەویش دەستەیەکی تری بچووك هەیە کە ئەویش هەر ناوی ئـەلیکانـە . بەوە کە ئـەلیك ناوێك نیە کەم هەبێ، دوور نیە ناوی ئەم دووانە لە دوو ئـەلیكی جیاوازەوە هاتبێ . بەڵام من لای " خـەلیجان" ( رۆژئاوای باشووری چیاکانی تۆرعابدین TorAbdîn) رێم کەوتە لای تیرەیەکەوە ناویان " هـەسـنان" بوو، ١٥٠ کیلۆمیتر لەولای رۆژهەڵا- تەوە عەشیرەتێکی گەورە بە هەمان ناو هەیە . ئەمە (هەسن واتا ئاسن،وکە هەمان شێوەی باوی وەرگرتنی وشەشە لای هەردوولایان ) ناوێکە کەمتر وێدەچێ دوو دەستە، بەجیا بەبێ ئەوە پێوەندیەکیان هەبێ، هەر بە رێکەوت وەخۆیان گرتبێ .

** بۆ ژمارەدانی گرنگی عەشیرەتان بڕوانە: شەرەفنامە (١٥٩٦)، ژابا(١٨٧٠)، سایکس (١٩٠٨)،و ژمارەیەك بڵاوکراوەی رەسمیی کاربەدەستانی داگیرکردنی بریتانیی عیراق ( ١٩١٨-١٩٢٠) .

کاتی کێشەوهەرادا ئاشکرا دەبێ . تەبیعی کێشەوهەرایعەشیرەتی هەر جۆرێك نیە، بەڵام ئەوەی لە هەموان پتر یەککگرتن و بەگژیەکداچوونی بەش و کەرتەکانی عەشیرەتان پیشان بدا مەسەلەی دوژمنایەتیی خوێنە . کوردی عەشیرەتیشخۆیان کاتێك بیانەوێ هاوکاریی تیرە یا بەرەت بۆ روون بکەنەوە هەمیشە هەر باسی دوژمنایەتیی خوێن دەکەن .




نەخشەی ژمارە ٥ شوێن و عەشیرەتی کە ناویان لەم فەسڵە (ی دووەم) دا هاتووە (٨)

## ٢- نـــاوە کـــوردیـــەکـــان (٩)

## ٣- دوژمنایەتیی خوێن و کێشەوهەرای تر

قـورئـان حوکمی تەورات دەڵێتەوە : " ...ژیان بە ژیان و چاوبەچاو و لووت بە لووت و گوێ بەگوێ و ددان بە ددان و برین بە برین"(١٠) ، و لە شوێنێکی تردا دەڵێ : " ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە حوکمی سـزای خوێن - ڕشتنتان وا بـۆ دانراوە کە پیاوی ئازاد بە پیاوی ئازاد و کۆیلە بە کۆیلە و ژن بە ژن ..." (١١) . کـورد دەڵێن - تا ئەم دوا دواییانە - لە تۆڵەدا زۆر لە ئەحکامی قورئانیان تێپەڕاندووە، لەوانەیە وەکو عارەبی جاهلیەتیان کردبێ . کابرایەکی مۆدکی قسەی بۆدەکردم دەیگوت : " کاتێك یەکێکمان بە دەستی یەکی دیکەی لـە عەشیرەتێکی تر بکوژرایە، کەس و کار و خزمی کابرای کوژراو دەچوونە سەر ئەوعەشیرەتە و یـەکەم کەسێکی لەو عەشیرەتەیان بدیایە دەیانکوشت، وادەبوو لەجیاتی پیاوێك چوار یا پێنجیشیان لێ دەکوشتن . تـەبیعی، عەشیرەتی تریش دەهات تۆڵە بکاتەوە و هەندێکی لێ دەکوشتین، ئیتر ئەمە ساڵ دەهاتن و دەچوون و ئێمـە لەیەکترمان دەکوشت، ٥٠ تا ١٠٠ پیاوی تێدا دەکوژرا تا وازمان لە یەکدی دێنا" . لـە کوردستـانی بـاکوور شتی زۆرم لەم بابەتە دەبیست، کە زۆربەی عەشیرەتان بە درێژیی ڕۆژگار خەریکی لەیەکترکوشتن و تـۆڵـە سـەندنەوە بوون . ئـەگەر بەگوێرەی قسەکانی بارت* حوکم لەسەر کوردستـانی بـاشـوور بدەین، دەبێ بڵێین دوژمنایەتیی خوێن لەوێ زۆر لەوەی باکوور کەمترە . من لە کوردستانی ئێرانیش قەت لە یەکێکم نـەبیست لەخۆیەوە ئەو باسە بکاتەوە، بەڵام لە کوردستانی باکوور ئێستاش هەرهەیە، هەرچەندە لەجاران کەمتر شووڵی لێ هەڵدەکێشن، لەوانەشە ژمارەی ڕاستی لەوە کەمتر بووبن کە ئەمان باسیان دەکرد . بڕوانە، نە لەقورئان و نە لەو چیرۆکانەشدا کە بۆیان دەگێڕامەوە نـەگوتراوە کە دەبێ تۆڵە لە کوژەرەکە خۆی بکرێتەوە، ئەسڵەن لە ژیانی عەشیرەتیدا کوشتن کاری تایبەتی ئەم زەلام و ئەو زەلام نیە ( شەخسی نیە)، مەسەلەیەکە لەنێوان دوو دەستەدا. جیاوازیی نێوان حوکمی قورئان و دابی عەشیرەت لەوەدایە کـە عەشیرەت تۆڵەی چـاوێك بە پتر لـە چـاوێك دەکاتەوەوکوشتنێکی بۆ تۆڵەش کرابێ هەر تۆڵە دەکاتەوە( تۆڵەی تۆڵە دەکاتەوە)،کە قورئان ڕێی نادا. ئێستـاش لەو شوێنانەدا کـە دەزگای حکومەت دەستی بەتەواوی تێدا ناڕوا و یا گەندەڵە، وەك لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاخاویی تورکیدا، ئەو جۆرە دوژمنایەتیانە هەر لەکاردان .

---

* بارت (١٩٥٣) : ٧٢-٧٧ .

« ئولودهره دێیهکی گهورهیه، جاران ئاسووریی تێدابوون، لهوهتای ئاسووریهکان له شهڕی جیهانیی یهکهمدا لێی دهرچوون، کوردی عهشیرهتی گۆیانی تێدا دهژین. ئهمانه له چهند باڤکێکن که وێ دهچێ خزمایهتیهکیان لهنێواندا نهبێ و ههریهکهی بهجیا گهڕهکی ( خۆیان واتهنی" مهحهلله" ی ) خۆیان ههیه و له دهسهڵات و تواناشدا وهك یهك نین. ساڵێك بهر لهو سهردانهی من له ئولودهره، یهکێکی بهرهیهکی بێهێزیان کچی پیاوێکی بهدهسهڵاتی بهرهیهکی تری گهورهی ههڵگرتبوو. ژن ههڵگرتن کارێکی ههرواهاسان نیهو مهترسیی زۆری تێدایه. ئازایهتی و تهنانهت بێ باکیهکی زۆری پێدهوێ. دوای ئهوهی لاو دڵبهری له ماڵ دهرهێناو رفاند ،کارهکه ئاشکرا بوو و شهڕێکی لێ سازبوو، لهو شهڕهدا لاوهکه خۆی یایهکێك لهوانهی لهگهڵیدابوون خزمێکی کچهیان <u>برینداركرد</u>. ئێستا پیاو و ژنه سهریانههڵگرتووه له شوێنێك له رۆژئاوای تورکیا دهژین. بهڵام خۆ کێشه بهوه نهبڕایهوه، دوو پیاو( بهڵام دووی ههڵبژارده ) له باڤکی کوڕهکه کوژران، دوایی ئاشتی خرایه نێوان دوو بهرهوه، یا زۆرتر دهکرێ پیاو بڵێ " ئاگربهس" کرا. بهرهی بچووك دهیزانی رهقیبهکهی لهوگهورهترو بههێزترهو دهرۆستی نایه و ههرچی بێ ههر خۆی دهدۆڕێ، لهبهرئهوه مهسهلهکهیان دایه دهست دهوڵهت ( ئهوهی کهوتبووه نێوانیشهوه ههر کارمهندێکی دهوڵهت بوو )، بهڵام باری شێواو و ناڕهحهتییان ههرتهواو پێوه دیاربوو ( رهنگه بهشێکی لهبهرئهوهبووبێ که کوژهر خۆیان تێنهگهیهندرابوو)، ئیتر ئهوانهی لهو دوو باڤکه بوون ههتا بۆیان بکرایه خۆیان له یهکتر دهبوارد، دهچوونه چاخانهی جیاواز ( دوو له ئولودهره ههن )، جار به جار تهقهش لهنێوان گهڕهکهکانیاندا دهبوو. لهوهتای من بهجێمهێشتوون دوژمنایهتیهکهیان نوێ بووهتهوهو بهلای کهم دوو کهسی تریشی تێدا کوژراوه » .

ئهگهرکوژهرو کوژراو پایهیکۆمهڵایهتیان زۆر جیاواز بێ، تۆڵهکردنهوه له کوژهر شتێکه که ئهسڵهن پێکنایهت. ئهگهر سهرۆکی عهشیرهتێك بهدهستی مسکێنێکی ناعهشیرهت بکوژرێ، ئهوا تۆڵهکردنهوهی خزمانی سهرهك- عهشیرهتی کوژراو له زهلامی مسکێن مانای ئهوهیه خوێنی ئاغا بهێندرێته ریزی خوێنی مسکێنێکهوه. جارێ ههر به عهقڵی پیاوی عهشیرهتیدا ناچێ مسکێنێك بۆخۆی ئاغایهك بکوژێ. ئهگهر شتێکی وا روو بدا گورج بیر بۆ ئهوه دهچێ که دهستی ئاغایهکی تێداههبێ، لهبهرئهوه ئاغای که مسکێنی هانداوه دهبێته ئامانجی تیری تۆڵه. بهههرحاڵ، من تائێستا نه خوێندوومهتهوه و نه لهکهسم بیستووه ئاغایهك بهدهستی مسکێنێك کوژرابێ ( ئهوهی ئاغای کوشتبێ خزمی ئاغاکه خۆی یا کهسێکی تری هاوپلهوپایهی بووه) . بهڵام دیاره- بهپێچهوانهوه -

ئاغا مسکێنیان کوشتوون ، کوردی ناعەشیرەت و مەسیحیەکان جاران بەدەست ئاغاکانەوە زۆر زەلیل بوون، حاڵیان زۆر وەك حاڵی بەندەی زەوی و زاری فیۆداڵە(دەرەبەگە) ئەوروپاییەکان بووە . هەر بە مرۆڤ دانەدەنران، کوردی ناعەشیرەت و مەسیحی و مەڕ و ئێستر بەیەکسانی دارایی شەخسیی ئاغاکان ( زۆرتر سەرۆکی عەشیرەت) بوون . تەنانە ئێستاش ئاغای پیر هەن باسی" فڵەهێن من" ( فەلەکان/ مەسیحیەکانی من) دەکەن، لەبەرئەوە کە مەسەلە بهاتایەتە سەر تۆڵە، تۆڵەی مەڕێکی کوژراو و مەسیحیەکی کوژراو وەك یەك بوو .

« تایلەر ،کە لە ساڵانی ١٨٦٠دا کۆنسولی بریتانیا بووە لە دیاربەکر، باسی ئەوەی کردووە کە لە سەردەمی ئەودا جووتیارە مەسیحیەکانی ناوچەی بۆتان ( کە پێیان دەگوتن " زێرکری" ( بە زێرکڕدراو) لەگەڵ زەویەکەدا دەکڕدران و دەفرۆشران . هەرتك ( زەوی و مەسیحی ) دارایی ئاغای کوردی عەشیرەت بوون . تایلەر زۆر بە توورەیی و ناڕەحەتیەوە باسی ئەوەی کردووە کە چۆن" زێرکری"یەك بەدەستی ئاغایەکی تر( غەیری ئاغای خاوەنی ) کوژراوە . ئاغای خاوەنی زێرکڕیی کوژراو چووە لە تۆڵەدا دوو زێرکڕیی ئاغای کوژەری زێرکریەکەی خۆی کوشتووە،کە هیچ دەستیان لە کوشتنی هاودینەکەی خۆیاندا نەبووە»* .

وێدەچێ تایلەر بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ئاغاکە تەنیا بەوە کە دوو زێرکڕیی لەجیاتی یەك زێرکری کوشتووە لە قانوونی ئیسلام دەرچووە : کۆیلە بە کۆیلە( نەیگوتووە کۆیلەیەك بە دوو کۆیلە)، ئەگینا کوشتنی کۆیلەیەك یا ئێسترێکی ئاغا یا دزینی مەڕەکەی شتێکە مەگەر هەر ئاغا خۆی بیر لەوە بکاتەوە چیی بۆ بکا، چونکە وەك کەکەس چاوەڕوانیی لە ئێسترو مەڕ نیە بچن تۆڵەی خۆیان بستێننەوە، لەکۆیلەش وەك ئەوان . ( ئەوە هیچ لەولاوە بوەستێ کە ئەسڵەن مەسیحی مافی چەك هەڵگرتنیان نەبووە تا ئەگەر لە حاڵەتێکدا بە بیریشیاندا بهاتایە تۆڵەیان پێ بسەندرایەتەوە ) . قانوونی عەشیرەتی قانوونێکە پیاوی عەشیرەت دایدەنێ و کارێکی بە باری سەرنجی ژێردەستەکەی نەداوە . تایلەر ئاوا سەرنجی ئەو زێرکریەی داوە چونکە زێرکری مەسیحی ( کلدانی ) بوون، بەڵام بەهەرحاڵ، کوردی ناعەشیرەتیش لەهەمان حاڵدا بوون : تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەوەی تۆڵەیان بستێنێتەوە دەبێ ئاغاکەیان بێ . هەر رێك ئەمە یەکێك بووە لەو شتانەی بوونە هۆی ئەوەی جووتیاری ناعەشیرەت زۆرتر بە مسکێنی بژی تاوەکو سەربەخۆیی،چونکە کاتێككە سەربەخۆبێت و پێشی تاڵانی جەردەو

* تایلەر ( ١٨٦٥) : ٥١ .

تاڵانکەرانی پێ نەگیرێ کە هەر ئان و سەعاتێ بێنە سەری بەچی دەچێ ؟ نەوەڵڵا باشترین خۆپاراستنی ئەوەیە ببێتە ژێردەستەی ئاغایەکی بەدەسەڵاتی عەشیرەتێك .

ئەگەر کوژەروکوژراو هەردوو لە هەمان عەشیرەت، تیرە، یا بەرە بن، سنووری تۆڵەکردنەوە ئاشـکراترە، دەکرێ بە شکڵی ژمارە ١ باشتری تێبگەین :




شکڵی ژمارە ١ پێکهاتنی بەرە و دابەش بوونی

( وای دابنێین : سێگۆشەی "یـەك" : عەشیرەتە، " دوو " : ( ئـ،بـ،پـ) تیرەن، " سـێ " : ( ئا ،با ،پا ،جا ،چا ،حا) بەرەن، " چـوار" : ( ئێ،بێ،پێ،جێ،چێ،حێ،خێ،دێ،رێ ) پشتی بەرەن، " پـێنج " : ( ١ تا ١٦ ) ماڵن ) .

گریمان یەکێك لە ماڵی ژمارە ٢ بەدەستی یەکێکی ماڵی ژمارە ١٤ کوژرا، ئەوسا وا دادەنرێ کە تیرەی" پـ " یەکێکی لە تیرەی" ئـ "کوشتووە، ئیتر هەموو تیرەی " پـ " ئامانجی تیرەی تۆڵەیە و هـەمـوو تیرەی " ئـ " تۆڵسێنە (بەڵام لە راستیدا زۆرتر هەر کەس و خزمە هەرە نزیکەکانی زۆر بەتەنگ تۆڵەکردنەوە دێن،- تۆ بڵێ- بەرەی " ئێ " ) . بەڵام ئەگەر کوژەر لە جیاتی ماڵی ژمارە ١٤ زەلامێکی ماڵی ژمارە ٧ بێت، ئەوسا خوێنەکە دەکەوێتە نێوان هەموو تیرەی " ئا " و هەموو تیرەی" با " ( " پا " ئێستا لەمەسەلەکەدا نیە) . ئەگەر کوژەر لە ماڵی ژمارە ٤ بێت، ئەوسا خوێنەکە تەنیا دەکەوێتە نێوان " ئێ " و " بێ " . بەم جۆرە دەکرێ سنووری کەرت -

کەرتی عەشیرەت لەم مەسەلەیەی خوێندا - بەگوێرەی خزمایەتیی کوژەر و کوژراو - بەدی بکرێ . ئێستا لە زۆربەی کوردستاندا وای لێ هاتووە کە تۆڵە هەر لە کوژەر خۆی یا لە نزیکترین کەسی ( برا، کوڕ) دەکرێتەوە، بەڵام هەستی دوژمنایەتی هەر هەموو بەرە دەگرێتەوە ( نموونەی ئەوە کە بەرەیەك بە هەموویان خۆ لە بەرەی تر دەبوێرن) . مەسەلەی خوێنبژاردن ( کورد پێی دەڵێن : بەژ bej) ئەوەندەی تر رووی رەفتاری بەکۆمەڵ پیشان-دەدا . بەژ پارەیەکە کەس وکاری کوژراوەکە وەریدەگرن و ئیدی بەوە دەست لە تۆڵە هەڵدەگرن، ئەمە لە قورئانداهەیە : " ئەوەی کە لە برای خەفەتباریەوە بەخشراوە، حوکمی بەگوێرەی عادەت بەجێ دێ و جەزایەکی باشی دەداتێ " (١٢) . بەژ بەگوێرەی گرنگی و قیمەتی هەردوولا ( کوژەر و کوژراو) و گەورەیی و سەخاوەتی بەرەی زەلامی کوژەریش دیاردەکرێ، هەرچی لە بەرەی کوژەرەکەیە دەبێ شتێك - ی بەلای کەمەوە رەمزی - لەو پارەیە بدا . پارەکە بەسەر بەرەی کوژراوەکەدا بەش ناکرێ، ئەگەر باوکی مابێ دەدرێ بە باوکی، ئەینا دەدرێ بە براکانی یا خزمانی تری کە سەرپەرشتیی خێزانەکەیان وەئەستۆگرتووە .

ناوبژی

دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتی هەروا لەخۆیەوە پێکنایەت، دەبێ یەکێکی بەتەئسیر بکەوێتە بەینەوە . دەبێ لایەنێکیان ( کە ترسی هەیە) پەنا بە یەکێکی وەها ببا کە قسەی لای لایەنی بەرامبەر بڕوا تاکو ناوبژییان بکا . وادەبێ سەرۆکی تیرە یا عەشیرەت ئەو دەورە دەبینێ و دەکەوێتە بەینەوە، بەڵام دیارە ئەگەر ئەم خۆی لەیەکێك لەو دووبەرەیەی خاوەن دوژمنایەتی بێ، ناتوانێ ببیتە ناوبژیکەر چونکە خۆشی تێ گلاوە . ئیتر تا پلەی دوژمنا-یەتیەکە سەرووتر بێ، پەیداکردنی ناوبژیکەر زەحمەتتر دەبێ* . پیاوێك لە مەڵبەندی مۆدکان ( نزیکی بتلیس ) قسەی بۆ دەکردم دەیگوت : " دوژمنایەتیی نێوان خزمان زۆرتر بە بەژ کۆتایی دەهات و دەبڕایەوە، بەڵام دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتان قەت وا تەواو نەدەبوو، خوێن بژاردن هەردەبوو بە خوێن بێ ". بەم قسەیە وا دیارە دەبێ ئەو مەڵبەندە کەسێکی وەهای تێدا نەبووبێ کە شەخسیەت و قسەی لای پتر لە یەك عەشیرەت ( یا تەنانەت تیرە ) قەبووڵ بووبێت . وا دەبێ سەرۆکی عەشیرەتێکی هاوسێ هەوڵ دەدا خۆ بکوتێتە دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتان یا تیرەی گەورەوەو قسەی تێدا بکا، ئەهلی دوژمنایەتەکە لێرەدا هەوڵ دەدەن

---

* زۆرترهەر ئەوەیان بۆ باس دەکردم کە لە رابردوودا ریش‌سپیەکانی دێ هەموو کێشەوهەرایەکی عەشیرەتیان چارەسەرکردووە، بەڵام بەهەرحاڵ، من قەت باسی حاڵەتێکی تایبەتیم لێ نەبیستن .

ئـەوەندەی بۆیان بکرێ نـەکەونە داویەوە، چونکە دەزانن ئەم لافی کەیخوداییکردنە لەسەر حیسابی هەیبەتی ئەوان تەواودەبێ و مەرکەزو شەخسیەتی سەرەك عەشیرەتی هاوسێی پێ زیاد دەبێ . پەندێکی کـوردستانی باکوور هەیە دەڵێ : " سەر زەحفن، لێ سەرێ کۆ سەر پێ ببهیسنە کێمە " * ( سەر زۆرن، بەڵام سەری کە سـەر پێ ببیسن کەمە) . ئەمە - تا ئەندازەیەك - سەرچاوەی دوو شتمان لە کوردستان بۆ روون دەکاتەوە، یـەکـەم : مەرکەزی گرنگی شێخەکان ، دووەم : باوی ئەو رابەرانەی عەشیرەتان کە بە ئەسڵ لەو عـەشیرەتانەیان نیـن، لە شوێنی تری کوردسـتانەوە هاتوون یا ئەسڵی خۆیان - سا ئەگەر بە راست ئەگەر بە درۆ - بردووەتەوە سـەر عارەبە ناودارەکانی مێژووی ئیسلام . ئەگەر رابەری عەشیرەتێك بە ئەسڵ لە هیچ تیرە یا بەرەیەکی گەورەی ئـەو عەشیرەتەی نـەبێت، باشترین کەسە بۆ دەوری ناوبژیکردن و چارەسـەرکردنی کێشە وهەرای نـاوخـۆی عـەشیرەتەکەی، ئەوەی راستی بێ هـەر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی بەسەر عەشیرەتەکەیدا بۆ دەپارێزێ . ئـەگـەر پیاوێك لە عەشیرەتێك بێ و خۆی لە کاروباری عەشیرەتی تر وەردا، مانای ئەوەیە دەور بۆ عـەشیرەتی خۆی دەبینێ، عـەشیرەتیش نـایانەوێ عەشیرەتی تر بێن و لافی ریشسپێتی و کەیخوداییان بەسەردا لێ بـدەن و لەسەر حیسابی هەیبەتی ئەوان خۆ بەرنە پێشەوە . بەڵام ئەگەر زەلامێك هەڵکەوێ کە شەخسیەتی سـەربـەخـۆ بێ و بەقسەکردنی مانای مل کەچ کردن بۆ عەشیرەتێك نـەگەیەنێت، ئـەوا باشترین هەلە بۆ عەشیرەتەکانی خاوەنکێشە کە بچن ناوبژییان لە رێی ئەوەوە بکرێ . شێخ نوێنەریعەشیرەتێك نیە، شێخ پیاوی خودایە لەناو هەموو خەڵکدا، جا ئەو خەڵکە سەر بە هەر عەشیرەتێك دەبن بێن، ئەوجا شێخی تەواو ئەوەیە لە خـوا ترسان و هێزی رووحی و حیکمەتی وێڕای وردبینیی سیاسیی زیرەکی تێدا کۆبووبێتەوە . ئەو شێخانەی ناوبانگیان دەرکردووە، هەموو لە بـە سیاسەت بووندا هەڵکەوتوو بوون . ئـەوەبوو نزیکەی هەموو شەڕو هەرای نێوان عەشیرەتان ( و زۆری ناوخۆی عـەشیرەتیش )ی کە چارەسەرکراون، چـارەسـەرکردنیان بەدەست شـێخان بـووە . تەبیعی مەرکەزو دەسەڵاتی شێخان بەوە زیـاد بووە . لەنێوان ساڵانی ١٨٢٠و ١٨٦٠دا ژمارەی شـێخان زیادی کرد و دەوریشیان لە سیاسەتدا پتر دەهاتە بەرچاو، ئەمە ( وەك لەدواییشدا باسی دەکەم ) پێوەندی بـە نەمانی فەرمانڕەوا کوردەکانەوە بوو(نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩) . فەرمانڕەوا کوردەکان تا مابوون کاروباری خەڵکەکەیان هەڵدەسووڕاند، بە نـەزم و قـانوون رادەگەیشتن و دەیانتوانی چارەسەر بۆ شەڕو کێشەو هەرایان

* رۆندۆ (١٩٣٧) : پەراوێزی ٣٤ .

بدۆزنەوەو بە خەڵکەکەی قەبووڵ بکەن . کاتێك حکومەت بۆ سەپاندنی حوکمی مەرکەزیی بەسەرکوردستاندا ئەو فـەرمانڕەوایانەی نـەهێشت، خەڵك بـۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتیان ئەوەیان بۆ مایەوە بچن داوێنی شێخەکان بگرن .

هەر کە دەزگای حکومەتەکان ( ئێران، عوسمـانی،کۆماری تورکیا ، عیراقی- ئینگلیسی، سووری - فەرەنسی ) ویستبێتیان خەڵکەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی راستەقینەی خۆیانەوە . گورج تۆڵەسەندنەوەیان قـەدەغەکردووە، قانوونی نوێی مەدەنی و جەزایی و دادگای خۆیان هێناوەتەکایەوە و ویستوویانە جێی قـانوونی عەشـیرەتی پێ بگرنەوە . هەوڵیان داوە دەسەڵات و دەوری ناوبژیکەری بە ئاغاو شێخان نەهێڵن . ( ئینگلیس لـە عیراق ویستیان بابەتێکی حوکمی باراستەوخۆ زیندووکەنەوەو ئەمە دەسەڵاتی هەندێك ئاغای بە جۆرێکی ناهەموار پێ زیادبوو ) . تورك ئەمەیان لە هەموان پتر بەتوندی گرت، دوای راپـەڕینەکانی سـاڵانی ١٩٢٠و١٩٣٠ی کـورد ، زۆر دەستڕۆیشتووی لەمێژینەی کـوردیان کوشتن یا دوورخستنەوە، بەڵام ئەم کارەیان بە پێچەوانەی ئاواتی دڵیان وەرچەرخایەوە . فەرمانبەرانی تورك ئەوساش و ئێستاش جێبـاوەڕی خەڵك نـەبوون، وادەبێ بڕیارێکی ئاشتییان بە زۆر بەسەر عەشـیرەتاندا بۆ دەسـەپێنرێ، بەڵام زەحمەتە بتوانن ئـەوانە پێکەوە دابنێن و چارەسەرێك بۆ کێشەوهەرایان بدۆزنەوەو پێیان قەبووڵ بکەن . تورك زۆرجار بەپێچەوانەی ئەمەیان کردووە : سیاسەتی دوژمنایەتینانەوەی ناوکوردان ( کورد کردنە دوژمنی کورد )یان بۆ سواربوونی ملی کوردان بەکار-هێناوەو عەشیرەتی کوردیان لەدژی یەکترهان داون . ئەم سیاسەتەیان ئەگەر هیچی لێ پەیدابووبێ ئەوەبووە کە : نەهێشتنی سەرەك عەشیرەت و شێخان، کوردەواریی ئەوەندەی تر بە کێشەوهەرا لێ کردووە .

> « " دارگوند" ( ناوێکی ساختە ) دێیەکە لە مەڵبەندی مۆدکـی، باکووری رۆژئاوای بتلیس . ساڵی١٩٣٥ عەشیرەتە بچووکەکانی ئەم مەڵبەندە، بەوە کە لایان وابووە راپـەڕینێکی گەورە لە ئارادایە، دەستیـان دا چەك و لە حکومەتی تورك راپەڕین، ئابلۆقەی مـۆدکی ( مەرکەزی مەڵبەندو ئیدارەی دەوڵەت )یان دا ، بـەڵام بەرلەوەی وەدەستیخەن، لەشکری تورك گەیشتە سەریان و زۆر بەسەختی سەرکوتیکردن . زۆربەی ئاغاو شێخ کوژران، دوای کوشتاری زۆر بێ بەزەییانە زۆر دێ بەتەواوی چۆڵکران و خەڵکەکەیان بۆ تراکیا(بەشی ئەوروپایی تورکیا) دوور خرانەوە، خـانوو خـاپـوورکران و دار( گوێز) بڕدرانەوە تا رێی گەڕانەوە لەوانەی کە رایانکردبوو بگرن . دێیەکانی تری مابوونەوە بەتوندی خرانە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە،

بە هەر دوو یا سێ دێ مەرکەزێکی جەندرمەیان تێخرا و..." ... ئای ئە ئاوابوو کە ئێمە ئیتر ورده- ورده بووین بە تورکی خاوەنی ژیاری( شارستانیەت، تەمەددون ) " ( یەکێك لەوانەی قسەیان بۆ دەکردم ) .

خەڵکی دارگوند لە عەشیرەتی " کیبووران"ـن . لە دێیەکەدا دوو بەرە هەن ناویان " مەمۆ" و " سلۆ " یە . هێشتا هیچ ئاغایەکی نوێی عەشیرەت، بەرە یا تیرەی تێدا پەیدا نـەبووە، کەسیش لە رووی ئابوورییەوە لە کەس بەدەسەڵاتتر نیە ( هەموو جووتیاری خاوەن زەویی بچووکن) . دێیەکی نزیکیان جاران شێخێکی تێدا ببوو، بەڵام دوای راپەرینەکە کوژرابوو، کورێکی ئەو شێخە ئێستاش هەر لەو دێیە دەژی، پێیدەڵێن شێخ و وادەبێ نوشتەش بـۆ ( پاراستنی منداڵان لە) چاووزار دەنووسێ، بەڵام دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە، شێخی تەواو نیـە، مەلایە و معاشی مەلایەتیی دێ لە دەوڵەت وەردەگرێ . کێشەی بچووك ( - بڵێین - لەبابەتی ئەوەی لەسەر دیارکردنی سنووری زەوی پەیدا دەبێ) وادەبێ بە جەندرمە دەبڕێتەوە، بـەڵام کە بێتە سەر کێشەوهەرای گرنگی عەشیرەتی، جەندرمە بە هیچ جۆر ئـەوە نیـە ئەو دەسەڵات و ناو و روو و ئابڕوویەی لای خەڵکەکە هەبێ کە بتوانێ بۆ ناوبژیکردن بکەوێتە نێوانیانەوە . کەواتە ئەو خەڵکە سەرچاوەیەکی دەسەڵات یا- باشتربڵێین - " ئیعتیبار" شك- نـابەن تا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان رووی تێ بکەن، ئەو بۆشاییە پڕ نـەبووەتەوە . لە لایەکەوە نەریتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ عەشیرەتیـن، لەلایەکی ترەوە تاقە قانوونێکی کە دەبێ خەڵك پێڕەوی لێ بکەن سەر بە سیستەمێکی تری نەریتی کۆمەڵایەتیی تەواو جیاوازەو بەگوێرەی بیروباوەڕێکی ترە .

ساڵی ١٩٧٣ یەکێك لە بەرەی مەمۆ یەکێکی سلۆی کوشت ( کە وادیار بوو بە ئانقەست نەبوو ) . کوژەرو براکانی لە ترسی تۆڵە دەست بەجێ رایانکرد، ئێستا لە شوێنێکن لـە رۆژئاوا . هـەموو خزمەکانی تر لە دێ دا مانەوە، ترسی تۆڵەیان نیـە، دەزانن کە تۆڵە لە شەخسی ئەوان نـاکرێتەوە، لەلایەکی ترەوە سلۆ خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانن، پیاویان لێ کوژراوەو کوژەریشیان بەردەست ناکەوێت ( حکومەت ماوەیەك حەپسی‌کردبوو بـەڵام بەر

عەفواتی ١٩٧٤ کەوتبوو و بەر بیوو، ئێستا - ژیرانە - ناهێڵێ کەس بە شوێنی بزانێ ) .
ئێستا یەکێك دەست ناکەوێ ئەوەندە حورمەت و شوێنی لای مەمۆ و سلۆ هەبێ و گوێ لە قسەی بگیرێ کە بتوانێ بکەوێتە نێوانیانەوە و دوژمنایەتیەکەیان بە بەژێك ببڕێنێتەوە .
هەردوو بەرە نێوانیان زۆرخراپە و تابڵێی لێك دڕدۆنگن، خۆ لەیەکتر دەبوێرن، کەم وادەبێ ئێوارانە لە ماڵ دەرچن، لە زەماوەندی ژن هێناندا نابێ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە حەوشەو دەرەوە بەرز بێتەوە . تـاقە شوێنێکی هەردوولا سەریان لێ دەدا خوێندگەی دێ بوو، کـە مامۆسـتاکانی ( خەڵکی شوێنی ترن ) لێ دەژین و منیش لەوێ دەمامەوە . بـەڵام ئـەوێش ئەگەر زەلامێکی بەرەیەك لەو دوو بەرەیەی لێ بوایەو یەکی تری سەر بە بەرەکەی تر وەژوور بکەوتایە، ئەوەی کە لە پێشداوە لەوێ بوو گورج - تەنانەت بـێ ئـەوەی چایەکەی تـەواو بخواتەوە - هەڵدەستا دەڕۆیشت . ئـەم تەمی نێوان ناخۆشیە مەگەر بـە سستی و درەنگ برەوێ، بـەڵکو وابێت ئەو منداڵانەی کە دەچنە خوێندگە و بابەتە دەرسێك دەخوێنن کـە لـە گیانی عەشیرەتگەری بەدوورە، پتر بینە ئەهلی تەبایی لەنێوخۆدا.
رۆژێکیان، پێنج لاو - ٣مەمۆ و ٢ سلۆ - م دیتن پێکەوە دەچوونە ماسیگرتن (بە دینامیت) .
من ئەمە بەوە تێگەیشتم کە ئەوان زۆر گوێیان بە کێشەوهەرای بەرەکانیان نەدەدا، بـەڵام سەیرم کرد لە رێی ئەو دێیەی دەچوون دینامیتی لێ بکڕن بوونە دووبەش، مەمۆ بەم بەری رووبارو سلۆ بەوبەریدا رۆیشتن،کە گەیشتنە دێیەکە، لەهەر دەستەیە یەکێك بۆ دینامیت کڕین چووە دێ، ئەوجا پێکەوە رۆیشتن تا گەیشتنە ئەو جێیەی‌کە دەیانویست ماسیی لێ بگرن، لەوێ دیسـان لێك جیابوونەوە و هەریەکەی دینامیتەکەی بەجیا هاویشتە ئاوەوە » .

کەسانێکی دەسەڵاتداری لەبابەتی کۆن ( دینی،عەشیرەتی ) چیتر لە دارگوند پەیدا نەبوون،کە دەکرێ بەهۆی کۆنترۆڵی توندی حکومەتەوە بێت . بەڕاستی خـەڵکەکە دەوڵەت و دەزگاکانیشیان بە فەرمانڕەوا وکەیخودا قەبووڵ نیە، ئیتر نـە ئەوەتا کێشەوهەرا بە شێوەی کۆن چارەسەربکرێن و نـە ئەوەتا بەشێوەی نوێ .
شوێنی تری کوردستانی تورکیا هەن ( زۆرتر لە باشووری رۆژهەڵات ) کە " پێویستی " لەوێ سەرۆکی نوێی خولقاندووە، زۆربەیان بە رێی شێوەیەکی هاوکاری لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتدا ( کوردی نەتەوەیی ناوی دەنێن هاوکاری لەگـەڵ دوژمندا ) توانیویانە ئـەو دەسەڵاتە پەیداکەن ( یا بپارێزن ) . چەندێکیان بـەتـەواوی ئـەو

دەسەڵات و برەوەیان هەیە کـە بتوانن بۆ ناوبژیکەریکردن کەڵکی لێ وەربگرن، بـەڵام ئـەوەتا بەهۆی ئـەو رەقیبانەوە کە ئێرەییان پێ دەبەن وێ دەچێ کێشموهەرایعەشیرەتی لەجیاتی ئەوەی کەم بووبنەوە زیادبووبن، چ بەژمارە و چ بە سنووری پێی دەگەن .

" ب " کرێکارێکی لاوی خەڵکی دێیەکی نزیکی " ئاگری"یە، لە ماڵێکە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر بەهۆی دوژمنایەتیەکی خوێنەوە لە ترسی تۆڵە لە دێیەکە باریان کردووە و ئیتر سەریان پێدا نەکردووەتەوە . بەڵام وا " ب " ئێستا ئەم دەقەی شکاندووە و بە رێکوپێکی سەر لە دێیەکە دەداتەوە بێ ئەوەی هیچ ترسێکی بەدڵدا بـێ، دەگێڕێتەوە دەڵێ زۆربەی لاوانی دێ جۆرە خوێندەواریەکیان هەیە و وەکو خۆی سـۆسیالیست و کـوردی نەتەوەیین . سۆسیالیزمەکەیان رەنگە سـەتحی و کەم مایە بێ، بەڵام لەدڵەوەیەو دەیانەوێ شەڕی دژی عەقڵی عەشیرەتگەری بکەن . بۆ لاوانی بەرەی " دوژمن "، ئەم دۆستـایەتیـەیان لـەگـەڵ " ب "دا شتێکە شـانـازیـی پێوە دەکـەن .

تەرزی ژن هێنان و کێشموهەرای عەشیرەتی

ئەوە کە لە کوردستاندا کێشموهەرا لە نێوان بەشەکانی عەشیرەتدا لەوەی نێوان بەشەکانی عەشیرەتی وڵاتانی تر درێژخایەنترە، بەشێکی خەتای ئەوەیە کە هەموو پیاوێك لەعەشیرەتدا هەر دەیەوێ خزمی نزیکی خۆی بێنێ، زۆرتر هەروایە کوڕ کچە ئامۆزای خۆی دێنێ . ئەوەی راستی بێ، کوڕ مافی ئەوەی - لە رووی تیۆریەوە - هەیە نەهێڵێ کچی مامی شوو( مێرد) بە کەسی دی بکا . ئەگەر باوکێك بیەوێ کچەکەی بدا غەریبێك،داب - لە رووی تیوریەوە - وایە کە دەبێ لەپێشدا بۆئەوە پرس بە برازاکانی بکاو ئیجازەیان لێ وەرگرێ، مەگەر ئەوەتا پێشەکی خۆیان ئەو مافەیان دابێتێ ( من خۆم حاڵەتێکی وام بە چاوی خۆم نەدیت، بەڵام لەزۆر گۆشەوکەناری کوردستاندا باسی ئەو دابەیان بۆ دەکردم ) . ئەگەرکوڕێك داوای کچی مامی خۆی بکا ،مامی مەگەر بەزەحمەت بتوانێ قەبووڵی نەکا ، ئەوە ئەگەر هەر ئەسڵەن قەبوول نەکردنی محاڵ نەبێ . ئامۆزاهێنان پارەی کەمتری لەهی تر تێ دەچێ، کە - بناخەو هۆ یا وەزیفەی ئەم دابە بەتەواوی لەولاوە بوەستێ - ئەمە زۆرتر باوی ئامۆزاهێنان خۆش دەکا. دیارە، ئەم دابە کۆسپێکە لە رێی تێكهەڵشێلانی هەموو عەشیرەتەکەدا ، بەمە خەتی ئەولادی دوو برا لە باقیی عەشیرەت دادەبڕێن و لەنێوان خۆیاندا زاوزێ دەکەن و ئەوانیش ئەم سیستەمە پشتاوپشت دەهێنن تا دوای چەندپشتێك - تەنانەت دوای دوو۔ سێ پشتیش - وای لێ دێ کەخەتی ئەولادی دوو براکەی پێشووش

لێك دوور بکەونەوە . عەشیرەت ئەوپەڕی کەرت-کەرت دەبێ و لەجیاتی تێکهەڵشێلان لێك دادەبڕێ . ئیتر کە پێوەندیی خزمایەتیی نزیك لەگەڵ بەش و دەستەکانی تری عەشیرەت لەنێودا نەما ، کێشەوهەرای نێوانیش بەزەحمەتتر نەرم دەکرێ . بۆ روونکردنەوەی ئەم مەبەستەم " شکڵی ژمارە ٢ "م کێشاوە، کە وام داناوە دوو برا هەریەکە دوو کوڕو دوو کچیان بووە، هەر چوار کوڕ کچەکانی مامیان دێنن، ئەوانیش هەریەکەو دوو کوڕ و دووکچی دەبێ و ئەوانیش دەگەنەیەك و بەم جۆرە پشتێکی تریش دەڕوا ، سەیر بکە لە دواییدا چۆن عەشیرەت کەرت-کەرت دەبێ و تا دێت خزمی نزیکی تێدا لێك دوور دەکەونەوە . بڕوانە شکڵی ژمارە ٢ :




شکڵی ژمارە ٢ هەر ئامۆزاهێنان

دیارە من ئەم شکڵەم بۆ روون کردنەوە وا کێشاوە، ئەگینا وانیە هەموو کوڕێك حەتمەن هەرئامۆزای خۆی بێنێ ( هەرچەندە بەڕاستی زۆریشیان وان ) . بەداخەوە بۆم نەکرا سەرژماریی بەشی مەبەست وەدەست بخەم وهەر

ئەوانەی " بارت "ی کوردستانی باشوورم بەدەستەوەن* . تەنانەت ئەگەر کچ شوو بە ئامۆزاش نەکات، هەر خزمی نزیك لە خزمی دوور لەپێشترە و هەموو(؟) خزمەکانیش لە غەریبان لەپێشترن .

دابێکی ژنهێنان لە کوردستانی باکوور سەرنجی راکێشام . دابەکە وایە ئەگەر کچێك لە دێیەك شوو بە کوڕیکی خەڵکی دەرەوەی ئەو دێیە (- تۆ بڵێ- دێیەکی تر ) بکا، لاوانی دێ تا باجێکی رەمزی لە باوکی زاوا نەستێنن نـاهێڵن کچ لە دێیەکەیان ببا . من لە کاتێکی وادا رێم کەوتە دێیەکەوە، خۆم دیتم لاوانی دێ سەر رێی دەرچوونی بووکیان لە دێ گرتبوو، ئەوانەی هاتن بووك ببەن پێشیان پێ گیرا و " ناچارکران " هەندێ بەرتیل بدەن .

## کێشـەوهـەرای تر

زۆر کێشەی تر هەن کەم یا زۆر بە هەمان رێدا دەڕۆن، بەڵام بۆ سەرنج دانی سنووری کەرتەکانی عەشیرەت و پێوەندیان بەیەکدی پیاوکەمتریان لێ فێردەبێ، چونکە زۆرتر لەنێوان دەستەی وەهادا روو دەدەن کە لەپێشەوە سنووریان دیاربووە. بابڵێین بەڤوونە،کۆچەری دەستە رەشماڵێك بچن حەیوان لە دێیەك بدزن، لەم حاڵەتەشدا خەڵکی دێ بەکۆمەڵ وەخۆدەکەون و لەوانەیە کۆچەریش تۆڵە تۆڵەی بکەنەوە و... مەسەلەکە بە هـەمان رێدا دەڕواتەوە کە باسمان کرد . زۆر کێشەی تری عەشیرەتی هەن کە زۆرتر بە دەوری ئاغادا دەخولێنەوە، پتر لە نێوان دوو ئاغای رەقیبی یەکتردان کە هەریەکە پیاوەکانی وێڕایە تـا ئەوەی لە ئەساسدا لەنێوان دوو بەشی عەشیرەتیدابن . ئەمە کەمتر وادەبێ لە کێشەوهەرای عەشیرەتیدا دیارنەبێ، تـەنانەت لەو دوژمنایەتیانەشدا کەبەئاشکرا لە کوشتنی نێوان خەڵکەکە پەیدابوون زۆرتر وایە رەقابەتیئاغایان هەرخۆی بەشێوەیەك دەکوتێتە ناو مەسەلەکەوە . هەر کێشەوهەرایەك پەیدابێت، لەوانەیە بە دوژمنایەتیی خوێن بگات : کـە کێشەوهەرا گەورەکرا دەبێ خوێنیشی تێدا بڕژێ .

---

* سەرژماریی بارتیش - بەداخەوە- زۆر بەرین نین : لە ناو هەمموەندان، لە ژن هێنانی ٢١ پیاوی عەشیرەت، ٩یان کچیمام و ٦ی تریان خزمی تریان هێناون . لە ژنهێنانی ٥٣پیاوی ناعەشیرەت، ٦یان کچیمام و ١٢ی تر خزمی تریان هێناون . (بارت (١٩٥٣) : ٦٨) . من لام وایە دابی کچی مام هێنان لە باکووری کوردستاندا لەوەی لای هەمموەندان پترە .

## ٤- لە عەشیرەت سەرووتر ؟

دەستەی لە عەشیرەت گەورەتر

کاتێ باسی کەرتەکانی هەیکەلی عەشیرەت دەکرێ کە چۆن بەگوێرەی پلەی لێك نزیکی پشتی یەك دەگرن، وەك ئەوەی کە ئەولادی ماڵێك لەبەرامبەر ماڵی تردا و بەرە یا تیرە لەبەرامبەر بەرە یا تیرەی تردا و عەشیرەت لەبەرامبەر عەشیرەتی تردا پشتی یەك دەگرن و بەکۆمەڵ رەفتار دەکەن، دەکرێ پیاو درێژە پێ دانی ئەمەشی بەدڵدا بێت و بڵێ : کەواتە یەکێتیەکی عەشیرەتانیش لەبەرامبەر یەکێتیەکی تری عەشیرەتان، ئەمارەت و تەنانەت نەتەوەی کوردیش - ئەگەر هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەشەوە بێت - بە نەتەوە ناوبەرین ) لەبەرامبەر نەتەوەی تر( تورك، فارس، عارەب، ئەرمەنی) دا بەکۆمەڵ و یەك دەستەیی رەفتار دەکەن *. بەڵام نا ،با ئەوەی بۆ کورد بەبیردا نەیەت چونکە حیسابەکەی راست دەرناچێ . هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد سەری هەڵدابێ، نەك هەر حکومەتە مەرکەزیەکان ( تورك، فارس، عارەب، بریتانی ) بەرەنگاری بوونەوە، بگرە کوردێکی زۆریش بەگژیدا چوون . تەنانەت لەو شەڕەی دوایی عیراق ( ١٩٧٤/ ١٩٧٥) دا کە بە شێوەیەك بەشداری تێداکرا کورد بەرلەوە بەخۆیانەوە نەدیبوو ( ٥٠هەزارشەڕکەر و ژمارەیەکی زۆری تر بەشێوەی تر تێدا بەشداربوون )، دیسان دوژمنەکە هەر لەشکری نیزامیی عیراق نەبوو، بەڵکو کوردی غەیرەنیزامییش بوون کە وێ دەچێ ژمارەیان بە دەیان هەزار کەس بووبێت! . تەبیعی ئەمە هۆی زۆری هەبوون، بەڵام یەکەهۆی هەرە گرنگ عەشیرەتگەری بوو . سەرکەوتنی بزووتنەوەکە دەسەڵات و مەرکەزی رابەری بزووتنەوەکە و ئەوانەی رەگەڵیدای پێ زیاد دەبوو، ئەمانیش کە دوژمنایەتیی عەشیرەتییان لەگەڵ ئەواندا هەبوو و نەیاندەویست

---

* ئیڤانس پریچارد Evans-Pritchard لە باسی بەدوەکانی بەرقە (- رۆژهەڵاتی لیبیا ) دا دەڵێ : " بەدو " پێوەندی " بەیت "ی خۆیەتی لەبەرامبەر " بیووت"ی تردا و " عائیلە"ی خۆی لەبەرامبەر" عائیلات"ی تر داو " قەبیلە"ی خۆی لەبەرامبەر" قەبائیل"ی تردا و هەستێکی بەهەمان شێوەی لە ئاست هەموو بەدوەکانی وڵاتی خۆی لەبەرامبەرخەڵکی شارەکاندا هەیە . لەلایەکی ترەوە عارەبی بەدو و شارستان وێکڕا دژی تورکان دڵیان یەکە،و کە بێتە سەرهەڵوێستی دوژمنایەتیی ئیتالیە داگیرکەرەکان،هەموو عارەب و تورك وێکڕا دەکەونە یەك لاوە لەدژی دوژمنانی دینی ئیسلام . ئیڤانس پریچارد( ١٩٤٩) : ١٠٣ .

دوژمنی عه‌شیره‌تییان به‌هێز ببێ، قـازانجی خۆیان له‌وه‌دا ده‌دیت یارمه‌تیی دوژمنی بزووتنه‌وه‌كه‌ ( حكومه‌تی عیراق ) بده‌ن ـ مادام كه‌ هه‌ستی عه‌شیره‌تگه‌ری لای ئه‌مان له‌ هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی به‌هێزتر بوو .

ئـه‌مـاره‌تـه‌كـان، ده‌كرێ به‌ حاڵه‌تێكی تایبه‌تی دابنرێن : ده‌سه‌ڵاتی میر له‌ هه‌ندێ له‌و ئه‌ماره‌تانه‌ وێ ده‌چێ به‌هێز بووبێ و كه‌س نـه‌یتوانیبێ خۆی لێ بدا، هه‌موو خه‌ڵكی ئه‌ماره‌ت بـێ چه‌ندو چۆن ملكه‌چی هـه‌مـوو فه‌رمانێكی میر بوون (وه‌ك له‌ فه‌سڵی داهاتوودا دێینه‌ سه‌ری) به‌ڵام ئه‌ماره‌تی تریش هه‌بوون یه‌كێتیی‌ناوخۆیان له‌رزۆك و ناپایه‌دار بووه‌ و كاتێك تووشی شه‌ڕی ئه‌ماره‌تی تری كـورد یا حكومه‌تی مه‌ركه‌زی بوون ئـه‌وه‌شیان نه‌ماوه‌ . یه‌كێك له‌ زۆرغوونه‌ی به‌ڵگه‌ بۆ ئه‌م قسه‌یه‌ وه‌زعی ئه‌ماره‌تی بادینانه‌، كاتێك میری رواندز ( كـوێر پاشـا ) كه‌ قه‌ڵه‌مڕه‌ویه‌كه‌ی گه‌وره‌ ده‌كرد، ساڵی ١٩٣٢ چووه‌ سه‌ری، به‌رگریه‌كی ئه‌وتۆی نـه‌هاته‌ رێ، ئه‌وه‌بوو گرتی و" ره‌سووڵ " ی برای خۆی كرده‌ حـاكمی پایته‌خته‌كه‌ی ( ئـامێدی ) . هه‌رچه‌نده‌ میری پێشووی بـادینان ( ئیسمـاعیل پاشا ) زۆری هه‌وڵ دا یارمه‌تی له‌ ئه‌ماره‌تی هـه‌كاری و ئه‌ماره‌تی بـۆتان و حاكمی عوسمانیی مووسڵیش وه‌گیرخات و عه‌شیره‌ته‌كانی ئه‌ماره‌تی له‌دژی زه‌وتكه‌ر هان بدات، بـه‌ڵام هیچی به‌هیچ نـه‌بوو . ئه‌ماره‌ت ئیتر زیندوو نـه‌بۆوه‌ . ئاغای بچووكتریش هه‌ندێك كه‌وتنه‌ لای ره‌سووڵ به‌گ، هـه‌ندێك لای حاكمی عوسمانی و هی تریش هه‌ر سه‌ر به‌ خۆیان بوون*.

### دوژمنایه‌تیی ناوخۆ و ده‌سه‌ڵات له‌ سه‌رچاوه‌ی ده‌ره‌وه‌وه‌

ته‌نانه‌ت یه‌كێتیی ناو عه‌شیره‌تیش له‌به‌رامبه‌ر خه‌ڵكی تردا زۆرتره‌هه‌ر بیروباوه‌ڕه‌كه‌یه‌ - كه‌ تـه‌بیعی،ده‌بێ پیاو پشتی عه‌شیره‌تی خۆی له‌ دژی خه‌ڵكی تر ( به‌تایبه‌تی عه‌شیره‌تی تر ) بگرێ، ئه‌گینا ئه‌گه‌ر بێته‌ سه‌ر واقیع لـه‌ زۆرترین حاڵه‌تدا وا نیه‌ . كاتێك كێشه‌وهه‌را ده‌كه‌وێته‌ نێوان دوو عه‌شیره‌ته‌وه‌، ده‌بینی به‌شێكی یه‌كێكیان لـه‌ باقیی عه‌شیره‌ته‌كه‌ی خۆی جیا ده‌بێته‌وه‌و ره‌گه‌ڵ عه‌شیره‌تی به‌رامبه‌ر ده‌كه‌وێ، جا یا له‌به‌ركوشتنێك كه‌ له‌-نێواندا رووی‌داوه‌و زۆر به‌ توندی گیراوه‌، یا ئه‌وه‌تا ( زۆرتر وایه‌) ئاغای ئه‌و به‌شه‌ چاوی ته‌ماحی له‌وه‌یه‌ له‌ رێی هاوكاریی له‌گه‌ڵ دوژمندا خۆی بگه‌یه‌نێته‌ پله‌ی گه‌وره‌ئاغایی . به‌تایبه‌تی كاتێك زوو له‌م سه‌ده‌یه‌دا ،حكومه‌ته‌ مه‌ركه‌زیه‌كان به‌سه‌ختی له‌ ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ك‌عه‌شیره‌ته‌كانیان دا، ئاغاكان هه‌میشه‌ له‌ جموجووڵدابوون له‌ ناو

---

* باجه‌ر Badger : ١ : ١٢ : ١٨٣، ٢٦٥ . به‌گوێره‌ی قسه‌یه‌كی تر ( فریزه‌ر Fraser ( ١٨٤٠ ) : ١ : ٦٨-٦٩ ) كاتێك ئه‌ماره‌ته‌كه‌ په‌لامار درا ،یه‌كێتیی ناوخۆی به‌هۆی زۆر دوژمنایه‌تیی خۆبه‌خۆیی شـێوابوو .

عەشیرەت و لەگەڵ عەشیرەتی تر و لەگەڵ حکومەتدا خەریك بوون، هەرکەسەو دەیویست رێگای رابەری بۆ خۆی خۆش کا و پێش ئەوانی تر بکەوێتەوە . ئەو جۆرەکەسانە" عەشیرەتی خۆم " لەبەرامبەر" عەشیرەتی تر"دا ناکەنە دروشمی خۆیان، لەجیاتی ئەوە هۆشیان لای ئەوەیە : " ئەو جێیانەی دەکرێ خۆم بۆ دەسەڵات پەیداکردن سەریان پێدا بکەم " لەبەرامبەر " ئەو جێیانەی کە رەقیبەکانم بۆ دەسەڵات پەیداکردن سەریان پێدا دەکەن " . ئەم بەزمە هەر لە کۆنەوە لە مێژووی کورددا هەیە ، بۆ کێشە و هەرایەکی ناوچەکە حکومەتی مەرکەزی لە دژی یەکتر تێوە دەگلێنن .

« دەوری ١٦٠٠ی زاینی، کاتێك کە عوسمانی و ئێران ( سەفەوی) شەڕیان لەسەر رۆژهەڵاتی باکووری کوردستان بوو، دوژمنایەتیەکی خوێن لەناو بەرەی سەرەکیی عەشیرەتی " موکری"ی بەهێزدا ( ئێستا نیشتەجێی باشووری" دەریاچەی ورمێ" ـن ) یەکێتیی ئەو عەشیرەتەی شێواندبوو . شاعەباس لە ١٦٠٣وە ملی لە هێرش نا، چووە سەر ئازەربایجان، ئەرمەنستان و کوردستان و لە شەڕی ٢٤/ ٨/ ١٦٠٥دا لەشکری عوسمانیی شکاند . یەکێك لەوانەی شەڕەکەیان بۆ بردەوە هێزێکی پیاوانی عەشیرەتی موکری بوو . بەگوێرەی چیرۆکێکی لە کتێبەکەی " مالکۆلم"دا هەیە ( لە باری سەرنجی فارسەکانەوە نووسراوە) وا دەردەکەوێ بەشێکی تری رەقیب لە عەشیرەتی موکریدا شەڕی بۆ لایەکەی تر( عوسمانی) کردووە . چیرۆك لەوە خۆشترە پیاو هەمووی نەگێڕێتەوە، دەڵێ :

لە گەرمەی شەڕدا، ئەسیرێکی فیلەتەن بە هەیکەل و شان و باهو و هەیبەتی عەسکەرییەوە سەرنجی شاعەباسی راکێشا . شاعەباس پرسی کە کێیە ؟ . پیاوی ئەسیر گوتی : " لە بنەماڵەی کوردی موکریم" . شا ئەفسەرێکی لەهەمان بنەماڵەی کوردی موکری بە ناوی رۆستەم بەگ لە لەشکرەکەیدا بوو کە دەیزانی لەگەڵ ماڵی پیاوی ئەسیردا دوژمنایەتیی خوێنی هەبوو . پادشا گوتی : " ئەم ئەسیرە بدەنە دەست رۆستەم بەگ" . بەڵام رۆستەم بەگ وەرینەگرتو گوتی :" هیوادارم خاوەن شکۆ ببوورن، بەڵێ راستە بۆ پیاوەتیم قەستەسەری خوێنیم، بەڵام مەرجە کردوومە، قەت فرسەت لە دوژمنێك نەهێنم کە دەست بەستراو و لە میحنەتدا بێ " . قسەی رۆستەم بەگی بەشەرەف و مەردانە وێ دەچوو پلارێك بێ شا بگرێتەوە، شا لە حیرسان بانگی لە سەرۆکی پاسەوانان کرد کە سەری ئەسیرەکە بپەڕێنێ . کوردی فیلەتەنی دیل کە ئەمەی بیست تەکانی دایە خۆی و کۆت و دەستبەندی پچڕاند و

خەنجەری هەڵکێشا و هەڵیکوتایە سەر عەبباس . لەم بگرەوبەردەیەدا چرا کوژانەوە و پیاوەکانی شا سەریان لێ شێوابوو نەیاندەوێرا لە تاریکیدا لێدەن نەوەکا شایاکەیان بەرکەوێ . دوای دەمێکی ترس و وەحشەتی کە لە وەسف کردن نایەت، هاواری " دەستم گرت ـ دەستم گرت "ی پادشا خەڵکەکەی هێنایەوە سەرحاڵ، چرا هێنران و ئەسیری ئازا بەڵام بێ شانس بەر سەد شمشیر درا* » .

ئەمە نە یەکەم جار و نە دوا جارە کە کورد لە خزمەتی ئەو ئیمپراتۆریانەدا یەکتر دەکوژن و تەنانەت خوێنی هاوعەشیرەتی خۆشیان دەرێژن و نەتیجەی شەڕ هەرچی بێ هەر ئەوان لەوبەینەدا دۆڕاوە ئەساسیەکەن . کاتێ پیاو دێت و سەرنجی ئەم کورد بە کورد دۆڕاندنەی رۆژگاری تاریخ دەدا، بەکارێکی زۆر بێ عەقڵانەی دێتە بەرچاو . بەڵام وادیارە ئەو کوردانەی وایانکردووە بەجۆرێکی تری بۆچوون : لە سەردەمی دوژمنایەتیی ناوخۆی موکریدا، عوسمانی و ئێران لەوناوەدا دەسەڵاتێکی زۆریان هەبووە، کوردی رەقیب و دوژمنبەیەك بیریان لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر دەستەی بەرامبەر لایەنی یەکێك لەو ئیمپراتۆریانە بگرن - جا چ بەزۆرو چ بە خۆشیی‌خۆیان و بۆ دەسەڵات پەیداکردن بێ - ئەوا ئەو دەستەیە قازانج دەکاو ئەمان کاریان لەنگ دەبێ ... نەوەڵڵا کە وای لێ هات با فریای خۆیان بکەون و لایەنی ئیمپراتۆریەکەی تر بگرن و باشترین شەڕی بۆ بکەن تا دەستە دوژمنە عەشیرەتیەکەیان بشکێنن، واتا شکانی لەشکری یەکێك لەو دوو ئیمپراتۆریە مانای شکانی دەستەیەکی عەشیرەتیی کورد بوو ( کە شەڕی بۆ کردووە ) لەبەرامبەر دەستەی رەقیب و دوژمنیدا کە شەڕی بۆ ئیمپراتۆریەکەی تر کردووە.

دوو دەستەیی لە دنیای کۆمەڵایەتیدا

ئەوەی راستی بێ، جگە لە دوژمنایەتی و دۆستایەتیی نێوان کەرتەکانی عەشیرەت ( و یەکێتی" عەشیرەت" لە بەرامبەر دەرەوەیدا ) پیاو دەوری فکرەی دوودەستەیی دنیای کۆمەڵایەتیش لەکوردستاندا دەبینێ کە تەفسیر دەکەنە لێك دابڕان و یەکگرتنی عەشیرەتی :

« لە ئەمارەتی هەکاری دا، عەشیرەتەکان دوو دەستە بوون : چەپ و راست، یەکێتی عەشیرەتانی ئەرتووشی ی رۆژئاوا و پنیانیشی رۆژهەڵات، و ژمارەیەك عەشیرەتی بچووکیش لەوبەینەداهەبوون

---

* مالکۆلم Malcolm ، مێژووی ئێران ( لەندەن ١٨١٥ ) : ٥٤١-٥٤٢ .

کە ئەوانیش هەر سەر بە یەکێك لەو دووانە بوون . ڕاست و چەپ لە تێکڕای ئەمارەت و لە هەموو ناوچە و شارێکیدا هەبوو . میر لە سەرووی ڕاست و چەپێتیەوە بوو و بارتەقایی ئەم دوو دەستەیەی بۆ حوکم کردنی خۆی بەکاردێنا .

ئێستا ، کە هەکاری ١٣٠ ساڵە دوا میری نەماوە، بڕۆ هەمان بەزمی دوو دەستەیی سەیر بکە . هەرچەندە چیتر بە چەپ و ڕاست ناونانرێ بەڵام تێکڕای خەڵکی هەکاری لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا دەبنە دوو دەستە . ڕژیمی تورکیا ڕژیمی چەندحیزبییە و پتر لە دوو پارتی خۆی تێدا بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە هەکاری لە دوو پارتی پتر نایەتە کایەوە ، نە زیادی هەیەو نە کەم . ئەرتووشی دەنگ بۆ یەکێکیان دەدا و پنیانیش بۆ پارتیەکەی تر، و خەڵکی تریش بە قازانجی یەکێك لەو دوو دەستەیە دەنگ دەدەن . بوونە نایب و چوونە پەرلەمان لە تورکیا بەرژەوەندی و دەستکەوتی تێدایە و تەئسیری بە سەر ڕەقابەت و دەسەڵاتی عەشیرەتیدا دەبێ . بەوە کە ناوچەی هەکاری ئەمڕۆ کێشەوهەرای لە سەردەمی ئەمارەت بوونی پێشووی پتر تێدا هەیە، عەشیرەت هەمیشە کێشەوهەرای ناوخۆیان هەیە، هەندێکیان لە ڕقی بەشەکەی تری عەشیرەت ( و عەشیرەت لەبەرامبەر عەشیرەتی تری هەمان یەکێتی عەشیرەتان ) دەنگ بۆ نوێنەری دەستەی عەشیرەتەکانی بەرامبەر دەدەن، شەرت نیە هەمان پارتیی جاری پێشوو هەڵبژێرنەوە، دیارە بەشەکانی عەشیرەتانیش بەگوێرەی دابەش بوونەکە بڕیار دەدەن، مەسەلە ئەوەیە دەنگ بۆ ڕەقیبی نوێنەری بەرامبەریان بدەن . بەشەکانی تری ڕەقیب لەوعەشیرەتانەدا کە نە ئەرتووشی و نە پنیانیشـن، چاوەڕێ دەکەن تایەکێکیان دەنگ بۆ یەکێك لەو دوو پارتیە دەدا ،ئەوسا ڕەقیبەکەی بە پێی ئەوەگورج دەچێ دەنگ بۆ نوێنەری پارتیەکەی تر دەدا . بەم جۆرە هەموو کێشەوهەراکانی کە بەرلەوە بەجیا و سەربەخۆ هەبوون، لەکاتی هەڵبژاردندا لە دوو دەستەیی تەواوی کۆمەڵگادا دەگونجێندرێن . وا دەبێ ئاغایەك (وێڕای دەستەیەك) لەپڕ لە لایەنێکیان دەڕواو دەچێتە لای لایەنەکەی تر( بەنموونە : تەماحی خراوەتە بەر، یا کێشەوهەرایەکی نوێ سەری هەڵداوە ) و هەندێکی تر لە دەستەی بەرامبەرەوە دێن و دەدەنە پاڵ ئەمان . بەڵام هەمیشە هەر دوو دەستەن لە دەوری بنەماڵە سەرەکیەکان کۆ دەبنەوە ( قەت نابنە سێ دەستە ) » .

« ڕۆندۆ لە باسی عەشیرەتی ئۆمەریان ( دوو تیرە : مەحموودکان و ئەقانکان ) دا دەگێڕێتەوە* کە پیاوێکی ئۆمەریان پێی گوتووە کە عەشیرەتەکانی تریش لە کوردستاندا هەر مەحموودکان و ئەقانکان بوون ! . دەبێ ئەو پیاوەی ئۆمەریان مەحموودکان و ئەقانکان و چیرۆکی زیلان و ملانی کە گوایا زۆربەی عەشیرەتەکانی ئێستای کوردستانی باکوور بە ئەسڵ لەوانن وێك خستبێ »**.

لەم حاڵەتانە بیری دوانەیی دنیا دەبینین، بەڵام ئەوەیە باش پەرەی نەسەندووە، دەوری لەدوای مەسەلەی کەرت - کەرتیعەشیرەت دێت و تێکەڵی دەبێت . هەمان پیاوی ئۆمەریان بە ڕۆندۆ ی گوتووە کە باڤکێکی مەحموود-کان لە دێیەکی ئەودا جارێك وەختابووە بچنە لای ئەقانکان چونکە باڤکەکەی تری مەحموودکان لە دێیەکەدا بۆ پشتگیریی مەرکەزی ئاغاکەیان هاوکارییان نەکردوون*** . لێرەشدا دەبینین کە وادەبێ خەڵك لە یەکێك لەو دوو بەشەی عەشیرەت دەچێتە لای ئەوی تر، بەڵام دوو نیویی عەشیرەتەکە دەمێنێتەوە .
بۆچی هەر دوو دەستە ؟ بۆچی سێ دەستە یا پتر نەبێ ؟ . دەکرێ ئەوەی بارت دەربارەی نەریتی" پاتان " باسی دەکا****، بۆ روون کردنەوەی دوودەستەیی ناو هەکاری بەکەڵك بێ، بەڵام لە حاڵەتی ئۆمەریاندا پیاو بەوە قانیع نابێ . مەسەلەکە بەتەواوی هەر تیۆری نیە ، بەوە کە - بە بیری من - باری سەرنجی دوانەیی دنیا یەکێك لەو هۆیانە بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕابەریی بارزانی بەو ڕێگایەدا برد . هەرچی هەبوو ( عەشیرەتەکان، پارتیە سیاسیەکان، دەستەجات لە ناو بزووتنەوەی نەتەوەییدا، حکومەتەکانی عیراق وهاوسێ،هێزە گەورەکان ) بە دوو دەستە ڕیز کرابوو و لەوانەدا ئەوەبوو : " دوژمنی دوژمنم باشترین

---

* ڕۆندۆ : ٢٥-٢٦ .

** سایکس (١٩٠٨ : ٤٧٠) باسی دەکا . هەندێك دەیکەن بە سێ بەش ( زیلان، ملان، باباکوردی ) . فرات (نووسەرێکی کوردە) عەشیرەتە کوردەکانی هەر سێ بەشی ناوبردوون ( فرات ١٩٤٦ : ١٠-٢٣،١٤٤-١٤٩) .

*** ڕۆندۆ : ٢٥ .

**** بارت، " دژایەتیی نێوان کەرتان و تیۆریی یاری : لێکۆڵینەوەیەکی نەریتی پاتان "، گۆڤاری ئەنستیتوی پادشاییی مرۆڤناسی،٨٩ ( ١٩٥٩) : ٥-٢١ .

دۆستمە". قەت نەخشە و پلانێك بۆ ئامانجێكی دووری دیاركراو، لەسەر بناغەی تیۆریەكی شۆڕش، لە ئارادا نەبوو، هەرنەخشەی لەحزەیی هەبوون، كە بۆ ئەوە بوون لایەك لە نیوەی دنیای بەرامبەر بكرێتەوە و بخرێتە سەر نیوە دنیاكەی تر ( لە دەستەی دژی بارزانی بكرێتەوە و بخرێتە لای دەستەی بارزانی ) .

رەقابەتی ئاغایان و تێكچوونی یەكێتیی عەشیرەت

دیمەوە سەر باسی ئەوە كە یەكێتیی عەشیرەت لە بەرامبەر دەرەوەدا زۆرتر بە كێشەوهەرای ناوخۆی ئاغاكانی تێكدەچێ، كە هەموویان بۆ یارمەتی وەرگرتن پەل بۆ دەرەوەی عەشیرەت دەكوتن، و دوو قسەی تری دەخەمە سەر :

١- ئەوە تا رادەیەك رێی بۆ حكومەتە (بێگانە)كان خۆشكرد بتوانن كارێك بكەن دەسەڵات لە كوردستاندا بەناوی ئەوان بێ، هەرئەوەندە پشتی هەندێ لەو ئاغایانەیان لە دژی ئەوانی تر بگرتایە و لەقەب و ناویان لێ نابان و عەبای فەخریان بەسەر شاندا دابان و مووچەو جەندرمە ( ی قانوون بەدەست)یان بۆ دیاركردبان - كە وادەبوو دەبوون بە لەشكری تایبەتی ئاغا - ئیتر ئەو وڵاتە بۆ ئەوان و بەناوی ئەوان دەبوو . هەرچەندە ئەوە لە سەرێكی ترەوە كێشەی بۆ دەنانەوە، چونكە هەركاتێ ئاغایەك بیدایەتە لای حكومەت دوژمنەكانی گورج لە حكومەت یاخی دەبوون، و كۆنترۆڵ كردنی تەواو بۆحكومەت هەر وە ئەوپەڕی زەحمەت دەكەوت . بەتایبەتی ئیدارەی بریتانی لە عیراق عەشیرەتانێكی زۆریان لە دەوری خۆیان كۆكردەوە* و بە دڵ پێیان وابوو كە خۆشەویستیی ئینگلیسیان خستوونە دڵەوە و ئیتر پێبەندو دڵسۆزی ئەوانن، تەبیعی لەبەرئەوە كاتێ دەیاندیت- یەكێك لەوانە (ی كە ئەوان بە پێبەند و دڵسۆزی خۆیان دانابوو ) دەچوو لێیان یاخی دەبوو چاویان دەپەڕیە تەوقی سەریان . باشترین وێنە ئەوەی" شێخ مەحموودی بەرزنجی"یە كە رابەرێكی هەم زۆر چڵێسی دەسەڵات** و هەم نەتەوەییەكی دڵسۆز بوو، ئینگلیس قەت لەوەیان نەبەخشی كە دەیویست ئەو ئەوان بۆ دامەزراندنی

---

* پژدەر( بڕوانە ل٧٨- ٨١) نموونەیەكی بەدناوی ئەمە بوو، كە ئاغایەكی ( بابەكرئاغا) چووبووە دڵی كاربەدەستانی بریتانیەوە . ئەدمۆندز- كە ئەفسەرێكی سیاسیی بریتانی بوو و سەروكاری لەگەڵ بابەكرئاغادا هەبوو- لە باسی ئەو سەردەمەدا دەگێڕێتەوە دەڵێ : لە عەشیرەتدا " سەر بە بابەكرئاغا " و " دژی بابەكرئاغا " واتا " سەر بە حكومەت" و " دژی حكومەت" بوو . ( ئەدمۆندز Edmonds (١٩٥٧) : ٢٣٠ ) .

** power-greedy

کوردستانێکی سەربەخۆ بەکار بێنێ لەجیاتی ئەوە کە رێگا بدا ئەوان بۆ پێشپێگرتنی ئەومەبەستە ئەو بەکار بێنن .

٢- وادەبێ کەسانێك لە بنەماڵەی دەسترۆیشتوو خۆیان لەگەڵ بێگانەدا رێك دەخەن بەبێ ئەوەی دوژمنایەتیی ناوخۆی عەشیرەتی لە ئارادا بێ : پەندی ژیری کە دەڵێ " هەموو هێلکەکانت مەخە یەك سەبەتەوە " لە سەر تا- سەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و پێڕەوی لێ دەکرێ . رەنگە ئەمە لە نەجیبزادەکانی ئێران پتر دیتر ابێ : بنەماڵەیەك پیاوی رەگەڵ هەموو دەستە سیاسیەکان خستووە تا هەر کامێك لەو دەستانە بێتە سەرکار ئەم پیاوی خۆی تێدا هەبێ بەرژەوەندیان بۆ مسۆگەر بکا . ئەم بەزمە لە کوردستانیش هەیە، هەرچەندە زۆرتر لە شارستانیدا تاوەکو ناو عەشیرەتانی . لە کوردستانی باشوور( عیراق) دا، بنەماڵەی گەورە هەبوون کە لە سەردەمی پادشایەتیدا پیاویان لە حکومەتدا هەبوو و پیاوی تریان لە ئۆپۆزیسیۆن ( موعارەزە)ی قانوونی ( رەسمی)شدا هەبوو، کاتێ ( ساڵی ١٩٥٨) رژیمی پادشایی لەناودرا و حیزبی شیوعی خۆی دەرخست، لەپڕ دەرکەوت کە کەسێکیان لەوێشدا هەبوو، ئەم کەسەیان لەکاتی هێرش بردنە سەر خاوەن زەویاندا زۆر بەکەڵك هات : دەچوو تووڕەیی خەڵکی دەشکاندەوە سەر بنەماڵەی تری غەیری بنەماڵەکەی خۆی .(١٣)

## ٥- رابـەری و کێشـەو هـەرا

رابـەری و کێشـەوهەرا زۆر کاریان بەیەکترە . کە کێشەوهەرا پەیدابێ، پێویستی ئەوە دێتە پێشەوە کەسێکی قسەڕۆیشتوو قسەی تێدا بکا وهەوڵی چارەسەرکردنی بدا، ئەوجا دەسەڵاتی رابەر بە چارەسەرکردنی هەرکێشە وهەرایەکی گەورە جێگیرتر دەبێ و پتر دەبێ . لەلایەکی ترەوە یەکێتیی عەشیرەت بە شەڕی ئاغایان لەسەر رابەری دەشێوێ و تێکدەچێ . ئەرکێکی گرنگی رابەری عەشیرەت ئەوەیە لەکاتی کێشەوهەرادا رابەری بکا و شەڕ لەگەڵ عەشیرەت و بەرەی تردا بکا ( ئەوەی راستی بێ، ئەوە لە حاڵەتی گەورەئاغادا تاقە ئەرکێکی سەر شانی رابەرە ) ، ئەگینا دەوری سەرەك‌عەشیرەت لە رۆژگاری ئاشتیدا شتێکی ئەوتۆ نیە و یەکێتیی عەشیرە-تەکەی هەربەناوە . لەبەرئەوە زۆرتر وایە ئاغایەکی کە چاوی بڕیبێتە ئەوەی دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبداو گەورە ببێ، چالاکانە بەدوای کێشەوهەرادا دەگەڕێ تا رابەریی خۆی و یەکێتیی عەشیرەتەکەی پتەوکاتەوەو پەرەشی پێ بدا . ئەگەر پیاو بڵێ - مەسەلەی دەسەڵات وەدەست خستنی لە رێی دەرەوە لێ دەرچێ - شەڕوهەراو کەوتنە نێوان خەڵکی ترو ناوبژی کردنیان گرنگترین رێگایەکن بۆ پەیداکردنی دەسەڵات و بەهێزکردن و فراوان کردنی، زیادی نەگوتووە .

کە حکومەتە مەرکەزیەکان لە سەدەی بیستەمدا کوردستانیان پتر خستە ژێردەستەوە، دیارە نەزم و قانوونیان هەر بۆخۆیان بڕیەوەو شەڕو تەقەو هەرای عەشیرەتیان پێش پێگرت . کاتێ چنگیان پتر لێ‌گیر بوو، دەسەڵات پەیداکردنیعەشیرەتیش لە رێی کێشەوهەراوە پتر رووی لە نەمان نا . ئیتر پیاوی عەشیرەت دەبوو رێگای تر بۆ دەسەڵات پەیداکردن بگرێ، ئەوەبوو شێوەی رەفتارکردن لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتدا و هەڵسووڕاندنیان ( کە هەمیشە هەر پێویست بووە ) بوو بـە کارێکی ئەساسی . تەنانەت وادیارە ئاغاوەت بۆ دەسەڵاتی خۆیان لە جارانیش پتر دەستەوداوێنی بێگانە بوون . ئەو بێگانانەی شتیان پێ بوو کە بیدەن و بارتەقاییهێزی ناوچە-کەی پێ بگۆڕن (وەك ئەفسەرە سیاسیەکانی بریتانیا لەکوردستانیعیراق لە سەردەمی داگیرکردنیعەسکەریی باڵبەسەرکێشاندا*) سەریان لە ناو ئەوهەمووە ئاغایانەدا لێ شێوابوو کە وێدەچوو جگە لە بێ فەڕی و بۆ یەکتر

---

* وەك : هێی Hay (١٩٢١)، ئەدمۆندز( ١٩٥٧)، و راپۆرتی ئەفسەرانی سیاسی لە پەروەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیسدا ( تۆماری گشتی، لەندەن ) .

تێچاندن و هەوڵی ملی‌یەکترشکاندن کاروپیشەیەکی تریان نەبێ، ئەوەش بە شێوەی ئاڵۆزترو میکیاڤیلیانەتر لەوەی ئەو بێگانە سادەلەوح و "کار راست" انە بتوانن سەری لێ دەرکەن .
بەوەی کە رێوشوێنی لەمێژینەی دەسەڵات پەیداکردن بە پەلە روو لە نەمانن، زۆری ئەو باسانەی لێرە بەدوا دێن دەربارەی هەلومەرجی وان کە لە ئارادا نەماون و لەسەر ئەساسی قسەی دەمی خەڵك و شتی نووسراو بیناکراون .

## کێ دەبێتە رابەر ؟

بەوە کە بوونە رابەری‌عەشیرەت ئەوە نیە لەسەر یەك تاقە ئەساس بێ کە بیبڕێتەوە، زۆرتر وادەبێ چەندکەسێك لەسەر رابەری رەقابەتیان لەنێواندا دەبێ . ئەگەر بێین وهەموو شکڵی ژمارە ١ ( ل٤١) بە وێنەنوێنی یەك بەرە وهەر سێ‌گۆشەیەکی تێدا بە یەك کەسی ئەو بەرەیە دابنێین، ئەوا ئەگەر بەگوێرەی پلەو شوێن بێت، هەر لە ژمارە ١ تا ژمارە ١٦ هەموویان وەکویەك دەکرێ ببن بە رابەر، ئیتر دەمێنێتەوە سەر هەلومەرجی تر .
لە ناوکورداندا ئەوە نیە رابەری لە باوکەوە بە میرات وەربگیرێ و ئیتر دابی ئامۆزاهێنانیش خەتی رابەری تا بێ تەسکتر بکاتەوەو لە باقیی عەشیرەتی داببڕێ، ئەوە نیە ئەگەر "ئـ" رابەر بوویێت ئیتر "ئا"و"ئێ" ش ببنە رابەر و لە ١ تا ١٦هەرچی بە ژمارەی کەمتر ئیشارەتی پێکراوە پتر خاوەنی مافی رابەری بێ و،بەگوێرەی زاوزێکردن لە باپیرەگەورەوە بە خەتی ئەولادەکانیدا بێتە خوار .
لە ناو کورداندا ئەوە هەیە، کوڕی گەورە جێی باوکی بگرێتەوە، بەڵام ئەمە زۆرتر لە سنووری ماڵدایە و لە ماڵیشدا مەرج نیە هەمیشە وابێ . وادەبێ پیاوێك دەمرێ و کوڕەگەورەکەی هێشتا منداڵە، لەبەرئەوە براکەی گەورەیی ماڵ وەخۆ دەگرێ تا کوڕی گەورە پێ‌دەگا و جێی باوکی دەدرێتێ . رابەریی بەرە یاعەشیرەت زۆرتر وایە هەر لە خێزانێکدا دەمێنێتەوە، بەڵام دابێکی دیارکراو بۆ جێ گرتنەوەی رابەر نیە . هەندێك عەشیرەت پێیان وایە کە دەبێ کوڕی‌گەورە جێی باوکی بگرێتەوە ( بەڵام ئەوانیش شەرت نیە بەتەواوی و بە وردی لەسەر ئەوە بڕۆن ) . لای هەندێك عەشیرەتی تر - هەرنەبێ لە رووی تیۆریەوە وایە کە - ریش سپیەکانی بەرە یا عەشیرەت برا یا کوڕ یا برازای رابەری پێشوو هەڵدەبژێرن، دەبێ ئەوە رەچاوبگرن یەکێك بە رابەر هەڵبژێرن کە "پیاو" بێت بە هەموو مانای پیاوەتی : بەهێز، ئازا، دادگەر، سەخی، شارەزای پلان و هونەری شەڕ، داوەرێکی ژیر،و - لەم رۆژگارەدا - ئەوەش بزانێ کە چۆن لەگەڵ پیاوی حکومەتدا رەفتار بکا ( بۆ خۆ بواردن لە باجی زۆر، رزگارکردنی خەڵك لە عەسکەریکردن و... ئیدی ) . کە بێتە سەر واقیع، بوونە رابەر مەسەلەی

دەسەڵات پێچکراندنێکی رووتە، تەنانەت دڵڕەقی و زبری و سیاسەتبازییشی تێدایە . ئەمە بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا زۆر ئاشکرایە کە بنەماڵەی رابەر بگۆڕێ، کە زۆرتر وادەبێ لە ناوعەشیرەتە گەورەکاندا روو دەدا، وەك دوایی لە باسی عەشیرەتی هەڤێرکان دا دێینە سەر ئەوە کە لە رابردوودا سێ بنەماڵە حوکمی کردووە .
رابەری لە عەشیرەتی تری گەورە (ی وەك هەکاری و جاف*) دا، کەم تا زۆر بێ‌کێشەترە، هەموو تیرەکان -ی لە ئەسڵی جیاواز - ئاغا یا ئاغاوەتی خۆیان هەیە، بەڵام گەورەئاغای هەموویان لە بەرەی " بەگزادە" یە . بەگزادە لەشکری تایبەتی خۆیان هەیە کە لە باشترین شەرکەرانیعەشیرەت و تەنانەت دەرەوەی عەشیرەتیش ساز دراوە و فەرمانیان بەجێ دێنێ . گەورەئاغاهەمیشە دەبێ لە بەرەی بەگزادە بێ و بەگزادە پێوەندیی ژن و ژنخوازییان لەگەڵ رەمەکیەکاندا نیە،لەبەرئەوە بنەماڵەی رابەر ناگۆڕێ، گۆڕان لێرەدا هەرلەنێوان لقەکانی ماڵی بەگزادەدا روو دەدا** . لە ئەمارەتاکاندا، رژیمی سیاسی زۆر پەرەی سەندبوو و زۆرتر لەوەی دەوڵەتی دەکرد . لەوێشدا شەڕ لەسەر دەسەڵات هەر دەقەوما، بەڵام کەم بنەماڵە هەبوون ئەو ناو و مەرکەزەیان هەبووبێت کە توانیبێتیان باس لە رابەری بکەن، رەقابەت زۆرتر هەر لەنێوان لقەکانی هەمان بنەماڵەدا بووە( دوایی بە درێژی دێینە سەر باسی ئەمارەتەکان) . جگە لەوەش، ئەوەتا نیکیتین دەڵێ کە هەموو فەرمانڕەوایانی ژمارەیەك لە ئەمارەتەکان لە تاقە یەك بنەماڵە بوون*** .

---

* بارت باسی جاف دەکا (١٩٥٣) : ٣٤-٤٤ .

لە باسی هەکاری دا زانیاریەکی جێ متمانەمان دەربارەی ئەم سەردەمی دواییانەی بەدەستەوە نیە،کاتێك ئەم سنوورانە هاتنە کایەوە،عەشیرەتەکەیان بە سێ پارچە لێك داپاچی ( تورکیا،ئێران،عیراق) . بەگزادە دەسەڵاتی لەمێژینەیان زۆر لەدەست چووە و ئێستا لە ناو هەرکیی ئێراندا بە ناوی عەشیرەتێکی جیاواز دەژین .

** بارت باس دەکا کە بەگزادەی جاف سێ لقن، دوویان ( حەوت پشت بەرلە کاتی ئەو نووسینەی بارت)) یەك بەرەباب بوون . ئەوەی سێیەمیش هەر خزمی ئەو دووانەیە بەڵام یەك بەرەبابیەکەی دەگەڕێتەوە پشتی پتر . " سەرۆکی سیاسی دەشیا لە هەر یەکێك لەو سێیانە ( سێ لقانە) بوایە".

*** نیکیتین Nikitine( ١٩٢٥) : ١١-١٤ دەڵێ میرانی بتلیس و بۆتان و بادینان و هەکاری و رواندز هەموو لە یەك هەمان ماڵەوە هاتوون . لەوانەیە قسەکەشی راست نەبێت، بەڵام هەر ئەوە کە وادیارە خەڵکەکە وایان بۆ باس کردووە خۆی لە خۆیدا شتێکی گرنگ و پڕ مانایە .

## ٦- نـاو و كـاری رابـەری

رابەری عەشیرەت، تیرە، یا بەرە، پێی دەگوترێ "ئـاغـا". لای ئۆمەریان بە رابەری" بـاڤك" دەگوترێ "مەزن" یا "ماقوول" و پێی ناگوترێ ئاغا، كە زۆرتر وایە مەزنی گەورەترین باڤك سەرۆكی دێیە ( گۆیان بەمەش دەڵێن ئاغا ) . چەند كەسێك لە هەر دێیەكدا بە ناوی "ری سپی" * هەن كە تەگبیر بۆ ئاغا بكەن و جێگری دیار بكەن، بەڵام دەسەڵاتێكی راستەقینەیان نیـە . "ئاغا" ئەو كەسەیە كە حوكم دەكا ** ، بـەڵام وادەبێ بە ئەندامانی تری ماڵەكەش هەر دەگوترێ ئاغا. لە باشوورو رۆژهەڵاتی كوردستاندا ناوی" رەئیس"* یش بۆ رابەری عەشیرەت یا تیرە بەكاردێ . "خان" و "بەگ" لە ئەسڵدا ناوی دەرەبەگین بـە گەورەئاغای عەشیرەت دراون، كە زۆرتر وە ناوەكە دەخرێن ( وەك : عەلی خان، رەسووڵ بەگ)، و كە لەگەڵ نەمانی دەورو دوكانی دەرەبەگیدا ئەوانیش باویان نەماوە . "بەگ" زۆرتر بۆ ئەو دەرەبەگانە بەكاردەهێنرا كە زەوییان لە دێهات هەبوو وخۆیان ببوونە شارستانی . پیاوێك لەوانەی سەرچاوەی ئەساسیی زانیاریی من بوون،وەزعی ساڵانی ١٩٢٠ی دەوروبەری دیاربەكری بۆ باس دەكردم دەیگوت : " ئـاغـا رابـەری عەشیرەتییە و لەگەڵ عەشیرەتەكەیدا لە چیا دەژی، بەگ لە شار دەژی و لەوانەیە بە ئەسڵ ئاغای عەشیرەتی بووبێ و لەوانەشە وا نەبووبێ . بەگ خوێندەوارە، ئاغا نەخوێندەوارە . بەگ ئەهلی ژیارییە و خەریكی سیاسەتە، ئـاغـا شەڕ دەكا . بـەگ زۆرتر وایە زەویی زۆری هەیە ( لە پێ دەشتەكاندا، جووتیاری نـاعەشیرەتی دەیكێڵن )، ئـاغـای چیا خاوەنی زەویی پیاوانی عەشیرەتەكەی نـیـە - كە پارچە زەویی خۆیان هەیە " *** .

لیچ Leach ئاغای دێ و ئاغای تـایـفـە و ئاغای عەشیرەتی جیا كردوونەوە، بەڵام ئەوەی بـە رێكوپێكی

---

* reîs / rî-spî

** كوڕێكی ئاغای خەلیجان،كە ئیدارەی تورك هەموو دەسەڵاتێكی داوەریی لێ سەندووە، قسەی بۆ دەكردم دەیگوت : ئاغای ئەمڕۆ چیتر ئاغایەكی راستەقینە نیە، زۆرتر ماقوولێكە، چیتر ( بە وشەی خۆی) " حـوكـم نـاكـە " ( حوكم ناكا) .

*** لەناو توركاندا بە پیاوی دەوڵەمەندی دێ دەڵێن " ئـاغـا "، بـەڵام شەرت نیە دەسەڵاتی سیاسیی هەبێ . " ئـاغـا "ی كـورد ئەو" پیاوەیە كە حوكم دەكا" ، بەڵام دەشكرێ كە زۆر هەژار بێ .

لێی دواوە هەر تەنیا ئاغای دێیە . لیچ دوو شتی دەربارەی ئاغای دێ لە باڵەك سەرنج داوە :

ئـاغـا : ١- ( بەشێوەیەك) خاوەنی دێیە :

ئا - هەر کاتێك بیەوێ دەتوانێ دێهاتیی لە دێ دەربکا ( بەوە کە ئاغا لەنزیکەوە خزمایەتیی لەگەڵ زۆربەی خەڵکی دێ دا هەبووە، لیچ هەقی بووە کە لەوە بەگومان بووە)*.

ب - دیوەخان دادەنێ .

بۆ رابەریی لەمێژینەی کوردەواری، لەم دووانە نوختەی دووەم ( دیوەخان) گرنگترەکەیانە، نـاو و نـاوبانگ و مەرکەزی ئاغا بەگوێرەی دیوەخانەکەیەتی، لەبەرئەوە بەرلەوە کە لە شی کردنەوەکەی لیچ بدوێم، باسـێکی دیوەخان دەکەم .

* لیچ : ١٥ .

## ٧ - دیـوەخـان ( دیـوان، دیـوانخـانـە )

( دیوەخان و ژووری میوان ئێستاش هەن، بەڵام زۆربەیان ڕەونەقی جارانیان نەماوە و دێهاتییش بە دڵگەرمیی دە ساڵ و بیست ساڵ لەمەوبەر روویان تێ ناکەن . ئەم باسەم لە قسەی خەڵك هەڵگرتووەتەوە . )

هـەر ڕێبوارێك ڕێی بکەوێتە دێیەك لە دێیەکانی کـوردسـتـان، دەتوانێ میوان بێت و میوانداریی بە مەسـەل رۆیشتووی کوردی لێ دەکرێ . زۆرتر وایە ئاغا ژوورێك یا خانوویەکی تایبەتیان بۆ میوان تەرخان کردووە، میوان لێی دەحەسێتەوە، بەخێرهاتن دەکرێ و رووی خۆشی پیشان دەدرێ،چا و جەمێکی باشی دەدرێتێ و جێی خەوی شەویشی بۆ دابین دەبێ ، کەس ڕێی ئەوەی لێ ناگرێ چەند رۆژێکیش بمێنێتەوە، هـەرچـەنـدە چـەند شێوەیەکی زۆرکەمی وریایانەش هەن تێی بگەیەنن کە زۆر ماوەتەوە .

بەوە کە ئاغا نوێنەری خەڵکی دێیە لەبەرامبەر دنیای دەرەوەدا ، ڕەفتاری لەگەڵ غەریبان نـاو و ئابڕووی دێ ( یا بەرە، عەشیرەت)ی دەگرێتەوە . سەخاوەت بۆ هەموو ئاغایەك پێویستە، زەحمەتە رژدێك بتوانێ هیچ مەرکەز و تەئسیرێك پەیدا کا(مەگەر بە دڕندەییەکی زۆر) . زێدە دەهندەیی لە دیوەخاندا ، ناو و ناوبانگی ئاغای پێ زێدە دەبێ*. ئەگەر ئاغایەکی دێ لە ئاغای هەموو بەرەکەی خۆی سەخیتر بێ، لێی دەبێتە ڕەقیبێکی تەواو و بەزوویی خەڵکی تریش وێڕای خەڵکی دێیەکەی خۆی دەبنە لاگری .

میوانداری کردن کەڵکی تریشی تێدایە : ڕێبوار قسەی پێیە و دەنگوباس هەڵدەڕێژێ، کە لەگەڵ ئەوەشدا کـە شتی نوێی وەك رادیۆش پەیدابوون، ئەمە هێشتاهەر سەرچاوەیەکی یەکجارگرنگی ئیستیخباراتییە **.

---

*ناوبانگی ئاغا زۆر لەسەرمیوانداریی دیوەخانی وەستاوە . تا سفرەی بەرینترو میوانداریی دەست بڵاوتربکات، دەتوانێ پتر خۆی بە " مەرد " ( پیاو ) دابنێ . (هێی ١٩٢١ : ٤٧) . لە شێوازی باکووری کـوردیدا دوو وشە لە بەرامبەر وشەی " مەرد " ی فارسی ( پیاو ) دا هەن : مەرد و مێر . " مەرد " واتا : سەخی، " مێر " زۆر بە مانای ئازا یە . دەبێ ئاغا هەرتکیان : مەردیش و مێریش بێت .

** وێنەیەك زۆر لە چیرۆکی کـوردیـدا دێتەوە کـە : دڵـدارێـك، ناڵەی جودایی و بێ سەروشوێنیی دڵـبـەری هەڵیدەگرێ، دەچێ لە شوێنێك کە چەند ڕێی لێ دەگەنەوە یەك، چاخانەیەك دادەنێ!، بەوەی لێی ئاشکرایە کـە ئەوە باشترین ڕێیەکە بۆ وەدەست خستنی دەنگوباسێکی خۆشەویستەکەی . ←

بەتایبەتی ئەو ئاغایانەی دەیانەوێ دەورێکی سیاسیی گرنگتر ببینن،پێویستیان بە جۆرە زانیاری ودەنگوباسێکە کە هەر دەکرێ لە دەمی رێبوارانی هەڵگرنەوە . وادەبێ ئاغا پیاوی خۆی بە ئانقەست بە سەفەر دەنێرێ، بچێتە دیوەخانی تر و گوێ هەڵخات و بێتەوە کەین و بەینی بۆ بگێڕێتەوە .

دیوەخان کۆڵێك وەزیفەی تریش رادەپەڕێنێ، کە دەکرێ پیاو هەر لە ناوە کوردیەکانیەوە تێیانبگا : وا دەبێ پێی دەڵێن " مێڤان خانە"، بەڵام زۆرتر " دیوان " یا " دیوان خانە "، وادەبێ " ئۆدایێ گوند " . لە رۆژگاری درەخشاندا هەموو پیاوانی دێ هەموو رۆژێك لە دێ کۆ دەبوونەوە و کۆڕیان دادەمەزراند ، کێشە دەبرانە بەر دەمی ئاغا ، بڕیار دەدران، لاو فێری رەوشت و هەڵسوکەوتی بەجێ دەکران، و رابواردن و سەرگەرمییش هەر مەرکەزی لەوێ بوو*. دەبێ ئەوەش لێرەدا بڵێین کە ئاغا لە رێی دیوەخانەوە ژیانیکۆمەڵایەتیی دێی ئیحتیکار کردبوو ، - بەغوونە- دێهاتی مافی ئەوەیان نەبوو میوان ( لە ماڵی خۆیاندا) رابگرن و دەبوو بیانهێننە دیوەخان، ئیتر هەرچی لە دێدا روویبدایە لەژێر کۆنترۆلی ئاغادا بوو .

شکڵ و گەورەیی دیـوەخـان بەگوێرەی رۆژگارو شوێن جیاوازبووە . لای کۆچەران بەشێکی تاوڵی ئاغا بوو - و ئێستاش وایە -،فەرشی لێ رادەخراو سەرینی لێ بوون ( کە ئەمیش دەکرا زۆر بەهەیبەت بێ،وەك وێنەی ژمارە ٢ ( سەرۆکی عەشیرەتی ملان)ی کتێبەکەی مۆنتانیە Montagne (١٩٣٢) پیشانی داوە . لە مەڵبەندی باڵەك دیوەخانیهاوین ساباتێك بوو ، لە نزیکی ماڵی ئاغا دروست کرابوو ، فەرش و جێی دانیشتن و سەرینی لێ بوون، و لە زستاندا میوان لە ماڵی ئاغا دەمانەوە**. لە ساڵی ١٩٧٥دا دیتم کە زۆربەی دێهاتی ئەو مەڵبەندە، وەك زۆرتری شوێنەکانی تری کـوردسـتان، ژوورێکی ماڵی ئاغایان تێدا بۆ دیوەخان جیاکرابووەوە . سـازترین دیوەخانێکی کە من چاوم پێکەوت، لای کـوردەکانی باکووری جەزیرە بوو ( ئەوپەڕی باکووری میسۆپۆتامیا،

---

← لەکاتی شەڕی کورد لە عیراقدا،" میوانخانە" ئەو شوێنە بوو نامەبەرو شەرکەر ، ئەگەر لە رێی گەڕانەوەیان لە جەبهەوە رێیان بکەوتایەتە وێ، لێی دەخەوتن . ئەمە دەنگوباسێکی دەربارەی وەزعی شەڕ بۆ دێهاتیەکان دەرەخساند کە لەوەی لەرادیۆیان دەبیست رێکوپێکتر بوو .

* ئەوەی راستی بێ، زۆرترین دیوەخان پتر وەك " کلوب" ( یانە،باشگا) ی دێیەکەیانن تا ئەوەی دارایی تایبەتی ئاغا ( یا سەرۆك) بن . ( هێی ١٩٢١ : ٥٢) .

** لیچ (١٩٤٠) : ٢٨ .



تاوڵی سەرۆکی دێ - جێی میوانان

ڕۆژئاوای مووسڵ ) . ئەو کوردانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لێرە نیشتەجێ بوون، نیو سەدەی دەوڵەمەندیی زۆر بەداهاتیان دیت . ئاغاکان زەویی زۆر بەپیتیان بۆخۆیان دابڕیبوو ( زەویی کە لەوەڕگەی جارانی هەموو عەشیرەت بوو) و مڵکانەیان لە جووتیاران دەستاندو بەشێکی زۆریان لێ بۆ دیوەخان دادەنا. ئەوەی ڕاستی بێ، یەکەم خانووی باشی لە دێدا ئاوەدان کرانەوە بۆ ماڵی ئاغا و دیوەخان بوون، خەڵکی دێ جارێ هەر ( بە نیوە شوانکارەیی و نیوە جووتیاری ) لە ڕەشماڵدا دەژیان . ناو و ناوبانگی هەندێ دیوەخان بە سەدان کیلۆمیتر دەڕۆیشت، دیارە دیوەخان هەموو وا نین بەڵام ئەمانیش هەن و دەمەوێ لێرەدا باسیان بکەم :

دیوەخان هەمیشە ڕاستگۆشەیە . لە سەرێکەوە میچی نزم و لە سەرەکەی ترەوە بەرزە . وەژوورکەوتن لە سەرە نزمەکەیەوەیە . سەرتاسەری دەوران دەور دۆشەگ و سەرینی بە بەردیوارەوە بۆ دانیشتن لێ ڕیز کراوە .

میوانێکی یا دێهاتیەکی پیری کە رێزی تایبەتی پیشان بدرێ، دەکرێ چەند پشتیەکی رەحەت بۆ پاڵپشت بخاتە ژێر باڵەوە ( پاڵدانەوەی جحێلان عەیبە) ، جێی ئاغا، تەبیعی، لە سەرووی ئەو سەرە بەرزەکەیە . پیاوی پیری رێزلێ نراو و میوانی گرنگ جێیان لە نزیکی ئەوە، خەڵکی دێ یا میوان تا گەنجترو پایەکەمتربێ دەبێ لە خوارووتر دابنیشێ،ئەوەی راستی بێ پیاوی پایەکەم هەر دانانیشن و لای دەرگاوە هەڵدەترووشکێن . کاتێك کەسێك دێتە ژوورەوە، هەموو ئەوکەسانەی لە پلەوپایەی ئەو یا کەمترن لەبەری هەڵدەستن و بەپێوە دەوەستن تا کابرا جێی لەباری خۆی دەدۆزێتەوە و دادەنیشێ، ئەوجا یەك بە یەك بەخێرهاتنی دەکەن و ئەویش یەك بە یەك وەڵام دەگێڕێتەوە . وادەبێ یەکێك بێتە ژوورەوە کە هەرچەندە پلەوپایەشی لە ئاغا کەمتر بێ ئاغا بۆ رێزپیشان دانی لەبەری هەستێ، ئەوسا ئەوانی تریش هەموو هەڵدەستن*. کاتێ یەکێ دەشڕوا، بە هەمان شێوە خەڵکەکە هەڵدەستنە سەر پێ . لە نزیکی دەرگای دیوەخانەوە مەنقەڵێەك دانراوە قاوەدانی زلی زەردی تێدا ،یا سەماوەرێك و چادانی بەسەرەوە، قاوە یا چا هەمیشە حازرە، کە کاری قاوەچیە بۆ میوانی تێ بکا . قاوەچی پیاوێکە ئاغا بەتایبەتی لەسەر ئەو کارەی داناوە . ( ئەوەی راستی بێ، ئاغای گەورە خزمەتکاری پتریان لە دیوەخانداهەبوون : تووتنچیکە تووتنی دەهێناو سیغاری دەپێچایەوەو بە خەڵکیدا دەگێڕا ، سفرەچی (ی خواردنی میوان)،کەسێکی چرا هەڵدەکاو نەوتی تێ دەکا ، کەسێکی راخەری جێی میوانان . بەهەرحاڵ زۆرتر وایە قاوەچی ئەو کارانە هەموو هەڵدەسووڕێنێ ) .

دیوەخان شوێنێك بوو کۆنترۆڵیکۆمەڵایەتیی بۆ ئاغا دابین دەکرد . هەموو پیاوی دێ دەبوو هەموو ئێوارەیەك بێنە دیوەخان،ئەگەر یەکێك رۆژێك نەهاتایە، دەبوو لێی بکۆڵنەوە بزانن بۆچی نەهاتووە . کەسێکی چەندرۆژێك لەسەریەك دیار نەبوایە، لەلایەن ئاغاو پیاوی تری لە خۆی گەورەترەوە زۆر بەتوندی سەرکۆنە دەکرا : " تۆ چ پیاوێکی ؟ قسەی دیوەخانێت بەکەیفێ نیە ؟ چەنەبازیی بێکەڵکی ژنیلەکەت پێ خۆشترە ؟ ئاخری نەمزانی تۆ پیاوی یا ژنی ؟ " . ئەوە لەولاوە بوەستێ کە بەڕاستی زۆربەی پیاوان قسەی پیاوانیان لە قسەی ژنان پێ خۆشترە، و ئەوەش کە زۆرتر وادەبێ شتی گرنگ لە دیوەخاندا باس دەکرێ، بەڵام هەر ترسی ئەو حەیابردن و

---

* لەبەرهەستان لە دنیادا زۆرە، ئەویش چەند جۆری هەیە : وا دەبێ زەلام هەر ئەوەندە خۆی تەکان دەدا وەك بە تەمابێ بیەوێ هەستێ بەڵام لە راستیدا هەڵناستێ . بۆ ئەوپەڕی رێزگرتن، دەبێ هەڵسێتە سەر پێ و ملی لار بکاتەوە .

سەرکۆنەکردنە پیاوی ناچاردەکرد بێتە دیوەخان . رەخنەگرتن لە جحێڵا ن لەسەر هەر رەفتارێکی کە نابەجێ دابنرایە تەنانەت سەختتریش بوو چونکە جحێڵ نەیاندەتوانی بە ئازادی قسەبکەن و بە دڵی خۆیان لەسەر خۆیان بکەنەوە .

« من خۆم چەند جارێك ئەو پەت پەتیەم پێ کرا : ئاغایەکی کە ماوەیەك میوانی بووم، لەسەر ئەوە کە دوعام لە قسەمدا زۆر بەکارنەدێنان، لە کۆڕی دیوەخانەکەیدا وا پیسی شکاندمەوە، بێ چارەیی و بێ دەسەڵاتیی جارێکی دەورانی یەکەم ساڵی خوێندنی سەرەتایی هێنایەوە بەرچاوم کە مامۆستا لە بەرچاوی هەموو منداڵانی پۆلدا سووك و ریسوای کردبووم، کەچی کە دوایی بەتەنیا بووین و دەمتوانی ئازادانەتر قسە بکەم،هەر بەلای مەسەلەکەدا نەچوو ، چونکە دەیزانی کە تازە ئیتر تەوژمی حەیاچوونی بەرچاوی کۆمەڵم لە سەر نەبوو. »

بوونی پیران لە دیوەخان نموونەی سەرمەشقی باش بوو بۆ فێربوونی رەفتارو شێوەی هەستان ودانیشتنی پیاوان . لاو دەبوو بێ جووڵە دابنیشن و گوێ بگرن . گەورە قسەیان دەکرد ، لاو مافی ئەوەیان نەبوو بە دەنگی بەرز بدوێن و هەر بەچرپە دەکرا یەکتر بدوێنن، دەبوو چوارمێردەکی راست و رێك دابنیشن، پاڵ نەدەنەوە، خاو و خلیچکی و شان دانە بەر دیوار عەیب بوو، ئیتر بەم جۆرە شەوانە دەهاتن دادەنیشتن و گوێیان لە پیرەمێردان دەبوو کە باسی کاروباری رۆژانەو نەخشەو پلانی بەرهەم هێنانیان دەکرد . وادەبوو باس باسی خۆ ئامادەکردن دەبوو بۆ چوونە شەڕ . وادەبوو بڕیارێکی گرنگ دەهاتە پێشەوە، ئاغا راوێژی بە پیاوی پیرو بە ئەزموون دەکرد ، بەڵام لەدواییدا هەر خۆی بەتەنیا بڕیارەکەی دەدا . پیاوی پیر باسی رۆژگاری کۆنیان دەکرد ، زۆرتر وادەبوو قارەمانیی گەورەئاغایەکیان دەگێڕایەوە . زۆر ئاغا " مۆتیرب "*یان هەبوو کە سەد گۆرانی و چیرۆك و بەیتی دەزانی، بە " کەمەنچە"*وە گۆرانیی ئەوین و شەڕی دەگوت . ساڵی چەند جارێکیش دەروێشیگەڕیدە پەیدا دەبوون، چەند رۆژێك دەمانەوە، بە" ئەربان " (دەفە)*وە گۆرانیی ئاینیی سۆفیایەتی دینداریبیان دەگوت کە بەشی زۆری لە پەسنیی چەند شێخێکی گەورەی بە کەرامات بوو . بەم جۆرە پەروەردەیەکی ئاینیی تریان بڵاودەکردەوە کە زۆرتر ئەولیاپەرستیی هان دەدا و شتێکی غەیری زانیاریی مەدرەسەیی مەلای دێ ( ئەگەر هەبوایە ) بوو . هەندێ جاریش ئەو بارە پڕ لە رەسمیاتە کەمێ شل دەبوو، پیرو لاو وێکڕا خەریکی یاری دەبوون ( ئەنگوستیلە

---

* erban / kemençe / motirb

شاردنەوەو دۆزینەوەی و...ئیدی) .

من خۆم تـاقە یـەك دیوەخانیشم نـەدیت بـەوجۆرە بێت، بەڵام ژیان لە ساڵانی ١٩٦٠دا زۆر بەخوڕ گۆڕابوو ( تەنانەت گەنجی بیست و بیستوچەندساڵیی ئێستا دیوەخانیان بەوشێوەیەی دیتووە و لەیادە ) . لە جەزیرەی بەشی سووریا بەتەئسیری حکومەت داخرابوون، وادیارە بە مەرکەزی نەتەوایەتیی کوردیان داناون، بەڵام بەهەر حاڵ، ئەوە ناکرێ تـاقە هۆیەکی نـەمانی دیوەخان بێ . میوانداری لە ماڵی ئاغایان هەر هەبوو، بەڵام ئیتر وەکو جاران نەبوو . لە خەتی جەزیرەی بەشی تورکیا میوانخانە هەبوون، بـەڵام کەسێکی وایان تێدا نەبوو ( من لـە هاویندا لەوێ بووم، دەیانگوت زستانانە کە کارێکیان نیە زۆربەی ئێواران لە میوانخانەکە بەسەردەبەن ) .

نەمانی دیوەخان لە ئەساسدا خەتای گۆڕانی بەخوڕی پێوەندیی ئابووریی نێوان ئاغاو دێهاتییانە . دەکارهێنانی مەکینە ( لە ساڵانی ١٩٥٠دا لێرە داهاتن، لە ١٩٦٠ـەکاندا پتر بڵاوبوونەوە ) کارێکی‌کرد ئاغا چیتر منـەتی بە دێهاتییان نەبێ . پێوەندیی نوێی ئابووری سەری‌هەڵدا. شەریکەبەش (هیچ نەبێ بەشێکیان) لە زەویەکانیان دەرکران . خاوەن زەویی بچووك و زۆر ئاغاش کە زەویەکەیان ئەوەندە نەبوو، ریشـیان کـەوتە دەسـتی ئـەو پەیمانکارانەوە کە مەکینەیان پێ دەکردرا، زۆر وا دەبوو وا رێك دەکەوتن کە پەیمانکار هەموو زەویەکەی بـۆ خۆی دەکیڵا و تەنیا بەشێکی بەرهەمی دەدا بە خاوەن زەوی . ئیتر زۆر دێهاتی کاریان بۆ نەمایەوە (یان ئەوەبوو لە ساڵی چەند رۆژێك پتر نەبوو) ، ناچار دەچوون هاوینانە لە شوێنی تر دەبوونە وەرزێر . پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان دێهاتییان بەم جۆرە بەپەلە لەناودەچێ* و دیوەخانیش باوی نامێنێ .

بارت ( لە ١٩٥٠دا) دەربارەی لەناوچوونی دیوەخان لە باشووری کوردستاندا شتێکی تری سەرنج داوە، دەڵێ : زۆربەی ئاغای گرنگ چوونە شارو دیوەخانیان لەوێ هەیە، دیوەخانیان لە دێدا نیە . لە دێی عەشیرەتدا چەند پیاوی چاولەمەرکەزوشوێن هەن کە هەریەکە ژوورێکی بچووکی لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ میوان تەرخان کردووە**.

---

* بـەڵام با دەوری ئەم وەرزێریە لە هەڵوەشاندنی نێوانی دێهاتییاندا ئەوەندە بە زۆر دانەنرێ . وەرزێر زۆرتر وایە بەدەستە دەچنە وەرزێریی شوێنی تر. لە تورکیا،ئەو وەرزێرانە بەگوێرەی رێککەوتنێکی ئیمزاکراو دەچنە رۆژئاوا بۆ کـار، پێوەندیەك لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانەدا دانـامەزرێنن، هەر بەگوێرەی دابی لـەمێژینـەی خۆیان دەکەن و یەك یا دوو پیاوی بە تەمەنی خۆیان دەکەنە رێبەری خۆیان .

** بارت ( ١٩٥٣ ) : ١٠٤ .

کوردستانی تورکیا لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا وا بوو : دیوەخان ئیتر ئەوەندە رازاوەو بەشکۆ نەبوون و خەڵکێکی کەم روویان تێ دەکرد . خاوەن دیوەخان پێی دەگوترا" خانەدان "* کە مەرج نەبوو ئاغا بێ، بەڵام هەر خانەدانەو بەلای کەم دەستەیەك لە خەڵکەکەی وا لێ دەکرد رووی تێ بکەن کە وادەبوو شکڵ و نەزمێکی تایبەتی نەیدەگرتنەوە . دیوەخانی تەواو لە کوردستانی مەرکەزی ( چیتر ؟ ) زەحمەتە هەبێ . میوان لە ماڵی ئاغادا جێ دەکرێنەوە، و دێهاتیی دۆستی نزیکی ئاغا بە رێکوپێکی سەر لە ماڵەکەی دەدەن .

---

xanedan *

## ٨ - رووی ئـابووری : بـاج بـۆ ئـاغـا

زۆرتر وایە، ئاغا بۆ هەڵسووڕانی دیوەخان پیتاکێك لە خەڵکی دێ دەستێنێ، کە زۆرتر وایە ١٠٪ی بەرهەمی دانەوێڵەیە، و ئەگەر ئاژەڵیان زۆر بێ لە هەر چل سەر مەڕ یا بزن یەکێك . ئەم پیتاکە مەرج نیە مانای ئـەوە بێ کە ئاغا خاوەنی زەوییە و مڵکانە دەستێنێ، مڵکانە و میوانانەی دیوەخان دوو شتی جیاوازن، وەك لێرەدا بە روونی دەیبینین :

> « ئاغای پێشووی" سنارێ " ( دێیەکە لە جەزیرەی بەشی تورکیا ) خاوەن زەویی دێیەکەش بوو . لـە چارەسەرکردنێکی (نیوەچڵی) کشتوکاڵ ( ئیسلاحاتی ئەرزی) دا کە لە ساڵانی پەنجادا کرا، هەندێ پەڵە زەوی بەسەر دێهاتییاندا دابەشکران، ئیتر زەویی ئاغا و زەویی دێهاتییان لێك جیادەکرانەوە . ئاغاکە مرد و دوو کوڕەکەی میراتەکەیان بەش کرد : یەکێکیان بوو بە ئـاغـا و ئەوی تر زۆربـەی زەویەکەی‌هەڵگرت . دێهاتیی شەریکەبەش دەبێ دوولەسەر سێی بەرهەم بدەن بە خاوەن زەوی، جگەلەوە هەموو شەریکەبەشێك و خاوەن زەویی بچووکیش دەبێ ١٠٪ی پـاکی داهاتی کـە بـۆیان دەمێنێتەوە بەناوی میوانانە بدەن بە ئاغای دیوەخان . »

لێك کردنەوەی ئەم دوو جۆرە بـاجـە هەمیشە ئەوەندە هاسان نیـە . زۆر وادەبـێ خاوەن زەوی هەر ئەو دەویەکە (١٠٪) بەناوی ئیجارە لە دێهاتییان دەستێنێ ( لە حاڵەتی خاوەن زەویی شارنشیندا کە دیوەخانی لە دێ نیـە ، زەحمەتە بکرێ هیچی تری غەیری مڵکانەی پێ بگوترێ ) . خاوەن زەویی تر هەن ( بەغوونە لە جەزیرەی سووریا) ئەم نیسبەتە بەناوی مڵکانـە کۆدەکەنـەوە ( مافی دەرکردنی دێهاتییش بۆ خۆیان دادەنێن ) و دیوەخانیشیان داناوە بێ ئەوەی هیچ باجێکی تر بەناوی میوانانە داوابکەن . لە کوردستانی عیراقدا بەم دەویەکە دەگـوترێ " زەکات"، هەرچەندە حەقەن ئاغا بەسەر هەژار و ئاتاج و مەلایدا دابەش ناکات کە بەئەسڵ بۆ ئەوان دانراوە . مەگەر ئاغا زەکاتی دێیان زەوت کردووە ؟ *. ئەوەی راستی بێ، من لە ناو ئەو عەشیرەتانەدا کە بـە مڵکانـەی ئاغایان دەگوت زەکات نەمدی دێهاتی غەیری ئەو زەکاتە مڵکانەیە زەکاتێکی تر بدەن، وەك لە زۆر شوێنی تر دەبینی کە مەلا زۆرتر بە زەکات بەڕێوەدەچن و زەویی هەیانە تێریان ناکا . ئەمە بەڕاستی وا لە پیاو دەکا بە

---

* (...) و ئەوەتا ( بەگوێرەی قورئان ) نانی رێبواری برسیشی لێ دەدەن! .

زەوت کردنی دابنێ . شتێکی تریش : هەمیشە ئاغاکانی " شرناخ " ( کوردستانی مەرکەزی) دەچوون بە سەر دێهاتیەکاندا دەگەڕان بە زۆر باجیان لێ دەستاندن، کە ئێستاش دێهاتی هاواریانە لە دەستیان : ١٠٪ ی تەنانەت پیوازیشیان برد و لەوەش بەماناتر : ئەوانە تەنانەت بەشی مەلاشیان برد ".

عەشیرەتی باڵەك بەنموونە

بە باسەکەی لیچ بێ، دەبێ دێهاتیەکانی ئەوسای باڵەك بێ‌زەوی بووبن، ئاغا خاوەنی هەموو زەویەکە بووبێ و دێهاتی بە شەریکەبەشی زەویەکەیان کێڵابێ . ئەگەر ئەمە راست بێ*، مانای ئەوەیە حاڵەتێکی تایبەتی ئەوێ بووە، کە ناکرێ بەنموونە دابنرێ چونکە بۆ عەشیرەتی چیانشین مڵکداریی بچووك قاعیدەیە . تەنیا چەند کۆمەڵێکی ناعەشیرەت و ناکورد دەکرێ لەوێ بەتەواوی پێیان بگوترێ شەریکەبەش، کە بەگشتی لە ژێر دەستی بەرەیەکی عەشیرەتیدا (یا بەوردی بڵێین : ئاغاکەیدا) ن . ئاغای دێ پێ‌بەندی فەرمانی ئاغای تیرەیە و ئاغای تیرەش پێ بەندی ئاغای عەشیرەت . لیچ سەرنجی ئەوەی داوە کە هەر ئاغایەك لەو سێ ئاغایانە خۆی بە تاقە خاوەنی زەونی دێ داناوە . بەشی زۆری زەویی ئەو مەڵبەندە تا ئەوسا بەگوێرەی قانوونی عیراق هێشتا زەویی دەوڵەت بوو و عەشیرەت" بە سیفەتی عەشیرەتی" مافی کێڵانیان هەبوو، وا چاوەڕوان دەکرا نووسینی " تاپۆ"** بە زوویی بکرێ و لیچ پێی وابووە ئاغای تیرە باشترین هەلیان لەبەردەم بووە کە زەوی بە ناوی خۆیان بنووسن . بەهەرحاڵ، ( لە ناو باڵەکدا ،بە قسەی لیچ) تەنیا ئاغای دێ بووە کە توانیویە ١٠٪ بستێنێ . ئەرکی سەرشانی ئاغای تیرە ئەوەبووە لە دوژمنایەتیی بچووکدا بکەوێتە نێوانەوە، کێشەوهەرای نێوان دێیەکان لە سەر لەوەڕ و ئاو چارە بکا، بە کێشەی تەڵاق و شتی لەم بابەتە رابگا و بەگوێرەی ئەوە شتێك وەرگرێ*** . ئەوە تەنانەت لە سەردەمی لیچیشدا بە دابی کۆن دانراوە، بەڵام دەکرێ بڵێین لە زۆربەی بەشەکانی تریشدا لە کوردستان ، بەهەرحاڵ لەرابردوودا، هەر وابووەو لە هەندێ شوێندا ئێستاش هەر ماوە .

---

* لیچ نەچووەتە ناو لقی" شەکر"ی عەشیرەتی باڵەك . من ساڵی ١٩٧٥ چوومە ناویان، دەیانگوت وا نەبووە وئێمە قەت نیوەی بەرهەمەمان ( وەك لیچ باس دەکا ) نەداوە بە ئاغا ، ئەوەی داومانەتێ قەت لە ١٠٪ پتر نەبووە . وێ دەچێ لیچ خۆشی گومانی لەو قسەیەی خۆی بووبێ . " هێی" ش هەر باسی ١٠٪ دەکا .

** لە فسڵی داهاتوودا باسی تاپۆ دەکرێ . Tapu

*** لیچ : ١٧ .

وەزیفەی ئاغای عەشیرەت لەوەش مویهەمترە . ئەو ئاغای تیرەو دێشە، بەڵام لەوە نـاکا وەزیفەی ئاغایەتیی عەشیرەت لە غەیری کاتی شەڕدا - کە رابەری دەکاو بەگوێرەی ئەوە فایدەی پێ دەگا* - قـەت شتێکی تـری ئەوتۆ بووبێ . لـە کاتی ئاشتیدا، باجێکی کە پیاوانی عەشیرەتی کەمێك دوور لە مەرکەز دەیاندا بـە ئـاغـا شتێك بوو تەنیا دەکرێ بڵێین رەمزی بوو . بەڵام وادیارە ئەم باجە رەمزییە لای زۆربەی عەشیرەتان بەگوێرەی رێوشوێنێکی لەوە رێکوپێکترو ئاشکراتر بووە کە وێ دەچێ لیچ پەی پێ بردبێ . ئاغا و/ یان نوێنەرانی هەر دێیەك لە هەردوو جەژندا ( رەمەزان و قوربان) دەچنە لای ئاغای عەشیرەت و دیاریی بۆ دەبەن . هێی دەڵێ ئەم دیارییە ساڵانە مەڕێکی ئاوس بوو لە هەر رانەمەڕێکی زۆر** . لەوانەیە ئێستاش لای هەندێ عەشیرەت هـەر وا بێ، بەڵام زۆرتریان دیاریی سووکتر دەبەن کە بریتیە لە شەکرو چا ( ی قاچاغ ) .

بە پەیدابوونی ئیدارەی بێگانە لە ناوچەکەدا، مەرکەزی گەورەئاغاش پتربو و . ئینگلیسەکان گـەورەئـاغـای باڵەکیان بە دڵسۆزترین پیاوی خۆیان لەو ناوچەیەدا دەزانی، بەمە دەسەڵاتی پتری ئابووری و سیاسیی کەوتە دەستەوە، معاشی وەردەگرت و دەوڵەت پشتی دەگرت . کاتێ ئەم سیاسەتە گۆڕا، ئەویش بە زوویی تەئسیری فت بوو . ساڵی ١٩٧٥ - کە خۆی مردبوو - کوڕێکی لەوێ بوو هیچی بەدەست نـەبوو . لای لقێکی عەشیرەت ( شەکر) پێیان گوتم کە چیتر ئاغای عەشیرەتیان نەبوو .

باسەکەی لیچ لە رادە بەدەر سادەی دەکاتەوە، دەڵێ پەیژەیەکی سێ پلەیی هەیە :

ئا- ئاغای دێ : بڕیار لە کێشەوهەرای ناودێدا دەدا و دەویەك (١٠٪ی مڵکانە) لە جووتیاران دەستێنێ کە خزمی خۆین .

ب - ئاغای تیرە : بڕیار لە کێشەوهەرای نێوان دێیەکاندا دەدا و بەگوێرەی ئەوە پاداشتی پێ دەگا .

پ - ئاغای عەشیرەت : نوێنەری عەشیرەتە لەبەرامبەر دنیای دەرەوەدا و کارێکی لە ژیانی رۆژانەدا نیە .

هەر ئیشارەتی خودی لیچ بە دوو شتی تر، سادەکردنەوەکەی بەتەواوی دەخاتە روو :

١- ئاغایەك گەورەیی ئاغای عەشیرەتی خۆی قەبووڵ نـەبوو ( کە هەرتك لە یەك تیرە بوون، ئاغای عەشیرەت ئاغای تیرەکەش بوو ) . هەرچەندە ئاغای عەشیرەت ئەوی بە پیاوی خۆی دەزانی، بـەڵام ئـەو نـەیدەسەلماند ،و باسی ئەوەی دەکرد کە کاتێ رووس ئەو وڵاتەیان داگیرکردووە، ئـەوبووە شەڕی لەگەڵ کردوون نـەك ئاغای

---

* لیچ : ١٨ . ** لیچ : ٦٨ .

عەشیرەتەکە . هەموو لایەك ئەم ئاغایەیان لە ئاغای عەشیرەت بە پیاوتر دەزانی، هەرچەندە لە بچووکترین دێی ئەومەڵبەندەشدا دەژیا ( تەنیا دوومالْ بوو)، بەڵام ناوبانگی میوانداریی زۆر ڕۆیشتبوو . لێرەدا دەڵێ : کەواتە رەقیبی سەرەکیی ئاغای عەشیرەت ئاغایەکی تری ئەو تیرەیە نەبووە، بگرە یەکێك لە هەژارترین ئاغاکانی دێ بووە ! . دەبینی بیری پلەی جیاوازی دێ - تیرە - عەشیرەت لە ئاغایەتیدا بەرچاوی لیچ ی‌گرتووە و زێدە بە سەریدا زاڵ بووە .

٢- هەندێك ئاغای باڵەك پتر لە یەك دێیان هەیە، خۆیان لە یەکێکیاندا دەژین و لەوانی تردا کوێخایان هەن پیتاکەکەیان بۆ وەکۆدەکەن .

## ٩ - وەزعی رابەریی چەندعەشیرەتێك

نەریتی کۆمەڵایەتیی عەشیرەتی باڵەك لەوەی زۆربەی عەشیرەتەکانی تر سادەترە، هەرچەندە ئەوەش نیە کە لیچ ویستوویە ئەوەندە بە رێکوپێکی وسیستمی لێ بکا .

با سەیری چەندعەشیرەتێك بکەین کە نەریتی کۆمەڵایەتییان پێچاوپێچترە :

### مەنگوڕ

عەشیرەتی مەنگوڕی نیوەکۆچەر ( باشووری باڵەك) ئاغای دێیان نیە . ئاغای عەشیرەت دەستەیەك پیاوی دڕی لە هەموو تیرەکان هەڵبژاردبوو و لای خۆی دانابوون،" ئەگەر پێی گوتبان برای خۆتان بکوژن دەیانکوشت"، کوێخای دانابوو پشت ئەستوور بە ئەو دەستە شرودرە ١٠٪ی زەکاتی بۆ وەکۆ دەکرد . لە زەکات پیستر بێگار بوو، دەبوو دێهاتی هەر ساڵەی چەند رۆژێك بەخۆرایی کار بۆ ئاغا بکەن، کاری : دروێنە کردن لە زەوییی زۆری ئاغادا لە پێدەشتەکان ( عەشیرەتی مەنگوڕ زۆرتر لە داوێنی چیاکان دەژین، ئاغا رەعیەتی ناعەشیرەتی لە پێدەشتەکان هەیە)، گیادروونەوە بۆ تفاقی زستانیحەیوانی ئاغا، قوڕەکاری و...ئیدی . ئەو دێهاتیانەی ملیان بۆ بێگار نەدایە، پیاوە دڕەکانی ئاغا بەسەریاندا دەدان و بەزۆر دەیانبردنە بێگار .

ئاغای تیرە هەن : ئاغای چنارەیی ( تیرەیەکن خۆم چوومە ناویان و لایان مامەوە) دێیەکی لە دەشتی قەڵادزێ هەبوو، ئەوەندەی من لێی تێگەیشتم، جووتیارەکانی ئەو دێیە ناعەشیرەت بوون و زەوییی ئاغایان بە ئیجارە دەکێڵا، نیوەی بەرهەم بۆ ئاغا بوو . لە دێهاتی تری دەوروبەردا ١٠٪ دەدرا بەم ئاغای تیرەیە یا بە ئاغای عەشیرەت ( بەگوێرەی دەسەڵاتیان، کامەیان دەسەڵاتی پتر بوایە بۆ ئەو دەبوو ) .

ئەگەر کێشەوهەرایەکی بچووك رووی بدایە ، ریشسپیەکانی دێ قسەیان تێدا دەکرد و چارەسەریان دەکرد، کێشەوهەرای گرنگتر دەبرانە بەردەمی عەلی ئاغا ( سەرۆکی عەشیرەت ) کە لەمەدا پارەیەکی دەستاند . ئەدمۆندز دەڵێ ئاغا بەدەسەڵاتەکان ( کە عەلی ئاغاش وابوو ) زۆر جار پارەیان بەناوی سزا لەو کەسە دەستاند کە بە خەتابار دادەنرا و ئەم پارەیەیان دەخستە گیرفانی خۆیانەوە و نەیاندەدا بەوە کە خەتای بەرامبەر کرابوو*. کەم وادەبوو کەسێك روو لە دادگای دەوڵەت بکا، شێخێکی بەناوبانگیش لەوناوە نەبوو،ئیتر هەبوو و

* ئەدمۆندز (١٩٥٧) : ٢٢٤-٢٢٥ .

نەبوو هەر عەلی ئاغا بوو،خۆی قازی و خۆی حاکمی ئەوەڵ و ئاخر بوو . وا دەبوو عەشیرەتی بچووکی"مامەش" ی هاوسێشی کێشەیان دەهێنایە بەردەمی ئەو *.

* مەنگوڕو مامەش رۆژگارێك هەردوو لە یەکێتی عەشیرەتانی بلباس بوون . پاشاکوڕەی میری رواندز ساڵی ١٨٣٠ بلباسی خستە ژێرفەرمانەوە،ئەوەبوو دوای ئەوە بەشێکی یەکێتیعەشیرەتانی بلباس ( زۆربەی مامەش و مەنگوڕ) چوونە کوردستانی ئێران . ئێستا ئەو یەکێتی عەشیرەتانە نەماوەو تەنانەت بە دەگمەن وادەبێ ناویشی ببرێ، بەڵام دیساهەر عەشیرەتەکانی ئەوسای جۆرەهەستێکی ئەوەیان هەر لا ماوە کە لە کاتی خۆیدا پێکەوە بوون .

مامەشی کوردستانی عیراق ئاغایەکی بەدەسەلاتیان نیە ، لە شوێنی زستانیان لە دێهاتدا دەکەونە بەر جڵەوی عەلی ئاغای مەنگوڕ ( کە رۆژگارێك بەدەسەلاتترین پیاوی ئەو مەڵبەندە بووە) . هاوینەهەواریان سنووری ئێران دەبڕێ (!) (١٤) ، دوور لەوەی مەنگوڕان بەڵام رێك بەوەی مامەشی ئێرانەوەیە . لەوێ مەلا قادرعەباس ئاغای مامەشی دیوی ئێران بە هەرە دەسەلاتدار دادەنرێ، یان کوێخا باویس Kîxa Bawîs ئاغا کە بە ناو ئاغای مامەشی کوردستانی عیراقە بەڵام لە ئێران دەژی ( ئەوانەی بۆیان باس دەکردم لەم قسەیەدا یەك نەبوون ) . دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لێرەدا بەئاشکرا جیاوازن : تا ١٩٦١ دێهاتیەکانی مامەش (یکوردستانیعیراق) دەبوو زەکات بدەن بە ئاغاکانی پژدەر ( لقی بابەکر ) . هەموو ساڵێك چەکداری بابەکر دەچوون ١٠٪یان لێ وەکۆ دەکردن، وادەبوو خەڵکیان لێ بۆ بێگاریش دەبردن . مامەش ( هەر ٦ دێ بوون ) لەوە بێهێزتر بوون نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، رەنگە مەنگوڕیش نەیانویستبێ بۆ خاتری مامەشان خۆیان لەگەڵ پژدەری بەهێزدا تووش بکەن . حوکمی پژدەر لە رووی ئابووریی رووتەوە بوو، قەت ئەوە نەبوو مامەش لە کێشەوهەرا- یەکی نێوان پژدەرو خەڵکی تردا بچن پشتی پژدەر بگرن، کێشەوهەرای ناوخۆشیان دەبردە پێش عەلی ئاغاو نەیاندەبردە بەردەمی بابەکرئاغا یا کوڕەکانی . لە دوا ساڵانی ١٩٥٠دا، بابەکر ویستی بەتەواوی دەست بە سەر خاکی مامەشاندا بگرێ ( ئەوە سەردەمێك بوو کە نووسینێکی نوێ و بۆبڕینەوەی یەکجاریی تاپۆی زەوی لەو مەڵبەندەدا لەکاردابوو )، مامەش بەرگریان لە خۆیان کرد . کۆدێتای قاسم و بزووتنەوەی دژی خاوەنی زەوییان، مامەشی چەند ساڵێك سەربەخۆ هێشتەوە . بەڵام کوڕەکانی بابەکر ساڵی ١٩٦١ دەوری ٣٠٠ سوارێکیان ناردە سەرمامەشان، ٤ دێیان لێ سووتاندن و ١٤ مامەش کوژران . مامەش دێیەکانیان چۆڵ - ←

دوو جار گۆڕانی لە پڕ کەوتە وەزعی رابەرییەوە، جارێکیان دوای کۆدێتای ١٩٥٨ی قاسم بوو، کە خەڵك - بە هان دانی دەوڵەت - بەگژ خاوەن زەوییاندا چوون، زۆر شێخ و ئاغای دەوڵـەمەند رایانکردە ئێران، عەلی ئاغا یەکێك بوو لەوانە. کاتێ دنیا ئارام بووەوە،عەلی ئاغا گـەڕایەوەو ویسـتی دیسا ن بێگار بە دێهاتییان بکا، بەڵام بۆی نەچووە سەر، هەرچەندە زەکاتەکەی هەر دەدرایێ. جارەکەی تر دوای ئەوەی شەڕی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١دا دەستی پێ کرد، ئەویش - وەك زۆربەی ئاغاوەتی تری ناوچەکە ماوەیەك کردیان - توانی بە رەگەڵ- کەوتنی کاروانی نەتەوەیی فریای مەرکەزی خۆی بکەوێ و بیپارێزێ. تا لە ١٩٦٦دا، یەکێك لە پیاوە دەستە- ڕاستەکانی بـارزانـی، شەخسیەتێکی بەهێز بەناوی حـەسـۆمیرخان، کرا بە فەرماندەی عەسکەریی ناوچەکە. حەسۆ کوڕی جووتیارێکی‌هەژاری بادینان بوو،نە ئاغای دەناسی و نە پارتی و نە هیچ دەسەڵاتێکی تری غەیری خۆی. ١٠٪ی زەکاتی کە دەدرا بە عەلی ئاغا نـەهێشت، هەمان نیسبەتی لە دێهاتییان هەر دەستاند بـەڵام، لەجیاتی ئەوەی بۆ عەلی ئاغا بێ، بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستـاند. وا دەبوو کاریشی ( بۆ بزووتنەوەکە) بە دێهاتییان دەکرد بێ ئەەوەی کرێی کاریان بداتێ. لەولاتر (ی رۆژئاوا) عەلی شەعبان (ی فەرماندە)ش هـەمان شتی دەکرد. تەبیعی ئەوە دوژمنایەتیی ئاغاکانی لێ سازدەبوو، هەندێکیان ( وادیارە غەیری عەلی ئاغا ) لایەنی حکومەتیان گرت، تا بەڵکو مەرکەزی کۆنیان وەدەست بهێننەوە. ئەوەبوو بە زۆربەی پیاوەکانیانەوە بە ناچاری رایانکردو لە مەڵبەندیان رۆیشتن،و هەندێ لە زەویەکانیان لەلایەن حەسۆوە بەسەر جووتیارە هەژارە-

---

← کرد و خۆیان لە مەترسیی دوور خستەوە، بەڵام بەهەرحاڵ، ملیان هەرنـەدا و ئیـتر چیتر زەکاتیشیان نـەدەدا بە پژدەرییـان. هەلومەرجی کە دوای ئەوە بەسەردا هاتن، هەلی ئەوەیان نـەدا بە پژدەرییان دیسان شتی وایان لەدەست بێـتەوە ( مامەش وای دەگێڕنەوە، دوور نیە زنجیرەی رووداوەکانیان لێ شێوابێ ). رۆژنامەکانی ئەو ساڵانە باسی شەڕێکی نێوان پژدەرو هێزەکانی موقاوەمەی شەعبیە ی دژی خاوەن زەوییان کردووە ( مـایسـی ١٩٥٩)، دوای ئەوە پژدەری هەندێ مەرکەزی پۆلیس و حدوودیشیان گرتوون، ئیـتر موقاوەمەی شەعبیە - بـە پشـتگیریی هێـزی هـەوایی حکومەتی عیراق - بۆ ئەودیوی حدوودیان راماڵیون ( ئۆبالانس O‘Ballance : ٧١ باسی کردووە ). ئەگەر ئەو قسەیە راست بێ، دەوری چالاکانەتری مامەش لە شەڕەکەدا یا رێك پێش قەومانی بەبیردا دێنێ، ئەوسا ئەوەش روون دەبێـتەوە بۆچی پژدەری دوای ١٩٦١ قەت هەوڵیان نەدا بچنەوە سەریان و ژێردەستیان خەن. (١٥)

کاندا دابەش کران . بۆ مەنگوڕە رەمەکیەکە کەم گۆڕابوو : عەلی ناو ببوو بە حەسۆناو، عەلی ناو کوێخای هەبوو و وا حەسۆناویش خۆی مەسئوولی دێ ی لەجێی کوێخا دادەنا ( هەرچەندە دەبوو دانانی ئەو مەسئوولە بە هەڵبژاردنی خەڵك بوایە) . بەڵام بەهەرحاڵ، لە هاوینەهەواری دوور لە بارەگای حەسۆ، عەلی ئاغا دەسەڵاتی لەمێژینەیخۆی هەرهەبوو وهەر داوەری مەزن وهەرتاقە نوێنەری مەنگوڕان بوو بۆ پێوەندی لەگەڵ عەشیرەتاندا.



خانووبەرەی ماڵی عەلی ئاغای مەنگوڕ، لە بنارێکی لای دەشتی قەڵادزێ

کەواتە ئەو نامەرکەزیەتە سیاسیەی لەناو باڵەکدا دیتمان، کە دەسەڵات لە نێوان عەشیرەت و تیرەو دێدا بوو ( دەوری ئاغای دێ پتر لەبەرچاو بوو )، شەرت نیە لە ناو عەشیرەتەکانی تریشدا ببینین، فەرموو ئەمە لە ناو مەنگوڕدا ئاغای عەشیرەت لە رێی دەستەیەکی چەکداری تایبەتی خۆیەوە مەرکەزیەتێکی زۆری لە سەر حیسابی رابەرانی خواروەتری مەڵبەندی عەشیرەت سەپاندووە . ئەگەر بەگوێرەی رەوشتی عەشیرەت بێ، نابێ رەعیەتی ئاغا شەڕ لەگەڵ خزمی ئاغادا بکا، کەچی وا لە ناو مەنگوڕدا ئەگەر ئەمری پێ بکردایە دەیکرد ( لە راستیشدا پیاوی عەشیرەت باسیان دەکرد کە بەلایانەوە زۆر دزێو بوو) . ئەوەیە چەندین نووسەر پێکهێنانی

دەستەی چەکداری تایبەتی ئاغایان بـە سەرەتای هەنگاوی ئەساسیی گۆڕانی کەم-کەم لە دابی عەشیرەتیەوە بەرەو دابی دەرەبەگایەتی داناوە . باس کردنی ئەوەی کۆمەڵگای کورد تا چەندە " دەرەبەگی " یە، بە بیری مـن شتێك نیە هیـچی لێ وەدەست بێ، بەڵام دەمەوێ سەرنج بۆ ئـەو راستییە رابکێشم کە پێکهاتنی دەستەی چەکداری تایبەتیی لەم بابەتە لە ناو عەشیرەتە جەرمەنیەکاندا ( کە زۆر ئەساسی بوو بۆ دروست بوونی دەرەبە-گایەتی لە ئەوروپادا) لە نەتیجەی پێوەندیی نێوان ئەو عەشیرەتانەو ئیمپراتۆریی رۆمانیدا سەری هەڵدا*. ئەمە هەندێ شت بەبیردا دێنێ کە لە فەسڵی داهاتوودا لێ دەدوێین .

پـژدەر

مەرکەزیەتی لە بابەتێکی تر و جیاکردنەوەی چین و توێژەکان بە باشی لە پژدەردا دەبینین . لەناو پژدەردا هەر دێیە ( یا چەند دێیەکی نزیکی یەك ) ئاغای خۆی هەبوو کە ١٠٪ی بەرهەمی خەڵکی دێی دەستاند ( یا کـورد گوتەنی دێیەکەی دەخوارد ) . ئاغاکان خزمی خەڵکی دێیەکانیان نەبوون،هەموویان لەبەرەیەك بوون (میراودەلی - بە ناوی باپیرەگەورە " میراودەل ئاغا"وە کە لە دەوروبەری ١٨٤٠دا ناوی دەرکردبوو ) . لەساڵانی ١٩٢٠دا شەش لقی ئەم بەرەیە ( میـراودەلـی ) هەبوون کە دوویان هەمیشە لەسەر گەورەئاغایی رەقابەتیان بوو ( یەکیان بە رابەریی بابەکرئاغا - ساڵی ١٩٥٩ مرد ، ئەوی تر بە رابەریی عەباسی ئامۆزازا( یا خاڵۆزازا )ی باوکی ( یا دایکی) ئەو بابەکرئاغایە - ساڵی ١٩٤٥ مرد ) . هەندێ ئاغای لقەکانی تر لە هەندێ ناوچەدا دەستێکیان دەڕۆیشت . وادیارە کێشەوهەرا دەهێنرانە بەردەمی ئاغای دێ و ئەگەر لەوە زلتر بوونایە کە بەو چاربکرانایە دەبرانە بەردەمی بەهێزترین ئاغای بەدەسەڵاتترین لقی میراودەلی لە ناوچەکەدا ( کە مەرج نەبوو لە هـەمـان لقی ئاغای ئەو دێیە بوایە کە کێشەوهەراکەی تێدابوو) . میراودەلی لە ئەسڵدا حوکمیان تەنیا بە سـەر یـەك عەشیرەتدا هەبوو ( بە ناوی " نوورەدینی ")، بەڵام دوای ئەوە تادەهات مەودای قەڵەمڕەوییان بە خاوەن مڵك یا وەکیلەکانیان بەرینتر دەکرد ، و زۆر دێهاتیان داگیرکردن بێ ئەوەی هیچ مافێکی قانوونییان تێدا بووبێت **.

---

* ئەندرسن Anderson ( ١٩٧٤) : ١٠٧-١٠٨ . ئەویش لەسەر قسەی تۆمسن Thompson (١٩٦٥) رۆیشتووە، بە دارشتنی خۆی قسەی ئەو دەگێڕێتەوە .

** تۆ بڵێی میراودەلی لەو قسەیەی ئەدمۆندز بگەن کە دەسەڵاتی میراودەلی بەسەر نوورەدینی‌دا بە " قانوونی" داناوە، کەچی هێنانە ژێر حوکمی دەستەکانی تری لێ کردوون بە کارێکی " نـاقانوونی" ؟ .

ئەم فراوان کردنەی قەڵەمڕەوی لە پێش ١٩١٨دا کێشەی نێوان لقەکانی خەفەکرد ،بەڵام دوای ئەوەی ئینگلیس کوردستانی باشووریان داگیرکرد(١٩١٨/١٩١٩)، ئەم فراوان کردنە وەستا( لە ساڵانی ١٩٥٠دا دیسان ملی لێ نرایەوە ( بڕوانە پەراوێزی داوێنی لاپەڕە٧٥- ٧٦ ) . بە وەستانی داگیرکردنی شوێنی تر، بـابـەکر ئاغا و عەباسیش کەوتنەوە گیانی یەکتر و ئەمجارە زۆر لە یەکتریان توندکرد . ئەفسەرانی سیاسیی بریتانی هەموو بابەکریان زۆر بەدڵ بوو* و بە نموونەی ئاغایەکی کوردی دڵسۆزی خۆیان دەزانی . لەبەرامبەر ئەوەدا : عەباس ئەوەندەی باشیی بابەکر بە خراپ دادەنرا ، ببوو بە مرۆڤێکی کە قەت پشتی پێ نەدەبەسترا ، بە خاین و غەددار! . ئینگلیسەکان لەگەڵ بابەکردا زۆر چاك بوون، دەسەڵاتیان دەدایێ، راوێژیان پێ دەکرد (دیارە ئامۆژگاریەکانی بەتەواوی دوور لە بەرژەوەندی شەخسی خۆی نەبوون ) . تەنانەت دوای ئەوەش کە ئینگلیس دوای ماوەیەکی کەم حوکمی ناڕاستەوخۆیان لەبەرچاوکەوت و هەمووناوچەکان راستەوخۆ بە ئەفسەرانی سیاسییان ئیدارەکران، بابەکرئاغا هەر لەبەردڵان بوو : قایمقامی قەڵادزێ و راوێژکار( مشاور)ی ئەفسەری سیاسیی بریتانی بوو لە کاروبارانێکدا کە تەئسیریان هەبوو بەسەر سیاسەتی عەشیرەتی لەم دیو و لەودیوی سنووردا ... یا لە ناوچانی تردا** . ئیتر هـەمـوو عەشیرەتەکە ببوو بە دوو دەستە : یەکیان لەگەڵ بابەکر و حکومەتدا ، ئەوی تر لەگەڵ عەباس و دژی حکومەت بوو . دووبەرەکیەکە لەنێوان رابەرانی دوو لقیعەشیرەتدا بوو، نەگینا خۆ خەڵکەکە لەنێوان خۆیاندا دوژمنایەتیەکیان نەبوو . رابەرانی لقەکانی تریش وادەبوو بێ لایەن دەبوون و وادەبوو لایەنی ئەوەیان دەگرت کە لەوکاتەدا لەپێشتر بوو . ئـەگـەر وێ چووبا کە ئینگلیس لەسەرن دەچوونە لای بابەکر و ئـەگـەر لایان وابوایە کە دەسەڵاتی ئینگلیس لەکزیدایە دەچوونە لای عەباس . هەموو دوژمنەکانی ئینگلیس ( بەنموونە : شێخ مەحموود لەکاتی یاخی بوونیدا ، و پیاوی دەزگاکانی تورك کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا بەهیوای ئەوە کوردستانی باشوور وەدەست بخەنەوەو بیخەنە سەرکۆماری تازەدروست بووی تورکیا سەرگەرمی پڕۆپاگەندەی دژی ئینگلیس بوون ) دەکرا حیساب بۆ پشتگیریی لایەنی عەباس بکەن، چونکە پژدەر بەدەسـە-

---

* هێی : " ... ژیرترین و گەورەترین کەسێك لەناو زۆر ئاغاوەتی عەشیرەتاندا کە من دیومن..." ؛

تێبینی دەربارەی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان ( بەغدا ، چاپخانەی حکومەت، ١٩١٩، ل١٦) :

" ... پیاوێکی چاك، بەگەرمی لایەنگری نەزم و قانوونە ."

** ئەدمۆندز (١٩٥٧) : ٢١٧ .

ڵاترین عەشیرەتی کوردستانی باشوور بوو و بابەکر دۆستی ئینگلیس بوو،کەواتە زۆر ئاشکرایە کە عەباسی رەقیبی ئەو باشترین کەسێك بوو حیسابی وایان بۆ بکردایە. تای تەرازووی ئینگلیس و بابەکری پیاویان هەمیشە گرانتربوو( ئەوەی راستی بێ، پێشووتریش لەو دوو رەقیبانە هەر بابەکر بەهێزترەکە بوو: ساڵی١٩١٩ توانی هەزار چەکدار بخاتە مەیدانەوە، ئەوانەی عەباس تەنیا ٥٠٠ بوون )*. دوایی لە قۆناغێکی تردا کێشەو هەرا شێوەیەوکی تری وەخۆگرت، ئەمجارە لەنێوان ئاغاکان لەلایەك و پیاوانی رەمەکییعەشیرەت و جووتیاری ناعەشیرەت لەلایەکی ترەوە بوو. هەرچەندە هەڵوێستی هەموو پیاوانی عەشیرەت وەك یەك نەبوو، هەندێکیان ( دەبێ نوورەدینیە پیرەکان بووبن ) بەتوندی لایەنگری ئاغاکان بوون، ئەوانی تر کە درەنگتر کەوتبوونە ریزی عەشیرەتەوە، لە وەزعی ژێردەستەیی خۆیان و باجی زۆری لێیان دەستێندرا تووڕە بوون. هەرچەندە مامەش توانیبوویان نەهێڵن پژدەری بیانکەنە رەعیەتی خۆیان ( وئێستاش هەر بە ئەوپەڕی رقەوە باسی ئاغاکانی پژدەر دەکەن )، بەڵام تەبیعی دەکرێ پیاو لە هەستی ئەوانە بگات کە وەك مامەشیان لەدەست نەهاتبوو. کاتێ لە ساڵانی ١٩٥٠دا نووسینی زەوی هاتەکایەوە،دەبوو خاوەن زەوی دیاربکرێ و بنووسرێ، کێشەی نێوانئاغایان و خەڵکی رەمەکی بەتەواوی کڵپەی سەند، چەند راپەڕینێکی بچووکی جووتیاران پژدەریشی- وەك زۆرشوێنانی تری کوردستانی باشوور-گرتەوە. ئەوەبوو چوونە سەر زەوی و زارو داگیرکردن روویاندا. دوای کۆدێتایقاسم، بزووتنەوەی رەعیەتی دژی خاوەن زەوی لە پژدەر چالاك بوو و ئەوەبوو دوای چەند پێکدادانێك ئاغاکانی پژدەر رایانکردە ئێران و، دوای ئەوە کە نێوان تێکچوونی کوردە نەتەوەییەکان و حکومەی قاسم ( ی عارەب) پەردەی بەسەر شەڕی چینایەتیدا دا،گەڕانەوە شوێنی خۆیان. ئاغاکان توانیان،ماوەیەك بۆکەم کردنەوەی هەستی دوژ- منایەتیی خەڵك،کەڵك لە هەستی زۆر گشتی و درشتی نەتەوایەتی وەرگرن - مەگەر ئاغاکانیش کوردنەبوون ؟. بەڵام بەهەرحاڵ، ئاغا وردە- وردە دەسەڵاتی لەمێژینەیان لەدەست دا، دەسەڵات کەوتە دەستی فەرماندەعەسکە- ریەکانی لەشکری پارتیزانی کورد، تا دوایی لە ١٩٦٩دا لەگەڵ پیاوەکانیدا چوونە لای حکومەت و بەگەرمی شەڕیان لەدژی نەتەوەییەکان کرد، ئەوەبوو بەشێك لە زەوی و زاری زۆریان بەسەر جووتیارانی بێزەویدا دابەش کرا، بەڵام دوای پەیمانی ئاشتیی ١٩٧٠ دیسان گەڕانەوە سەر زەویەکانیان - بەگوێرەی " لایەنی زۆر" ێکیکە قانوونی نوێی ١٩٧٠ی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ دیاری کردبوو**.

---

* تێبینی دەربارەی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان : ١١. ** زانیاریی دەربارەی رووداوانی ٣٠ساڵی ←

کەواتە، جیاوازیی چین و توێژەکانی پژدەرییان ئاشکرایە : فەرمانڕەوا لە بەرەی میراودەلین . لە رەمەکیەکان، دەتوانین : نوورەدینی، پیاوی تری عەشیرەتی کە لە دوای نوورەدینییان بە ئارەزووی خۆیان یا بە زۆر خراونە ریزی عەشیرەتەوە،و لە هەندێ شوێن جووتیاری ناعەشیرەتیش ( کە بەزۆر کراونە رەعیەتی)،لێك جیاکەینەوە .

هەمەوەند

عەشیرەتی هەمەوەند ، رۆژگارێك جەردەی زۆر بەدناو و رێکخراوێکی عەسکەریی بە زیپکوزاکوون بوون، لە قەڵەمڕەویی ئێرانەوە پەڕینەوە دیوی عوسمانیی و ئەم شوێنەی ئێستایان داگیرکرد کە جووتیاری نیشتەجێی ناعەشیرەتی لێ دەژیان ( ئێستا پێیان دەڵێن : مسکێن ) و خەڵکەکەیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە . لە ناو ئەمانەشدا ( وەك جافەکان ) بەرەیەکی بەگزادە رابەریی عەشیرەت دەکا، بەرەکانی تر ئاغای خۆیان هەیە . لە رابردوودا دەبوو هەر دێیەو بە چەند شەڕکەرێکی ( ١٠ تا ١٥ کەس بە رابەریی ئاغای دێ ) بەشداریی لەشکری عەشیرەت بکا . مەفرەزەی تاڵان کردن بەگوێرەی تاڵان بوو، ئاغایەك یا چەمد ئاغایەك بە رابەریی ئاغای سەرووی خۆیان، یا تەنانەت وادەبوو سەرۆکی بەگزادە خۆی رابەریی دەکرد . داگیرکردنی دێی مسکێن وا دیارە کاری ئاغایەك بووە کە بە مەفرەزەیەکەوە هاتووە و داگیری کردووە،هەندێ پیاوی خۆی ( زۆرتر وابووە خزمێکی و چەندپیاوێکی) لەسەرداناوە تێیدا بژین و باجی بۆ وەکۆکەن . نوێنەر( ان)ی ئاغا لەدێی داگیرکراودا باجیان بۆ وەکۆکردووەو بەشێکیان بۆ ئاغای داگیرکەر ناردووە، لە قۆناغی تردا دەبینین کە زۆرتر وابووە هەر هیچیان بۆ نەناردووە و هەموویان بۆخۆیان خواردووە .

کەواتە لێرەدا ، مسکێن خاوەنی زەویی خۆیان نین، شەریکەبەشن،لەمپەری تایفەیی لە خەڵکیعەشیرەتی دێیان جیادەکاتەوە . لە رووی تیۆریەوە، مافی ئیجارەی پەڵە زەویەکی تایبەتیان هەیە کە بە میرات بۆیان بمێنێتەوە، هەرچەندە ئەمە شتێکە دەکرێ بەهاسانی پێشێل بکرێ* . مسکێن شەرت نیە هەژار بێ، وادەبێ زەویی ئەوەندە زۆری هەبێ کە وەرزێر( / سەپان) ی بۆ بگرێ . دەبێ ١٠-٢٠٪ ی دانەوێڵە و یەك لەسەرسێی بەری بێستانی بەراو ( سەوزی، تەماتەو... ئیدی ) بدا بە ئاغا . بەم جۆرە، لە دێهاتی مسکێندا : ئاغا، رەمەکیی عەشیرەت، مسکێنی خاوەن مافی لەمێژینەی کێڵانی زەوی، و وەرزێر دەبینین .

---

← رابردوو، لە دەمی ئاغایەك و چەند رەمەکیەکی پژدەر، شوبات/ مارتی ١٩٧٥ .

*بارت (١٩٥٣) : ٥٦ .

تا ئیدارەی بێگانە لەوناوە بێدەسەڵات بوو ، پێوەندیی دەرەبەگی هەمەوەندو مسکێنی بۆهەردوولا : ئاغاو مسکێنەکەش باش بوو . ئاغا مسکێنیان دادەۆشین، بەڵام لە عەشیرەتانی تریشیان دەپاراستن، ئەوجا ئاغا تاڵانیان دەهێنایەوە و مسکێن بە دەڵاڵی و تواندنەوی ماڵی تاڵان لە بازاڕدا قازانجیان دەچووە گیرفانەوە . بە دەسەڵات پەیداکردنی حکومەت، هەمەوەندیش چیتر تاڵانیان بۆ نەکرا، ناچار ملیان لە کشتوکاڵ نا، و رەنگە دادۆشینی ئابووریشیان پترکردبێ : هەمەوەند بەوە کە ئاغابوون پێوەندیان لەگەڵ کارمەندانی حکومەتدا لەوەی خەڵکەکەی تر باشتر بوو، و دەیانتوانی بە زیانی مسکێنان سیاسەتبازی بکەن ( بەڤوونە : مسکێن هاواریان لە دەست ئەوەبوو کە هەمەوەند ناوی هەموو مسکێنەکانیان بۆ عەسکەری کردن داوە بە حکومەت، بەرامبەر بەوە کە خۆیان لە عەسکەری کردن عەفوبکرێن )* .

کاتێ بارت ساڵی ١٩٥٠ چووەتە ئەو مەڵبەندە، نووسینی خاوەنێتیی زەوی لە ئارادا بووە، کێشە وهەرای نێوان ئاغاو مسکێن زۆرگەرم بووە . بەداخەوە، نەمتوانی زانیاریەك دەربارەی دەوری ئەم مسکێنانە لە بزووتنەوەی دواتری جووتیاراندا وەدەست بێنم .

## دزەیی

لەوانەیە حاڵەتی پژدەرو هەمەوەند وا بە بیری پیاودا بێنن کە جووتیاری ناعەشیرەت هەمیشە بە هێرش و داگیرکردنی بە زۆر خراوەتە ژێردەست وکراوەتە رەعیەت،بەڵام حاڵەتی دزەیی دەریدەخا کە مەرج نیە وابووبێ . دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی دزەییان بەدەست تۆرەمەی زەلامێکە بەناوی ئەحمەدپاشای خەڵکی دزە (؟) کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بووە بە حاکمی عوسمانیی هەولێرو توانیویە بەم مەرکەزەی خۆی دەست بە سەر زەویەکی زۆری دەشتی بەپیتی هەولێردا بگرێ و، دانیشتوانی نیشتەجێی بخاتە ژێردەستی خۆیەوە . نازانین ئایا ماڵی ئەحمەدپاشا بەرلەوەش هەر ئاغای عەشیرەت بوون یان لەوساوە بوونە ئاغای خەڵکی عەشیرەتیی نیوە کۆچەر، بەڵام دەزانین کە ئەوان و پیاوەکانی عەشیرەتیان ئەسڵیان جیایە . سەرچاوەی نووسراو زۆر کەم وادەبێ عەشیرەت و ناعەشیرەت لێك جیابکەنەوە . بە قسەی هێی (١٩٢١)، خەڵکی رەمەکیی دزەیی لە ١٩٢٠دا دەوری ٣٠هەزار کەس بوون، و چوار لقی رەقیب لە بنەماڵەی رابەری عەشیرەتدا هەبوون . پیاوی عەشیرەتی نیوە کۆچەر لە دێهاتی لێواری دەشتەکەی دەژیان و هاوینانە دەچوونە چیایان** . مسکێن لە

---

* بارت (١٩٥٣) : ٥٩ . ** سنفی ئیستیخباراتی هێزی دەریایی،عیراق و خەلیجی فارس(١٩٤٤) : ٣٧٥.

دێهاتی ناودەشتەکەدا دەژیان، ژێردەستەی ئاغایەکی لە بنەماڵەی رابەر بوون کە خاوەن زەوییان بوو. ئاغاکان وێکڕا نیوەی دەشتی هەولێریان هەبوو، کە نەك بە هێرش و داگیرکردنی بە زۆر ( عەشیرەتی دزەیی بەڕێزە و ئەهلی تاڵان و زەوت کردن نیە ) *، بەڵام بە سەروسەوداو سازان لەگەڵ ئیدارەی عوسمانیدا وەدەست خرابوو. ئەوەبوو، سەنەدی قانوونییان پێ وەرگرت و ئیتر دوای ئەوە دەزگاکانیحکومەت دەیانتوانی بۆ پارێزگاریی مڵکەکانیان یارمەتیان بدەن - کە لە راستیشدا چەندین جار دەرکەوت کە پێویستیان پێ هەبوو . هێیی کە کەین و بەینی زۆری لەگەڵ دزەییدا هەبووە، لە باسی ئەحمەدپاشادا دەڵێ کە دووەم ئاغای هەرە گرنگ بوو " زۆرتر بازرگانێکی سەرکەوتوو و پیاوێك بوو کەهەلی رۆژی رەشی خەڵکی بۆ خۆدەوڵەمەنکردن دەقۆستەوە، لەوەی کە سەرۆکی عەشیرەت بێ " ، کە بە " گەندەڵیی ئیداری " و زرنگی و زەوت کردنی ماڵی خەڵك خۆی ئەوپەڕی دەوڵەمەند کرد** . ئەحمەدپاشا بەزوویی پشتی لە حکومەت کرد، چونکە دەرکەوت کە گەندەڵیی ئینگلیسەکان ( بە بیروڕای هێیی ) لەوەی عوسمانیەکان کەمتر بوو، یان زۆر لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئینگلیسەکان برایم ئاغایان لا باشتر بووە،کە بە گەورەئاغایان داناوە . ئاغاکان لەو سەروبەندەدا بەتەواوی لە بەرچاوی مسکێنەکانیان رەش ببوون . کاتێ ئینگلیس بۆرەهەمەپرسیەکیان لە درەنگانی ساڵی ١٩١٨دا لە بەشی داگیرکراوی کوردستاندا کرد، کە دەربارەی ئارەزوو و خواستی خەڵك و بەتایبەتی ئەوەبوو کە ئایا دەیانویست کوردستان ببێ بە بەشێك لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە ئەساسداعارەب یان نا، راپۆرت لە پێدەشتەکانی مووسڵ و هەولێرەوە بە جوانی هەستی نەتەوەیی و چینایەتیی خەڵکی دەگەیاند : "بیروڕای خەڵکی وڵات ئەوەیە:کە هەرچەندە ئێمە لە تورکیامان ئازادکردوون،بەڵام دەبێ لە زوڵمی خاوەن زەوییانیشیان ئازادبکەین کە ئەوانە ( خاوەن زەوی) تاقە چینێکن حکومەتی عارەبیان دەوێ "*** . هێیی (١٩٢١) باسی ئەوە دەکا کە جارێك " دزەیی فەرمانی ئاغاکانیان شکاند و نەچوون شەڕی دژی کاربەدەستانیان بۆ بکەن"، بەڵام ناڵێ کە ئایا ئەوانە پیاوی عەشیرەت بوون یا مسکێن . لە سەردەمی پادشایی عیراقدا، دزەیی نێوانیان لەگەڵ حکومەتدا خۆش ببوو، پیاویان لە پەرلەمانداو تەنانەت لە وەزارەتیشدا هەبوو و توانیان بەوە مڵکداریی

---

* تێبینی دەربارەی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان: ١٠ .

** هێیی : ١٦٥ .

*** ویلسن Wilson ( ١٩٣١) : ١١٢ باسیکردووە .

خۆیان بپارێزن . لە ١٩٥٣دا، راپەڕینێکی جووتیاران دەشتیهەولێری خرۆشاند ، کە لەوانەیە جیددیترین راپەڕینێك بووبێ لە مێژووی نوێیعیراقدا. خاوەن زەوی ( کە لە شار دەژیان) لە ترسان لە ناوچەکە رایانکرد ، و دوایی هێزی لەشکری حکومەت هێنانیەوە .

لە شەڕی نەتەوەییدا ، چەند مسکێنێك چوونە ریزی نەتەوەییەکان، تەنانەت دوای ئەوەش کە چەندکەسێکی بنەماڵەی رابەریان کەوتنە رابەرایەتیی نەتەوەییەکانیشەوە ( بنەماڵەکە بەشی ئەوەندە ژێر بوو کە پیاوی لە هەموولایەکدا هەبێ(١٦)). ئەومسکێنانە هەڵوێستیخۆیان نەگۆڕی . لە دەشتەکاندا بەگشتی وابوو کە مسکێن ( کە قەت شەڕکەر نەبوون ) خۆیان دوورگرت، کەچی هەندێ جووتیاری عەشیرەتی و نیوەکۆچەر - زۆرتر بە رابەریی یا تەئسیری ئاغاکانیان - بە چالاکی شەڕیان بۆ/ یان لەدژی نەتەوەییەکان کرد . ئەوە لەولاوە بوەستێ کە مسکێن قەت پیاوی شەڕ نەبوون، هۆیەکی تریان هەبوو کە بەشدار نەبن : ئامانجی سەرەکییان ئەوەبوو ببنە خاوەنی زەویەکانیان و هەندێ ئیسلاحاتی ئابووری وەدەست بهێنن،کە ئەمانە پێویستی فەوریتر بوون لە مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی یا ئۆتۆنۆمی، کە پتر دەکرا چارەسەرکردنی کشتوکاڵیان لە حکومەتی بەغداوە دەست بکەوێ تاوەکو لە بارزانییەوە، لەبەر هۆیەکی سادە : کە بارزانی قەت نەیدەتوانی لە رووی عەسکەرییەوە بەرگری لە پێدەشتەکان بکا (١٧) .

## ١٠ - دەسەڵات پێکەوەنان : ئاوەدان کردنەوەی جەزیرە

بـاکـووری جـەزیرە ( بەشی باکووری دەشتی میسۆپۆتامیا ، ئەوبەری رۆژهەڵاتی سووریای ئەمڕۆ تا بە زەویی تەختی باشووری چیاکانی قەرەجەداغ و تۆرعابدین ی دیوی تورکیادەگات ) لە زەویە هەرە بەپیتەکانی دنیایە ، لە رۆژگاری کەوناردا خەڵکێکی لە ئەمڕۆ پتری ژیاندووە . دوایی راوو رووتی بەدو( عارەبی کۆچەری بیابان) لە باشوورەوەو کوردی کۆچەر لە باکوورو شەنگارەوە* بە خەڵکەکەیان چۆڵ کردووە . چەند "تەل"* ( تەپۆڵکەی ناتەبیعی کە بەهۆی ئاوەدانیی سەردەمێکی خەڵك دروست بوون) نەبێ، شوێنەواری رۆژگاری بە ئاسایشی لێ نەمابۆوە، جێی مەترسیی گەورەی رێیەکی کاروان بوو کە لەبەغداو مووسڵەوە بەوێدا دەچووە حەڵەب و ئەستە- مبووڵ، خەڵکێکی لە زوودا ئەو رێیەیان دیتووە باسی مەترسیی جەردەی یەزیدی و بەدوی شڕودڕیان کردووە**. کاربەدەستانی مووسڵ و دیاربەکر لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا توانیان پێشی تاڵانی یەزیدییان بگرن و هەندێکیان بە سەروپۆتەڵاکی "بەدو" شدا کێشا ، ئیتر دوای ئەوە وردە- وردە خەڵك روویان تێ کردووەو ئاوەدان کردووەتەوە . بەشێك لەوانەی تێیدا نیشتەجێ بوون، هەمان ئەوعەشیرەتەکۆچەرە کوردانە بوون کەهەمیشە ئاژەڵ و مەڕوماڵاتیان زستانانە بۆ لـەوەڕ هێنابووە ئەوێ ( زۆریان لە سەروبەندی کەوتنە سەدەی بیستەمیشدا هـەر باجیان دەدا بە عەشیرەتی شەممەری بەدو ***، بەشێکیش تاك وتووکی لێرەو لەوێ و لقی ئەم عەشیرەت و ئەو عەشیرەت بوون . داخستنی سنووری تورکیاو سووریا(دەوری ١٩٤٤) و نەمانی رێی کۆچی ساڵانەی کۆچەران ئەوەندەی تر باوی نیشتەجێ بوون و ئاوەدان کردنەوەی خۆش کرد ، هەندێك لەو کۆچەرانە باریان بە یەکجاری خست و لە باشووری سنوورەکەدا نیشتەجێ بوون . چەوساندنەوی کوردان لە تورکیا زۆر کوردی ناچارکرد دەست لە جێ و رێی لەمێژینەیان بەردەن و راکەن بێنە ئەم ناوە . ئەوەبوو: یەك شار، ٢٨دێ، ٤٨دێی گچکە، ٢٩ کێڵگەی بەجیا ( جێ دێهاتی داهاتوو) لە ماوەی پێنج ساڵدا لەوناوە سەریان هەڵێنا**** .

---

* سنجار Sinjar ، tells .

** ریچ Rich، ٢: ١٠٨-١١٠؛ فۆربس Forbes(١٨٣٩) : ٤٠٩-٤١١؛ فۆن مۆلتکە von Moltke : ٢٦٤؛ سایکس (١٩٠٨) : چەند شوێن؛ لێهمان - هاوپت Lehmann-Haupt ١/٢ : ٢٤٠ .

*** یادداشتی مێجەر نۆئێل لە واجبێکی تایبەتیدا ١٩١٩/٤/١٧ ( بەغدا، چاپخانەی حکومەت) . **** ←

یەکێك لەوانەی لە هەرە سەرەتاوە لێرە نیشتەجێ بوون، بنەماڵەی ئاغاکانی" دوورکان " بوون ،کە ئەوسا عەشیرەتێکی کۆچەری یەکێتی عەشیرەتەکانی"هەڤێرکان " بوون . زۆربەی پیاوە رەمەکیەکانیان زۆر بەرەو باکوورتر کشان و لە نزیکی لەوەرگەی هاوینیان نیشتەجێ بوون، بەڵام ئێستاش لەوێوە مەڕ بە دیاریی جێژنانە بۆ ئاغاکانیان هەر دەنێرن . هەندێکیشیان هاتنە جەزیرە و لێرەو لەوێ ملیان لە جووتیاری نا .




نەخشەی ژمارە ٦　　باکووری جەزیرە

یەکەمین کەسێکی ئەم بنەماڵەیە کە نیشتەجێ بوو، پیاوێك بوو ناوی عەباس بوو(سەیری شکڵی ژمارە ٣ بکە)، دەبێ دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ بووبێ .

لە سەردەمی ژیانیدا زەوی نووسین رووی‌دا ،ئەویش ناوچەیەکی زۆری بەناوی هەرسێ کوڕەکەی ( جارێ شوەیس نەببوو ) نووسی،کە کەم و زۆر هەمان ئەوناوچەیەی دەگرتەوە کە هەرلەکۆنەوە هەمیشە لەوەرگەی عەشیرەتەکەی ببوو . دەکرێ هەندێ جووتیاری ناعەشیرەتی کورد و پیاوی تریش هەبووبن، سا لەبەرهەرچیەکی بووبێت،

---

← مۆنتانیە (١٩٣٢) : ٥٨ .




شکڵی ژمارە ٣  تێوانی نەژادیی ماڵی ئاغاکانی دوورکی ( ماڵا عەباس ) (١٩)

خۆیان بە پیاوی عەباس دانابێ و دامەزرابن، ئەمینا لەوە ناکا دوورکان هەرلەسەرەتاوە خۆیان دەستیان بۆگاسن بردبێ - کۆچەر زۆربەیان فێزیان ڕێ نادا خۆ وا کەم بکەنەوە کە زەوی بکێڵن* . ئەو جووتیارە دوورکیانەی کە

---

* عەشیرەتی"میران"ی لەخۆڕازی کە بەڕێزترین کۆچەری کوردستانی مەرکەزی بوون،بەهۆی داخستنی سنووری تورکیا- سووریاوە ڕێی کۆچیان لێ گیرا و ناچار لە دیوی سووریادا مانەوە . تا ساڵی ١٩٤٥یش هەرلە چادردا دەژیان و لووت بەرزییان ڕێی نەدەدان کشتوکاڵ بکەن، ئێستاش هەر زۆریان ملیان نەداوە و دەستیان بۆگاسن نەبردووە . پەیدابوونی مەکینە ئەم کێشەیەی بۆ چارکردوون . پیاوێك بە مەکینەیەکەوە دەگرن کارەکەیان بۆ دەکا ، ئیتر بە بێ ئەوەی خۆیان بشکێنن و بهێننە ریزی جووتیارێکەوە، زەویەکەشیان دەکێڵن و دەستی خۆشیان بۆ کێڵان نابەن .

من دیتمن، هەموو دوایی هاتبوونە ئەو مەڵبەندە . کاتێ عەباس مرد، کوڕە گەورەکەی ( محەممەد ) جێی گرتەوە . محەممەد دەبوو لەودەمەدا زۆرتر ئاگای لە دوژمنایەتی و ڕەقابەتی شەممەری هاوسێی بێت تاوەکو ترسی لە عەشیرەتە کوردەکان . پیاو لەناو کوردیش و عارەبیشدا، یان بەدەسەڵاتی عەسکەری یان بە سەخاوەت ناو دەردەکا . محەممەد ڕێگای دووەمی گرتبوو : مەڕ بە سەدان لە یەك ڕۆژدا بۆ میوانان سەردەبڕا و دەخرایە سەر سفرە،هەموو گەورەپیاوانی جەزیرە بانگێشتن دەکران دەهاتن بەچاوی خۆیان جۆگەی خوێنی مەڕی سەربڕاویان دەدیتن . تەنانەت ئێستاش ئەو کەسەی لای هەر ئاغایەکی عارەب بڵێ من لە نەسلی ئەومحەممەدەم، ئاغای عارەب گورج لە شوێنی خۆی بەرزەبا لەبەری هەڵدەستێ و ئەوپەڕی ڕێزی پێشان دەدا.

محەممەد- قسەی خۆن بێ - کەیفێی لە ئەشتەکی دیش هەبوو : ژنی هێنابوونی لە چل کەمتر نەبوون، بەڵام وەك مسوڵمانێکی باش قەت لە چوار ژنی پتر وێکڕا نەبوو، هەمیشە بەر لەوەی تازەی کاتەوە یەکێ لە کۆنەکانی تەلاق دەدا . محەممەد بە گەنجێتی مرد، کوڕی وا گەورەی نەبوو جێی بگرێتەوە، سلێمانی برای بوو بە ئاغای نوێ، کە ئەو بۆ ژن وەکو محەممەد مەست نەبوو، تەنیا ١٤ ژنی هێنابوو ( ١٠ ژنەکەی پێشووی تەڵاق دابوون بەڵام هەرلە ماڵی خۆیدا هێشتبوونەوە) . بنەماڵەکە بەگشتی زۆر لە زاوزێدا بوون و زۆری پێنەچوو ژمارەیان زۆر زیادیکرد . جووتیار بەدڵی خۆیان زەویەکیان بۆ کێڵان هەڵدەبژارد ( زەوی زۆر بوو)، بە مەرجێك ١٠٪ی بدایە بە ئاغا ( سەرۆکی بنەماڵە )، ئاغاش لەوە ئەرکی ئەندامانی بنەماڵەکەی دەکێشاو دەبوو هەموو چاویان لەدەستی ئەو بێت . تەبیعی،ئەندامانی بنەماڵە ئەمەیان لێ گران دەهات هەموو داهات هەر بۆسەرۆکی بنەماڵە بێت و ئەوانیش چاویان لەوەبێ ئەو خەرجیی گیرفانیان بداتێ* . دیارە کاتی خۆی کە عەباس هاتووە لەم ناوە

---

* ئا- ئەولادی محەممەدیش و ئۆسمانیش هەریەکەو بە قانوون مڵکی تاپۆی خۆیان هەبوو، بەڵام ١٠٪یان وەرنە-دەگرت . ئاشکرایە باج ئەوسا هێشتا هەر دەبوو بدرایە بە ڕابەری سیاسی، ئەوە نەبوو بە ناوی ئیجارەیەك بدرایە بە خاوەن زەوی .

ب- لەوە نەگەیشتم ئایا ئاژەڵ بەسەر ئەولادی عەباسدا دابەش دەکرا یا ئەویش دارایی تێکڕایی و ئیدارە-کردنی بەدەست گەورەئاغا بوو. بەهەرحاڵ، من خۆم قەت حاڵەتێکی وام بەرچاو نەکەوت کە ئاژەڵ دوای مردنی خاوەنی بەسەر ئەولادی ئەو خاوەنەیدا دابەش نەکرێ . ئاژەڵ وەك زەوی نیە، بەگشتی هەر دارای شەخسییە . کەوابوو لێرەشدا لەوانەیە هەرئەندامەی ماڵەکە هەندێ داهاتی لە ئاژەڵ پێ بڕابێ . بەڵام ←

نیشتەجێ بووە بەتەنیا نەبووە،ئاغای کورد قەت بەتەنیانیە، خزم وخوێش و شوانی و رانەمەڕی زۆری و دێهاتیی تریشی وێڕابوون . بەشێکی ئەو دێهاتیانە ( لەوانەیە زۆربەیان) جووتیاری سووریانی ( ( مەسیحی-یاقووبی)ی چیاکانی تۆرعابدین بوون . بەتەواوی روون نیە ئایا سووریانی بەر لە نیشتەجێ بوونی عەباس،یش لەم ناوە هەبوون یان دوای ئەوە هاتوون، رەنگە کەمێکی لێ بووبن و دوای نیشتەجێ بوونی عەباس لەوێ زۆری تر کە زانیویانە عەباس لە راورووتی کۆچەر( زۆرتر شەممەر)یان دەپارێزێ، لە چیاکانی تۆر عابدینی پڕلە خەڵکەوە هاتبن و لێرە نیشتەجێ بووبن . ناکرێ هاتنیان زۆردوای ئەوە بووبێ، چونکە کوڕی دووەمی عەباس (سلێمان) کچێکی لەو مەسیحیە نیشتەجێیانە - وێڕای ئەویەڕی نارەزایی باوکی کچەو مەسیحیەکانی تر - کردووەتە مسوڵمان و لەخۆی مارەکردووە. کە ژمارەی جووتیاران زۆر بوو،بنەماڵەکەش بە دێهاتی ئەوناوچەدا بڵاوبوونەوە و،کەڵکەڵەی ئەوەیان لەسەردا بوو هەرچۆنێك بێت داهاتێك بۆخۆیان دابڕن بێ ئەوە کە دەست بۆ گاسن بەرن . دێیەکەی عەباسی لێ نیشتەجێ بوو ( دووگر ) بوو بە پایتەختی سەرۆکی بنەماڵەکە، ئەوانی تریش لە چەند دێیەکی نزیکی یەك گیرسانەوەو بەسەر جووتیاران رادەگەیشتن، بەڵام جارێ نەیاندەوێرا خۆ لە قەرەی سلێمان یا دوای خۆیشی کوڕەکانی ( شلال و غالب) بدەن و دەست بۆ داهاتی ئەو دێیانە ببەن . جووتیاران ١٠٪یان دەدا بە سەرۆکی دێ ( ریش سپی، موختار ی دانراوی ئاغا یا هەڵبژێراوی خەڵکی دێ )، ئەویش دەیگەیاندە سەرۆکی بنەماڵەکە لە دووگر . وێ دەچێ هەندێکی تریش بووبن کە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵدا نەبووبن، ریش-سپیی دێ ١٠٪یان وەکۆ کردووەو لەجیاتی ئەوە کە بۆ ئاغای بنێرن بۆ دیوەخانی دێیەکەی خۆیان داناوە، مەگەر لە رۆژی کێشەوهەرا لەگەڵ عەشیرەتی تردا ( یا دواتر لەگەڵ فەرەنسیەکاندا) کە لەم حاڵەتەدا دێ بە پارە یارمەتیی بنەماڵەی دوورکیی داوە .

گوتمان سەرۆکی دوورکان لە دووگر بوو، و ئەندامانی تری بنەماڵەکە لە دێهاتی تردا بوون و دەستیان بۆ ١٠٪ی سەرۆك نەدەبرد و دەشیانویست داهاتێك بۆخۆیان دابین بکەن . لە سەردەمی شلالدا بوو، کە رێیەکیان بۆ ئەو

---

← ئاژەڵ لە شوێنێك کە بەدەگمەن شارستانی لێوە نزیك بێ، پارەیەکی ئەوتۆی بۆ خاوەنی تێدا نیە . لەوەش بگەڕێینەوە، بەهۆی رێ بەستراوی کۆچی هاوینەهەواریان، چیتر مەڕی زۆریان بۆ بەخێو نەدەکرا . لەلایەکی ترەوە، زەوی تادەهات دەبووە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات، بەڵام ئاغا بۆخۆی دابڕیبوو .

مەبەستە مل لێ نا: جووتیاری زۆرهەژارونەدار هەبوون کە لەسەر گاسنێك و حەیوانێکی کە بیکێشێ پەکیان-کەوتبوو، توانای کڕینیان نەبوو، ئەمان دەهاتن ئێستڕێك و گاسنێك و بنەتۆویان دەدانێ و بەرهەمیان لەگەڵدا نیوانیو بەش دەکردن . لەو قسانەی بۆیان دەکردم روون نەبوو ئایا جووتیارەکان، جگە لەوە، ۱۰٪ی باجی سەرۆکی دوورکانیشیان هەر ناردووە یان نـا . بەهەرحاڵ، ئەگەرئەوەشیان دابێت، دیساهەر پتر ناچاری ئـەو ئاغایە بوون کە هۆی بەرهەم هێنانی داونێ تاوەکو سەرۆك لە دووگر . دیارە پیاو تێ‌دەگا کە گەورەئاغا بـەم وەزعە نوێیە شاد نەبووەو زۆر کێشەوهەراشی لێ پەیدابووە . ئەم کێشەوهەرایانە لەسەر زەوی نەبوون، زەوی نرخێکی نەبووە،وەك با زۆر بووە . لەسەر سەرۆکایەتیش نەبوون، کەس نەهاتووە رەقابەتی سەرۆك لەسەر ئەوە بکا . کێشەوهەرا لەوە پەیدابوون کە ئەندامانی بنەماڵە ویستوویانە سەربەخۆیی خۆیان لە سەرۆکی بنەماڵە وەدەست بێنن، ئەوەبوو یەکێتیی بنەماڵە(ی ئاغایان) رووی لە تێکچوون بوو . ئەوەش بەهۆی شێوەی نوێی (؟) بەرهەم هێنان بەوە گەیشت . کێشەوهەرای ناو ئەم بنەماڵەیە تا رادەیەك رووی کێشەوهەرایەکی ئەو سـەر-دەمەشی هەبووە کە لەسەر عونسوری "کار" ( دارایی "نادر"ی ئەوسا) بووە، ئەوەبوو چینێکی نوێی جووتیار دروست ببوو ( یا بۆ جاری یەکەم دەدیترا) کە زۆر کەس ویستیـان ببنە خاوەنی . ئەوە لێرەدا سەرنج رادەکێشێ کە ئەندامانی بنەماڵەکە هەوڵی ئەوەیان نـەدا ئەو پێوەندیە سیاسی و ئابووریانەی کە هەبوون بگۆڕن ( بڵێین ۱۰٪ ـەکە زەوت بکەن، سەرۆکایەتیی سەرۆکەکە قەبووڵ نەکەن)، نە، رێك چوون نەزمێکی بەتەواویی نوێیان دەست پێ‌کرد، بارێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی نوێیان داهێنا لەجیاتی ئەوە کە لەسەر سیاسەتی لەمێژینە بڕۆن .

رووداوێکی دواسالانی ۱۹۲۰ دەریدەخا کە سەرۆکی بنەماڵە دەسەڵاتی سیاسیی هەرهەبوو و زەویی عەشیرە-تەکەی تەواو لەژێردەستدابوو . چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسیی مەسیحییان لە ناو دوورکان و عەشیرەتە-کانی تری هەڤێرکاندا لەوەی زۆربەی ناوچەکانی تریکوردستان کەمتر بوو، تەنانەت تا رادەیەك کە مەسیحی بە ئەندامی عەشیرەت دادەنران . بەڵام وەنەبێ ئیتر نێوانی مسوڵمان و مەسیحییان هەمیشە یەکجار زۆرخۆش بووبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی فەرەنسی لەوناوە دامەزرا، کە مەسیحیی ئیتر - پشت ئەستوور بـە فەرەنسیەکان - قسەیان لە کەس نـەدەخوارد و ئەوەنەبوو چیتر لە ئاست چەوساندنەوەو سووکایەتی پێ کردندا بێ دەنگ بن . هەندێك دێی دوورکان بەتەواوی مەسیحی بوون، فەرەنسی یەکێك لەو دێیانەیان زەوت‌کرد بێ ئەوەی هیچ زیانێك بۆ ئاغا ببژێرن، و بەسەر جووتیارە مەسیحیەکانی دێیەکەیاندا بەش‌کرد . لەو کاتەدا ئەڤدێ ( بڕوانە شکڵی ژمارە ۳) لەسەر دێیەکی تری مەسیحیەکان بوو،شلال - کە ئەوسا سەرۆك بوو- فەرمانی

دایێ کە دەست بەجێ دێیەکە بە دانیشتوانی بفرۆشێ، ئەڤدێ بەقسەی‌کرد و هەموو دێیەکەی فرۆشت و لێی دەرچوو و پارەکەی خرویر ( هەرهەموو) خستە دەستی شلال ـەوە . کەواتە دەبێ ئەوسا زەوی بە دارایی تـەواو دانرابێ ( کرابێ خاوەنێ بگۆڕێ، بکڕدرێ و بفرۆشرێ)، بەڵام جارێ دارایی شەخسیی تەواو نەبووبێ* . زەوی چیتر زەویی عەشیرەت نەبووە - بەڵام هەر دارایی تێکڕایی بنەماڵەکە بووە کە سەرۆکەکەی ئیدارەی کردووە .

تەبیعەتی رابەی ،هەرچۆنێ بێ، لە پەنجا ساڵی رابردوودا گۆڕاوە . دوورکی کۆچەر بوون و بەگوێرەی ئەوە ( بـە هەر حاڵ ئیتر ئەمە خۆیان وا دەڵێن کە ) سەرۆکایەتیان لەسەر ئەساسی توانای عەسکەری و دادگـەری و ژیری بووە . هەرچەندە پیاوی عەشیرەت ساڵانە مەڕیان بە دیاری دەدا بە ئاغا ، بەڵام ئاغاش ئەرکی زۆر بوو، ئاغای باش دەبوو حەیوانی زۆر سەربڕێ، لەبەرئەوە زۆرتر وادەبوو ئاغا دەوڵەمەندترین پیاوی دێ نـەبوو . کاتێ لە جەزیرە، کشتوکاڵ - تا رادەیەك یا تەواو - جێی حەیوان بەخێوکردنی گرتـەوە، مەرکەزی ئاغاش ئیتر لە سـەر ئەساسی ئابووری دەبڕایەوە . دامەزراندنی ئیدارەو دادگای فەرەنسیانیش لەوناوە، هـەرچـەنـدە دەسـەڵاتی سیاسیی ئاغایانی لەناونـەدا بەڵام کەمی کردەوەو، ئەمەش تەبیعەتی مەرکەزی ئاغای ئەوەندەی تر بەو رێیەدا برد . سەیر بکە چۆن ئەمجارە وەزعی ئابووری تەئسیری لە جێ‌گرتنەوەی سەرۆکدا هەبوو :

بەگوێرەی دابێکی کە کوڕی گەورە جێی باوکی بگرێتەوە ( کە لە بیروباوەڕی کۆچەردایە، هەرچەندە مەرج نیە لە واقیعدا وابێ ) دەبوایە دوای مردنی سلێمان، عەباس(ی دووەم) جێی بگرێتەوە نەك شلال ( چونکە ئەسڵەن سلێمان لەبەرئەوە ببوو بە سەرۆك چونکە عەباس(ی دووەم) لەبەر منداڵیی نەیتوانیبوو جێی باوکی ( محەمەدی یەکەم) بگرێتەوە، ئێستا وا عەباس(ی دووەم) گەورە بووەو سلێمان مرد ، ئیتر بۆچی سەرۆکایەتی ناگێڕنەوە بۆ خاوەنی و بۆچی دەیدەن بە شلالی کوڕی سلێمان؟ ) کاتێ من ئەم پرسیارەم لێ دەکردن، کەس بەهیچ جۆرێك بەلای مەسەلەی باوك و کوڕییدا نـەدەچوو، شتێکی تریان دەگوت : راستە عەباس و براکەشی ( شێخموس ) زۆر پیاو(مێر) بوون، لە شلال ئازاترو و پتر پیاوی شەڕ بوون، بەڵام شلال زۆر سەخی ( مەرد ) و ژیرتر بوو .

دوای شلال، غالب بوو بە ئاغا . ئەویش هەمان رەوشتی سەخاوەتی هەبوو و جگە لەوەش زۆر چاك دەیزانی چۆن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا رەفتاربکا ، کە وردە- وردە دەبوو بە یەکەم رەوشتێکی کە هەر ئاغایەکی

---

* نازانم ئەو دێیە لە تاپۆدا بە ناوی کام لقی ماڵەکە بووە،بەڵام ئەوانەی باسیان بۆ دەکردم دەیانگوت ئەوە ئەوسا مەسەلەیەك نەبووە، فرۆشتنی هەر بەدەست گەورەئاغا بووە .



سەنەدێکی تاپۆی عوسمانی ( ی. ٩٤ دۆنم زەویی دێی دووگر، کە بە ناوی
ئەندامێکی مالا عەباس، ماڵە ئاغاکانی عەشیرەتی دوورکان نووسراوە ) ،

باش پێویستی پێ دەبوو. هەندێ سەخاوەتی غالب زۆر تایبەتی بوو: کچەکانی" بەبێ داوای هیچ شیربایییەك" دەدا بە برازاکانی، شێوەیەکی میسالیانەی  رام کردنی کەسانێکی کە لەوانەبوو رەقابەت و سەرێشەی بۆ بنێنەوە .

سەربەوردی محەممەد(ی دووەم)  ( کە ماوەیەك میوانی بووم ) دەکرێ گۆڕانی لەوە بەم‌لامان بخاتە بەرچاو :
محەممەد لە ماڵی مامی ( شێخموس)دا گەورەکرابوو( باوکی لە شەڕێکی لەگەڵ فەرەنسیەکاندا- کە ساڵی١٩٢٢ بۆ یەکەم جار هاتبوونە ئەو ناوچەیە - کوژرابوو ) . شێخموس هەندێ جووتیاری هەبوون (بەو شێوەیەی باسمان کرد )، محەممەدیش ویستی بەشداریی تێدا بکا. کاتێ شێخموس نەیکرد ،محەممەد لەگەڵیدا تێکچوو و باری‌کرد چووە دووگری پایتەخت کە شلال لەوەتای ببووە سەرۆك لێی دەژیا . محەممەد لەوێش بە بەرچاوی شلالەوە ئێسترێك و گاسنێکی دا بە جووتیارێکی هەژار کە بچێ بەنیوەیی زەویی بۆ بکێڵێ، تەبیعی بەمە شلالیشی لەخۆی رەنجاند . ئەوجا ناچار لە دووگریش باری کرد، چوو لە دووریی سەعاتە رێیەکی پیادە لە دووگرەوە دایکوتا . بەڵام خزمەکانی لە دووگرەوە تا لە دەستیان بهاتایە هەوڵیان دەدا تەنگەی پێ هەڵچنن . بە هەر هەژاری و برسێتی و دەردی سەریەك بوو، بە یاریدەی خەزووری ( خاڵی ) - کە تەنانەت خانووەکەشی هەر ئەو بۆی دروست کردبوو- گوزەراندی* . زۆری پێ نەچوو، شێخموس ( مامی) هات و خانوویەکی لە پەنا ماڵەکەی ئەودا ئاوەدان کردەوە، بەم جۆرە مام دەوریان دا . سەردەمێك ئارامیەك کەوتە وەزعەوەو محەممەد کچی سلێمان

---

* پەندێکی پێشینانی کورد دەڵێ : خالا خوارزی راکرن، ئاپا برازی داکرن ( خاڵان خوارزایان بەرزکردنەوە، مامان برازایان هێنانە خوارەوە ) . کەواتە مام و برازا رەقیبی یەکترن، کەچی خاڵ و خوارزا پشتی یەکتر دەگرن (چونکە کێشەیان لەسەر بەرژەوەندی ئابووری لەنێواندا نیـە) . رەنگە هەر ئەوەش بێ وا باوی هێنانی کچی مامی خۆش‌کردبێ : رێگایەك بوو بۆ پێکەوە لواندنی دوو بەرژەوەندی کە دەشیا پێك‌هەڵپڕژێن . بەڵگەکەی بارت(١٩٥٤) بەراوردبکە . خاڵ هەر لەوانەیە بەناوی چاکە و یارمەتی کچی خۆی بدا بە خوارزا، بەڵام ئامۆزا- هێنان ناوەرۆکێکی سیاسیی هەیە .

شیربایی ماڵە گەوران بەلای کەم شەش هەزار لیرەی سووریە کە دەکاتە ١٥٠٠دۆلار ( ئەوە ئەگەر بۆ خزمان بێ، ئەینا بۆ غەیرە دوو ئەوەندەش پترە)، لەبەرئەوە غالب بەڕاستی سەخاوەتی کردووە .

( عەلیە،خوشکی شلال) ی هێنا ، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ، دیسا کێشەوهەرا پەیدابووەوە . محەمەد جحێڵێکی تووڕە بوو،ملهوڕ،دڕ، نە ئەوەبوو بسازێ، نە ئەوەبوو ببەزێ ، تا خۆی سەپاندو بە زۆر جێی خۆی کردەوە . کەم-کەمە دێیەکی بەدەورەوە ئاوەدان بووەوە، جگە لە جووتیاری هەژاری کە دەچوونە لای گاسن و حەیوانی دەدانێ، جووتیاری تریش روویان تێ کرد، ١٠٪ی لێ دەستاندن و ئیتر بۆ دووگری نەدەنارد و بۆ خۆی هەڵدەگرت . لە دێهاتی تریشدا هەر وای لێهاتبوو یا خەریك بوو وای لێ دەهات، تا لەدواییدا غالب هەر داهاتی تەنیا دووگر و یەك یان دوو دێی تری بۆ مایەوە . محەمەدیش، لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٤دا نووسینێکی تری زەوی هاتە کایەوە، هەرهەرچی زەویی دەوروبەری دێی بوو بەناوی منداڵەکانییەوە نووسرا و ئیتر بە رەسمی وقانوونی سەربە-خۆ و خاوەنی زەویی خۆی بوو . ئێستا پێوەندیی لەگەڵ جووتیارەکانیدا وەك جاران نەماوە . لەوەتای مەکینە ( لەسەرەتای ساڵانی ١٩٥٠دا تراکتۆر، لە دواساڵانی ١٩٦٠دا مەکینەی دروێنە(١٨)) پەیدابوون، منەتێکی بە جووتیاران نەماوە،دەتوانێ پیاوێك بە مەکینەیەکەوە بگرێ و هەمووکارەکەی پێ بکا . بەڵام لەلایەکی تریشەوە، خۆ ناکرێ هەر وا سووك و ئاسان دەست لە " پیاوەکانی خۆی " بەردا و تەواو، لەبەرئەوە بڕیاری لەسەرنیواونیو داوە : نیوەی زەویەکەی خۆی بە مەکینە رەنێودێنێ، نیوەکەی تری دەدا بە دێهاتیەکان کە هەمان مەکینە بەکار-دێنن و ١٠٪ی دەدەن بەو( بە محەمەد) . بەڵام وا ئێستا باسی ئەوە دەکا کە چۆن بە رێیەکی ماقووڵانە خۆیان لێ رزگار دەکا : کاتێ زەویەکانی بەسەر ئەولادە زۆرەکانیدا بەشدەکرێن، بەشی جووتیارەکانی لێ نامێنێتەوە، ئیترهیوای بەوەیە کە جووتیارەکانی بەگوێرەی قانوونیچارەسەرکردنیکشتوکاڵ لە شوێنیتر زەوییان بەربکەوێ و یەخەی بەردەن . ئەم گۆڕانە لە شتی تریشدا دەبینرێ، دیوەخانەکەی (خانوویەکی گەورەی سەربەخۆ) داخراوە، دێهاتییش ئەوەندە سەری نادەن، زۆرتر ئەوانەی لە کۆنەوە پیاوی بوون و لە شەڕوهەراياندا لەگەڵیدابوون بە - زۆری سەر لە ماڵی دەدەن .

وەزعی گشتیی عەشیرەتەکانی تریش ئەوسا لەوناوچەیەدا وەك ئەوەی دوورکی بوو، کە بە تەئسیری ئیدارەی بێگانە و زۆربوونی ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا مەرکەزیەتی رابەریی لەناوچوو، بەڵام خۆ هیچ بارێکیش نیە دەقی لە شکان نەیەت : لە ساڵانی ١٩٢٦دا شەخسیەتێکی بەهێز لە تورکیاوە هاتە سووریا و توانی بە تێكهەڵشێلانی هەردوو شێوەی کۆن و نوێ دەسەڵاتێکی زۆر لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە . مەبەستمان لە " حاجۆ "ی دوا سەرۆکی گەورەی هەڤێرکانە . مێژووی نوێی ئەم عەشیرەتەو بەتایبەتی سەربەهوردی حاجۆ دوا حاڵەتێك دەبن کە لێرەدا باسی لێوەدەکرێ .

## یەکێتی عەشیرەتانی هەڤێرکان وحاجۆ

هەڤێرکان یەکێتیەکی گەورەی عەشیرەتانە ( وەك دەڵێن لە ٢٤ عەشیرەت پێکدێ ) ، هەندێکیان مسوڵمان و هەندێك یەزیدین، خەڵکێکی مەسیحییشهەن هەمیشە رەگەڵ عەشیرەتدان . هەڤێرکان سەر بە ئەمارەتی بۆتان بووە، دەڵێن ئەمارەتی بۆتان نەزم و قانوونی تێدا هەبووەو عەشیرەتەکانی بەگژیەکتردا نەچوون و حەقەن لە ناو عەشیرەتیشدا شەڕی خۆیەخۆیی بە هیچ جۆرێك رووی نەداوە . سەرۆکی هەمووهەڤێرکان لە خزمەتی میری بۆتاندا بوو . کاتێ میر لە بەرامبەر دەوڵەتیعوسمانیدا شکاو دوورخرایەوە (١٨٤٧)، ئەمارەتەکە بە دەردی زۆر لە عەشیرەتەکانی کورد چوو: شەڕ لەسەر رابەری، تان و پۆی لێك هەڵوەشاند . یەکەم بنەماڵەیەکی حوکمی یەکێتی عەشیرەتەکانی هەڤێرکانی کرد ماڵی" شێخێ" بوو ، کە لە ناوەکەی ( مالا شێخێ ) بەولاوە شتێکی زۆری لێ دە بیرەوەریدا نەماوە . بە زوویی" مالا رەمۆ " جێیان گرتەوە . عەلی رەمۆ سەرۆکی بەشی" ئەرەبیان" بوو کە بە" مێرانی" ( پیاوەتی، ئازایەتی ) توانی بەشەکانی تری عەشیرەتیش یەك بەدوا یەکدا بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە . بنەماڵەکەی لەدوای خۆی وردە- وردە دەسەڵاتی لەدەست دەرچوو و دەسەڵات کەوتە دەستی مالا ئۆسمان لە بەشی ئەلیکان . کاتێ مالا ئۆسمان دەستیان بەوەکرد دەسەڵات بەسەر بەشەکانی تری عەشیرەتدا پەیداکەن، ئۆسمان خۆی نەمابوو، حەسەن ( بڕوانە شکڵی ژمارە ٤) یەکەم کەس بوو کە هەندێ بەشی تری




شکڵی ژمارە ٤ نێوانی نەژادیی ماڵی ئاغاکانی بەشێکی هەڤێرکان ( مالا ئۆسمان ) (١٩)

عەشیرەتی هێنایە ژێرحوکمی خۆیەوە . رابەریی هەڤێرکان سەردەمێکی زۆر بە دەست دوو ماڵان (عەلی رەمۆ و ئۆسمان ) بوو . تەنانەت دوای ئەوەش کە ماڵا ئۆسمان دەستیان بە سەر هەموو هەڤێرکاندا گرتووە، وێ دەچێ هەر بە " تازە بەسەردا کەوتوو" سەیرکرابن . هەر ماڵا رەمۆ لەبەر چاوی خەڵکەکە گرانترن . ئەمە پڕ مانایە کـە تەنانەت دەبینی وادەبێ کەسانێکی ماڵا ئۆسـمان لەبەر ماڵا عەلی رەمۆ هەڵدەستن کەچی ماڵا رەمۆ لە ئاست ماڵا ئۆسماندا وا نین، یان وادەبێ ماڵا عەلی رەمۆ دەوری ناوبژیکەری لە کێشەوهەرای نێوان لقەکانی ناو ماڵا ئۆسماندا دەبینن .

حـاجـۆ(ی دووەم )حوکمی فراوانتر برد، بەڵام هەر بە هەموو هەڤێرکان رانـەگەیشت . بەگوێرەی نەخشـەیەکی هەیبوو، بەگژ عەشیرەتی هاوسێ ( دەکشووری)دا چوو، کە دەکشووری قەت سەر بە ئەمارەتی بۆتان نـەبوون، و بەمە زۆر لەهەڤێرکانی خستە ژێرئاڵای خۆیەوە . بـەڵام هەر ئەوەش کێشەوهەرای لەگەڵ حکومەتی عوسمانیی دۆستی دەکشووریدا بۆ پەیداکرد . ئیتر هەڤێرکان لەوساوە بە عەشیرەتێکی یاخی ناویان دەرکردو لە راستیدا ئەوانیش ئیتر دەریانخست کە ئەو ناوەیان بۆ دەبوو .

حـاجـۆ(ی دووەم ) ساڵی ١٨٩٦ بە فیتی سەرۆکی دەکشووری ( جەمۆ) کوژرا . رابەری، کەوتە دەستی" ئەلیکێ بەتێ " و " چەلەبی"یەوە، کە بە شەڕی هەمیشەیان لەگەڵ یەکتردا بەشەکانی عەشیرەتیان خستنە ژێر فەرمانی بنەماڵەکەیانەوە . ئەلیك ئازاو زۆر بە شەخسیەت ( کاریزما) و قارەمانی ئەفسانەیی عەشیرەتەکەی بوو، پتر لە ٢٠ساڵ شەڕی پارتیزانیی دژی حکومەت کرد . تۆڵەی ئامۆزای خۆی سەندەوەو بەدەستی خۆی" جەمۆ"ی کوشت . لە رۆژگاری شێواوی دوای شەڕی جیهانیی یەکەمدا شاری"مدیات"ی گرت و ویستی حکومەتێکی سەربەخۆی تێدا دامەزرێنێ . ئەوسا، جگە لە هەرە زۆربەی هەڤێرکان، عەشیرەتی تری هاوسێشی خستبوونە ژێر فـەرمانی خۆیەوە . مەسیحیەکان، کە بەدەست چەوساندنەوەی تورك و عـەشیرەتی تری کـوردەوە رەزالەتیان بوو، چاویان لە ئەلیکێ بوو بیانپارێزێ، ئەوەبوو لە گەیشتنی بەومەرکەزودەسەڵاتەدا شەرکەری مەسیحیی دڕ یارمەتیان دا*.

---

* باسی ئـەلیك، راپـەڕینەکانی و پـارێزگاریکردنی لە مەسـیحییان، لە پـەروەنـدەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیسیشدا هەیە : (F.O.371),1919: 44A/107502/149523/163688/30

زۆر بەیت هەن قارەمانەتیی " شەمعوون حەننا"ی مەسیحیی هاوسەنگەری ئەلیك دەگێڕنەوە، مەسیحیەکانی تۆرعابدین دەیانڵێن .

ئەلیك له ١٩١٩دا لەهەلومەرجێکی تاریك و نادیاردا کوژرا و یەکێتیی عەشیرەتەکەی لەناوچوو. چەلەبی و سەرحان (ی دووەم)، کە لەوبەینەدا دەستەیەکی چەکداری تایبەتی سەدکەسییان پێکەوەنابوو، بەشێکی هەڤێرکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. هەندێ بەشی هەڤێرکان لە ژێر فەرمانی رابەرەکانی خۆیاندا سەربەخۆ مانەوە،هەندێکیش حاجۆ ی سێیەم یان قەبووڵ کرد کە قارەمانی ئەم چیرۆکەی ئێمەیە.

حاجۆ (ی سێیەم) :

حاجۆ (دوای کوژرانی باوکی لەدایك ببوو) هێشتا زۆر لاو بوو ئەو سیفەتانەی تێدا دیار بوو کە دەبوو بە ئاغایەکی گەورە، زۆر ئازا بوو، بە روونی دەیزانی چیی دەویست و بە بێ دوودڵی هەنگاوی دەنا،لە هێرش بردندا پسپۆرو لە تاکتیکیعەسکەریدا چازان بوو. بە چەند پیاوێکیخۆیەوە تەنگەی بە چەلەبی هەڵچنی، کە لەپێشدا بە هێزێکی باش و بە شێوەی پارتیزانانە بەسەر نوختەیەکی بێ هێزی دەستەی چەلەبیدا دەدا کە لەسەداسەد دڵنیابوو تێدا سەردەکەوێ،و خۆی لە رووبەڕوو بوونەوەی تەواوی چەلەبی دەبوارد، پیاوی ژیر نابێ لەخۆڕایی دڵ بە دەریادا بداو سەرەڕۆیی بێ جێ بکا، ئەوەی بیەوێ بگاتە سەری چیا نابێ لە هیچ کوێ پێی بخلیسکێ.

( " جەمیل "ی کوڕی حاجۆ، کە زۆر لەو قارەمانیانەی باوکی بۆ دەگێڕامەوە، لێرەدا هاتە سەر ئەوە کە " هەر حەیوانێکی دەستیان بکەوتایە پێشخۆیان دەداو دەیانهێنا"، لەسەرەتادا من لەوە نەگەیشتم یانی چێ رابەرێك بەوشێوەیە دەسەڵات بەسەرعەشیرەتی خۆیدا پەیداکا،لەبەرئەوە لێم پرسی: "یانی دەتەوێ بڵێیکە ئەو ئاژەڵەیان دەدزی ؟ "، جەمیل ،کە دەیزانی ئەوروپایی بە چاوێکی تر سەیری ئەو مەسەلانە دەکەن،گوتی : " حاجۆ دەستی بەسەردا دەگرتن، بەڵام ئەوە دزی نەبوو، تالان talan بوو، کە بەتەواوی مەسەلەیەکی ترە، دز بە شەو دێ و بەدزی شت دەبا، پیاوی پیاو بە ئاشکرا دەبا و رووبەڕووی هەرکەسێ دەبێتەوەو بە هەموو خەڵکی دەسەلمێنێ کە ئەو بەهێزترین کەڵەپیاوێکە، چۆنی دەوێ وادەبێ و کەس ناتوانێ لە ئاستیدا بڵێ لەل " ) .

حاجۆ لە هێرشدا پسپۆڕ بوو،و چەلەبی هەموو دێیەکانی خۆی پێ لێ نەدەپارێزرا، یەك دێ دەبوو بە دوو دەستەو زۆر شەوان تەقەیان لە یەکتر دەکرد: دەستەیەك لایەنگری چەلەبی و ئەوی تر لایەنگری حاجۆ بوو. دوودەستەیی ناوخۆی پێش پەیدابوونی حاجۆش بەهانەیەکی نوێیان بۆ رەخسا کە زیندوو ببنەوەو ئەوەندەی تر خەست ببنەوە*.

---

* ئێستاش بەزمی لەم بابەتەی زیندووبوونەوەو ئەوەندەی تر خەست بوونەوەی دوژمنایەتی بەبەهانەی نوێ ←

بەم جۆرە، ئەوانەی سەرۆکایەتیی حاجۆیان قەبووڵ بوو ورده- ورده بەڵام بە سەبات ژمارەیان زیادی کرد . لە ١٩٢٥دا زۆربەی لەگەڵدا بوو .

بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی پیاوی کە بیر لە سیستمی تەشکیلاتی عەشیرەتی دەکاتەوە، حاجۆ نەچوو لە پێشدا بەرەی خۆی یەك لا کاتەوەو دوای ئەوە بە دەستەی گەورەتردا بێ، نەخێر، ئەو لە هەمان کاتدا خەریکی هەموو لایەك بوو، هەندێکی لەم بەش و هەندێکی لەو بەشی تری عەشیرەت بۆ خۆی دادەبچڕی، دوژمنایەتیی بچووکی ناوخۆی ئەو بەشانەی کە هێشتا نەهاتبوونە ژێر فەرمانیەوە زۆر بە باشی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنا و بە زوویی لایەکیانی لێ رەگەڵ خۆی دەخست، و بێ ئەوەی توانیبێتی هەموو عەشیرەتەکەی لە ژێر ئاڵای خۆیدا بکاتەیەك -کە قەت نەبوو-، رووی لە سیاسەتێکی زۆر فراوانتر نا : هەوڵی دا یەکێتیەکی نەتەوەیی پێك بهێنێ ( تەبیعی بە رابەریی خۆی) . لە ١٩٢٥دا، راپەڕینێکی نەتەوەییکورد بە رابەریی شێخ سەعید هەڵگیرسا. زۆرتر عەشیرەتەکانی باکووری رۆژهەڵاتی دیاربەکری تێدا بەشداربوون . لەو عەشیرەتانەی فەرمانیان درایێ کە بچنە دیاربەکرو شەڕلە دژی یاخیەکان بکەن هەڤێرکان بوون ـ کە پێشوو لە ١٩٢١دا ،ساڵ و نیوێك دوای مەرگی ئەلیك،تەسلیم ببوون و ئێستا بەعەشیرەتێکی لایەنگریحکومەت دادەنران . حاجۆ کە جارێ نەیدەویست خۆی لەگەڵ حکومەتدا تووش بکات، بە ناوی بەجێهێنانی فەرمانی دەوڵەت پیاوەکانی بەرەو دیاربەکر برد، بەڵام بە رێیەکی وایدا بردن کە دڵنیابوو لە یاخیەکان بەدوور بوو . دوایی لەو ساڵەدا، دوای ئەوە کە بەشی سەرەکیی یاخیەکان لە لایەن لەشکری تورکەوە شکێنرا، حاجۆ و پیاوەکانی بە بێ ئەوە کە پەڵەی خیانەتیان بە مەسەلەی کوردهێنابێتە سەرخۆیان گەڕانەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان . دیارە ئەگەر حاجۆ ویستبای، دەیتوانی بچێتە ریزی راپەڕینەکەوە ( لەوانەیە پێشەکی ئاگاداری بووبێ و تەنانەت لێشی داواکرابێ کە بەشداری بێ )، بەڵام بەهەر حاڵ،نەخشەو رابەریی ئەو راپەڕینە لەلایەن کەسانێکی ترەوەکرابوو و لەوانەبوو حاجۆ لەباشترین باردا بیتوانیبا دەورێکی دووەمی تێدا هەبوایە، منلام وایە لەبەر ئەوە بووە کە بڕیاری داوە چاوەڕێ بکا. ئەوەبوو ساڵێك دوای ئەوە رۆژی هات، پیاوەکانی لە ناوەڕاستی مارتی ١٩٢٦دا مەرکەزەکانی پۆلیس و حدوودیان گرت، هەموو کارمەندانی دەوڵەتیان لەوناوە قاو دا، و داوای یارمەتیی فەورییان لە هەموو ئاغاوەتی دەوروبەرکردو لەوانەش کە لەو شوێنانە بوون کە ببوون بە سووریاو عیراق . کە پیاو هەوڵ دەدا ئەو سەردەمە بهێنێتە بەرچاوی خۆی و

---

← ( لەم بارەی ئێستادا : هەر چوارساڵ جارێك هەڵبژاردن ) لە تورکیادا باوە .

بزانێ چۆن بووە حاجۆ وا پەلەی کردووە، بەڕاستی بەتەواوی بۆی ساغ نابێتەوە مەسەلە چی بووە . ڕەنگە سزای تورکان کوردی ئەو ناوچەیەشی گرتبێتەوە، لەوانەیە نەخشەیەك لە ئارادا بووبێ ( و کەمایەسی لە بەجێهێنانیدا بووبێ)، چونکە هەرلەهەمان ئەو سەرودەورەدا یاخی بوونی بچووکی تری نەتەوەیی لەبەشەکانی‌تری کوردستانی مەرکەزییشدا هەبوون، کەچی جگە لە چەندعەشیرەتێکی هاوسێی کە ئیتر لە ژێردەستی خۆیدا بوون و تاك و تەرا لە عەشیرەتی ترەوە ( لەوانە : مەهدی ی برای شێخ سەعید ، کە بەرلەوە رایکردبووە عیراق )، خەڵك بەدەم " بانگی نەتەوایەتیی کورد"ی حاجۆوە نەهاتن . زۆربەی ئاغاوەتی عەشیرەتان دەترسان خۆیان تووش بکەن . حاجۆ دە رۆژ هەموو ناوچەکەی لە ژێر تاقە فەرمانی خۆیدا هێشتەوە، دوایی لەشکری تورك ناچاری کرد بچێتە سووریاوە . ئەوسا فەرەنسیەکان ئەوپەڕی باکووری رۆژهەڵاتی سووریایان بەتەواوی بۆ کۆنترۆڵ نەبوو، حاجۆش و دوژمنەکانیشی بە هاسانی دەهاتنە ئەو ناوچەیەوەو دەڕۆیشتنەوە . عەشیرەتی " تەی " ( طَي ) ی عارەب پەنای حاجۆی دا، ئەوجا ماوەیەك هەر بە دەستەی پارتیزانی کەمەوە ( چەتە çete ) دەچۆوە ناو تورکیاوە و پەلاماری دەوریەکانی تورکی دەدا، تاکو فەرەنسیەکان وەستاندیان .

حاجۆ، کە ئاغایەك بوو ،لەلایەن فەرەنسیەکانەوە بەگشتی بە رێزەوە رەفتاری لەگەلدا کرا . ئاغاکان،کەمتر بە هاتنی شادبوون، چونکە حاجۆ بۆ رەقیب زێدەبەهێزو خەتەر بوو . لە سایەی هۆشیاریی دیپلۆماسیەوە بە زوویی بوو بە دەمڕاستی فەرەنسیەکان لەناوعەشیرەتەکوردەکاندا . لەلایەکی ترەوە،ئەو نێوانخۆشیەشی لەگەڵ فەرەنسیەکاندا، وێڕای رێوشوێنەکانی کۆنی کە هەر بەکاری دێنان، بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی بەکەڵك هات، حاجۆ قەت وەك ئاغاکانی تر دانەنیشت کشتوکاڵ بکا ، ئەو پیاوی کشتوکاڵ کردن نەبوو ،جەنگاوەرو سیاسی بوو ، بە هاوکاریی لە گەڵ فەرەنسیاندا شارێکی بۆخۆی ئاوەدان کردەوە : " تربێ سپی Tirbê spî "(٢٠) .

حاجۆکاتێ هاتە جەزیرە،هیچ مڵکێکی لەوێ نەبوو ، ئەو زەویەی" تربێ سپی" شی لێ ئاوەدان کردەوە لە ئاغا-کانی دوورکی‌ی وەرگرت . قەت هیچ دێیەك لەوناوە ١٠ ٪یان نەدابووبێ،بەڵام هەندێکیان زوو دوای‌گەیشتنی دەستیان پێ کرد دایانێ، کە زەحمەتە لەدڵەوە بەکەیفیان بووبێ، بەڵام دیارە موختارmuxter ەکان بیریان لەوە کردووەتەوە کە بە رێکوپێکی شتێکی بدەنێ و لە بەڵاو فەلاکەتی بە دوور بن، دەنا خودا دەزانێ دەستەیەکی چەکداری حاجۆ بەسەریاندا بدا بە چەندە زیان رزگاریان دەبێ . ئاغای دوورکی‌ی رەقیب بەیەکتر رەقابەتی خۆبەخۆیان لەبیرخۆ بردەوەو پاڵیان وەیەك دا ،نەوەکا حاجۆهەموو محافەزە( استان)کە بخاتە ژێرفەرمانی خۆیەوەو بەشی ئەوەندەیان بۆنەهێڵێتەوە کە شەڕی لەسەر بکەن . ئەوان ئێستاش حاجۆ بە رەفتاری دزێو و بە دزیی زۆر

تاوانبار دەکەن، بەڵام وادیارە زۆرتر لەوە ترساون کە حاجۆ لای فەرەنسیەکان دەستی رۆیشتووە،بەڤوونە: کاتێ فەرەنسیەکان کرێکاریان ویستبێ،لە حاجۆیان داواکردوون و کرێشیان هەرخستووەتە دەستی ئەوەوە، لەبەرئەوە زۆر لە خەڵکە رەمەکیەکە روویان لە حاجۆ کردووە .

حاجۆ وێرای ئەو رێبانەی بۆ پێشکەوتنی سیاسی دەیگرتنەبەر( دوژمنایەتی کردن و پەلاماردان، نێوان خۆش-کردن لەگەڵ دەوڵەتدا ) رێگایەکی سێیەمیشی هەبوو کە دەسەڵاتی پێ زیاد دەکرد : کوردێکی نەتەوەیی ( ی دڵسۆز)یش بوو، بوو بە یەکێك لە ئەندامە هەرە لەپێشەکانی کۆمەڵەی " خۆیبوون " ی کورد ( ئەو کۆمەڵەیەی کە بەشێکی زۆری نەخشەی یاخی بوونی ئاراراتی دانا )، و کاتێ لەشکرەکانی تورك یاخی بوونی ئاراراتیان خستە مەترسیەوە، حاجۆ بۆ خەریك کردنی لەشکری تورك دەچووە تورکیاوە و بەسەر رۆژهەڵاتی باشووری تورکیایدا دەدا . حاجۆ بە تێکڕای ئەو رەفتارو سیفەتانەی بوو بە بەدەسەڵاتترین و بە تەئسیرترین ئاغای کورد لە ناوچەیەکی گەورەدا،و بەرلەوە کە گۆڕانی ئابووری و سیاسی بتوانن وەزعی لێ بشێوێنن کۆچی دوایی کرد . بەم جۆرە، بە وێنەی دوا ئاغای گەورەی ئەو ناوچانە لە بیرەوەریی خەڵکدا دەمێنێتەوە (٢١) .



گۆڕی حاجۆ لە دووگر، نیشانەکانی ژیانی ئەو ئاغایەی بەسەرەوە : دەمانچەو دووربین و خەنجەر .

ئەوەی لە نەریتی سیاسیی‌هەڤێرکاندا سەرنجی پیاو رادەکێشێ ئەوەیە کە دەسەڵاتی مەرکەزی بەتەواوی جێگیر نەبیبوو و لە بەشێکی عەشیرەتەوە دەکەوتە دەستی بەشێکی تری ( یا راستتر : لە ماڵێکەوە دەکەوتە دەستی ماڵێکی ترەوە)، لەدواییدا هەردوولا خۆیان لێ بە فەرمانڕەوا کردو هەردوولا لە هەرهەمان بنەماڵە بوون . ئەگەر شتی تر تێ نەکەوتنایەو بارەکە هەروا درێژەی هەبوایە، لەوانەبوو مالا ئۆسمان بوویان بە بەرەیەکی بەگزادەی وەك ئەوەی جـافـان . مەرکەزی مالا عەلی رەمۆش سەرنج رادەکێشێ، کە هەرچەندە دەسەڵاتی راستەقینەی سیاسیشیان نیە (مەگەر بەسەر لقی" ئەرەبیا Erebiya" ی خۆیاندا ) کەچی لە مالا ئۆسمان پتر رێزیان لێ دەنرێ .

## ١١- جووتیاری ناعەشیرەتی کوردو نێوانیان لەگەڵ عەشیرەتی کورددا

کوردی ناعەشیرەت بەگشتی خاوەنی زەوی نین، شەریکەبەش یا وەرزێرن؛ خزمایەتیەك پێکیانەوە گرێ دەدا، بەڵام ئەمە لە رووی سیاسیەوە کاری ئەوتۆ ناکا، مەیلێکی ئەوتۆیان تێدا بەرچاوناکەوێ کە ژن هێنان لەناویاندا هەر لەناو دەستەیەکی تایبەتی خزماندا بێ. دیارە پیاوی عەشیرەت مەسەلەکە جیاواز دەبینێ: "ئێمە ئاغا و حاکم و ئەوان خولام و حوکمکراون". پیاوی عەشیرەت جەنگاوەرە، رەنجبەر نیە، گوایە ناعەشیرەت شەڕیان لە دەست نایە، و تەبیعیە کە ئاغاکانیان بۆ کار بەکاریان دێنن. چۆن ئاژەڵ بۆ بەرهەمی بەخێودەکرێ، ئەوانیش شتی لەوبابەتەن،هەر وشەی" رەعیەت " بەعارەبی لە ئەسڵدا واتا " ئاژەڵ "(٢٢). زۆر ئەوروپایی کە لە سەدەی ١٩دا سەریان لەکوردستان داوە،ئەو جیاوازیەیان زۆر لەوە پتر داناوە کە من ئێستا چاوم پێ دەکەوێ. دوور نیە ئەوساش هەرکەمێك بەزێدەیان گوتبێ، ئەو ئەوروپاییانە بەگشتی هەر گوێیان لە پیاوی عەشیرەت گرتووە کە بەکەیفی خۆی خۆی بۆهەڵکێشاون، بەڵام ئەوەش هەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نیوسەدەی رابردوو ئەو جیاوازیەی جارانی عەشیرەت و ناعەشیرەتی کەمکردووەتەوە.

پیاویعەشیرەت شوانکارەی کۆچەربوون یا نیوەکۆچەرو کشتوکاڵیش وێڕا، جووتیارو پیشەوەری ناعەشیرەت لە رووی ئابووری و سیاسیەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندابوون. ئێستا کە پیاوانی عەشیرەت زۆربەیان نیشتەجێن و خەریکی کشتوکاڵن وکە دژایەتیی چینایەتی لەناوهەردوو دەستەدا پەرە دەستێنن، سنووری نێوانیشیان ئیتر وەك جاران روون وئاشکرا نیە. لەبەرئەوە، من کەرەستەی ئەم باسەم لە نووسراوەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای ئەم سەدەیە وەدەست دەخەم.

### چەوساندنەوەی ئابووریی جووتیاران لەلایەن عەشیرەتەوە

رادەی ئەم چەوساندنەوەیە بەگوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێ. لە ناوچەکانی "پەرڤاری" و لە "هەکاری" (کورد-ستانی تورکیا) دا دیتم کە ناعەشیرەت هەردروێنەی گیای بۆ تفاقی ئاژەڵی ئاغا لەسەربوو و هیچی دی. لە "شاتاق" و "نۆردووز" (لە پەنا هەکاری - لە باکوورەوە) جووتیاری ناعەشیرەت (کە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوە پێکدێنن، بە خاوەنی زەویی خۆیان دانانرێن و بەشێکی زۆری بەرهەمیان دەدەن بە ئاغاکانی "گیراڤی" کە خاوەنی زەویەکەن. بارت، لە باسی کوردستانی باشووردا، دەڵێ هەمەوەند (هەرتەنیا) ١٠-٢٠٪ی دانەوێڵەو یەك لەسەرسێی بەرهەمی بێستانی بەراویان لە جووتیارە ناعەشیرەتەکانیان دەستاند،کە لەوەی ئاغای شوێنی

تر له جووتیاری هاوعەشیرەتی خۆیان دەستاند پتر نەبوو . بەڵام بەهەرحاڵ،هەموو وەك یەك نین،لە ناوهەمموە-ندیش و بەتایبەتییش لەناو دزەیی‌دا مسکێن ( نـاعەشیرەتی رەعیەت) بە زەویەوە بـەنـدبوو، ئاغای عەشیرەت خاوەنی هەرتك : زەوی ومسکێن بوو، و مسکێن هەروا بە هاسانی نەیدەتوانی لە لای ئاغایەك بڕوا وبچێتە لای یەکی تر*. تەنانەت ئێستاش، دوای سیاسەتی دژی خاوەن زەویش لەعیراقدا، ئاغای دزەیی ناهێڵن مسکێنیان بەکەیفێ خۆی کەی بۆکوێی ویست بگوێزێتەوە . جووتیاری ناعەشیرەت جاران" کۆیلە" ( عەبد)ی تەواو بوون . تایلەر باسی ئەوە دەکا کە لە ساڵانی ١٨٦٠دا جووتیار( ی مەسیحی، زێرکـڕی ) ی ناوچەی بـۆتـان لەگەڵ زەویەکانیاندا دەکڕدران و دەفرۆشران . ٤٥ساڵ بەرلەوە، ریچ ی هاووڵاتی، چووەتە سلێمانی ( میری بابانی



هۆبەیەکی نیوە کۆچەران ( رەوەندی کە گەرمیان و کوێستان دەکەن ) - مەڵـەندی پەرڤاری

---

* بەڵام بەهەرحاڵ، چەند نموونەیەکی کۆچی تێکڕایی جووتیـارانیش بەدەستەوە هەیە . لەسەرەتای ساڵانی ١٨٣٠دا کە دەسەڵاتی بابان بەهۆی شەڕی ناوخۆی کز ببوو و کە چاوقووڵکە( تاعوون) وڵاتی کاولکرد (١٨٣١ / ١٨٣٢)، جووتیاری زۆر وێکڕا لە زەویەکانیان رۆیشتن و roo رووویان دە باکوور کرد، چوونە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی میری دەسەڵاتدارو سەخت بەڵام دادگەر " میری رواندز"دا بوون . ( فرێزەر (١٨٤٠) ١ : ١٧٧) .

فەرمانڕەوای ئەوێ بانگێشتنی کردووە ) نووسیویە کە : " پیاوێکی عەشیرەت جارێکیان لای من ئەوەی درکاند کە تیرەکان پێیان وابوو کە جووتیار تەنیا بۆ فایدەی ئەوان دروست کراون، و حاڵی جووتیاری کورد بەڕاستی کۆڵەوارە " . ریچ جیاوازیەکی کەمی لەنێوان باری ژیانی جووتیاری کوردو قولە(کۆیلە) رەشەکانی جەزیرەکانیهیندی رۆژئاوادا (٢٣) دیوە . ئاغایەکی تر پێیگوتووە :" من باجی خۆمیان لێدەستێنم کە زەکاتە یا ١٠٪ی هەموو شتێك، و لەوەش بەولاتر ئەوەندەی بۆم بکرێ بە هەرشێوەو بەهانەیەك بێ لێیان دەردێنم" .

## جیاوازیی قەومی

مەسیحی لە کوردستان هەن کە زمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆیان هەیە . زۆرتر هەر ژێردەستەی ( سیاسی و ئابووری) ئاغای عەشیرەتی کورد بوون . هەرچەندە هەندێك دەستەی مەسیحییش هەبوون کە ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەبووەو تەنانەت هەندێکیشیان ( نەستۆریی کوردستانی باکوور) جووتیاری کورد ژێردەستەیان بوون ! . مەسەلەکە وا سادە نیە ( وەك سەرچاوە مێژووییەکان دەیانەوێ بڵێن) کە مەسیحی لەسەر زەویی خۆیان بوون و عەشیرەتی کورد هاتوون بەسەریاندا زاڵ بوون .

مەسەلەی کوردو ئەرمەنیی بانی ئەرمەنستان* کەمێ جیایە . بانی ئەرمەنستان لە ئەسڵدا هەر ئەرمەنیی لێ بوون . لە دوای شەڕی چالدێران (١٥١٤) دا چەند عەشیرەتێکی کوردی کۆچەری شوانکارە ناردرانە ئەو ناوە پارێزگاریی لە سنووری سەر ئێران بکەن . ئەو بانە بە زستان تابڵێی ساردە ( ٢٥دەرەجەی سەدیی ژێرسیفر) و ئەرمەنی فێربووبوون جۆرە خانوویەکیان دروست دەکرد، نیوەی یاهەمووی لەژێر زەویدا بوو و بۆ کاتی سەرما زۆر باش بوو . کوردی کۆچەر رەشماڵنشین بوون، و خانووی وایان نەبوون و نەشیاندەتوانی کارەکەیان بەجێ بێڵن و بچنە باشوورو رۆژئاوای باشووری گەرم، ئیتر هەر لە خانووی ئەرمەنیەکاندا لەگەڵ ئەرمەنیەکان دەژیان و خواردنیشیان هەر لەسەر ئەوان بوو . تەویلەشیان کە بۆ وڵاخەکانیان پێ دەویست، ئەویشیان لە دێدا بە دروست-کردن دەدا،و دەبوو ئەرمەنی ئالیکی وڵاخیش دابین بکەن . ئەوانیش هەقیئەوەیان (بە بەرهەمێکی لە ئاژەڵ وەدەست دێ ) دەدانێ، بەڵام - ئەوان لەو مەرکەزەی هێزدا- چەندیان دەدانێ، ئەوە دیارە

---

* لینچ Lynch ٢ : ٤٢١ - ٤٢٣ ؛ کریستۆف Christoff ( ١٩٣٥) : ٢٤ و لاپەڕەکانی بەدوایدا؛ فرودین Frődin (١٩٤٤) : ١٨-١٩ باسیان کردووە .

" خـۆیان و ویـژدانیان " . نێوانی کوردو ئەرمەنی لە سەدەی نۆزدەدا شێوا( بە تەئسیری شەڕەکانی نێوان رووس و تورك ) و چەوساندنەوەی ئەرمەنیان لەلایەن کوردەوە زیادی کرد . دروست کردن و چەکدارکردنی هێزی لەشکرئاسایی لە عەشیرەتە کوردەکان لەلایەن سوڵتان عەبدول حەمیدەوە، دەستی ئەمانەی بەرەڵاکرد بەکەیفی خۆیان بکەونە تاڵان وبڕۆ و تـەنانەت کوشتنیش ( لە فەسڵی داهاتوودا دێینە سەری) . زۆر ئەرمەنی رایانکرد چوونە قەوقاس، زۆر زۆرتر بەر کوشتار کەوتن، کورد لە شوێنەکانیاندا نیشتەجێ بوون .

بـەڵام کـوردی نـاعەشیرەتی زۆریش هەن کە لەژێردەستی عەشیرەتدان، لای هـەمەوەندو دزەیـی پێیان دەڵێن " مسکێن"، لە باکووری کوردستان زۆرتر پێیان دەڵێن" کورمانج " . ئێستا جافیش لە باشوو ر پێیان دەڵێن مسکێن، جاران پێیان دەگوتن " گووران " کە ئێستاش لە کوردستانی ئێران بەکـار دێ، بـەڵام " رەعیەت" نزیکەی لە هەموو شوێنێ بەکاردێ . هەموو کوردی ناعەشیرەت ژێردەستەی عەشیرەت نەبوون، جووتیارەکانی دەشتی دیاربەکر - بەنموونە- لە لایەن ئەو دەرەبەگە خاوەن زەویانەوە دەچەوسێندرانەوە کە شارنشین و لە دەزگای ئیدارەی عوسمانیدا خاوەن مەرکەز بوون .

## خولاسە

هەلومەرجی سیاسی و ئابووری، هەمیشە تەئسیریان کردووەتە سەر وەزعی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کورد: کۆچەر بوونە جووتیار، جووتیار بوونە کۆچەر، خەڵك لەژێر ئاڵای رابەرانی سەرکەوتوودا کۆبوونەوەوعەشیرەتی نوێیان پێكهێناوە، بەرە شکڵی تەبیعی نەریتیکۆچەران و - لەوە کەمتر- شەڕکەرانیشە . ئەوعەشیرەتانەی زۆر لەمێژ نیە دروست بوون، زۆرتر وایە لە کۆبوونەوەی دەستەی خەڵك لە دەوری چەند بەرەیەکی رابەر پەیدابوون ( وەك پژدەر، ئۆمەریان) . لە نـاو ئەو خەڵکە نیشتەجێیانەدا کە سەردەمێکیان بەبێ شەڕ بەسەربردووە،نەریتی بـەرە کـز دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر کەوتبنە ژێردەستی عەشیرەتێکی تر، کە لەو حاڵەتەدا بـەرەکـەیان وەزیفەی سیاسیی نامێنێ . وادەبێ دەستەیەك وەزعی بەتەواوی دەگۆڕێ : عەشیرەتی سەربەخۆ بە تێکڕایی دەبێ بە تابیع ، عەشیرەتی نیشتەجێ دەبێ بە جووتیاری ناعەشیرەت و ...ئیدی . گۆڕانی وەزعی تاك - تاکەی خەڵك باوی زۆرترەو دەکرێ شێوەی پتر وەخۆبگرێ . ئەم قسانە لە شکڵی ژمارە ٥ دا جێ کراونەوە .




Fig. 5. Social stratification of Kurdish society




گۆڕانی مەرکەزی دەستەی تەواو ( بوونە حاکم، بوونە بەشێك لە سیستم، نەمانی عەشیرەتێتی)

گۆڕانی کۆمەڵایەتیی تاك - تاکی

**شکلی ژمارە ٥ توێ- توێی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کورد**

پەراوێزی وەرگێڕ

(١) ئەو تەعلیقەی ناو ئەو دوو کەوانە لە ئەسڵەکەدا خراوەتە پەراوێزەوە . ئەوەش دەردی بێ دەوڵەتی، هەرکەسە بە کەیفێ خۆی بۆمان" راست دەکاتەوە!". ئەگەر ماوەیەك هەستی کوردایەتی لە کرماشان و سنە و بەدرە و نازانم کوێی دی کز بوو، ئەوە مانای کوردنەبوونی ئەوانەی نەگەیاند . ئەگەر ئەو هەمووە باسەی شەرەف خان و ئەمین زەکی لەمێژووی‌کوردی لوڕ بەشی نووسەر نەکەن،چونکە ئەوانە هەرباسی سەدان وهەزاران ساڵی رابردووی مێژووی‌کوردن، خۆ ئەوە هەر لە رابەرایەتیی سەرۆك مستەفا بارزانی : سکرتێری پارتی(حەبیب کەریم) وسەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی‌کوردستان ( زەکیە حەقی ) و سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی‌کوردستان ( عادل موراد ) و سەرۆکی یەکێتی‌لاوانی‌کوردستان (یەدوڵڵا) و ئەوهەمووە بەرپرسیارانەی شۆڕش و ئەوهەمووە پێشمەرگانەو سەدانهەزار لە جەماوەی تێکۆشەری کوردایەتی لە خانەقین و بەدرەو جەسسان و بەغداو دەوروبەری کە هەمووکوردی لوڕن ( فەیلی - لوڕی گەورە)، ئەوانن کە ئەم قسەیەی ئەم نووسەرە دەربارەی مێژووی نوێش " راست دەکەنەوە" .

(٢) ئەگەر بیگوتایە تەنیا ئاسووری یان کلدانی یان ئەرمەنی، مەسەلە جیاواز دەبوو . بەڵام ئەم قسەیەی واتا کوردی مەسیحی نیە، کە هەڵەیە . کوردی مەسیحی هەیە . نووسەر هەر لەم کتێبەیدا دەڵێ کە خۆی ئاگادارە هەندێ یەزیدی بوونە مەسیحی و لاریی لە کوردبوونی یەزیدیەکان نیە، کەواتە - هەر بە قسەی خۆی - ئەم جیاکردنەوەیەی کوردو مەسیحی بەم شێوەیە لێرەدا ورد نیە .

(٣) قسەکەی نووسەر ورد دانەڕێژراوە، دیارە مەبەست لەوەیە : هەر تاقە دێیە لەوانە هی یەك تاقە کەس ، یا هی یەك تاقە ماڵ یا هی یەك تاقە بەرە بووە .

(٤) یان : بەد دینان واتا چاك دینان ، مەڵبەندی ئەوانەی کە ئاینیان باشە، لەسەر ئاینی باشن .

(٥) لێرەدا نووسراوە شاتاگ Şatag و لە شوێنێکی تردا (ل ١٠٢ی ئەم کتێبە) شاتاق Şataq .

(٦) لە نەریتی میسالیی"بارزان"دا هەرماڵە زەویی دیارکراوی خۆی کێڵاوەو بەرهەمی هێناوە و،هەموو بەرهەمی هەموان بەسەرهەمواندا ،بێ جیاوازیی نێرو مێ، بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی ماڵ و پێداویستیان دابەش کراوە . کار لەهەرکەسە بەگوێرەی توانای و بەرهەم بۆهەرکەسە بەگوێرەی پێداویستی .

(٧) ئەسڵ ئەم ناوەی بە Balik باڵك نووسیوە .

(٨) بڕوانە بەشێکی ئەونەخشەیە لە لاپەڕە ١٠٩دا، و یەکێك لە نەخشەکانی "مەهردادی ئیزەدی" :" عەشیرەتان و یەکێتیانی عەشیرەتان " لە لاپەڕە ١١٠ دا .




(٩) عەشیرەت، تایفە، تیرە، هۆز، ئیل، قەبیلە، فەغر، باڤك، مال . نووسەر هەوڵ دەدا مانای ئەو وشانە لە ناو کورددا بدۆزێتەوە، لە باسەکەیدا ئاماژە بە : لیچ، بارت، عەلی ڕەزمئارا، ساندرەژکی،هێی، ڕۆندۆ، و ئەزموونی خۆی لە کوردستان دەکات؛ و دەگاتە ئەو نەتیجەیە کە مانای ئەو وشانە بەگوێرەی شوێن دەگۆڕێ و لـە نـەزمی زاراوەکانی خوێندنی زانستی کۆمەڵناسی ئەورووپایی جیاوازن .

(١٠)"...النفس بالنفس والعين بالعين والأنف بالأنف والأذن بالأذن والسن بالسن والجروح قصاص"- المائدە ٤٥ . نووسەر هەمیشە بۆ قورئان ئاماژە بە وەرگێرانی ئینگلیسیی میستەر داود دەکا. ئەسڵە عیبریەکەی تەورات بە نووسین وخوێندنەوەی‌عارەبی:" نفش تحت نفش، عین تحت عین، شن تحت شن، ید تحت ید ، رجل تحت رجل: کویّا تحت کویا ،بصع تحت بصع، حبوراه تحت حبوراه "- شمۆت ك ا: كگ-كد ( وەرگێراوە عارەبیەکەی :" نفساً بنفس و عيناًبعين و سناً بسن و يداً بيد و رجلا برجل و كياً بكي و جرحاً بجرح و رضاً برض" - الخروج٢١: ٢٣-٢٤) .




Map 27. Tribes and Tribal Confederacies

*BARÂZ* Major tribal confederacy

Areas presently with Kurdish majority

Rashwand Major tribe

Sources: Based in part on Mark Sykes (1908), Ivanow (1927), Henry Field (1939 & 52), Sousa (1953), Aristova (1958), (full citation in the bibliography), and Iraj Afshar. *Tribes, Nomads, and Transhumant Clans of Iran* (Teheran: Homa, 1987), text in Persian.

Remarks: Many tribes are presented in more than one area ofconcentration. In some cases, a tribal name may represent a major confederacy, while in another region it may just be a major, or even a minor, tribe. The Milân are an example

ئەوەی من بە" تەورات"م نووسیوە لای نووسەر هەر بە" بایبل" باس کراوە، واتا کتێب، مەبەست کتێبی پیرۆز، کە بە زاراوەی کلیسای مەسیحی هەردوو عەهد دەگرێتەوە، عەهدی کۆن (ی جوو، کە لە سێ بەش پێك دێت، یەکەمیان " تۆراە"/ تە) و نوێ (ی مەسیحی، کە بە ئینجیلی مەتتەی/ماتێۆس دەست پێ دەکا) .

(١١) " يا أيهاالذين آمنوا كُتب عليكم القِصاص في القتلىٰ الحر بالحر والعبد بالعبد والانثىٰ بالانثىٰ ... " - البقره،١٧٨. ئەمە لە تەوراتدا نیە .

(١٢) " ... فمن عُفِيَ له من أخيه شئ فإتباع بالمعروف و أداءٌ إليه بإحسان ..." - البقره،١٧٨. ( نووسەر بەهەڵە نووسیویە ١٧٩) .

(١٣) نووسەرتاقە یەك نموونە ( لە فەسڵی چوارەمدا) بە بەڵگەی ئەم قسەیەی دەهێنێتەوە،کە ئەویش شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی بەرزنجی‌یە،گوایا دۆستایەتیی شێخ لەتیف لەگەڵ شیوعیەکاندا بۆ ئەوە بووە کە زەوی و زاری بەر دابەش کردن بەسەر جووتیاراندا نەکەوێ،کە زێدە فڕێنێکە لە دنیای تیۆریدا و هیچ شتێك لە واقیعی ژیان و شەخسیەتی شێخ لەتیف دا نەبووە کە بەلای سەلماندنی ئەو تیۆریەیدا بشکێنێتەوە . درۆ و بوختانێکی ناڕەوا .

(١٤) ئەو نیشانەیە (!) لە ئەسڵەکەدا هەیە، وەك شتێکی زۆر سەیر بێ کە مامەش لە وڵاتی خۆیدا گوێ بەو سنوورە سیاسیانە نادا .

(١٥) دیسان زێدەفڕین لە تیۆریدا . نەمانی هێزی ئاغاکانی پشدەر لەدوای ١٩٦١ و ئەوە کە نەیانتوانیوە بچنە سەر کەس ، پێوەندی بە سیاسەتی سەرۆك مستەفا بارزانی‌یەوە هەبوو و هیچی تر .

(١٦) نووسەر وادیارە" ئیحتیمال" ی ئەوەی بۆ کورد قەبووڵ نیە کە لە هەلومەرجی شەڕی رزگاریی نەتەوایەتیدا بکرێ لە دەرەوەی قاوغی نەخشەی بەرژەوەندی بنەماڵەییدا رەگەڵ کاروانی خەباتی نەتەوەیی خۆی بکەوێ .

(١٧) واقیعی جووتیارانی پێ دەشتەکانی‌هەرێمی باشوور ١٨٠ دەرەجە بە پێچەوانەی ئەم قسەیەی نووسەر بووە : حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق لە رێگای ئاغاکانەوە جاشیان سازداون، ( دۆستایەتیی کۆمونیستەکان بۆ حکومەت لە دژی شۆڕشی کوردستان ماوەیەکی کورت بوو (١٩٦١- شوباتی ١٩٦٣، ١٩٧٠- ١٩٧٥) و هیچ نەیتوانی جووتیارانی‌کورد لە شۆڕشی نەتەوایەتی دووربخاتەوە)، جووتیارانی‌کورد لە خەباتی چینایەتیدا - ئەگەر هەرچاری ناچاریش بوو‌بێت - تەنیا یەك تاقە رێگایان بۆماوەتەوە: بەشداربوون لە شۆڕشی کوردستاندا. حکومەتی قەومی‌و بەعسی عارەب ( لە شوباتی ١٩٦٣ وە) زەوی و زارو خانەوکاشانەی جووتیاری کوردیان زەوت دەکردن ( وهەندێ جار کچ و ژنەکانیشیان ) و دەیاندان بە عارەبان . لەبەرامبەر ئەوەدا، وەك کە دەبێ چاوەڕوان بکرێ،

هەستی نەتەوایەتی و چینایەتیی ئەو جووتیارانە لەوقۆناغەدا بەزەحمەت دەکرا لێك جیابکرێنەوەو، هەردووهەستی ئەو جووتیارانە بەیەکگرتوویی لەوەی جووتیارانی چیاکان بەهێزتروتەنانەت زۆریش بەهێزتر بوو . جووتیارێکی بارزان زۆرترهەر بۆ بەجێ هێنانی فەرمانی سەرەکعەشیرەتی بوو کە بەشداری شۆڕشی کوردستان دەبوو، بەڵام جووتیاری پێ دەشت بە رادەی یەکەم بۆ سەندنەوەی زەویەکەی ( و ماڵ و حاڵی) بوو کە هەر یەك رێگای لە بەردەم بوو: بەشداربوون لە شۆڕشی نەتەوایەتیدا . ئەوەبوو کە قارەمانیی جووتیارانی پێشمەرگەی پێ دەشتەکان، کە وادەبوو لەو پێ دەشتانەدا دەیانتوانی پێش بە هێزی زرێپۆشی حکومەت بگرن، لای جووتیارانی چیاکان بە زەحمەت بڕوای پێ دەکرا کە راست بێت و خەون و چیرۆکی خەیاڵی نەبن . باس کردنی ئەوە کە ئەو جووتێرانە بۆ زەوی و ئیسلاحات چاویان لە حکومەت بوویێت و بەشداریی ئەو شۆڕشەیان بە رابەریی بارزانی نەکردبێ، قسەیەکی پێچەوانەی راستیە، درۆ و بوختانی ناڕەوایە .

( ١٨) من ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ لەو مەڵبەندە بووم، دروێنە زۆرتر هەر بە مەکینە دەکرا، مەکینەی دروێنە ئەوسا بۆ کەس بە شتێکی نوێ نەدەهاتە بەرچاو و زۆر ئاسایی بوو .

(١٩) بڕوانە لاپەڕە ١١٨ .

( ٢٠) تربەسپی لەسەرەتادا دێیەکی گەورە بوو و ناوی لای دەوڵەتی سووریا " قبورالبیض " بوو، زۆر دواتر کرا بە " ناحیە" ( بەخش) و ناوەکەشی لای دەوڵەت کرا بە " القحطانیە " .

(٢١) ئەحمەد نامی رۆژی کۆچی دوایی حاجۆی لە شیعرێکیدا(ی بەتایبەتی بەو بۆنەیەوە) تۆمارکردووە :

دەر سالا هەزارو نەهـ سەدو چل — بیست وددوێ نیسانا تێرگول
ئاغێ مە حاجۆ ێ دلۆڤان — غەمخوارێ فەقیرو ژارێنکوردان
یەزدانێ مەزن بـ رەحمەتا خوە — دل شاد کری بـ جەننەتا خوە
(..)
عەمرێ تە مەگەر گهابوو شێستی — نازدارێ وەڵات تو زوو نڤیستی
(..)

( هاوار، ژ ٣٠، ١٩٤١/٧/١،ل ٥، دلژانیا حاجۆ ئاغا)

(٢٢) نووسەر- کە عارەبی نازانێ - وا باشتر دەبوو ناوی سەرچاوەی ئەو مانا لێدانەوەیەی بهێنایە وئیتر ئۆباڵی بخستایەتە ئەستۆی ئەوەوە، یا پرسیاری عارەبی زانێکی باشی بکردایە . وشەی رعي - ریعایە - مراعاة -

راعی الکنیسە - کلکم راعٍ ... .ئیدی، کاریان بە ئاژەڵ نەداوە . سەرپەرشتی کردن و ئاگاداری لێ کردن و هەڵسووڕاندنی کاروباری کەسێك/ شتێك رەعیکردنی ئەو کەسە/ شتە یە ( مرۆڤ / ئاژەڵ / یا هەر شتێ ) ، ئەوەی ئەو کارە دەکا "راعی" و ئەوەی لێی دەکرێ رەعیەت ـە . رعی النجوم واتا ئەستێرانی سەرنج دا . نێوانی ئەم وشەیە بە مانای "لەوەڕ/ اندن" لە گەڵ ماناکانی تریدا لە رووی "ئەتیمۆلۆجی"ی زمانە سامیەکانەوە کامە سەرەتاو کامە بنەتا بووە مەسەلەیەکی دەرەوەی دنیای زانیاریی نووسەرە .

لە عیبریدا : رِعوت ( = هەڤاڵەتی )، و لەوە : رِعێهـ ( بۆ نێرینە) و رِعاه ( بۆ مێیینە) واتا : دۆست، هەڤاڵ، خۆشەویست، هاوسەر ، کەسێکی کە ئاگاداری لێ دەکرێ . راعاه بە رادەی یەکەم واتا: دوای کەوت، لەگەڵیدا رۆیشت،لایەنی گرت، دۆستایەتیی کرد( وێڕای واتای تری کە پێوەندیان بە "رعع" هەیە) . راعەیا( یا رۆعەیا) مهیماناه רְעְיָא מְהֵימְנָה ( "راعیی ئەمین"ی بە عارەبی) مەبەست لە مووسای پێغەمبەرە. رەعەڤا بە ئارامی و عیبریی کۆن (وەکو رۆعێهـ ی ئێستای عیبری) واتا شوان(بە عارەبی: راعي) بەڵام بە ئارامی واتای تریشی هەیە . بەڵام دیسا ، رۆعێهـ لە عیبریدا ، وێڕای واتای شوان، واتای "رابەر" و "کەشە"ش دەدا ، ئەبیر هارۆعیم واتا سەرۆکی کەشان یاسەرۆکی فەرماندەکان . ئەم وشەیە یەکێکە لە وشە بنچینەکانی زمانە سامیەکان (بە زاراوەی زمانەوانیی رۆژئاواییان : "پرۆتۆسامی") و باسی زۆر هەڵدەگرێ .

## پێڕستی ناوی ( لە) فەسڵی دووەم ( بێ لە نەخشەکان و بێ لە پەراوێزی وەرگێڕ)

### ئـ

ئارارات ( راپەڕینی)١٠٠؛ ئازەربایجان ٥٢؛ ئاسووری٣٩؛ ئاگری٤٧؛ ئامێدی،عیمادیە٥١؛ ئـاین {{ تەنیا بەشێك : ئیسلام ٣٢،٢٦(ونوێژی باران)، ٤٠، ٤٣، ٤٥(معاشي مەلا)، ٥٠ ، ٧٠(قورئان و زەکات) / مسیحي٣٦( بڵاوکەرەوەی-یەت) ، ٤٠، ٨٥، ٨٨(یاقووبی) - ٩٠، ١٠٥/ یەزیدی٨٥، ٩٥}}؛ ئورفە٢٥؛ ئوسوف بڕ- هەڤێرکان؛ ئولودەرە٣٣، ٣٩؛ ئۆیالانس٧٦؛ ئۆسمان بڕ- هـەڤێرکان؛ ئۆمەر( رابەری میلان ) ٣٥؛ ئۆمەریان ٢٣، ٣١، ٣٣، ٥٥، ٦١، ١٠٦؛ ئەقانکان٢٣، ٢٤( و ئەقان )،٣٣، ٣٦، ٥٥؛ ئەدمۆندز٣٤، ٥٦، ٥٨، ٧٤، ٧٨-٧٩؛ ئەرتووشی٥٣-٥٤؛ ئەرمەنستان٥٢، ١٠٤( بانی )؛ ئەرمەنی٢٩، ١٠٤-١٠٥؛ ئەرەبیان بڕ- هەڤێرکان؛ ئەستەمبووڵ٨٥؛ ئەڤدێ بڕ- هەڤێرکان؛ ئەلیك بڕ- هەڤێرکان؛ ئەلیکان بڕ- هـەڤێرکان؛ ئەمارەت ( انی/ میران / فەرمانڕەوایانی) کـورد( بەشێك:) ٢٩، ٣٤، ٤٣، ٥١؛ ئەندرسن٧٨؛ ئەنقەرە٢٥؛ ئەوروپایی٣٤، ٣٦، ٤٠، ٤٤، ٧٨، ٩٧، ١٠٢؛ ئیبراهیم پاشای ملی ٣٥-٣٦؛ ئیتالی٥٠؛ ئیستیخباراتی( دیوەخان ) ٦٣؛ ئیسلاحاتی ئەرزی بڕ- چارەسەرکرنی کشـتوکاڵ ؛ ئیسلام بڕ- ئاین؛ ئیسماعیل پاشا ( میری بادینان )٥١؛ ئیڤانس پریچارد ٥٠؛ ئینگلیس و ئیدارەوئەفسەرانی لە کوردسـتان و عیراقدا٣٤، ٤٤، ٥٠، ٥٦، ٥٨، ٧٢، ٧٩، ٨٣ / ئیستیخباراتي...٨٢/ شیرکەتي... بریتاني٣٤ / ئەسـنادی پەروەندەکانی... ٩٦؛ ئێران٢٦(وفارس)، ٣٢، ٤٤، ٥٠(فارس)، ٥٢-٥٣، ٥٧، ٦٠، ٨٠، ١٠٤؛

### بـ

باباکوردی٥٥؛ بـابـان ( میری - ) ١٠٣؛ بابەکرئاغای پژدەری و بەرەی ٥٦، ٧٥، ٧٨-٨٠؛ باتمان٢٦( دەشتی)، ٢٧؛ باجەر ٥١؛ بـادینـان / بـەهـدینـان ٢٦(و بەهـائـەددین )، ٥١، ٦٠، ٧٦؛ بـارت ٢٤، ٢٨، ٣٤، ٣٨، ٤٩، ٥٥، ٦٠، ٦٨، ٨١-٨٢، ٩٣، ١٠٢؛ بارزانی ( سەرۆك مستەفا)٥٥، ٨٤؛ باڵەك ( لای نووسەر: بالك )٣٣، ٦٤، ٧١-٧٢، ٧٤؛ باویس ئاغا( کوێخاـی مامەش)٧٥ ؛ بتلیس٤٢، ٤٤، ٦٠؛ برایم ئاغای دزەیی٨٣؛ بریتانیا/ بریتانی بڕ- ئینگلیس ؛ بڵباس٧٥؛ بـۆتان٥١، ٦٠، ٩٥-٩٦؛ بەتتێ بڕ- هـەڤێرکان؛ بەرزنجی ( شێخ مەحموودی پادشا " چڵێسـی دەسەڵات " ! )٥٦؛ بەرقە( رۆژهەڵاتی لیبیا )٥٠؛بـەغدا ( و چاپخانەی حکومەت لە - (بەشێکی)) ٣٤-٣٥، ٨٥/ ٨٤، ٩٦( حکومەتی بەغدا بۆ جووتیاری کورد لە شۆڕشی کورد باشترە!) ؛ بەکران٢٧؛

### پـ - تـ

پاتان٥٥؛ پژدەر/پشدەر(/ی)٢٦، ٥٦، ٧٥-٧٦، ٧٨، ٨٠-٨٢، ١٠٦؛ پنیانیش٥٣-٥٤؛ پەرڤاری(ی هەرێمی باکوور)١٠٢-١٠٣؛ تایلەر٣٥، ٤٠؛ تراکیا٤٤؛ تربێ سـپی ( تربە سپی)٩٩؛ تورك ( بەشێکی )٢٧، ٢٩-٣١، ٣٥؛ تورکیا٢٥، ٣٩، ٤٤، ٥٤، ٦٠، ٨٣، ٨٥، ٨٧، ٩٨؛ تۆرعابدین( چیاکانی)٣٦، ٨٥، ٨٩، ٩٦؛ تەورات٣٨؛ تەی (عەشیرەتی عارەبی طَي )٩٩؛ تەییان٢٧-٣١؛

### جـ

جاف٢٨، ٣٤، ٦٠، ٨١، ١٠٠، ١٠٥؛ جۆ ( ی دەکشووری )٩٦؛ جـووتیار( بەشێك ) «ی ناعەشیرەت/ مسکێن/ رەعیەت ٣٠، ٣٩-٤٠، ٦١، ٧٤، ٨٠-٨٢، ٨٤، ١٠٢-١٠٤، ١٠٥( کـرمـانج،گـووران ) / هێرش و راپـەڕینیان ٥٧، ٧٦، ٧٥، ٨٠، ٨٢، ٨٤/ هەستي نەتەوەییان لە بەرامبەر نانەتەوەییەتیي خاوەن زەوي ٨٣»؛ جەرمەنەکان ( عەشیرەتە)٧٨؛ جەزیرە ـ ی ژێردەستی سووریا ٦٤(و رۆژئاوای موسڵ)، ٦٨، ٨٥-٨٦، ٩١ / ـ ی ژێردەستی تورکیا ٧٠» ؛ جەمیل ئاغای حاجۆ بڕ- هەڤێرکان؛

## چ

چاخانه٣٩/ ومێڤان خانەودیوەخان بۆدەنگوباس وەدەست هێنان٦٣-٦٤؛ چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ٢٥-٢٦، ٧٠؛ چاڵدێران ( شـەڕی ـ ١٥١٤ )١٠٤؛ چاوقووڵکه (تاعوون - ١٨٣١/ ١٨٣٢)١٠٣؛ چنارەیی ( تیرەی ـ مـەنگوڕ )٧٤؛ چـەپ ( ی عەشیرەتەکانی هەکاری)٥٣-٥٤؛ چەلەبی بڕ- هەڤێرکان ؛

## ح - خ - د

حـاجـۆ ( و مالا-) بڕ- هـەڤێرکان؛ حەسۆ میرخان ٧٦-٧٧؛ حەسەن ئاغای حاجۆ بڕ- هەڤێرکان ؛ حەڵەب٨٥؛ حەمیدیه ٣٦، خـۆیبوون١٠٠؛ خەلیجان٣٦،٦١؛ دزەیی٣٣،٨٢،٨٣،١٠٣،١٠٥/ ئەحمەدپاشای خەڵکی دزە؟٨٢-٨٣ / برایم ئاغا ٨٣؛ دووگر٨٩-٩٠،٩٢-٩٤،١٠٠؛ دەروێش بەدەفەوە٦٧؛ دەکشووری ( عەشیرەت)٩٦؛ دیاربەکر٤٠،٨٥،٩٨؛

## ر- ز- ژ

راست (ی عەشیرەتەکانی هەکاری)٥٣-٥٤؛ رواندزو میری ـ ٢٧،٥١،٦٠،٧٥،١٠٣/ رەسووڵ بەگ٥١؛ رووس( شەڕی- و تورك)١٠٥؛ رۆس ( دکتۆر ـ)٢٧؛ رۆستەم بەگی موکری٥٢؛ رۆمانی٧٨؛ رۆندۆ٢٣،٣١،٣٣،٣٥،٥٥؛ رەش کۆتان٢٦-٢٧؛ ریچ٣٤،٨٥،١٠٣-١٠٤؛ زیلان٥٥؛

ژابا٣٥-٣٦؛

ژن - ژنی کورد لەم فەسڵەدا :

- چەند ژن هێنانی دەوڵەمەندان ٢٤
- بووك له ماڵی خەزووری ٢٤
- ژنانی کۆچەر و نەبوونی خەڵوەت ده خێوەتدا ٢٤
- ژمارەو نیسبەتێکی ژن،کچ،بێوەژن، هەوێ...ئیدی،لای خەڵکی دێهاتێك ٢٥
- ژنانی دێ خواردنی بەشدارانی نوێژی باران ساز دەکەن ٣٢
- ( تۆڵەکردنەوەی خوێنی ژن به خوێنی ژن له قورئاندا ) ٣٨
- رووداوێکی ژن هەڵگرتن ٣٩
- زەماوەندی ژن هێنان هەر له ماڵدا به هۆی دوژمنایەتی ٤٦
- تەرزی ژن هێنان و کێشەو هەرای عەشیرەتی، ئامۆزا هێنان و مافی برازا و...ئیدی٤٧-٤٨
- بووك بەبێ بەرتیل له دێ ناڕوا ٤٩
- نیسبەتی ئامۆزاهێنان لەناو هەمەوەندان و له هەرێمی باکوور ٤٩
- بەگزاده پێوەندیی ژن و ژنخوازیی لەگەڵ رەمەکیدا نیه ٦٠
- دێهاتیی که چەنەبازیی ژنیلەکەی پێ له قسەی دیوەخانێ خۆشترە ئایا ژنه یا پیاوە؟ ٦٦
- محەمەدئاغا کەیفێی له ئەشتەکی دیش هەبوو : چل ژن ، چوار وێکرا ٨٨
- کەیفێی برای محەمەدئاغا : ١٤ ژن ، هەموو له ماڵێ خۆدا ٨٨

- ئاغا کچە مەسیحیی کردووە بە مسوڵمان و لە خۆی مارە کردووە ٨٩
- سەخاوەت : کچ دان بە برازا بەبێ شیربایی ٩٣
- ژن بۆ خزمان بە ١٥٠٠ دۆلار و بۆ غەیرە بە دوو ئەوەندە یا پتر ٩٣
- ئامۆزا و خوارزا هێنان ، خالا خوارزی راکرن ئاپا برازی داکرن ٩٣
- محەمەدئاغا عەلیەی خوشکی شلال ئاغای هێناوە ٩٣
- ژن هێنانی کوردی ناعەشیرەت ١٠٢ ؛
ژیرکان ( شەڕی لەگەڵ تەییان هەر بەتەقەکردن) ٢٧ ؛

سـ

ساسوون ( چیاکانی)٢٧؛ ساهلنس٢٤؛ سایکس٣٥-٣٦،٥٥،٨٥؛ سلۆ ( بەرە، عەشیرەتی کیبووران)٤٥-٤٦؛ سلێمان بڕ- هەڤێرکان؛ سلێمانی١٠٣؛ سناریٰ٧٠؛ سووریا ٢٦، ٣٢، ٨٥، ٨٧، ٩٨-٩٩ / حکومەتی ـ فەرەنسی ٤٤، ٩٠، ٩٩-١٠٠؛ سووریانی٨٩؛ سۆسیالیزم/ سۆسیالیست٤٧؛ سۆفیایەتی ( بە دەفەوە)٦٧؛ سەرحان بڕ- هەڤێرکان؛ سەرۆخان بڕ- هەڤێرکان؛ سەعید( شێخ، رابەری راپەڕینی١٩٢٥) ٩٨- وەمەهدی ی برای ٩٩؛ سەفەوی٥٢؛ سێرت ( سعرد) ٣١؛

شـ

شاتاگ٣١/ شاتاق١٠٢؛ شرناخ٧١؛شلال بڕ- هەڤێرکان؛ شەرەفنامە٣٦؛ شەڕی جیهانیی یەکەم٢٩، ٣٩، ٩٦؛ شەکر ( تیرە، عەشیرەتی باڵەك)٣٢، ٧١-٧٢؛ شەمعوون حەننا ٩٦؛ شەممەر( عەشیرەتی عارەب ) ٣٥، ٨٥، ٨٨-٨٩؛ شـەنگار/ سنجار٨٥؛ شیربایی بڕ- ژن؛ شێخموس بڕ-هەڤێرکان؛ شێخیٰ ( مالاـ) بڕ- هەڤێرکان؛

عـ - غـ

عارەب٢٥، ٣٤، ٣٨، ٤٣، ٥٠، ٨٠، ٨٣، ٨٥، ٨٨، ٩٩؛ عوسمانی٣٤-٣٥، ٤٤، ٥١-٥٣، ٨٢-٨٣، ٩٢، ٩٥-٩٦، ١٠٥؛ عەباس ومالا ـ بڕ- هەڤێرکان؛ عەباس شای سەفەوی٥٢-٥٣؛ عەباس ئاغای پژدەری ٧٨-٨٠؛ عەبدول حەمیدی دووەم ( سوڵتانی عوسمانی)١٠٥؛ عەلی ی مالا عەباس بڕ- هەڤێرکان؛ عەلی ئاغای مەنگوڕ٧٤-٧٧؛ عەلی رەمۆ ومالا ـ بڕ- هەڤێرکان؛ عەلی شەعبان٧٦؛ عەلیە بڕ- هەڤێرکان؛ عیراق/ی ٢٦، ٤٤، ٥٠، ٥٥، ٦٠، ٧١، ٧٦، ٨٣-٨٤، ٩٨؛
غالب ی مالا عەباس بڕ- هەڤێرکان؛

فـ - ڤـ - قـ

فارس بڕ- ئێران؛ فرات٥٥؛ فرودین١٠٤؛ فرێزەر٢٧، ٥١، ١٠٣؛ فۆربس٨٥؛ فۆن مۆلتکە٨٥؛ فەرەنسی٩٣ و بڕ- سووریا؛ ڤێولەرسە٣٢؛
قادرعەباس ( مەلاـ ی مامش)٧٥؛ قاسم ( عەبدول کەریم )٧٥-٧٦، ٨٠؛ قورئان٣٨، ٤٢ وبڕ- ئاین؛ قۆتور٣٥؛
قەرەجەداغ / قەرەچەداغ ( چیاکانی)٨٥؛ قەڵادزە/ قەڵادزیٰ٢٨، ٧٤، ٧٦-٧٧، ٧٩؛ قەوقاس١٠٥؛

کـ

کال ٣٠؛ کانیکیٰ٢٦-٢٧؛ کریستۆف١٠٤؛ کلدانی٢٩، ٤٠؛

پێرستی ناوی( له) فەسلی دووەم ( بێ له نەخشەكان و بێ له پەراوێزی وەرگێڕ)

كورد( هەر بەشێك :) مەسەلەی ـ٩٨/ نەتەوایەتیی ـ٥١، ٨٠/ نەتەوەیی- ٤٦-٤٧، ٥٠، ٥٥، ٧٦، ٨٠، ٨٣-٨٤، ٩٨-٩٩، ١٠٠/
شەڕو ڕاپەڕین و شۆڕشی- ٤٤، ٥٠، ٥٥، ٦٤، ٧٦، ٨٠، ٨٤، ٩٨-٩٩، ١٠٠ و بڕ- ئارارات،سەعید(شێخ)،مۆدكی /
ئۆتۆنۆمی ٨٤/ پەیمانی١١/٣/١٩٧٠ ٨٠؛

كوردستان ٢٤، ٣٢، ٣٥، ٤٣-٤٤، ٤٧، ٥٢، ٥٥، ٦٤، ٧١، ٩٠، ١٠٢، ١٠٤ / - یەكی سەربەخۆ ٥٧٧٥٨ /
هەرێمی باشووری ـ ( كوردستانی عیراق، نووسەر وادەبێ دەنووسێ : " عیراق")٢٤، ٢٨، ٣١-٣٤، ٣٨، ٤٩، ٥٧، ٦٣-٦٤، ٦٨، ٧٥، ٧٩-٨٠، ٩٩ /
هەرێمی باكووری ـ ( كوردستانی توركیا، نووسەر زۆریش وادەبێ دەڵێ : " ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات" یا " توركیا" ) ٢٥-٢٦، ٣٥، ٣٨، ٤٣، ٤٦، ٤٩، ٥٢ /
هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ـ ، ـ ی ئێران ٣٤، ٣٨، ٧٥، ١٠٥ /
هەرێمی ڕۆژئاوای ـ ، ـ ی سووریا، نووسەر دەڵێ : " سووریا" ٢٦، ٦٨، ٩٤، ٩٩ و بڕ- جەزیره /
ناوەندی ـ ، ـ ی مەركەزی ٢٨، ٧١، ٨٧، ٩٩
شۆڕشی- بڕ- كورد ؛
كیبووران ٤٥ و بڕ- مەمۆ؛

## گـ - لـ

گۆڤاری ئەنستیتوی پادشایی مرۆڤناسی٥٥؛ گۆیان ٣٣، ٣٩؛ گیراڤی ( بەره)٣٠-٣١، ١٠٢؛
لامتن٣٢؛ لوڕستان٣٤؛ لەندەن٣٢، ٥٣، ٥٨؛ لیبیا بڕ- بەرقه؛ لیچ٦١-٦٢، ٦٤، ٧١-٧٤؛لینچ١٠٤؛لێهمان- هاوپت٨٥؛

## مـ

مالكۆلم ٥٢-٥٣؛ مامەش ٢٨، ٣١، ٣٣، ٧٥-٧٦، ٨٠؛ محەمەدی مالاعەباس بڕ- هەڤێركان؛ مدیات٩٦؛ملان ٣٥، ٥٥، ٦٤؛ موتریب(لێرەدا: مۆتیرب) ٦٧؛ موقاوەمەی شەعبی٧٦. موكری(عەشیرەت)٥٢-٥٣؛ مووسڵ ٥١، ٦٥، ٨٣، ٨٥؛ مۆدكی ٣٨، ٤٢ (مۆدكان)،٤٤( دێیەكی مەڵبەندی، ڕاپەڕینی)؛ مۆنتانیه٦٤، ٨٦؛ مەحموود ( شێخ ـ پادشای كوردستان بڕ- بەرزنجی؛ مەحموودكان ٢٣- ( و مەحموود)٢٤، ٣٣، ٥٥؛ مەسیحی بڕ- ئاین؛ مەلا بڕ- ئاین؛ مەلەن( فەریت)٣٠؛ مەمۆ( بەره، عەشیرەتی كیبووران )٤٥-٤٦؛ مەنگوڕ/ ان ٢٨، ٣٢، ٧٤-٧٥، ٧٧؛ میران ( عەشیرەت) ٨٧؛ میراودەلی ٧٨( و میراودەل ئاغا )، ٨١؛ میسر ٣٥ ( شەڕوهەرای نێوان ـ و عوسمانی)؛ میسۆپۆتامیا ٦٤، ٨٥؛ میلان (عەشیرەت)٣٥؛ میلنگن٣٥؛

## نـ - و

نوورەدینی ( عەشیرەت،پژدەر )٧٨، ٨٠-٨١؛.نوێژ( ی هەینی و بۆ باران )٣٢؛ نۆئێل( مێجەر)٨٥؛ نۆردووز١٠٢؛ نەستۆری ٢٩، ١٠٤؛ نیكیتین٦٠؛ وان٢٨، ٣٠-٣٢، ٣٥؛ ورمێ و دەریاچەی ٥٢؛ ویڵسن٨٣؛

## هـ - یـ

هوتەرۆت٣٠.؛هەسنان (تیره،عەشیرەت)٣٦؛ هەڤێركان بڕ- ل ١١٨؛ هەكاری(جۆلەمێرگ)٥١، ٥٥، ٦٠، ١٠٢؛ هەمەوەند٣٣، ٨١-٨٢، ١٠٢-١٠٣، ١٠٥؛ هەولێر٨٢-٨٤؛ هێی٥٨، ٦٣-٦٤، ٧١، ٧٩، ٨٢-٨٣؛ یاقووبی بڕ- ئاین؛ یەزیدی بڕ- ئاین؛

( بەشێك لە) **یەكێتی عەشیرەتانی هەڤێركان٣٦، ٦٠، ٨٦، ٩٠، ٩٥-٩٨، ١٠٠**

دوورکی، دوورکان ٨٦-٨٧، ٨٩-٩٠، ٩٢، ٩٤

مالا شێخێ ٩٥

عەباس٨٦(ومالا)، ٨٧، ٨٨(و ئەولادی)، ٨٩، ٩٢(مالا)

شوەیس٨٧ ئۆسمان٧٦، ٨٧-٨٨ سلێمان٧٦، ٨٧، ٨٩، ٩١ محەمەد٨٧-٨٨، ٩١

| عەلیە | عەلی | غالب | شلال | شێخموس | ئەڤدێ | ئوسوف | عەباس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ | ٨٧ |
| ٩٤ | | ٨٩ | ٨٩-٩١ | ٩١ | ٩٠ | | ٩١ |
| | | ٩١ | ٩٣-٩٤ | ٩٣ | ٩١ | | |
| | | ٩٣ | | | | | |

محەمەد٨٧، ٩٣-٩٤

---

عەلی رەمۆ، ٩٥؛مالا ٨٧، ٩٥-٩٦، ١٠١

ئەرمینیا/ ن، ٩٥، ١٠١

---

ئۆسمان، ٩٥؛مالا٨٧، ٩٥-٩٦، ١٠١

ئەلیكان٢٦، ٨٧، ٩٥

حاجۆ٩٥

سەرحان٩٥ حەسەن٩٥

سەرۆخان٩٥ حاجۆ٩٥-٩٦ بەتتێ٩٥

سەرحان٩٥، ٩٧ چەلەبی٩٥-٩٧ حاجۆ٩٤؛٩٥، ٩٧-١٠٠ ئەلیك٩٥-٩٨

حەسەن٩٥ چەچان جەمیل٩٥، ٩٧ یوسف محەمەدشەریف

## لە سەرچاوەكانی نووسەر

ئەسڵی ناوی ئەو سەرچاوانەی نووسەری كە لەم فەسڵەی ئەم هەڵبژاردەیەدا هاتوون : ئۆبالانس،ئەدمۆندز،ئەندرسن، ئیڤانس پریچارد،باجەر،بارت،تایلەر، رۆندۆ،ریچ،ژابا، ساندرەژكی، ساهلنس، سایكس، شەرەف خان/ شەرەفنامە، فرودین، فرێزەر،فۆربس، فۆن مۆلتكە، كریستۆف،گۆڤاری ئەنستیتوی پادشایی مرۆڤناسی، لامتن، لیچ، لینچ، لێهمان- هاوپت، مالكۆلم، مۆنتانیە،میلنگن، نۆئێل،نیكیتین،ویلسن، هوتەرۆت، هێی . بە زنجیرەی نووسینە كوردیەكەی یەكەم حەرفی ناوی دانەر :


O'Ballance,E. (1973), The Kurdish revolt 1961-1970. London : Faber & Faber.
Edmonds,C.J. (1957), kurds, Turks, and Arabs. London:Oxford University Press.
Anderson,P. (1974), Passages from Antiquity to Feodalism. London : New Left Books.
Evans-Pritchard,E.E. (1949), The Sanusi of Cyrenaica. London: Oxford University Press.
Badger,G.P. (1852), The Nestorians and their rituals, with the narrative of A mission to Mesopotamia and coordistan in1842-1844 and a late visit to Those countries in 1850. 2 vols. London.
Barth,F. (1953), Principles of social organization in Southern Kurdistan. Oslo.
(1954),"Father's brother's daughter marriage in Kurdistan", Southwestern Journal of Anthropology 10:164-171
(1959), "The land use pattern of migratory tribes of South Persia", Norsk Geografisk Tidskrift, 17 / 1-4 (Oslo) : 1-11.
(1962), "Nomadism in the mountains and plateau areas of Southwest Asia", in : The Problems of the Arid Zone (Paris:UNESCO): 341-355.
Taylor,J.G. (1865), "Travels in Kurdistan, with notices of the sources of the eastern and western Tigris, and ancient ruins in their neighbourhood", Journal of the Royal Geographical Society 35 : 21-58.
Rondot,P. (1937), "Les tribus montagnardes de l'Asie antérieure. Quelques aspects sociaux des populations kurdes et assyriennes", Bulletin d'études orientales de l'institut français de Damas,VI : 1-50.
Rich,C.J. (1836), Narrative of a residence in Koordistan. 2 vols.London: James Duncan.
Jaba,A. (1870), Recueil de notices et recits kourdes, servant à la connaissance de la Littérature et des tribus de Kourdistan, réunits et traduits par A.Jaba. St.Petersbourg.
Sandreczki,C. (1857), Reise nach Mosul und durch Kurdistan nach Urumia, unternommen im Auftrage der Church Missionary Society in London,1850. 3 vols. Stuttgart.
Sahlins,M. (1966), Tribesmen. Prentice-Hall.
Sykes,M. (1908), " The Kurdish tribes of the Ottoman Empire", Journal of the Anthropological Institute 38: 451-486.
Şeref Xan, Şerefname (1597), Tārīkh-ī mofassal-i Kordestān ( persian edited by M. Abbasi, Tehran, n.d.;
French translation : Charmoy,F.B. (1868-1875), Chèref-nâmeh ou Fastes de la Nation Kourde, par Chèref-ou'ddîne, prince de Bitlîs, dans l'Iïâlèt d'Arzeroûme. Traduits du persan et commentés par F.B.Charmoy.St.-Petersbourg .( 2 vols. in 4 parts).;
Turkish translation by M. Bozarslan : Şerefname, Kürt tarihi. Istanbul: Ant, 1972.
Frödin,J. (1944), " Neuere Kulturgeografischen Wandlungen in der östlichen Türkei ", Z, Gesch. Erdk. (Berlin), 1944 Heft 1 / 2 : 1-20.
Fraser,J.B, (1840), Travels in Koordistan, Mesopotamia, etc. London.
Forbes,F, (1839), "A visit to the Sinjar hills in 1838..." journal of the Royal Geographical Society 2: 409-430.
von Moltke, H. (1882), Briefe über Zustände und Begebenheiten in der Türkei aus den Jahren 1853 bis 1839. Berlin ( references are to this, the 4th edition).
Christoff,H. ( 1935), kurden und Armenier. Hamburg: Bunte Folge der Wissenschaften, Band 2.
Journal of the Royal Anthropological Institute.
Lambton, A. K. S. (1953), Landlord and Peasant in Persia. A study of land tenure and Land revenue administration. London : Oxford University Press.
Leach, E.R. (1940), Social and Economic organization of the Rowanduz Kurds. Monographs in Social Anthropology no. 3 . London : School of Economics and Political Science.
Lynch,H.F.B. (1901), Armenia, travels and studies. 2 vols. London : Longmans.
Lehmann-Haupt, C. F. (1910-1931), Armenien einst und jetzt. Berlin. 1910(Band1), 1926(Band II/1 ), 1931(Band II/2).
Malcolm,J. the history of Persia(London 1815).

Montagne,R. (1932), " Quelques aspects du peuplement de la Haute- Djeziré ", Bull. d'Études Orientales de l- Institut Français de Damas II : 53-66.

Millingen, F. (1870), Wild life among the Koords, London : Hurst & Blackett.

" Diary of Major E. Noel on special duty 17-IV-1919" (Baghdad, govt pr).

Nikitine, B. (1925a), " Les Kurdes racontés par eux-mêmes ", L'Asie française No. 231(May 1925) : 148-157 ; (1925b), " La féodalité kurde ", revue du monde Musulman 60:1-26.

Wilson, A.T. (1931), Mesopotamia 1917-1920. A clash of loyalties. Oxford University Press.

Hütteroth,W.D. (1959), Bergnomaden und Yaylabauern im mittleren kurdischen Taurus. Marburg (diss.).
(1961), " Beobachtungen zur Sozialstruktur Kurdischer Stämme im ostlichen Taurus", Zeitschrift für Ethnologie 86 : 23-42.

Hay,W.R. (1921), Two years in Kurdistan. Experiences of a political officer 1918-1920. London : Sidgwick & Jackson Ltd.

له

# فەسڵی سێیەم

# عەشیرەت و دەوڵەت

## ١- چۆنێتیی عه‌شیره‌تی کورد به کورتی، سه‌ره‌تایه‌ك بۆ مل لێ نانی ئه‌م فه‌سڵه

ده‌مه‌وێ له‌م فه‌سڵه‌دا له‌وه بکۆڵمه‌وه : ده‌وڵه‌تانی هاوسێ چه‌ندو چۆن ته‌ئسیریان به‌سه‌ر وه‌زعی عه‌شیره‌تی کورددا هه‌بووه . بۆ ئه‌وه وای به‌باش ده‌زانم له‌پێشدا پوخته‌ی چه‌ند قسه‌یه‌کی فه‌سڵی دووه‌م ده‌رباره‌ی چۆنێتیی عه‌شیره‌تی کورد وه‌بیربهێنمه‌وه :

١- پیاوی عه‌شیره‌ت جیاوازیه‌ك له نێوان خۆی و خه‌ڵکی ناعه‌شیره‌تدا ده‌بینێ . " عه‌شیره‌ت " مانایه‌کی نه‌جیبزاده‌یی (ی عه‌سکه‌ریی) هه‌یه .

٢- حاڵه‌تی عه‌شیره‌تی ( به‌و مانایه‌ی نوخته‌ی یه‌که‌م) ره‌گه‌ڵ کۆچه‌ریی به شوێن له‌وه‌ڕدا یا نیوه کۆچه‌ریدایه، تا بڵێی پێکه‌وه به‌ندن، هه‌رچه‌نده ناکرێ بڵێین به‌ته‌واوی وایه .

٣- له رووی پێکهاتنه‌وه،ئه‌وه‌ی له‌عه‌شیره‌تدا له هه‌موو شتێ پتر له‌به‌رچاوه : ته‌بیعه‌تی که‌رت-که‌رت بوونیه‌تی . ئه‌وه به‌تایبه‌تی له‌کاتی دوژمنایه‌تیی‌خوێن وکێشه‌وهه‌رای تر‌داو له ره‌قابه‌تی سه‌ر رابه‌رایه‌تیدا به‌ده‌رده‌که‌وێ .

٤- بیری هاوئه‌سڵی ( بیری ئه‌وه که به ئه‌سڵ یه‌کن، له یه‌ك تۆره‌مه‌ن) . له‌وانه‌یه له‌هه‌ندێ حاڵه‌تدا ( عه‌شیره‌ت یان لقی بچووك یان کۆن) به‌ڕاستی هه‌موو له چه‌ند باووباپیرێکی که‌م بن، به‌ڵام حاڵه‌تی تر هه‌ن که وا نین . هاوئه‌سڵی پته‌وکراوه به :

٥- ژن له‌یه‌کترهێنانی خزمانی نزیك ( ئامۆزاهێنان) له ناو عه‌شیره‌تدا، که ته‌نانه‌ت تا له خوارووترین پله‌شدا هه‌رهه‌یه .

٦- که‌م واده‌بێ هه‌موو عه‌شیره‌ت یا گه‌وره‌ترین لقی عه‌شیره‌ت وێکڕا به‌کۆمه‌ڵ ره‌فتاربکا.

٧- یه‌که‌ی ئابووری ( له ماڵ به‌ره‌ژوور) : " هـۆبـه " و" دێ " ن . هۆبه هی نیوه‌کۆچه‌رانه و ده‌کرێ پێکهاتنی هه‌میشه وه‌ك یه‌ك نه‌بێ . دێ جێی پیاوی عه‌شیره‌تی نیشته‌جێ وکۆچه‌ره ( زۆرتر هی به‌شێکی عه‌شیره‌ته) .

٨- مه‌ڵبه‌ندی عه‌شیره‌ت زۆرتر وایه که دیاره و ناوچه‌و عه‌شیره‌ت به ناوی یه‌کتره‌وه‌ن . به‌ڵام مه‌رجیش نیه کـه سنووری عه‌شیره‌ت ( و به‌شه‌کانی)، سنووری مه‌ڵبه‌ندیش بکێشێ . وا ده‌بێ لقه‌کانی هه‌مان عه‌شیره‌ت زۆر لێك دوور ده‌ژین که‌چی واده‌بێ دوو عه‌شیره‌ت یا به‌ره یا پتریش له هه‌مان ( یه‌ك)ناوچه ده‌ژین .

٩- ته‌بیعه‌تی رابه‌ری له‌عه‌شیره‌تێکه‌وه تاعه‌شیره‌تێك زۆر ده‌گۆڕێ . زۆربه‌ی عه‌شیره‌تان گه‌وره‌ئاغایان هـه‌یه، به‌ڵام کارو وه‌زیفه‌ی زۆر موبهه‌مه . دیاره له رابردوودا ده‌وری زۆر له ئێستا پتر بووه . مه‌رکه‌زی زۆرتر بـه

شەڕوشۆڕ و کێشەوهەرای نـاوخۆوە بـەندە . ئاغای عەشیرەتی بچووك زۆرتر لەگەڵ هاوعەشیرەتەکانیدا خزمایەتیی هەیە، کەچی لە عەشیرەتی گەورەدا زۆرتر وایە ئەوبەرەیەی ئاغایەتی دەکا بە ئـەسڵ غەیرەیە .

١٠- ئاغای عەشیرەت یا بەشێکیعەشیرەت هەرئەوە نیە تەنیا لە رووی سیاسیەوە رابەری بکا، مەرکەزەکەی فایدەی ئابووریشی پێ دەگەیەنێ، کۆچەر حەیوانی بە دیـاری دەدەنێ، و دەستکەوتێکی لە جووتیار ( ی عەشیرەت وناعەشیرەت) ی پێدەبڕێ زۆر لەوە پترە . واهەیە ئاغا خـاوەنی زەویەو عەشیرەتەکەی لە رووی ئابووریەوە دادەدۆشێ .

١١- لە چەندین حاڵەتدا ئاشکرایە کە پیاوی عەشیرەتی کورد زۆرتر پیاوی رابەرەکەیەتی تاوەکوعەشیرەتەکەی ( - بەفوونە- دەبینی عەشیرەت لە دەوری رابەری بەهێزدا زۆر پێگەیشتوون و، بە نـەمانی ئەو رابەرانە ئەو عەشیرەتانەش دەوریان نـەماوە) .

١٢- ئاغای عەشیرەتی کورد، بۆ پاراستن یا بۆ پەرەپێدانی دەســەڵاتی خۆیان رەگەڵ هێزی دەرەوەدا رێـك- کەوتوون . زۆرتر وابووە، رەقـابەتی نـاو عـەشیرەت تێکەڵ بە رەقـابەتـی دەوروبـەر( ی نێوان عەشیرەتان، نێوان حیزبـە سیاسیەکان) کراوە .

## ٢- عەشیرەتی کورد شتێکی " هەر خۆ بە خۆ " نیە

رێی تێدەچێ یەکێك بڵێ پێکهاتنی عەشیرەتی کورد قۆناغێکی پەرەسەندنی تەبیعی رێگای بوونە دەوڵەتە، رووی پەرەسەندنی تەبیعی روون و ئاشکرا لەبەرچاوە: نەریتیعەشیرەتی کورد لە چیا سەختەکاندا زۆر ساکارە، کەچی لە داوێنی چیا و کەوتنە پێ دەشتەوە پتر پەرەی سەندووە . هەرچەندە من دەوری پەرەسەندنی جیاوازی تەبیعی لەوەدا ئینکار ناکەم، بەڵام دەترسم مەسەلەی ئەو پەرەسەندنە خۆبەخۆییە ئەوەندە پێش چاومان بگرێ کە ئیتر نەتوانین تەئسیری دەرەوە ( دەوڵەتانی هاوسێی کوردستان ) ببینین . سەیر ئەوەیە، ئەو مرۆڤناسانە ( ئانترۆپۆلۆجیست)ی کە خۆیان لە مەسەلەی تەئسیرکردنە سەر عەشیرەتاندا دەوریان بۆ دەوڵەتەکانیان دیوە، تا زۆر درەنگ تەئسیری دەوڵەتانیان لە نەریتی ناوخۆی عەشیرەتاندا پەی پێ نەبردووە . نووسەرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە سانایی باسی ئەوەیان کردووە کە فەرمانڕەوایان توانیویانە بە فەرمانێك عەشیرەت دروست بکەن وکردووشیانە . یەکێتی عەشیرەتە ( تورك زمانە)کانی" شاە - سەڤان" ( واتا: ئەوانەی شایان خۆش دەوێ) نموونەی هەرە بەناوبانگە( ئێستا لە ئازەربایجانی ئێرانن) : لەو خەڵکە پێکهات کە بەدەم بانگەوازی شاعەباسی سەفەویەوە چوون ( دەوری ساڵی ١٥٩٠)* . " چەمشکەزەك "یش نموونەیەکی ترە : لەوانەیە کۆمەڵێك کوردی لە ئەسڵی جیاواز بووبن کە هەمان شاعەباس یەکێتیەکی عەشیرەتانی لێ پێك هێنابن و ناردبنیە خوراسان کردبنی بە پاسداری سنوور . پیاو نازانێ ئەو سەرچاوە مێژووییانە تا کوێ راستن، تا بۆمان روون بێتەوە کامە عەشیرەت لە ئەسڵدا هەبوون و کامەیان ( بە فەرمان) دروست کراون، بەڵام هەر بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوە هەن کە دەوڵەت راستەوخۆ دەستی خستووەتە سیاسەتی عەشیرەتەوە، و تەئسیری کردووەتە سەر نەریتی سیاسی و ئابووریی عەشیرەت .

خۆ وەنەبێ هەر عەشیرەتی کورد و ئەوانەی دەوروبەری وابووبن، ئەڵمانیش وابوون، تۆمسن لە باسی عەشیرەتە جەرمەنەکاندا دەڵێ : نەریتی سیاسیان - وەك کە تاسیتەس باسی کردووە - لە نەتیجەی پەرەسەندنی ناوخۆیان نەبووە، پێوەندیی بازرگانیی سەردەمێکیان بە ئیمپراتۆریی رۆمانیەوە تەئسیری زۆر گرنگی تێ کردووە**.

---

* زۆر وابووە شا عەشیرەتیان تێکداون و پێکیشیان هێناونەوە، بەڵام مەبەست لە وشەی " دروست کردن"ی عەشیرەت لێرەدا مانای تەسکی حەرفی نیە .

** ←

مەگەر دەکرێ بیری مڵکداریی تایبەتی زەوی، یا دامەزراندنی ئاغای عەشیرەت بە کارمەند لە دەزگای دەوڵەتدا تەئسیری دووری نەبووبێ ؟. تەنانەت ئەگەر دەوڵەت راستەوخۆش دەستی نەکێشابێتە ناو عەشیرەتەوە، هەر بوونی دەوڵەتێکی پەرەسەندوو کە عەشیرەت سەروکاری لەگەڵدا هەبێ، تەئسیر دەکاتە سەر نەریتی عەشیرەت. تەئسیری لەپڕ و زۆری پەیدابوونی پارەی چاپکراوی دەوڵەت دەکرێ بە نموونەیەکی زەقی ئەمە بهێنینەوە. لە لایەکی ترەوە، عەشیرەتیش هەمیشە دەوری زۆر گرنگیان لە دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبووە. نزیکەی هەموو بنەماڵە فەرمانڕەواکان لەلایەن ئاغاوەتی عەشیرەتانەوە دامەزراون، کە بە زەبری عەشیرەتەکانیان رێی حکومەتکردن و راگرتنی حوکمیان بۆخۆیان تەخت کردووە. لە ساڵانی ١٩٢٠دا ئەوجا، دوا بنەماڵەی گەورەی عەشیرەتی رووخان ( تا ئەوسا هەرهەبوون : ئەتاتورك لە ١٩٢٣دا دوا فەرمانڕەوای عوسمانی ( سوڵتان محەممەدی شەشەم وەحیدەدین) ی لادا، رەزاخانیش تاجی لە دوا شای قاجار سەند ( رەزاخان دوایی خۆی کردە شا، بەڵام پیاوی لەشکر بوو، سەرەك عەشیرەت نەبوو)). تەنانەت لە ١٩٦٣دا" قەشقایی" (یەکێتیەکی گەورەی عەشیرە- تانە لەباشووری ئێران) بە توندی روو بە رووی حکومەت بوونەوە و بە گیانی سیاسەت بەگژیدا چوون*.

---

← تۆمسن(E.A.Thompson, The early Germans ( Oxford, 1965 پوختەیەکی لە نووسینەکەی ئەندرسن :

P.Anderson, Passages from Antiquity to Feodalism ( London,1974) 107-109 .

* ئەم راپەرینە بەتەنیا خۆی نەیدەتوانی حکومەتی شای ئێران بلەرزێنێ، بەڵام تەئسیری بە رێکەوتی ئەوە زیاد بوو کە راپەرینی تریش ( پێشڤەروو و کۆنەپەرست ) لە هەمان کاتدا لە دژی شا و بەرنامە ئیسلاحیەکەی بەرپابوون.

بڕ- : p.Avery, Modern Iran ( London, 1968 ) : 504

## ٣- روودانەوەی چەند وەزعیك : عەشیرەت و حکومەتی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە رۆژهەڵاتیناوەڕاستدا وابووە، عەشیرەتێك (ی کۆچەر) بە زۆر یا بە شێوەیەکی دی حوکمی گرتووەتە دەست خۆی و بووەتە چینی حاکم ( یان دەستەی ئەساسیی ئەو چینە)، پاش چەند پشتێك نیشتەجێ بووە، تەبیعەتی شەڕکەریی لەدەست داوەو حوکمی بێهێز بووە، عەشیرەتێکی تر ( ی کۆچەر) حوکمی لە دەست دەرهێناوە و بنەماڵەیەکی تری فەرمانڕەوا دامەزراوە .

ئەگەر پیاو بیەوێ هەندێ بەسادەیی لێ بدوێ، دەکرێ بڵێ : وەزعی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە وابووە، جەغزێك بە دەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە، " پاریتۆ "ی ئیتالیایی گوتەنی " سووڕانەوەی ( جەغزی) نوخبەی حاکمان بووە .

ئەوەندەی بەڵگە هەن بۆ سەلماندنی ئەوە کە عەشیرەت دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دروست کردبن ، نزیکەی ئەوەندەش بۆ سەلماندنی ئەوە هەن .

چەندین عەشیرەتی کورد ( و هی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەکرێ بە کۆپیەکی سادەی دەوڵەتانی نزیکیان دابنرێن، لەلایەکی تریشەوە : دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەندێ رووەوە کۆپیی عەشیرەتن . دەوڵەت و عەشیرەت وێکڕا پەرەیان سەندووەو پێوەندیان بەیەکەوە هەبووە . راستە،پیاو بەڵگەیکەمی بۆ رەتکردنەوەی ئەو قسەیە بەدەستەوەیە کە دەڵێ : دروست بوونی عەشیرەت ( جۆرە عەشیرەتێك ) لە مێژوودا بەرلە دروست - بوونی دەوڵەت بووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەم عەشیرەتانەی ئەمڕۆ هەن لە قۆناغی( پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی) بەر لە بوونە دەوڵەتدان . دەوڵەت لەدوای عەشیرەت نەهاتووە کە جێی بگرێتەوە، دەوڵەت و عەشیرەت پێکەوە هەبوون و تەئسیریان کردووەتە یەکتر*.

هەموو ئیمپراتۆریەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو دەستەی جیاوازیان تێدا بووە : " تایفە"ی عەسکەرییان ( نەجیبزادە) و ئیدارەیان لەلایەکەوە** و جەماوەری خەڵك لە لایەکی ترەوە . لە ناو کوردیشدا عەشیرەت لە

---

* من لێرەدا وشەی عەشیرەت و عەشیرەتی هەر بەو مانایا بەکاردەهێنم کە کورد خۆی بەکاری دەهێنێ، و لێرەدا نامەوێ لە باسی ئەوەدا نقوم ببم کە عەشیرەت بەڕاستی یانی چی .

** لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بیرۆکرات ( کارمەندانی ئیدارە) یش بە چینی عەسکەری دادەنران .

لایەك و نـاعەشیرەت ( و رەعیەتی تر) لە لایەکی تر هەبوون . لە هەندێ شوێن بە پیاوی عەشیرەت گوتراوە " سـپاهی"*، کە ناوی سوارەی دەرەبەگیی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە . پیاوی ناعەشیرەت جگە لە ناوی گـووران و کـورمانج و مسـکێن، " رەعیـەت "یشی پێگوتراوە، کە لە دەوڵەتە ئیسـلامیەکانیشدا هـەبووە ( ئەوانەی باجیان داوە) . تەنانەت پیاو ئیدارەیەکی سەرەتاییش لە عەشیرەتدا دەبینێ، کە دەکرێ ئاغای عەشیرەت ( لە دێهاتێکدا کە راستەوخۆ سەر بەئاغایەتیی ئەون) نوێنەری هەبن(کوێخاKîxa, çûxa) وتەنانەت میرزاو راوێژکارو...ئیدیش . لە ئەمارەتە کوردەکاندا، دامودەزگا زۆر پەرەی سەندبوو، ناوو نیشان و ئیدارە- یان وێنەیەك بوو لەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێران .

یـەکێك لەو هۆیانەی کە دامودەزگای ئیدارەی ژیانی عەشیرەتی ئەوەندە سەرەتاییە ئەوەیە کە عەشیرەت ئەوەندە گەورە نیە، سەرۆکەکەی دەتوانێ راستەوخۆ بە زۆر کاروبار رابگا .
هۆیەکی تری ئەوە لە کوردستاندا ئەوەیە کە کشتوکاڵیکوردستان زۆرتر دێمەکارە، سیستمێکی بەرینی ئاودێریی وەك ئەوەی ئێران یا باشووری میسۆپۆتامیای کە بکرێ دامودەزگایەکی بەرینی ئیدارەی لێ پێك بێ لێ نەبووە .

دەستەی عەسکەریی ئیمپراتۆریەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرتر لەو کۆچەرە شوانکارەو شـەڕکەرانە پێك - هاتووە کە بە ژمارەی زۆر لە نیمچە دورگەی عارەبەوە و لە پێ دەشتی کەمەری ئاسیا - ئەورووپاییەوە بە دنیا وەربوون .

رەنگە شەپۆلێکی وەهای کۆچەرانی دەستەی ئێرانی، یەکە بەشی هەر هەزۆری کەرەستەی بناغەی ئەم میللەتە کوردەی ئەمڕۆ بووبێ . ئەوانە،کە بە" میدیا و فارس " ناسراون، لە ١٢٥٠-١٠٠٠ پ ز بە تەسکە رێی نێوان قەوقاس و دەریای قەزوێندا باشـوور بوونەوەو لە رۆژئاوای ئێران دامەزراون . وادیارە فەرمانڕەوایانی ئەوناوە ئەم کۆچەرە شەڕکەرانەیان بە دڵ بوون ولای خۆیان دایانمەزراندوون و ئەرابە ( عەرەبانە)ی شەڕیان داونە دەست ( کە تازە داهاتبوو !) . لە بەرامبەر ئەوەدا، مێرگ بۆ لەوەڕو زەویی کشتوکاڵیشیان داونێ**. دواییین هەر ئەم کۆچەرانە بوون بە

---

* بەڤوونە ریچ ، ١: ٨٨ .

** Ghirishman(1977):51; R. Labat in Fischer Weltgeschichte.4. Die altorientalische Reiche,III:19.

دەستەی فەرمانڕەوا،و دوای چەندین سەدە شەڕوشۆڕ لەگەڵ ئاسـوورییەکاندا، نەینەوای پایتەختی ئاسوورییان گرت* و تاڵان کرد . ڕۆژگارێکی زۆر فەرمانڕەوای باکووری میسۆپۆتامیا بوون،و ڕێی تێ دەچێ کە لە ژێر سێبەری لەشکرەکانی میدیا نـەك هـەر کـۆچەری شـوانکارە، بگرە میدیایی نیشتەجێش ڕۆژئاوا بووبنەوەو خۆیان لە جەرگەی کوردستاندا دامەزراندبێ .

کوردسـتان، تـەبیعەتی کردوویەتە سـنوورێکی تـەبیعیی نێـوان ئـیمپراتۆرییان . زۆر زەحمەتە بێگانە بتوانێ حوکمی خۆی تێدا بسەپێنێ و بۆی بپارێزرێ . هەمیشە سنووری باکوورو ڕۆژهەڵاتی باکووری ئیمپراتۆریە-کانی میسۆپۆتامیای پێکهێناوە ( ئەو شوێنانەی ئاسووری لە باکوور داگیریان کردبوون دەکەوتنە ڕۆژئاوای جەرگەیکوردستانی ئێستا) . لە دووهەزاروپێنج سەدساڵی ڕابردوودا لەمپەر بووە لەنێوان ئێران و ئیمپراتۆریە گەورەکانی ئـاسـیای بچووکدا : یۆنانی - ڕۆمانی، بیزەنتی، عوسمانی . کـوردسـتان، سـەرچاوەی دووەمی شەڕکەرانی " عەشیرەتی" بووە بۆ هێزی دەوڵەتانی دەوروبەر ( ئەگەر بکرێ بیابانی عارەب و پێدەشتی ئاسیا - ئەوروپایی بە یەکەم دابنێم" . لە گەیشتنی میدیاییەکانەوە حەقەن وا بووە، بەڵام لەوانەیە بەرلەوەش هەر وا بووبێ ( سەرچاوە ئاسوورییەکان باسی پادشاکانی" نایری"یان کردووە کە شەڕکەری ساماناکی ئەم کوردستانی مەرکەزیەی ئەمڕۆ بوون ) . لە سەر تاسەری مێژووی ئیسلامدا پیاو تووشی باسی ئاغاوەتی کورد دەبێ کە بە پیاوی عەشیرەتی خۆیان خزمەتی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی دەوروبەریان کردووە**.

بەناوبانگترینی ئەوانە سەلاحەدینی ئەیووبی بوو، کـوردێکی عەشیرەتی ڕەوادی، کە بە فەرماندەیی لەشکری کوردوتورك لە دژی خاچپەرستان ناوبانگی دەرکرد، کۆتایی بە خیلافەتی فاتمی(ی شیعە)ی میسر هێنا و خۆی کردە سوڵتان ( ی سوننی لە میسر ١١٧١) . لە میسرەوە پەلی کێشایە سووریاوەو ئەوێشی گرت . میسر تا ١٢٤٩و حەلەب تا ١٢٦٠ هەر بەدەست تۆرەمەی ئەوەوە بوون . بەهەرحاڵ، لەوانەیە سەلاحەدین بۆ نموونەی پیاوێکی عەشیرەتی کوردی کە خزمەتی ئیمپراتۆریی هاوسێی کردبێ زۆر دەست نەدا، چونکە ئەو ئاغای عەشیرەت نـەبوو، تەنانەت لە کوردستانیش لە دایك نەبووە ( لە

---

* کوردی نەتەوەیی ئەو تاریخەیان کردووە بە ئەساسی ساڵنامەیان .

** مینۆرسکی لە باسەکەی " کورد"یدا زۆر نموونەی هێناوەتەوە ( چاپی یەکەمی" ئەنسیکلۆپێدیی ئیسلام"ی بە ئەڵمانی ) .

تکریت - عیراقی عارەب لە دایك بووە ) . سەلاحەدین، بە وەزیفەی فەرماندەیی لەشکری نوورەدین ئەتابەکی ( فەرمانڕەوای) سەربەخۆی حەڵەب، خۆی پێ گەیاند ، نەك بەوە کە هیچ عەشیرەتێکی لە پشت بووبێ ( ئەو ئاغا زۆرە عەشیرەتیانەی کە لە ژێر فەرماندەیی ئەودابوون، زۆر پتر دەکرێ بەغوونە دابنرێن ) . تەنانەت رەنگە هەر ئەوە کە هیچ پێوەندیەکی پتەوی بە عەشیرەتەکەی خۆیەوە نەبووە زۆر بەکەڵکی هاتبێ، ئەوە کاری مل دانی عەشیرەتەکانی‌تری بۆ رابەریی ئەو هاسان کردووەتەوە . وەزعی لەوەدا تا رادەیەك لە وەزعی شێخان دەکا ، کە برستی شەخسیەتیان هەر بە سنووری عەشیرەتێکەوە ناوەستێ . برستی شەخسیەتی سەلاحەدین بە سەرکەوتنی لە شەڕدا ، بەسەر کافرانی ( خاچ پەرستان) و فاتمیەکانی ئەهلی بیدعەتدا ، دروست ببوو، واتا بۆنێکی ئاینیانەشی هەبوو .

هێزی سەلاحەدین لە پیاوی عەشیرەتی کوردو تورك پێك‌دەهات، کە هەمیشە کێشەوهەرایان لەنێواندا هەبوو . کاروبار بەدەست تورکەکان بوو، لەبەرئەوە سەلاحەدین هەمیشە ئاگای لەوەبوو لە مەسەلەی هەویەتی کوردیی خۆیدا زۆر پێ دانەگرێ نەوەکا بەشی زۆری لەشکرەکەی رووی لێ وەرگێڕێ . بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەیووبی کورد نەبوو، ئیسلامی بوو* . (١)

---

* کوردە نەتەوەییەکان لە مەسەلەی سەلاحەدیندا یەك نین . حکومەتی عیراق کوردە چەکدارەکانی خۆی ( لە ١٩٦٢وەوە) بۆ شەڕی کوردە نەتەوەییەکان ناونابوو تیپەکانی سەلاحەدین . ئەو تیپانەی کە لە ئەورووپا زۆرتر بە ناوی " جاش ceş" ناسراون، جاش بە کوردی بە " رۆڵەی کەر" دەڵێن .

## ٤- ڕوودانەوەی چەند وەزعێك : نێوانی مەرکەزو ناوچەکانی سەرسنوور

بەوە کە کوردستان - هەمیشە وەك ئێستا - لە مەرکەزی حکومەتەکانی دەوروبەری دوور بووە ،هەرنـاڕاستەوخۆ تابیعی دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایانی ئەو ئیمپراتۆریانە بووە . حکومـەتی مـەرکەزی چـەند پیاوێکی دەست-ڕۆیشتووی ئەو ناوچانەی - زۆر بە گـوتڕەکاری - هەڵبژاردووە و بە نوێنەری خۆی داناون لەوێ، بـاجیان بـۆ وەکۆکردووەو شەرکەریان بۆ ناردووەو بە ناو خۆیان بە لایەنگرو تابیعی ئەو داناوە، - لەوە بگەڕێتەوە - هەموو کاروبارێکیان تا ڕادەیەکی زۆر هەر بە دەست خۆیان بووە . ئەو نوێنەرانەی دەوڵەت لەوناوە ( نوێنەر بە مانای زۆر فراوانی) لەمەدا هیچ زیانێکیان لێ نەکەوتووە، بگرە زۆریشیان فایدە لێ دیوە ،پشت گرتنی حکومەتیان بۆ دەسەڵاتی خۆیان دابین کردووە ( ئەینا مەگەر بەتەواوی بە دڵی خەڵکەکە یا بە نیوەدڵیی خەڵك و دەستەیەك پیاوی چەکدار بیانتوانیبا حوکم بکەن ) . بەوە کە حکومەت کردوونی بە نوێنەری خۆی و لەقەبێکی داونێ، توانیویانە لە حکومەتیش زاڵمانەتر حوکم بکەن - زۆرتر هەر واشیان کردووە، باج و عەسکەریان پتر لە داوای حکومەت وەکۆکردووەو زیادەکەیان بۆخۆیان بووە . ئەوجا بەوە کە ئەوانە نوێنەری حوکم و قـانـوون بوون، ئیدارەیەکیشیان بە دەورەوە دروست بووە کە کـۆپییەکی سـاکار بووە لەو ئیدارەیەی کە دەوڵەتی مەرکەزی هەیبووە، ژمارەیەك ئاغای لە خۆیان بەرە ژێریشیان هەبوون، کە نێوانیان لەگەڵ ئـەماندا وەك نێوانی ئـەمان بووە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا. سەیربکە چۆن دەکرێ کەمترین تێکەڵاوی لەگەڵ دەوڵەتدا تەئسیری گرنگی بە سەر خوارووترین پلەی نـەریتی سیاسیشدا هەبێ . ئـەوجا جگە لە دەسەڵاتی سـیاسیی ڕووت، دەوڵەتی مەرکەزی تەئسیری ئابووریشی دەبێ : بازرگانی، پارە دەرکردن، یان بەرهەمی نوێ، بەگشتی مەودای سەر-هەڵدانی چین و توێژی جیاواز بەرینتر دەکەن ( هەرچەندە پیاو ناتوانێ هەمیشە چۆنێتیی پێکهاتنی ئەو وەزعە پێش‌بینی بکا ) . بەکارهێنانی مەکینە لە کشتوکاڵدا دوا شتێك بووە کە تەئسیری کردووە، بەڵام حەقەن تاقە شتێ نەبووە .

هەرچەندە لەوانەیە نێوانی حکومەتی مەرکەزی لەگەڵ هەموو ناوچەکانی تری سەر سنووریشدا هەر وا بووبێ، بەڵام بەوە کە کـوردسـتـان لە سەدەکانی ڕابردوودا لەنێوان دوو ئیمپراتۆرییدا ڕەقابەتی لەسەر بووە، کـاربە-دەستانی نـاوخۆی توانیویانە پتر ئەو دوو هێزە گەورەیە بەرامبەریەك ڕابگرن و لەوبەینەدا جێی خۆیان پتر بکەنەوە، کە یاریەکی زۆر خەتەر بەڵام بەقازانجیش بووە .

دنیا ، بە رێککەوتنی ئەلجەزایری نێوان هێزە رەقیبەکانی ئێران و عیراق ( ی- بە ریز- سەر بە ئەمریکاو سۆڤیەت )ی مارتی ١٩٧٥ ، شاهیدی نەتیجەی لەپڕو سەیری دوا یاریی لەم بابەتە بوو ، کە ئەوەبوو " پادشایەتیی بە تابیعیەت"ی بارزانی* لە چەند رۆژێکدا رووخا و بەسەدان هەزار کوردی عیراقی بە سنووردا دەربازی ئێرانی تارادەیەك ئەمین بوون . بـارزانی یارمەتیی ئێرانی پێ دەگەیشت، چونکە ئێران دەیویست عیراق هەراسان بکا ، کە لەمێژەوە کێشەی لەگەڵدا هەبوو .

بـارزانـی، بەوە کە هەمیشـە دەرگایەکی کراوەی بۆ حکومەتی عیراق دەهێشتەوە، زەمـانێکی زۆر توانی تا رادەیەك سەربەخۆیی خۆی بەرامبەر ئێران بپارێزێ . ئەویش ( بـارزانی) بە سووك وسانایی هەمان رێی زۆر ئاغـای بەر لە خۆی گرتە بەر ، زنجیرەیەك کە سەرەتاکانی لە بەرەبەیانی مێژوودا ونن .

ئەوە کە پتر لە یەك هێز لە ناوچەکەدا هەبووە، تەئسـیری زۆری کردووەتە وەزعی دوژمنایـەتیی نێوان ئـاغـا بچووکەکانی سەرسنوور . باشترین شتێك کە رەقیبان یا دوژمنانی ئاغایەکی کە بووەتە " تابیع " بە دەوڵەتێك بیکەن ئەوەیە دەست بۆ هاوکاریی دەوڵەتەکەی تر ( یا یەکێك لە دەوڵەتەکانی تر ) درێژبکەن . هەر ئەو دوژمنا-یەتییەشە وا لەم دەوڵەتەی تر دەکا بڕوایەکی پێ بهێنێ و یارمەتیی بدا . زۆرتر هەر وابووە، ئـەو دەوڵەتانەی ویستوویانە دەسەڵات لە کوردستاندا پەیداکەن، هەوڵیان داوە پیاوی دوژمنی پیاوی بەرامبەرەکەیان بەکـار بهێنن . بەم جۆرە، دوژمنایەتی و رەقابەتی نـاوخۆ و کێشەوهەرای دەوڵـەتانی هاوسێ - تـەنانەت دەوڵـەتانی

---

* مەرکەزی بارزانی حەقەن هەرتەنیا بەهۆی پشتگیریی دەرەوە نەبوو . ناوو ناوبانگی کۆنی بنەماڵەکەی( شێخ و نەتەوەیی دێرین )، هەڵکەوتوویی لە رووی عەسکەرییەوە و سـەرکەوتنەکانی وەك رابەرێکی پێـشمەرگە، و زیادبوونی نەتەوایەتی لە ناو خەڵکەکەدا ،هەموو ئەم شتانە وێڕای توانای میکیاڤیلیانەی لە سیاسەتبازیدا بەشیان لەوەدا هەبوو . بەهەرحاڵ، پشتگیریی زیادبووی کە لە ئێرانی وەرگرت ( و لە ١٩٧٢وەوە لە ئەمریکا) تەبیعەتی حوکمی بە رادەیەکی گرنگ گۆڕی،کە تا دەهات پتر لە حوکمی شای دەکرد لە ئێراندا . وەزیرەکانی، کە ساڵی ١٩٧٤ دایناببوون تەنیا لەبەرامبەر خۆیدا بەرپرسیار بوون، و لەشکریش بە هەمان شێوە، ئاسایشی ناوخۆ (و چەوساندنەوەی سیاسی)یش بەدەست ئیستیخباراتە نهێنییەکەی" پاراستن" ـەوە بوو کە ساڵی١٩٦٦ لەلایەن ساواکی شاوە رێك وەك کۆپیەکیتەواو دروستکرابوو. " سەرکردایەتیی شۆڕش"، جۆرە پەرلەمانێکی کە لە١٩٦٦ تا ١٩٧٠ هەبوو، قەت زیندوونەکرایەوە . (٢)

دوورتریش - تێکەڵی یەکتر دەبنەوە .

من لە هیچ کوێ خەڵکێکم نەدی ئەوەندەی خەڵکی کوردستان ئاگایان لە کێشەوهەرای ناوخۆی دەزگای دەوڵەت و ئەوەی نێوان دەوڵەتانیش بێت . ئێستاش بەتایبەتی شەوێکم زۆر چاك لەبەر چاوە کە لە رەشماڵێکی کۆچەراندا کە نزیکەی یەکێکیشیان تێدا نەبوو قەت خوێندگەی دیتبێ، درامە بەر پرسیاران دەربارەی پێوەندیی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت و چین . هەر زۆر ئاگاداری دنیا بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ گوێیان لە ئێستگەی رادیۆی چەندین وڵات دەگرت و چیان دەبیست دادەنیشتن پێکەوە قسەیان لەسەردەکرد . دیارە، ئەوەی ئەوان مەبەستیان بوو ئەوەبوو بزانن ئەو دەنگوباسانە مانای چ توانایەکیان بۆ سەربەخۆیی کوردان تێدابوو ( ئەگەر هەر بەشێوەی دەوڵەتێکی تابیعیش بوایە ) .

بەوە کە کوردستان - هەمیشە وەك ئێستا - لە مەرکەزی حکومەتەکانی دەوروبەری دوور بووە، هەرنـاڕاستەوخۆ ئەو جۆرە پێ بەندیە بە دەوڵەت تا ئەوەندەی قازانجی بۆ پیاوی تابیع تێداهەیە دەوام دەکا، هەرکاتێ کە بزانێ چیتر بە دەردی ناخوا ڕووی لێ وەردەگێڕێ و ڕوو لە دەسەڵاتێکی تر دەکا کە فایدەی تێدا هەبێ، یا سەربەخۆیی تەواوی خۆی رادەگەیەنێ . لەگەڵ بێ هێزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزیدا، تەبەعەی دوور لە مەرکەز سەربەخۆیی خۆیان پیشان دەدەن، لەوانەیە بەناو خۆیان هەر بە پێبەندی دەسەڵاتی مەرکەزی دابنێن بەڵام بە کەیفی خۆیان دەکەن و گوێ بە داوای مەرکەز نادەن : چیتر باج بە ڕێکوپێکی نادەن، مەرکەز هەزار هاوار بکا شەرکەری بۆ نانێرن، لەوانەیە لە دواییدا هەر ئاڵای سەربەخۆیی خۆیان هەڵکەن . ئەگەر بێهێزبوونی مەرکەز هەر ماوەیەك بێت و بەسەربچێ، ئەمانیش- بەگوێرەی وەزع - دیسان پێبەندی و دڵسۆزیی خۆیان لەگەڵ بەهێز- بوونەوەی حکومەتدا بەگەرمی پیشان دەدەنەوە . بەڵام ئەگەر، بەهەرحاڵ، حکومەتی مەرکەزی زوو نەیەتەوە سەرحاڵ و گورج نەبێتەوە، ئەوا ژمارەیەك دەسەڵات بەدەست یا نیمچە دەسەڵاتبەدەستی ئۆتۆنۆم دروست - دەبن، لەوانەیە هەندێکیان دەست بە سەر هی تریشدا بگرن و دەوڵەتی تەواو دامەزرێنن . کەواتە - تارادەیەك وەکو ئەوەیە - دارزینی ئیمپراتۆری، ژمارەیەك دەوڵەتی نوێی دوور لە مەرکەز بهێنێتە کایەوە کە کۆپیی بچووکی ئیمپراتۆریە کۆنەکە بن . مەرج نیە ئەوانەی لەوێ دەبنە فەرمانڕەوای سەربەخۆ هەر ئەو بەرپرسیارانەی سەر بە دەوڵەتی کاتی خۆی بن، چونکە وڵات بە نەمانی دەسەڵاتی مەرکەز وا دەشێوێ و ڕەقابەت وکێشەو هەرای ناوخۆ ناوچەکە وا دەخرۆشێنن، ڕێ بۆ ڕابەرانی نوێ دەکرێتەوە .

با سەیرێکی مێژووی بنەماڵەی فەرمانڕەوای کورد " مەروانی" بکەین، کە ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکردو سەدەیەك ( دەوری٩٨٥-١٠٨٥ ) حوکمی بەشێکی گەورەی کوردستانی کرد* .

دەسەڵاتی مەرکەزی، لەم حاڵەتدا، خیلافەتی عەباسی بوو . بـوەیهیەکان ( بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای دەیلەمی بوون ) جڵەوی کاروباری پایتەختیان خستە دەستی خۆیانەوە (ساڵی ٩٥٥ ) وهێزو پێزێکیان هێنایەوە بەر حوکمی داهێزاوی خەلیفەدا . خـەلیفە بە ناو هەر سەرۆکی دەوڵەت بوو، بـەڵام حوکم بـە تەواوی بەدەست بوەیهیەکان بوو . بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای عارەب هەبوون بە ناوی " حـەمدانی "، سەردەمێك فەرمانڕەوای سەربەخۆی باکوورو ناوەندی میسۆپۆتامیا ( و تەنانەت ٣ سـاڵ فەرمانڕەوای خودی بەغداش ) بوون . بوەیهی دەسەڵاتی حەمدانییان کەمکردەوە، دوو لقیان لێ کردن بە حاکمانی حەڵەب و مووسڵ، بـەڵام ئەوان هەمیشە هەر چاویان لەوەبوو بە تەواوی سـەربەخۆ ببنەوەو وڵاتی زۆر حوکم بکەن . گەورەترین ڕەقیبی عەباسیەکان لەوسەردەمەدا فاتیمەکانی قاهیرە بوون،کە دەسەڵاتیان لە سووریاش‌هەبوو. ئیمپراتۆرییەهاودەمی سێیەم: ئیمپراتۆریی بیزەنتی بوو. دوو پادشایی نیوەسەربەخۆی ئەرمەنیش لەوناوە دەوری بچووکیان هەبوو: ئانی(بنەماڵەی فەرمانڕەوای باگراتی) و وان (ئارتسرونیان). نابێ لێرەدا هەستی ئاینییش وەلانێین . هەموومسوڵمانی سوننی خەلیفە عەباسیەکانیان بە ڕابەرانی دین و دنیا و سەرووترین سەرۆکایەتیی خۆیان دەزانی . بوەیهی و عـەسکەریان شیعەی دوازدە ئیمام بوون، کەواتە لەو هێزانەی بێگانەدا، حەمدانیەکان( کە سوننی بوون) بۆ عاتیفەی کوردان لەبارتربوون .
کە باسی بنەماڵەی فەرمانڕەوای مەروانی دەخوێنینەوە دەبینین، کوردێك دایمەزراندووە ناوی "باد" یا " باز" بووە، لە ئەسڵدا شوان بووە، دوایی بووەتە جەردە، ئەوجا بە دەستەیەك پیاویەوە چووەتە شاری

---

* نووسینێکی سەدەی دوازدەیەمی " ئیبنول ئەزرەق ئەل فارقی" هەیە، سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووە . بەشەکانی باسی مەروانییان لە میسر چاپ کراوەو" م . ئە. بۆزەرسلان" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی: " ئیبنول ئەزرەق، مەرڤانی تاریهی، ئەستەمبوڵ : کۆرال، ١٩٧٥"، کە من لێرەدا ئاماژەم پێ کردووە .
نووسینێکی ئامەدرۆزAmedroz ( ١٩٠٣ ) هەڵبژاردەیەکی ئەوەیە بە هەندێ تێبینیەوە؛
لە ئەنسیکلۆپێدیی ئیسلام (ی بە ئەڵمانی) دا: " کورد" (ی مینۆرسکیMinorsky) و" مەروانیەکان " (ی تزێتەرشتێینK.V. Zetterstéen ) هەندێکیان خستووەتە سەر .

ئەرجیش و چەند شاری بچووکی لە نزیکی ئەرمەنستان گرتووە . لە شوێنێکی تر ناوی بە سەرۆکی " هومەیدی" هاتووە، کە وادیارە دەبێ عەشیرەتێك بووبێ . بەهەرحاڵ، با مەرکەزی پێشووی کۆمەڵایەتیشی نزم بووبێ، ئەوە شتێك نیە لەگەڵ ئەم قسەیەدا ( کە سەرۆکی عەشیرەت بووە) ناڕێك بێ . ئەگەر ڕابەریی عەشیرەت بە فەرمانی دەوڵەت نەچەسپابێ، گۆڕانی بەپەلە پێشی پێ ناگیرێ، ئەوجا ئەوەش هەیە کە لە ناو عەشیرەتی کورددا سەیر نیە کوڕە ئاغا لە لاوێنیدا کاری شوانی بکەن .

تاکوحاکمی بەهێز عەزودوددەولەی بوەیهی مابوو، باد بێ دەنگ و ئارام لە چیا دەژیا. بەڵام بە مردنی عەزودوددەولە، هێزی باد زوو بەزوو زیادی کرد*. ڕووی لە میافارقین Meyaferqîn ( سیلڤان) کرد کە حاکمێکی حەمدانیی بەسەرەوەبوو و لە سایەی هاوکاریی خەڵکەکەیەوە بە هاسانی گرتی ( ٩٧٣ / ٩٧٤) . باد بە زوویی بوو بە فەرمانڕەوای شار و ناوچەکانی ئامید ( دیاربەکر) و نسێبین Nesîbînیش . برایەکی لەسەر میافارقین دانا و بەرەو باشوور چوو و مووسڵ ی گرت، بوەیهی و حەمدانی لەشکرەکانیان ناردە سەری، باد ئەو لەشکرانەی تێکوپێك شکاند ، تەنانەت بەغداشی خستە مەترسیەوە، بەڵام دوایی شکا و ناچار بوو بگەڕێتەوە میافارقین . ئەو سەرکردەیەی وەشوێنی خرابوو، بەهەرحاڵ، بە زۆر ناچارکرا خاوەنێتیی سەرتاسەری ویلایەتی دیاربەکری بۆ بسەلمێنێ**. ئیدارەی داوێنەکانی باشووری قەڵەمڕەوویی باد ( تۆرعابدین و جەزیرە ) دران بە باد، بە ناوی ئەوە کە تابیعی حەمدانیەکان بێت، حەمدانی خۆیان تابیعی بوەیهیەکان بوون، هەرچەندە هەر بەتەمای سەربەخۆیی بوون *** . کە سەمسامودەولەی بوەیهی مرد ، حەمدانی بێهێز بوونی ( کاتیی) حکومەتی مەرکەزییان بە دەرفەت زانی و یەکێك لەو شتانەی هەوڵیان دا لەوبەینەدا وەدەستیان بخەنەوە، داگیرکردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی باد بوو. باد لەشکرێکی لە نزیك تۆرعابدین کۆکردەوەو پێوەندیی لەگەڵ خەڵکی مووسڵ دا

---

* ئیبنول ئەزرەق، ٦٩ : کە عەزودوددەولە مرد ، باد - تەنانەت - بەدەسەڵاتتریش بوو، و خەڵکی زۆرتری ڕەگەڵ کەوتن .

** دیاربەکر ئێستا شاری مەرکەزیەتی، لە ئەسڵدا بە محافەزە( ئوستان) یەکی زۆر گەورە دەگوترا کە : ئامید ، میافارقین (فەرقین)، ماردین، و وادەبوو" جەزیرە"شی دەگرتەوە و دەگەیشتەوە دەریاچەی وان .

*** ئیبنول ئەزرەق : ٧٣ .

رێكخست ( كە وادیارە لەگەڵیدا بوون) . ئەگەر لە شەڕێكی نزیكی" تۆرعابدین"دا نەكوژرایە،لەوانەبوو مووسڵی بگرتایە * (٣) . سێ خوشكەزای بەدوای یەكدا جێیان گرتەوە، كە توانیان پێش بە هێرشێكی بێگانە بگرن ( ئەوسا بیزەنتی هەوڵیان دەدا كەنارەكانی باكووری دەریاچەی وان بگرن )، و پێوەندیی ژن و ژنخوازییان لەگەڵ حەمدانیەكاندا ساز دا . بەڵام خوارزای یەكەم و دووەم وەزعی ناوخۆیان بە تەواوی بۆ تەخت نەبوو، تەنیا سێیەمەكەیان ( ئەبو نەسر (نەصر) ) بوو كە توانی ئاشتی و تەبایی ناوخۆ پێكبهێنێ . سەردەمی درێژی حوكمی ئەبونەسر (١٠١٠-١٠٦١) سەردەمی دەوڵەمەندی و شكۆی فەرهەنگی بوو . مەركەزی خۆی بە پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتی و خەلیفەی بەغدا و بوەیهیەكانیشدا** پتەوكرد . لەساڵی سێیەمیدا، دوای ئەوە كە حوكمی بە تەواوی پتەوكرد، نوێنەرانی سێ هێزی گەورە وێكڕا هاتنە خزمەتی و دیاریی بەنرخیان پێشكەش كرد و لەقەبیان دایێ ( كە بەمە - هەرنەبێ بەناو - خۆیان لێ كرد بە خاوەن ) . یەكەم شاندی گەیشت دەستەی نوێنەری خەلیفەو بوەیهیە- كان بوو، كە دیاریی زۆر و عەبای فەخری و لەقەبی " نەسروددەولە (نصرالدولە) " و هەموو شارەكان و قەڵاكانی دیاربەكریان بە فەرمانی مۆركراو پێشكەش كرد . دوای چەند رۆژێك نوێنەری " ئەبوعەلی مەنسوور ( أبوعلي منصور) "ی فەرمانڕەوای فاتمیی میسر بە دیاریی زۆر و لەقەبی " عیززوددەولە "وە چوونە خزمەتی . رۆژێكی تر، نوێنەری ئیمپراتۆر " باسیل "ی بیزەنتی دیاریی زۆر گەورەو گرانی پێشكەش كرد .

ئەم قەبووڵ كردن و بۆ سەلماندنە لەلایەن سێ هێزیگەورەی ئەو سەردەمەوە، زۆر یارمەتیی سەربەخۆیی و

---

* هەمان سەرچاوە : ٧٤-٧٥ . خەڵكی مووسڵ هۆشیان لای ئەوەبوو باد بە رێوشوێنی مسوڵمانەتیی تەواو بنێژرێ، كە نیشانەیەكە بۆ ئەو رێزەی لەوێ هەیبوو (٣) .

** هەمان سەرچاوە، ١١٥ : ئەمیر ئەبونەسر حوكمی خۆی قایم كرد . جگە لە ئامید خۆی، هەموو گۆشەو قوژبنێكی ( ویلایەتی) دیاربەكریشی خستە ژێر حوكمی پادشایەتیی خۆیەوە . نامەنووسینی لەگەڵ پادشایان ( زۆران - دەبێ مەبەستی هەر تەنیا لە ئیمپراتۆری بیزەنتی نەبووبێ، مەبەستی لە پادشا ئەرمە- نیەكانیش بووبێ ) و خەلیفەو بەهائوددەولەی بوەیهیدا هەبوو . حوكمی وەها بەهێز بوو، كەس نەبوو بوێرێ روو بە رووی بێتەوە .

بەهێزبوونی حوكمی ئەبوونەسری دا*. ئامیدیشی خستە سەرقەڵەمڕەوییەكەی و حكومەتێكی زۆر رێكو-پێك و بەشكۆی هەبوو، وەك حكومەتی قاهیرە یا بەغدا بوو** . بیرۆكرات ( پیاوانی ئیدارە ) لە چەندین گۆشەو كەناری دنیای ئیسلامەوە روویان تێكرد و لای دامەزران . راكردووی سیاسی هانایان دەبردە بەر، پەنایان دەدان و بەشداری كۆسمۆپۆلیتیەت ( عالەمیەت )ی ئەم دەوڵەتە نوێیە دەبوون .

بەداخەوە، ئەو سەرچاوانەی هەن زانیاریەكی زۆر نادەنە دەست، تا پیاو بزانێ نەریت و دامودەزگای ناوخۆی دەوڵەتی مەروانی چۆن بووە، عەسكەرەكانی لە چ میللەتێك بوون، خەڵكەكەی چ تەرزێك بوون و ...ئیدی . مینۆرسكی ( لەوانەیە قسەی ئیبنول ئەسیر (ئەثیر)ی مێژوونووسی وەرگرتبێ) بادی بە رابەری هومەیدی ناوبردووە، و دەڵێ بۆ شەڕی دژی حەمدانیەكان هێزێكی زۆری لە كوردی بەشنەوی لە دەوری خۆی كۆكردووەتەوە*** . ئەمە مانای ئەوەیە كە دەبێ لەشكرەكەی زۆرتر هەر لە شەركەرانی عەشیرەتی كورد پێكهاتبێ . خەڵكی ناوشارەكان زۆریان كورد نەبوون،نیسبەتێكی زۆرمەسیحی و جوو بوون**** . یەكەم كەسی جێی بادی گرتەوە ( ئەبوعەلی) زۆر لە خەڵكی میافارقین ناڕازی بوو، بەتایبەتی لە" بەدمەست و ئەحمەقەكان " ی كە لەگەڵ ئەودا نەبوون و حەمدانیەكانیان خۆش ویستوون، تەنانەت بە گژ عەسكەرەكانیشیدا چوون . هەركاتێ لایان وابوایە " عەسكەرێك یا كوردێكی تر " سووكایەتیی پێ كردوون،بە بێ پرسی حاكم گورج دەیانكوشت*****. جووتیاریش زۆربەیان مەسیحی(سووریانیی یاقوو-بی وئەرمەنیی گریگۆری و چەندیۆنانیەكی ئەرتۆدۆكس) بوون ****** . زۆردوورە كوردی ئەو مەڵبەندە

---

* هەمان سەرچاوە : ١١٨-١٢٠ . نووسەر لەدواییدا دەڵێ : بەو جۆرە ناو و شكۆی نەسرووددەولە بەرزتر بووەوەو دەسەڵاتی زیادی كرد و ئاسایش كەوتە وڵاتەوە .

** ئامەدرۆز : ١٣٤/١٣٣ .

*** مینۆرسكی،كورد ،چاپی یەكەمی ئەنسیكلۆپێدیی ئیسلام (ی بە ئەڵمانی) ل ١٢١٨. بەشنەوی ( یا بەجنەوی) عەشیرەتێكی كورد(ی كۆچەر)ی گرنگ بوون، كە قەڵەمڕەویان لە باكووری تورعابدین بووە .

**** بەغوونە بڕوانە توران Turan(١٩٧٣) : ٢٣٢/٢٣١ و تێبینی ( پەراوێز)ی ٢٨ .

***** ئیبنول ئەزرەق : ٨٢ .

****** لە بەشی باكوورو رۆژهەڵاتی ناوچەكانی دەسەڵاتی مەروانی، ئەرمەنی زۆربە بوون ( خارپووت،←

ئەوسا کشتوکاڵیان کردبێ، بە" خەڵکی چیا "باس‌کراون کە زۆرتر بە ئاژەڵداری و راووڕووت ژیاون*

کەواتە، لە دەوڵەتی مەروانی‌دا: دەستەی عەسکەری لە پیاوی عەشیرەتی کورد بوون، جووتیارو پیشەوەر و بازرگان و ...ئیدی زۆرتر مەسیحی و جوو بوون، کارمەندانی ئیدارەش زۆرتر عارەب بوون، دواتر لە مەسیحیی سووریانیش بوون . پیاو نازانێ نەزمی زەوی چۆن بوو، ئایا قەت مەروانی زەویان بە مووچە داوە بە خەڵك، ئـەگەر داویاننێ بە چ مەرج و پەیمانێك بووە ؟ . ئیبنول ئەزرەق تەنیا لە یـەك شـوێندا ئاماژەی بەوە کردووە کە مووچەیەك دراوە، بەڵام ئەوە لە باسی حاڵەتێکی زۆر تایبەتیدایە .
دوای مردنی ئەبونەسر، بەتواناترین کوڕی ( بە ناوی ئەبول قاسم ) جێی‌گرتەوە، بەڵام کوڕێکی تری ( بە ناوی سەعید ) سەرێشەیەکی زۆری نایەوە و دوایی ناچاربوون بە پارەو ناوچەیەکیش بیسازێنن**.
کاربەدەستانی شارەکان لە مەرکەز(میافارقین)ەوە دادەنران،کە زۆرترهەر خزمی فەرمانڕەوای میافارقین بوون، دوور نیە معاشی ئەوان و فەرماندەکانی هێزی عەشیرەتی- وەك لە ئیمپراتۆریەتیسلامیەکانی تردا باو بووە - لەوێش هەر بە شێوەی " مووچەی زەوی " بووبێ، بەڵام بەڵگەیەکیشم بەدەستەوە نیە کە ئەوە بسەلمێنێ .
دەوڵەتی مەروانی دوای مردنی ئەبونەسر دایە کزی ،کە هۆی گەورەی دەرەوە لەوەدا هاتنی سەلجووقیەکان

---

← مووش، بتلیس، ناوچەی دەوروبەری وان )، بەڵام لە : ماردین،حسنکێف، میافارقین، ئامید زۆرتر سووریانیی یاقووبی بوون . جوو نزیکەی بەتەواوی لە شاردا بوون، زۆرتر لە نیوەی رۆژئاوایدا ( تووران (١٩٧٣) : ٢٣٢ ) .

* لەم سەردەمەدا کورد" بەگشتی خەڵکێکی چیا بوون" کە " ئاژەڵداری و رێگرییان دەکرد ،وهەرکەمێك خۆیان بە کشتوکاڵەوە خەریك دەکرد" ( تووران (١٩٧٣): ٢٣٦) . تووران قسەی گەشتوەری سەدەی١٢ یەم ئیبن جوبەیر بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە گوتوویە : لەو شوێنانەدا کە ئەو پێیاندا تێپەڕیوە ( نسێبین، قۆچ حیسار، مووسڵ) رێگر ( جەردە) ی کورد بەڵای بە راستی بوون .

** ئیبنول ئەزرەق : ١٦٩ ، وەرگێڕاوە تورکیەکەی دەڵێ " بـەی لـك لەر" ( ئەمارەتان، حوکمڕانییان ) ؛ ئامەدرۆز باسی " بەخشینی قەڵەمڕەوی " ( یا قەڵەمڕەویی بە مووچە ) دەکا .

بوو بۆ ڕۆژئاوای ئێران و میسۆپۆتامیا . ئەم سەلجووقیانە شەرکەری کۆچەر بوون، شێت و شەیدای ڕاو رووت و تالّان بوون ، کە جڵەویان بە گەورەئاغایان توغرول بەگیش نەدەگیرا، ئەوەندەبوو هەولّی دەدا ئەو شێت و شەیداییەیان بۆ بە ڕێگایەکدا بشکێنێتەوە کە بگونجێ . ئەبونەسر توانیبووی پاشەکشە بە دوو سەرکردەی سەلجووقییان بکا کە توغرول بەگ ولّاتەکە(ی ئەبونەسر)ی بە مووچە دابوونێ وهاتبوونە پێش لێی بستێنن . کەمێ دوای ئەوە، سەلجووقی مووسڵیان گرت و تالّانیان کرد، ئەبونەسر توانی ئەوێشیان لێ بستێنێتەوەو لە شاریان راونێ . سەلجووقی (کە سوننی بوون) سالّی ١٠٥٥ چوونە بەغداوەو جێگەی بوەیهییەکانیان گرتەوە . سەعیدی کوڕی ئەبونەسر ( کە پێشتر باسمان کرد)، بەهۆی ڕەقابەتی لەگەلّ برای خۆیدا ( ئەبول قاسم ) لەسەر جێ گرتنەوەی باوکی، هانای بردە بەر توغرول بەگ و بە لەشکرێکی گەورەی تورکەوە هاتە سەر میافارقین و ئابلۆقەی دا . بەهەرحالّ، لەشکری تورك بە پەنجاهەزار دینار وازیان هێنا* و سەعیدیش بە چەند مووچەیەك دابین کرا و ئەم جارەش بەلّا بەسەرچوو . سەلجووقی لەوبەینەدا خەریکی بەرین کردنی قەلّەمڕەویی خۆیان بوون . زۆرتر پەلاماریان بۆ سەر بیزەنتیەکان بوو،و شەڕوشۆرەکەیان لە قەلّەمڕەویی مەروانیدا یا لە نزیکیەوە دەکرد، کە مایەی نیگەرانیەکی زۆری ئەبول قاسم بوو . ئالپ ئاسلان ( AlpAslan / ئەلپ ئەرسەلان ) ی سەلجووقی سالّی ١٠٧١ لە نزیکی مەلازگرد -کە خاکی مەروانی بوو - ئیمپراتۆر ڕۆمانۆسی چوارەمی بیزەنتی بەتەواوی شکاند، ئیتر مەلازگردو ئەخلات - لەوساوە - کەوتنە بەردەستی سەلجووقیەکانەوەو حوکمیان بە مووچە درایە دەست مووچەخۆری سەلجووقی . سالّی ١٠٨٤ دیسان شالّاویان بردە سەر مەروانی و ویستیان چۆکی پێ دابدەن . ئابلۆقەی میافارقین و ئامیدیان دا . فەرمانڕەوای مەروانی ئەبول موزەففەر ( کوڕی ئەبول قاسم) وەزیفەی بەرگریکردنی ولّاتی بە وەزیرەکەی سپاردو خۆی رایکرد چووە جەزیرە . ڕاوێژکارانی سولّتان بیروڕایان لەسەرئەوەبوو کە سولّتان تەنیا جەزیرە وەرگرێ وهەردوو شاری گەورە بۆ ئەبول موزەففەر دابنێ . بەلّام دوایی ئەبول موزەففەر لە کاتی گفتوگۆی لەگەلّ دەرباری

* ئیبنول ئەزرەق : ١٦٩ . دەبێ ١٠٪ی داهاتی سالّانەی مەروانی بووبێ . لە سەردەمی سەلجووقیەکاندا پیاوێك کرابوو بە حاکمی ئەوهەمان ناوچانە لەسەر ئەو ئەساسە کە لە سێ سالّی حاکمیەتیدا یەك ملیۆن دینار بدا ( هەمان سەرچاوە : ٢٠٢) .

سوڵتانی سەلجووقیدا، لە مەسەلەی هێڵی باشووری قەڵەمڕەویەکەیدا کەللەڕەقی کرد، لە بەرئەوە سەلجووقی هەموو شتێکیان لێ سەند (١٠٨٥) . مووچەیەکی بچووکیان بۆ دڵدانەوەی لە عیراق دایێ . ئیتر لەوساوە ناوچەکانی پێشووی مەروانی کەوتنە ژێردەستی حاکمانی سەلجووقیەوە کە باجیان بۆ سوڵتان وەکۆدەکرد .

کاتێك حکومەتی مەرکەزی بێهێز دەبێ و چەندین کۆمەڵی بچووك ( یا مەرج نیە ئەوەندە بچووکیش بن ) لە سەرسنوور سەربەخۆ دەبن، و دوای ئەوە دەسەڵاتێکی مەرکەزیی نوێی بەهێز سەرهەڵدەدا ( وەك ئەوەی سەلجووقیەکان لەو نموونەیدا کە ئێستا باسمان کرد) ئەوا دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی ئەو سەرسنوورە کەم دەکرێتەوە یا بەتەواوی دەبڕدرێ . لەوانەیە دەسەڵاتدارانی مەرکەزیی نوێ بنەماڵەیەکی بەتەواوی نوێ بن ( دەکرێ یەکێك بن لەوانەی لە سەرسنوور سەربەخۆ بوون )، یا لەوانەیە گۆڕانی ناوخۆی ئیمپراتۆریی کۆن هێنابنیە پێش . لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەردوو حاڵەت لە گێڕانەوەی مێژوودا تووش دەبین .

بەوە کە ئەو فەرمانڕەوایانەی جارێك خۆیان لە مەرکەز سەربەخۆکردبێ ناکرێ چیتر متمانەی ژێردەستەی دڵسۆزیان پێ بکرێ، لەوانەیە حکومەتی مەرکەزی لەو ناوچانەیان وەلادا یا هەر بەتەواوی نەیانهێڵێ ( رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە هەر فەرمانڕەوایەکی مەرکەزیی بەهێز روو دەکاتە کوردستان، ئاغاکانی سەرسنوور لەوەدەکا بەپەلە بن ملکەچی و دڵسۆزیی خۆیانی پیشان بدەن) . لەوانەیە رەقیبەکانیان - بەتایبەتی ئەگەر بە دڵی خەڵك بن - بخرێنە جێیان . لەوانەشە کارمەندان (ی عەسکەر) ماوەیەك بکرێنە حاکمانی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی لەم حاڵەتدایە کەغەریبێك ناتوانێ بەهاسانی لەناوچەی وادا جێی فەرمانڕەوای خەڵکی ئەوێ بگرێتەوە، زۆرتر وایە بۆشاییەکی حوکم هەر دەمێنێتەوە* . لە نەتیجەدا ئەو یەکێتیەی لە سەردەمی حاکمی پێشوودا هەبوو هەڵدەوەشێ، زۆر ئاغای بچووك بەدڕی رەقابەتی یەکتر دەکەن تا چەندی بۆیان بکرێ خۆیان ئەو بۆشاییە پڕ- بکەنەوە . هەمیشە شەڕی کەسانێکی چاولەدەسەڵات لەئارادایە . خۆ ئەگەر گەورەئاغایەکی وایان تێدا نەبێ بزانێ چۆن ئەوانی دی هەموو بپێچێتەوە، ئەوا دەکرێ ئەو سەرۆکنشینی یا دەوڵەتە لەبەریەك هەڵوەشێ و

---

* ئەمە بەرپەرچی ئەوە ناداتەوە کە زۆر ئاغای عەشیرەتان و فەرمانڕەوایانی تری قەبووڵ کراوی ناوچەکان بەئەسڵ غەیرەن . لەدەرەوەهاتن دەکرێ فایدەی هەبێ - بەڵام ئەگەر سیفەتی تر( بەنموونە: بڕستی شەخسیەت)- یشی لەگەڵدا بێ .

ژمارەیەك عەشیرەتی دوژمن بەیەكی لێ پەیدا بێ *. چەندین عەشیرەت هەر ئەسڵەن لە داتەپینی فەرمانڕەوایی بەهێز(ی ناوچەیی)یەوە پەیدابوون . هەروەك فەرمانڕەوایەكی كوردی ژیرو بەئەزموون ( شەرەف خانی بتلیسی ) نزیكەی چوارسەدە لەمەوبەر لە باس كردنی سەردەمێكی وادا گوتوویە :

ولایت ز سلطان چو خالی شد رئیس بهر قریـه والی شد **

( وڵاتـێ كـە كـاتـێ نـەمـا سـەروەری لە هەر دێ سەرۆكی بووە رابەری)

نەخشەی گشـتیی كێشامانن، ئیـتر ڕوون دەكرێنەوە . باسی دوای ئەمە لە زەمینەی یەكەم دەستەی نموونەكان دەدوێ .

---

* لە فەسڵی ڕابردوودا ( ل٤٤-٤٦) سەرنجم بۆ هەمان مەسەلە ڕاكێشا بەڵام بە ڕادەیەكی تر، گوتم كاتێ زۆر شێخ و ڕابەری عەشیرەتی لە سەردەمی ئەتاتوركدا كوژران یا دوورخرانەوە، ژمارەی كێشەوهەرای نـاوخۆی عەشیرەت و نێوان عەشیرەتان زیادی كرد، و زەحمەت بوو چاربكرێن چونكە ئیتر كەسانێكی وا نەبوون بەشی ئەوەندە لای خەڵكەكە دەستڕۆیشتووبن تا كێشەو هەرایان چارەبكەن .

** شەرەفنامە ( چاپی فارسیی م . عەباسی) ، ل ٤٩٨ . (٤)

## ٥- بوونی کوردستان بە بەشێك لە ئیمپراتۆریی عوسمانی *

لافاوی هێرشی تورك و موغوڵان بۆ سەر رۆژهەڵاتی ناوەراست ( سەدەکانی ١١ تا ١٤) بووە هۆی نائاسایشیەکی زۆروگۆرانی سیاسیی یەك لەدوایەك. ئەوە تەئسیری لە وەزعی جوغرافیایی کوردیشدا زۆر بوو، ئەوەبوو کورد لە باکوورو رۆژئاواوە کەوتنە هەردوو ئەرمەنستانەوە **. بە سەرهەڵدانی دوو دەوڵەتی بەهێزی فرە- نەتەوە،ئیمپراتۆریی‌عوسمانی و ئێران، وەزعیکی‌نوێ لە کۆتایی سەدەی ١٥-١٦دا لەوناوە جێگیر بوو. هەردوو دەوڵەت لە کوردستاندا بەگژ یەکتردا دەچوون و تەبیعی ئاغاوەتی عەشیرەتی کورد دەوری گرنگیان تێدا دەدیت. عوسمانی، بە سەرکەوتنی عەسکەری و زیریی دیپلۆماسیەتی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا توانی دۆستایەتیی میرە کوردەکان وەدەست بخات و بەشی زۆری کوردستان بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانی دابین بکات، کە ئەوەتا ئەو سنوورەی ئەوسا بەم جۆرە شکێنرایەوە ئێستاش هەروەك خۆیەتی و لەوساوە تەنیا گۆرانێکی زۆرکەمی تێکەوتووە.

---

* باسی مێژوو زۆرتر لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

شەرەفنامەی وەرگێرانی شارموا ( مەگەر لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بە ناوێکی تر کردبێ) و ئەگەر شتێکم بەحەرفی ( وشە بە وشە) وەرگرتبێ لە چاپە فارسیەکەی م. عەباسی (- تاران)م وەرگرتووە؛

ئیسکەندەر بەگ تورکمەن، عالەم ئارای عەباسی، چاپی ئیرەج ئەفشار- تاران ١٣٥٠(١٩٧١)؛

فۆن هامەر Von Hammer، مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی ( دە بەرگ ١٨٢٧- ١٨٣٥)؛

هینتز Hinz (١٩٣٦)؛ زۆروایدە Sohrweide (١٩٦٥)؛

شمیدت- دومۆن Schmidt- Dumont (١٩٧٠)؛

مەزاوی Mazzaoui (١٩٧٢)؛ سەروەر Sarwar (١٩٣٩)؛

سومەر Sümer (١٩٧٦)؛ شۆ Shaw (١٩٧٦)؛ پارماکسزۆغلو Parmaksızoğlu (١٩٧٣).

سەرچاوەی تر لە شوێنی خۆیاندا ( لە پەراوێزدا) ئاماژەیان پێدەکرێ.

** کاهە Cahen (١٩٦٨) : ٢١٦.

پێشەکی : قەرەقۆیونلو و ئاق قۆیونلو

دوای مردنی تەیمووری لەنگ ( ١٤٠٤)، ئیمپراتۆریەکەی ( کە لە رووباری" سەردەریا"وە تا رۆژئاوای ئەنادۆڵ بوو) زوو لێك هەڵوەشا . زۆر لە رۆژئاواوە، عوسمانی ( فەرمانڕەوایانی ئەمارەتێکی بچووکی تورك بوون) دیسان وەخۆکەوتنەوە ئەمارەتانی تری لە بابەتی ئەوەی خۆیان بخەنە سەرقەڵەمڕەویان . لە ئازەربایجان و کوردستاندا، دوو یەکێتی عەشیرەتانی تورك ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردو بوونە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی ناوچەیی : قەرەقۆیونلو و ئاق قۆیونلو .

قەرەیوسف ی رابەری قەرەقۆیونلو، کەمێك دوای مردنی تەیموور، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی باکووری دەریاچەی وان ـەوە ( مەرکەزی قەرەقۆیونلو) هات و زۆربەی ئازەربایجانی داگیرکرد . پایتەختی یەکێتی عەشیرەتانی ئاق قۆیونلو لە ئامید ( رۆژئاوای کوردستان ) بوو، کە قەڵەمڕەویەکەی ئەوسا هێشتا زۆر نەبوو و سنووری بەزەحمەت دیاردەکرا . لە دەوری ساڵی ١٤٥٠دا، زۆربەی ئەمارەتە کوردەکان لە ژێر حوکمی قەرەقۆیونلودا بوون،هەرچەندە کە بەرەو رۆژئاوا ( بتلیس، سێرت، حسنکێف) دەچوویت، ئەوپەڕی پێوەندیی میرەکوردەکان بە قەرەقۆیونلو هەر ئەوەندەبوو کە بەناو سەربەو بوون* . قەرەیوسف، کە پێشتر لە چنگی تەیموور رایکردبوو، لە گەڕانەوەیدا کچی خۆی دا بەمیر شەمسەدینی بتلیس، کە ئەویش لەبەرامبەردا بەشێکی لە قەڵەمڕەویەکەی بە دیاری پێشکەش کرد و بۆ شکانی نەوەیەکی تەیموور یارمەتیی دا** . میری کورد زۆرتر لە هاوپەیمانێك دەکا تاوەکو تابیع .

کوردی ئەولاتری رۆژئاوا (دەوری ماردین، ئامید، خارپووت،و ئەرزنجان) سەر بە فەرمانڕەوایانی ئاق قۆیونلو بوون . وێ ناچێ کورد هیچ دەورێکی گرنگیان لە شەڕوشۆڕی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا دیبێ . ئەو شەڕانە زۆرتر لە میسۆپۆتامیا، زۆرتر لە رۆژئاوای باشووری کوردستانی تەواو روویان داوە*** .

---

* هینتز ( ١٩٣٦) : ٥١؛ کاهە (١٩٦٨) (١٩٦٨) : ٣٦١-٣٦٥؛ مەزاوی (١٩٧٢) : ١٠؛ شەرەفنامە ( چەند شوێن) .

** شەرەفنامە ١/٢ : ٢٤٨-٢٥١.

*** لە" تاریخ ئەل غیاثی "دا( شمیدت- دومۆن ١٩٧٠).لەو رووەوە ناوی هیچ عەشیرەت یا رابەرێکی کورد نەبراوە،هەروا لە سەرچاوەکانی تریشدا کە خاوەنی کتێب ( شمیدت - دومۆن) بە بەڵگەی هێناونەوە .

دوای ١٤٦٠ ، بەهەرحاڵ، فەرمانڕەوای بەهێزو توانای ئاق قۆیونلو " ئوزون حەسەن" بەرەو رۆژهەڵات بووەوەو لەشکرە تورکەکەی،حسنکێف و سێرتی گرت . دیارە قەرەقۆیونلو، کە ئەو ناوچانەیان بە قەڵەمڕوەیی خۆیان دادەنا ،لەم رووڵە رۆژهەڵات کردنەی ئوزون حەسەن ترسیان لێ نیشت . جیهان شا ی فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلو بە لەشکرێکەوە چووە سەر ئوزون حەسەن،لەشکر شکا (١٤٦٧) و جیهان شا لە راکردندا کوژرا . ئیتر ئاق قۆ-یونلو زۆربەی کوردستانیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە :ساڵی ١٤٧٠ ناوچەی جەزیرە گیرا، هەمان ساڵ یا ساڵێك دوای ئەوە قەڵاکانی بتلیس و جۆلەمێرگÇolemerik ( پایتەختی کوردەکانی هەکاری) شیان گرت* . بەم جۆرە هەموو کوردستان کەوتە دەستی ئوزون حەسەنەوە، کە شەرەفنامە لە باسیدا دەڵێ : " بڕیاری دابوو بنەماڵە رابەرەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە دڵسۆزی یا پیاوی قەرەقۆیونلو پیشان دابوو، لە رەگوریشەوە تەفروتوونا بکا "** . ئوزون حەسەن نەوەیەکی تەیمووری لە ئێران شکاندو ئیتر دوای ئەوە بوو بە خاوەنی ئازەربایجان و زۆربەی ئێرانیش، تەورێزیشی کردە پایتەختی نوێی .

لەوبەینەدا، لە رۆژئاوا، ئیمپراتۆریی عوسمانی‌یش وڵاتی دەگرت و گەورە دەبوو . سولتان محەمەدی دووەم ( ئەل فاتیح، حوکم : ١٤٤٤ و ١٤٥١-١٤٨١ ) وڵاتانی لە ئەوروپا و ئەنادۆڵ داگیرکرد و ئەمەی دواییانی لەسەرحیسابی دەوڵەتە بچووکە تورکەکانی تر بوو . ڤینیسیەکان ئەم وڵات گرتنەی عوسمانییان بۆ بازرگانیی خۆیان بە مەترسی دیت، پێشنیاری پەیمانی عەسکەرییان بردە بەر ئوزون حەسەن . بەیلك (ی تورك)ی" قارە-مان"یش هانای هێنایە بەر ئاق قۆیونلو کە یارمەتیی عەسکەریی لەدژی عوسمانی بدا . ئوزون حەسەن هێزی نارد ، هێزەکەی لەسەرەتادا هەندێك سەرکەوتنی لە تۆقات و سیواس هەبوو، بەڵام لە نزیکی ئانکۆراAngora ( ئێستا ئەنقەرە) زۆر پیس شکا(١٤٧٣-١٤٧٤) . ڤینیسیەکان هەرچەندە بەڵێنیشیان دابوو یارمەتیی بدەن، بەڵام بەڵێنەکەیان هیچی لێ دەرنەچوو*** . مەملووکەکان ( فەرمانڕەوایانی سووریاو میسر)،کە ئوزون حەسەن نێوانی لەگەڵیاندا زۆر خۆش بوو و دڵسۆزی و ملکەچیی خۆی پیشاندابوون ( بەوناوەوە شتی وەك کلیلی شاران و سەری رابەرانیقەرەقۆیونلوی بە دیاری بۆناردبوون)****،خۆیان بێ لایەن گرت، دەبێ لەدڵدا پێیان-

---

* هینتز (١٩٣٦) : ٥١، ١٣٦-١٣٧؛ شەرەفنامە ( چەند شوێن) ؛ مینۆرسکی، کورد .

** شەرەفنامە ١/٢ : ٣ ؛ چاپی تاران : ٢١٦ .

*** شمیدت - دومۆن ( ١٩٧٠) : ٧٨ - ٧٩؛ مەزاوی (١٩٧٢) : ١١-١٢. **** هینتز (١٩٣٦) : ←

خۆش بووبێ ئەو دوو هێزە خەریکی یەکتر بن و بەلای قەڵەمڕەوی ئەوان ( مەملوکان ) دا نەچن . ئوزون حەسەن ساڵی ١٤٧٨ مرد، کوڕەکانی بێ توانا بوون و ئیمپراتۆریەکەی لەبەریەك هەڵوەشا . ئەو سەروەرە کوردانەی لە سەردەمی ئوزون حەسەندا لە مەرگ خەلەستبوون لە یەکەمکەسانێکی ژێردەستی ئیمپراتۆریە - کەی بوون کە ئاڵای سەربەخۆیی خۆیان هەڵکردەوە . رابەرێکی نوێ بە زوویی پەیدابوو، قەڵەمڕەویی ئاق - قۆیونلوی - بە کوردستانیشەوە - خستە ژێردەستی خۆیەوەو بوو بە شای ئێران،ئەم رابەرە نوێیە : ئیسماعیل و لە بنەماڵەی شێخانی سەفەوی بوو .

## سەفەوی

بنەماڵەی سەفەوی بە ناوی سەفیەدین ( ١٢٥٢-١٣٣٤)ی باوەگەورەیەوەیە، کە وەلی و عارفێکی سوننیی زۆر بەرێزبوو، لە ئەردەبیل دەژیا*. زۆر کەسی دواکەوتبوو،کە زۆر تورك و موغۆلشیان تێدا بوو، زۆرموغۆل بە هەوڵ و کۆششی ئەو بوونە مسوڵمان . هەرچەندە وێ ناچێ سەفی ( سەفیەددین) هیچ مەزهەبێکی تایبەتیشی بڵاوکردبێتەوە، بەڵام تەریقەتێکی بەدەورەوە پەیدابوو کە هەمیشە هەستێکی وەفاداری و پێ بەند-یی شەخسی، مامۆستاو زاناکانی بە سەفی و تۆرەمەی سەفیەوە گرێ دەدا . ئیتر ئەردەبیل بوو بە مەرکەزێکی بڵاوبوونەوەی سۆفیایەتیی زوهدو خوداپەرستی . تەبیعەتی تەریقەتەکە، بە بوونی " جونەید" بە سەرۆکی ( ١٤٤٧) لەپڕ گۆڕا . جونەید شێخێکی سەرەڕۆ و شەڕانی بوو، دوای ئەوە کە جیهان شای قەرەقۆیونلو لە ئەردەبیلی دەرکردبوو، زۆر گەڕابوو، و زۆر خۆی کردبووە دۆستی ئوزون حەسەن ( تەنانەت ئوزون حەسەن خوشکی خۆیشی دابووبێ)، زۆری لە عەشیرەتە تورکە کۆچەرەکانی ناوەندو باشووری رۆژئاوای ئەنادۆڵ کردە دۆستی خۆی . ئەم عەشیرەتانە مسوڵمان بوونەکەیان هەر سەتحی بوو و زۆرتر مەیلیان بەلای بیروڕای بیدعە-تیدا بوو . بزووتنەوەی توندڕەوی شیعەیەتی پێشتر کەوتبووە ناویانەوەو خەڵکێك زۆر بە دڵگەرمی رەگەڵی کەوتبوون . دەبێ ئەوەش هۆیەك بووبێ کە شێخ جونەید و" حەیدەر"ی کوڕی بەدوایدا و ئیسماعیلی نەوەی ( کە دوایی بوو بە شا) خوویان دابێتە بیروڕای وەها ( بیدعەتی) . کەواتە ئەوپەڕی رێزنان لە " عەلی" هەر

---

← ٥٣-٥٤؛ شمیدت - دومۆن ( ١٩٧٠) : ٧٤ .

* بۆ باسی ژیانی سەفیەدین و هەڵوێستی ئاینیی، بەتایبەتی بڕوانە : زۆروایدە(١٩٦٥) : ٩٦،١١٧؛ مەزاوی (١٩٧٢) : ٤٦-٥١ .

روویەکی مەسەلەکە بوو بۆ ئەو خەڵکەی دوایان کەوتبوون، شێخەکان خۆیان وایان لێ هاتبوو بە تەجەسسومی خودا سەیردەکران* . خەلیفەکانیان پڕۆپاگەندەیان بە هەموو ئەنادۆڵدا بۆ بڵاوکردنەوە، بەتایبەتی لە ناو عەشیرەتی تورکی کۆچەرو دێهاتیە نیشتەجێیە هەژارەکاندا ( تورکی نیشتەجێبوو یا خەڵکی ئەسڵی ئەوناوەی کە ببوونە مسوڵمان) ریشەیان داکوتا . ئەوانەی کە رەگەڵ تەریقەتی کەوتن بە ناوی " قزلباش" ناسران ( واتا سەرسوور- بەهۆی پەڕۆیەکی سووری کەهەندێك عەشیرەتیان لەسەریان دەبەست). شێخەکانیش، شان بە شانی مریدە هەرە شەڕکەرەکانیان،کەوتنە کۆڕی شەڕی جیهادەوە بۆ سەر دەوڵەتە پادشاییە نـامسوڵمانەکانی باکوور ( دوا قەڵای بیزەنتی " ترابزۆن" کە دوایی لە ١٤٦١دا دەکەوێتە دەستی عوسمانیەکانەوە،گورجستان و دەوڵەتانی تری قەوقاس بەتایبەتی شیروان) . ئیسماعیل (ی سەفەوی) هێشتا منداڵ بوو کە باوکی لە هێرشێك بۆ سەر شیرواندا کوژرا . فەرمانڕەوایانی ئەردەبیل، کە ئاق قۆیونلوی سوننی بوون و لە هێزی تەریقەتی سەفەوی دەترسان، ویستیان بیکوژن، ئیسماعیل ناچار رایکردو پەنای بردە بەرگیلان (ی شیعە) . کاتێ ئاق قۆیونلو لەناوخۆیاندا وەزعیان شێوا و دەسەڵاتیان دایە کزی، ئیسماعیل هاتەوە ئەردەبیل، ئەوجا لەوێوە چووە ئەنادۆڵ ( دەڵێن چووەتە ئەرزنجان) تا هێزکۆبکاتەوە . عەرزی برای خۆم بکەم! (٥)، زۆری پێ نەچوو لەشکرێکی ٧٠٠٠ مریدی دڵسۆزی لە خەڵکی ئەنادۆڵ سازکرد ،کە زۆرتر کۆچەری تورك و ئەو جووتیارانە بوون کە ببوونە تورك** .

---

* بە قسەی فەزلوللا ئیبن روزبیهان خونجی ( دوا ساڵانی سەدەی شازدە، کە سوننیەکی دڵگەرم و زۆر دژی سەفەویان بووە)، تابیعان بە ئاشکرا بە شێخ جونەیدیان گوتووە: "خودا"،و بە کوڕەکەی:" کوڕی خودا"، لە پێ هەڵگوتنیدا گوتوویانە : هووەل حەی، لا ئیلاهە ئیللا هوو ( ئەو ( خۆی خودای هەمیشە) زیندووە، جگە لەو (ئیتر) خودایەك نیە) . مینۆرسکی،ئێران لە ١٤٧٨-١٤٩٠ی زاییینیدا ،وەرگێڕانی پوختەیەکی تاریخی عالەم ئارای ئەمینی ( لەندەن ١٩٥٧ : ٦٣) .

** ئەوعەشیرەتانەی لەوانە ناویان هاتووە: ئوستاجلو، شاملو، روملو، تەکەلو، زولقەدرZulqadir، ئەفشار، قاجار، ڤارساق ( مەزاوی(١٩٧٢) :٨١؛ سومەر(١٩٧٦) : ١٨-١٩) . بەڵام قزلباش هەر ئەمانە نـەبوون، ناوی تریش لە شوێنی تر دەبینین وەك : قارەمانلو، بەیاتBayat، بەی بورتلوBayburtlu . واش نیە بڵێی ئەوانە هەموو قزلباش بوون، یا تەنانەت ئەوەش کە هەرچی قزلباش بووبێ رەگەڵ ئیسماعیل کەوتبێ .

تەکە ( باشووری رۆژئاوای ئەنادۆڵ )، روم ( ئەنادۆڵی مەرکەزی)، شـام ( سووریا) مەڵبەندی گـەورە بوون ←

هەرچەندە باسی كورد لێرەدا نەكراوە،بەڵام دوورنیە دەستەیەكی كەمی كوردیشیان تێدابووبێ،دوو عەشیرەتی كوردی كوردستانی باكوور ( چەمشكەزەك* و خنوسلوXinuslû ) چەند ساڵێك دوای ئەوە زۆرجار ناویان بە قزلباش هاتووە .




سنووری رۆژئاوای ئیمپراتۆریی شائیسماعیل لە دەوری ١٥١٢دا

قەڵەمڕەویی قەرەقۆیونلو ١٤٠٦ - ١٤٦٩

نەخشەی ژمارە ٧

---

← بەڵام سنووریان روون ودیارنەبوو،مسوڵمانی سوننی و شیعەی نەرم وسەختگریشیان تێدابوو كەهەندێكیان قزلباش بوون . ئیترئەوەیە لە ساڵانی دوای ئەوەدا تەكەلو،روملو و...ئیدی لەهەردوولادا( سەفەوی و عوسمانی ) دەبینین . لە چاڵدێران - بەنموونە- ئاغاوەتی زولقەدر لای هەردوولا بە فەرماندە هەبوون ( بڕوانە لیستەكان لە: سەروەر (١٩٣٩) : ٧٩-٨٠ دا) .

* بەنموونە بڕوانە سومەر(١٩٧٦): ٥٣-٥٦. باسی پتر دەربارەی چەمشكەزەك لە لقی ٦و٩ی ئەم فەسلەدا هەیە .

ئیسماعیل، بەرلەوە بچێتە سەر ئاق قۆیونلو، چوو پەلاماری " شیروان"ی دا ،لەوانەیە بۆ تۆڵەی باوك و باپیری بووبێت کە هەردوو لەو ڕێیەدا کوژرابوون . دوای ئەوە،دوا فەرمانڕەوای ئازەربایجان (بەناوی: ئەلوەند)هێرشی کردە سەر ،ئیسماعیل هێرشەکەی شکاندو ئیتر ئازەربایجان وەك میوەیەکی گەیشتوو هەلوەریە کۆشیەوە. تاجی شاهیی کردە سەر و شیعەیەتی( دوازدە ئیمامی)ی کردە مەزهەبی دەوڵەت (ناوەندی ١٥٠١)*. دوای ئەوە، ئەو فەرمانڕەوا بچووکانەی تریشی نەهێشتن کە دەسەڵاتێك و ناوچەیەکی ئیمپراتۆریی ئاق قۆیونلویان بەدەستەوە مابوو . بەڵام کوردستان ئازەربایجان نەبوو هەروا بە سووك و هاسانی ملی بۆ کەچ بکا . چەندین میری کورد، چەندەها ساڵ بوو، سەربەخۆ بوون و قەت منەتیان بەم و بەو نەبەبوو . جگە لە کورد، ئەمیر بەگی مووسڵو (موصلو/ Mawsilu ) ی تورکی حاکمی سەردەمی قەرەقۆیونلوی ویلایەتی دیاربەکریش ئاڵای سەربەخۆیی خۆی هەڵکردبوو . خەتەرێکی گەورەتر لە عەلائوددەولە ی فەرمانڕەوای بەیلکی زولقەدر ( ئەلبستان) لە بەردەم شائیسماعیل بوو ،کە دوا دەوڵەتی سەربەخۆی نێوان عوسمانی و قەڵەمڕەویی پێشووی ئاق قۆیونلو بوو کە مابووەوە**. عەلائوددەولە ویستی خاکی پێشووی ئاق قۆیونلو بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو چووهەندێ قەڵای دیاربەکری گرت، شا ئیسماعیل بە بیست هەزار شەڕکەرەوە چووە سەری و لەشکرەکەی شکاند . ئیتر ئەمیر بەگ مووسلوش ملی دا و شا ناردیە هەرات، کردی بە حاکمی خوراسان ( لە کوردستانی دوورخستەوە چونکە دەسەڵاتی شەخسیی لەوێ زۆر بوو) . شائیسماعیل،" محەمەدبەگی ئوستاجلو"ی ژنبرای ( یا مێردی خوشکی یا ئاوەڵزاوای brother-in-law ) خۆی کرد بە حاکمی دیاربەکر، کە دەبوو بچێتە مەرکەزی دیاربەکر و جێی حاکمی پێشوو بگرێتەوە (حاکمی پێشوو ناوی قەیتماس بەگ و برای ئەمیربەگیمووسڵو بوو) . قەیتماس بەگ دیاربەکری تەسلیمی ئوستاجلو نەکرد، لەلایەکەوە کوردە سوننیەکانی لێ ( لەعەسکەرە شیعە تورکەکانی )

---

* سەروەر (١٩٣٩) : ٣٠-٣٩؛ مەزاوی (١٩٧٢) : ٧٨-٨٢.

** ئاغایەکی تورك ( زەینەدین زولقەدر) ساڵی ١٣٧٨ مەرەش و ئەلبستانی داگیرکربوو و ئەو بەیلکەی بۆخۆی تێدا بڕیبووەوە . دوای ئەوە، کوڕەکەی قەڵەمڕەویەکەی بەرینتر کرد. عوسمانی و مەملووکەکان زۆر دەستیان دەخستە کاروباریەوەو حاکمی بەکەیفی خۆیان تێدا پشت دەگرت . بەناو تابیعی عوسمانی بوو، بەڵام ئۆتۆنۆمیەکی لەق ولۆقی هەبوو تا سوڵتان سەلیم ساڵی ١٥١٤ دوا فەرمانڕەواکەی ( عەلائوددەولە) کوشت لە سەر ئەوە کە بۆ شەڕی چاڵدێران ڕەگەڵ نەکەوتبوو .

هان دا و له‌لایه‌کی تره‌وه- دوای ئه‌وه‌ که‌ شا و زۆربه‌ی له‌شکره‌که‌ی له‌وناوه‌ رۆیشتن - یارمه‌تیی له‌ له‌شکره‌ تازه-نه‌فه‌سه‌کانی زولقه‌در داواکرد . محه‌مه‌د به‌گ هێزه‌که‌ی زولقه‌دری شکاندو کوردێکی زۆری کوشتار کرد ، به‌ هه‌مان خوێناویترین شێوه‌ ماردین و جه‌زیره‌و مووسڵیشی خسته‌ ژێر ده‌ستی خۆیه‌وه‌ و " که‌وته‌ کوشتن و تاڵان - کردنی کوردان ".

سیاسه‌تی شائیسماعیل به‌رامبه‌ر به‌ کورد وه‌ك ئه‌وه‌ی ئوزون حه‌سه‌ن بوو، هه‌ردووکیان زۆر له‌ سه‌ردارانی کوردیان نه‌هێشتن و پیاوی خۆیان له‌ جێگا کردنه‌ حاکم . ئه‌گه‌ر جاروبارێکیش کارێکی کورده‌واریان بدایه‌ته‌ ده‌ست کوردێك، نه‌یانده‌دایه‌ ده‌ست که‌سێك که‌ له‌ بنه‌ماڵه‌ گه‌وره‌ فه‌رمانڕه‌واکان بوایه‌، ده‌چوون یه‌کێکیان داده‌مه‌زراند که‌ ره‌قیبی ئه‌و ماڵه‌ کورده‌ گه‌ورانه‌ بوایه‌ و مه‌رکه‌زێکی که‌متری هه‌بوایه‌ . سه‌ردارانی کورد ئه‌و سیاسه‌ته‌یان قه‌بووڵ نه‌ده‌کردو بۆ سه‌ربه‌خۆیی خۆیان ده‌چوونه‌ کۆڕی شه‌ڕه‌وه‌ . ده‌وڵه‌تیش زۆر به‌ سه‌ختی له‌ - ناوی‌ده‌بردن . کورد به‌ شێوه‌ی تریش هه‌وڵیان دا کارێك بکه‌ن، جارێك ١٦سه‌رداری کورد رێککه‌وتن و شاند-ێکیان سازکردو به‌ کۆمه‌ڵ چوونه‌ لای شائیسماعیل ، مل‌که‌چی و گوێ‌له‌مشتیی خۆیانیان پێشکه‌ش کرد به‌و هیوایه‌ که‌ هه‌ڵوێستێکی نه‌رمتری لێ ببینن ( زستانی ١٥١٠؟)* ، شا گرتنی و خستنیه‌ زیندانه‌وه‌، ئه‌وجا قزڵبا-شی نارده‌ سه‌ر قه‌ڵه‌مڕه‌وییان تا مل به‌ میلله‌ته‌که‌ که‌چ بکه‌ن . مه‌سه‌له‌ی جیاوازیی مه‌زهه‌بیش ده‌ورێکی هه‌بووه‌، هه‌رچه‌نده‌ هه‌ندێ جار له‌وه‌ی که‌ هه‌بووه‌ به‌ پتر دانراوه‌ . زۆربه‌ی کورد سوننی بوون، ئیسماعیل شیعه‌یه‌تیی دوازده‌ئیمامیی کردبوو به‌ مه‌زهه‌بی ده‌وڵه‌ت و( زۆر له‌) عه‌سکه‌ره‌کانی شیعه‌ی زۆر وشك وسه‌ختگر بوون،که‌ ئه‌مه‌ش ته‌نیا مه‌گه‌ر ئاگری دوژمنایه‌تیی نێوان کوردو مه‌زنه‌ تورکه‌کانی ئه‌وه‌نده‌ی تر خۆش کردبێ .

### سه‌یرکردنی رووداوان له‌ خواره‌وه‌وه‌

زۆربه‌ی سه‌رچاوه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ له‌ باری سه‌رنجی چینه‌ ( یا توێژه‌) فه‌رمانڕه‌واکانه‌وه‌ ده‌دوێن، مێژوویان

---

* سه‌رداره‌ کورده‌کان ئه‌مانه‌ بوون : مه‌لیك خه‌لیلی حسنکێفHisnkeyf، شاعه‌لیی جه‌زیره‌، میر شه‌مسه‌دینی بتلیس، میر داودی خیزان، عه‌لی به‌گی ساسوون، میر شامحه‌مه‌د شیروی Sîrwî و ١٠که‌سی تر، دووانه‌که‌ی دواییان ( عه‌لی به‌گ و شامحه‌مه‌د) نه‌خرانه‌ زیندانه‌وه‌، ئه‌وانی تر هه‌موو خرانه‌ زیندانه‌وه‌ ( شه‌ره‌فنامه‌ ١/٢ : ٢٨٩-٢٩١٩) .

بە شەڕوهەرای نێوان رابەرە عەسکەری و سیاسیەکانی کوردو تورك پیشان داوە . نزیکەی هیچ باسێکی خەڵکی رەمەکی و دەوریان بۆ جێنەهێشتووین، مەگەر چەند تۆمارێکی رەعیەتە مەسیحیەکان نەبێت کە بە زمانی "ئارامی"یان نووسیون. یەکێك لەوانە* باسی ئەو محەممەدبەگی ئوستاجلویە دەکات کە چۆن جەزیرەی داگیرکردووەو چیی بەسەر هێناوە . باسێکی کورتی چارەڕەشی و بەڵا لەسەر بەڵایە کە بە سەر جووتیاران و خەڵکی شاردا باریوە : قزڵباش، کوللە، کورد و...ئیدی، زنجیرەیەك کە وێ ناچێ قەت کۆتایی بێ :

« ئیسماعیل شا،کە خۆی بە خودا دەبینێ و هەموو رۆژهەڵاتی داگیرکردووە، زەلامێکی مەلعوون و دڵڕەقی بە ناوی محەممەدبەگ بە حاکم ناردە ئەرمەنستان، فەرمانی دایێ کە هەر پادشایەکی لە قسەی دەرچێ بکوژێ وهەر شارێکی لێی یاخی بێ وێران بکا . میر شەرەف ی پادشای جەزیرە، سەری بۆ محەممەدبەگ نەنەواند و دیاریی پێشکەش نەکرد، لەبەرئەوە محەممەدبەگ لەشکری ناردەسەر و، میری شکاند ." وڵاتی سەرتاسەر تاڵان کرد، حەیوانی بردن، خەڵکێکی زۆری کوشتن، کەوتە سەربڕینی : کەشە، شەمماس، مندالّ، جووتیار، پیشەوەر،لاو و پیر؛ دێهاتی سووتاند، دێرو کلیساکانی وێران کردن و زۆر پیاو و ژنی تەمەنلاوی بە کۆیلە بردن . ئیتر شەرەف شا ناچاربوو لەگەڵیدا ئاشت بێتەوەو برازا ( یا خوشکەزا niece)یەکی خۆی لێ مارە بکا" .

ساڵی دوای ئەوە،هەرکوللە ژیانی کردە ژەقنەمووت . ساڵەکەی تر، میر شەرەف راپەڕی، محەممەدبەگ دەست بەجێ لەشکری نارد ناوچەی رەعیەتە کوردەکانی میر شەرەف ( بۆتان) و زۆر مسوڵمان و مەسیحیی کوشتار کرد . میر شەرەف - بۆ ئەوەی نەهێڵێ محەممد بەگ شاری جەزیرەی دەست کەوێ - فەرمانی دا کەس لە شارەکەدا نەمێنێ ( زۆرتر مەسیحی بوون) ، ئەوجا بە کوردەکانی گوت شار ئاگر تێبەردەن، دوای ئەوە خۆی و کوردەکانی کشانە دواوە و چوونە قەڵاکەی لە سەری چیا لە شاخ Şax . کاتێ قزڵباش - بێ ئەوە بەرگریەکیان بێتە رێ - گەیشتنە سەر شاری وێرانە، خەڵکی شاریان بە زۆر هێنانەوە و بەسەریانەوە راوەستان کە : یاڵڵا دەی شار بیناکەنەوە .

---

* شێر Scher وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی ( ١٩١٠) : ١٢٣-١٢٦ .

هەر ئەوەندە شار بینابیۆوەو نەبیۆوە، بەڵایەکی تر سەری لێ وەدەرنان : عەشیرەتی کـورد بیستبوویان گوایا " خـەڵکێکی ئـازای لبادبـەسـەر" پەلاماری شا ئیسماعیلیان داوەو شکاندوویانە،ئیتر لەهەمولایەکەوە دەستیان خستە دەستی یەکەوەو لە چیای پەناگایان هاتنەخوارەوەو بەسەر قزڵباشیاندا دا . حاکمی جەزیرە خۆی لەبەرنـەگرتن، محەمەدبەگ عەسکەری پشتگیریی بۆ نارد، خەڵکی شـار پێشوازیان لە عەسکەری پشتگیری کرد بەوهیوایە کە خوا بکات و رزگاریان بکەن لە کوردان، کەچی نـەخێر، ئەمان چوون لە- جیاتی ئەوە، شاریان تاڵان کردو کەوتنە سەربڕینی خەڵك . لەپێشدا لە قورقوراقچکەی نەجیبزادەکان نەوین، ئیتر ئەوە نـەبوو ئەم مسوڵمانەو ئەو مەسیحی، هەرچی وەگیرهات شـکەنجە گرتیەوە، پـەلاماری ژن و کچیان دان و هـەتکـ(ی جنسـی)یان کردن . ئـەوجـا کوشتار دەستی پێ‌کرد!، عەسکەری پشتگیری ملیان لە کوشتنی خـەڵك نـا، زۆر بـە یەکسانی و بە بێ هیچ جیاوازی‌نانەوەو فەرق و جوداییەك هەرچی تووشی بوون حەیاتیان لێ بڕی : مەسیحی و مسوڵمان، مرۆڤ و حەیوان، " تـەنانەت ژنی یەکتریشیان هەتك دەکرد..."،" شار سووتێنرا، ئەو مسوڵمان و مەسیحی و جووانەی لە کوشتن خەلەستبوون، کۆکرانەوە، پێش خۆیان دان و بە دیلیان بردن، هەرکێ ماندوویی رێگا پەکی بخستایە و نەیتوانیبا چیتر لاق لە دوو خۆ بکێشێ دەیانکوشت، ئەوانەی بەرگەی رێگاشیان گرت و رۆیشتن، بران لە جەزیرەکان و وڵاتانی دوور فرۆشران " » .

روویە رووی یەکتر بوونەوەی عوسمانی و سوفەوی

بەو سیاسەتەی ئیسماعیلی سەفەوی، سەیر نیە کـورد - یا باشتر بڵێین : ئەو فەرمانڕەوا کوردە لەمێژینەیانەی مابوونەوە - هەوڵ بدەن یارمەتی لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانی (ی سوننی) وەربگرن، کە تاقە هێزێکی گەورەی وەها بوو بیتوانیبا لە سـەفەوی ( ی شیعە )یان رزگـار بـکا . تاکو بـایەزید لەسـەرحوکم بوو ( ١٤٨١- ١٥١٢)، ئیسماعیل نێوانی لەگەڵدا دۆستانە بوو . بەڵام بەهەرحاڵ، پیری بایەزیدی بێ‌هێزکرد، و جارێ نەمردبوو کە کوڕەکانی هەرایان بوو لەسەرئەوە کێ جێی بگرێتەوە، هەر لەو سەروبەندەدا(١٥١١) راپەڕینێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە تەکە ( باشووری رۆژئاوای ئەنادۆڵ ) سەری هەڵدا و ناوچەی زۆر گەورەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی

گرتـەوە، بەپێی بەڵگەی بە دەسـتـەوەیە* دەبێ راپەڕینی قزلباشان بووبێ، هەرچەندە وێ نـاچێ ئیسماعیل ڕاستەوخۆ دەستی تێدابووبێ،بەڵام دوای ئەوە کە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتیش ڕاپەڕین،ئیسماعیل نوێنەرەکەی لە ئەرزنجان (نوورعەلی خەلیفە روملو) ی بۆ یارمەتیی قزلباشان ( و ناڕاستـەوخۆ" موراد"ی نەوەی بایەزیدیش کە بەتەمای سەڵتەنەت بوو) نـاردە وڵاتی عوسمانی . فەرمانڕەوایانی ناوچەکان و سوڵتان سەلیمی یەکەم - کە لەوبەینەدا تاجی سەڵتـەنەتی کردە سـەر - چەندین لەشکریان نـارد ، بەڵام کارێکیان بۆ ئەنجام نـەدرا و هـەموو لەشکرەکانیان لەبەر نوورعەلی و قزلباشانی ئەو ناوەدا شکان . سەلیم ( لەقەبی : یاڤوز( عەبووس) )، خۆشـە-ویستی لەشکری و بەخوێنی شائیسماعیل تینوو بوو، سەردەمێك حاکمێتی ترابزۆن ی کردبوو ( کە لە ١٤٦١ ـەوە ببووە مڵکی عوسمانی) و بە پەلاماری بۆ سەر قەڵەمڕەویی سەفەوی، ئیسماعیل ی زۆرناڕەحەت کردبوو، ئێستاش کە تاجی کردە سەر، یـەکەم کارێکی کردی ئـەوەبوو کەوتە گیانی قزلباشان و ژمارەیەکی زۆری لێ گرتن و لێ کوشتن ( بە قسەی هەندێ سەرچاوە : چل هەزار کەس** ) . ئیتر هەردوو پادشا هۆیان هەبوو شەڕی بۆ بکەن . لەو هەلومەرجەدا، محەممەدخانی ئوستاجلوش*** ( کە نە لە ئاستی شادابوو و نە هیچ، هەرحاکمێك بوو) قورەکەی ئەوەندەی تر شێلا : سینگی دەرپەڕاندو بە پیسترین جنێوەوە بانگی لە سوڵتان سەلیم کرد کە دەی ئەگەر پیاوە با بێتە شەڕەجەنگی ئەو . سەلیم لە زستانی ١٥١٣-١٥١٤دا خۆی بۆ شەڕ ئامادەکردو لە بەهاردا بە لەشکرێکی پتر لە ١٠٠هەزارکەسی(!) ڕووی لە ڕۆژهەڵات کرد. محەممەدخانی ئوستاجلو،ناوچەکانی ژێردەستی چۆڵکرد ،هەموو دانیشتوانی بانیئەرمەنستانی بەزۆر ناردە ئازەربایجان، هەرچی کەڵکی خواردنی پێوەبوو سووتاندی، ئیدی بەوجۆرە ویستی لەمپەرێکی وا لەنێوان خاکی عوسمانی و سەفەویدا ساز بکا کە پەکی لەشکرکێشیی عوسمانی بکا . بەڵام سوڵتان سەلیم، بە ئازووقەی باری ٦٠هەزار حوشترەوە ئەوکۆسپەی تەخت کردو لە مانگی ئاب( ئۆوت)ـی ١٥١٤دا لەشکری هەردوو ئیمپراتۆری لە نزیکی چاڵدێران ( باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان ) ڕژانە گیانی یەکتر . ئیسماعیل زۆر پیس شکا ،سەلیم تەورێزی گرت****. بەهەر

---

* بەڕوونە بڕوانە زۆروایدە (١٩٦٥) : ١٤٥- ١٤٨.

** هەمان سەرچاوە(ی پێش ئەمە) : ١٦٢؛ ش . ئالتنداغ، سەلیمی یەکەم ، لە ئیسلام ئەنسیکلۆپێدیسی دا .

*** هەمان محەممەدبەگی ئوستاجلو، کاتێ شائیسماعیل لەسەر دیاربەکری دانا لەقەبی " خان"یشی دایێ .

**** باسی شەڕی چاڵدێران و هەلومەرجی پێش ئەوە، لە : فۆن هامەر ،مێژوو...(ی ئیمپراتۆریی عوسمانی)، ←

حاڵ،لەشکری عوسمانی لەبەرگیروگرفتی لۆجیستی نەیویست بگاتە زستان و گەڕایەوە . ئیسماعیل تەورێزی گرتەوەو حاکمەکانی ناردەوە ویلایەتەکانی رۆژئاوای . محەمەدخانی ئوستاجلو لە شەڕی چاڵدێراندا کوژرابوو، " قەرەبەگ"ی برای خرایە جێگەی و لەقەبی" خان "ی درایێ، دوو برای تر: ئیوازبەگ و ئولاش بەگ - بەریز- بوونە حاکمانی بتلیس و جەزیرە . کاتێ قەرەخان گەیشتە دیاربەکر، سەیری کرد میرە کوردەکان بە ئاشکرا راپەڕیون، سەلیمیان بە پادشایخۆیان قەبووڵ کردبوو و دەیانویست بۆ رزگاربوون لە سەفەویان یارمەتیان بدا.

## سیاسەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد

شەرەفنامە دەگێڕێتەوە* کە دەوری بیست میری کورد راگەیاندنی بەرفەرمانییان بۆ نارد . ئەوە بەکۆششی ئیدریسی بتلیسی بوو پێکهات، کە ماوەیەك میرزایەتیی یەعقووبی کوڕی ئوزون حەسەنی کردبوو، و بە زانایی و پسپۆڕیی زۆری لە مەسەلەی کورددا سەرنجی سەلیمی راکێشابوو** ( شەرەفنامە زۆری پێ هەڵدەڵێ ) . ئەوەبوو خەڵکی شاری ئامید ساڵی ١٥١٤ دەرگای شاریان بۆ لەشکری عوسمانی کردەوە،کورد لە شوێنی تریش بە رابەریی میرەکانیان کەوتنە پاك کردنەوەی قەڵاکانیان لە قزلباشان *** . کە سەلیم

---

← ٢ : ٣٩٢ودوای ئەوە؛ باسێکی وردو روون لە : سەروەر (١٩٣٩) : ٧٢-٨٥ دا؛ ئیسلام ئەنسیکلۆپێد- یسی ( سەلیمی یەکەم، ئالتنداغ)،بەرگی ١٠؛ زۆروایدە (١٩٦٥) بە فراوانی باسی رووداوەکانی وڵاتانی عوسمانیی کردووە : ١٣٨-١٦٨ .

* شەرەفنامە ١/٢ : ٢٩٥ و دوای ئەوە .

** فۆن هامەر، مێژوو...،٢ : ٤٣٣.

*** میر شەرەف ی بتلیس : شاری بتلیسی سەندەوە .

مەلیك خەلیل میری پێشووی حسنکێف و سێرت هەردووی سەندنەوە .

محەمەدبەگ میری ساسوون و حەزۆ Hezû : هەرزەن Herzen ی گرت و شەڕی دژی قزلباشانی کرد .

قاسم بەگی مەردیسی : پالووی گرت و دروشمی عوسمانیی لەسەر قەڵاکەی چەقاند .

سەعیدبەگی سۆران : کەرکووك و هەولێری گرت .

شا عەلی بەگی جەزیرە؛ و کەسانی تر، بە هەموان ٢٥ سەروەر ( فۆن هامەر،مێژوو...،٤٣٣-٤٣٤) . ←

- وەك باسمان كرد - بەر لە زستان گەڕایەوە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، ئیسماعیل هێزی ناردە كوردستان و ویستی بیگرێتەوە دەستی خۆی، ئیتر میرە كوردەكان وێكڕا هێرشیان بردە سەر قزلباشان و فەرماندەیەكی كە سەلیم بە حاكم و فەرماندەی عەسكەریی سنووری ڕۆژهەڵاتی دانابوو ( بیقلیBiyiqli محەمەدپاشا) یارمەتیی دان . چیرۆكی شەرەفنامە دەربارەی چۆنێتیی دانانی ئەم بیقلی محەمەدپاشایە لەسەر ئەو كارە، زۆر گرنگ و جێ - سەرنجە، تەنانەت ئەگەر واش نەبووبێت وادیارە هەر دەبوو وابوایە(٦) :

« كە سوڵتان لە تەورێزەوە بەرەو ڕۆژئاوا رووی وەرگێڕا، میرە كوردەكان ئیدریسیان بە داخوازیەكانیان ناردە لای سوڵتان، كە پێی بڵێ قەڵەمڕەویی باووباپیرانیان بە میراتگری بۆ بسەلمێنێ و یەكێكیشیان هەر لەخۆیان بۆ بكا بە بەگلەربەگی، تا بتوانن بە تێكڕایی هێرش بەرنە سەر قەرەخان و لە كوردستانی وەدەرنێن . ( با لێرەدا ئەوەمان لەبیر نەچێ كە بەگلەربەگی لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا لەقەبی فەرماندەیعەسكەری ومەدەنیی ئەیالەتێك ( ویلایەتێكیگەورە) بوو، كە تەنیا دەدرا بەكورەكانی سوڵتان و فەرماندە هەرەگەورەكانی)*. سوڵتان لە ئیدریسی پرسی كە كام لەومیرانەی كوردستان بۆ بەگلەربەگی پتردەست دەدا. ئیدریسی ژیر گوتی : هەموویان كەم تا زۆر وەك یەكن، و هیچیان سەری بۆ ئەوی تر ناچە- مێنێ، بۆ شەڕێكی باش و یەكدەستەیی لە دژی قزلباشان وا پێویستە ئەو مەركەزە بخرێتە دەستی نۆكەرێكی بارەگاتانەوە، تا هەموو میرەكان بێنە بەر فەرمانیەوە . هەر واش كرا، و بیقلی محەمەد بە بەگلەربەگی لە كوردستان مایەوە** .

فەرماندەی قزلباشان ( قەرەخان) گەیشتە سەر ئامید و دەست بەجێ شاری ئابلۆقە دا و لە شارەكانی ماردین، حسنكێف، و ئورفەشەوە ( كە هێشتا هەر بەدەست قزلباشانەوە بوون ) یارمەتیی پێگەیشت، بەڵام شار هەر

---

← شەرەفنامە بۆ سەندنەوەی بتلیس، یارمەتی دانی میر شەرەف و شكاندنی هێرشی یەك لە سەریەكی قزلباشان لە ئێرانەوە، باسی ئەمانەی كردووە : محەمەدبەگی حەزۆ،میر داودی خیزان، میرشامحەمەدی شیروی، و میرانی موكسMuks و ئەسپایرد Ispa'ird ( شەرەفنامە، ١/٢ : ٢٩٧) .

* بڕوانە فەسڵی سێیەم - لقی ٧ .

** ( دارشتنەوەی قسەی) شەرەفنامە، ١/٢ : ٢٩٦-٢٩٧ .

تەسلیم نەبوو . ئابلۆقە ساڵێکی پتر کێشا و خەڵکی ئامیدی زۆر شپرزە کرد ( فۆن هامەر - بە گوێرەی سەرچاوەیەك* - زیانی گیانیی بە پەنجاهەزارکەس باس کردووە) . کێشە وهەرای رەقیبیان لەسەرناوو مەرکەز، کێشەی سونتی - شیعە، یان عوسمانی - سەفەوی لەوسەروبەندەدا لە کوردستان زۆر بوون و هەموو تێکهەڵ- شێلرابوون و بەهەسانی لێك جیانەدەکرانەوە . بەڵام دوایی میرەکانی کورد بەهێزی عەشیرەتییانەوەو لەشکری حکومەت بە فەرماندەیی بیقلی محەمەدو سەرکردەی ترەوە ژمارەیەك شکستیان بە قزڵباشان هێنا . دوا شکستی تووشی قزڵباشان هات لە قۆچحیسارQoçhisar بوو، کە هێزێك ( زۆرترهەر کورد بوون) پەلاماریان- دان و زۆربەیان کوشتن و ئەوانەی قوتاربوون رایانکردە ئێران** .

ئیتر لەوساوە، بەشی زۆری کوردستان ( هەموو ئەیالەتی دیاربەکر، زۆربەی ئەوەی کە ئێستا باکووری عیراقە، و هەرچی دەکەوێتە رۆژئاوای ئەوێوە) کەوتە ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە . سولەیمان کە بەدوای سەلیمدا هات، سنووری رۆژهەڵاتی بیست کیلۆمیترێك ئەولاتر برد . ژمارەیەك عەشیرەت و ئەمارەت لە سنووری دەسەڵاتی ئێراندا مانەوە، و هەندێکیان چەند جار لەم سەدەیانەی دواییدا تابیعیەتی خۆیان گۆڕی . رەنگە سنوور جارێ بەتەواوی دیارنەکرابووبێ، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو نەزم و ئیدارەیەی کە ساڵی ١٥١٥ رێكخرابوو - کە کاری مەلا ئیدریسی بتلیسی بوو - ، ماوەی چوار سەدەیەك وەك خۆی مایەوە ( بە گۆڕانێکی کەمەوە) .

سوڵتان، کاروباری مەسەلەی کوردی بە هەموو دەسەڵاتێکەوە خستبووە دەست مەلا ئیدریسەوە . ئەوەبوو ئەویش میرە کوردەکانی ( کە هاوکاریی سوڵتانیان لە دژی قزڵباشان کردبوو) بە فەرمانڕەوای ناوچەکان دانا، بەمەرجێك حوکمیان بەمیراتگری بۆبمێنێتەوە،کە شتی وا لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا هەرنەبوو، زۆرتر وابوو ئەو مەرکەزانە دەدران بە پیاوی تایبەتی لەشکری سوڵتان و ( هەر نەبێ لە رووی تیورییەوە وابوو کە ) بە میراتگری نەبوون .

بەهەرحاڵ، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە دووورودرێژی باسی تەریتی ئیدارە دەکەین . کە پیاو شەرەفنامە دەخوێنێتەوە تێدەگا کە ئەو میرانەی ئیدریس بە فەرمانڕەوای دامەزراندوون هەموو لە بنەماڵەی کۆن بوون

---

* ئەبول فەزل ی مێژوونووس کوڕی ئیدریسی بتلیسی .

** دەربارەی رووداوانی ئەو سەردەمەی کوردستان ( هەرچەندە زۆریش بە ناتەواوی) : سەروەر (١٩٣٩)؛ فۆن هامەر، مێژوو...، ٢ : ٤٣٣- ٤٦١؛ شەرەفنامە ١/٢ : ٢٩٤ - ٢٩٨ و زۆر شوێنی .

کە بە سەدان ساڵ حاکم و شێوە پادشایەك بوون . ئاق قۆیونلوو سەفەوی سیاسەتیان بەرامبەر بەکورد وانەبوو، دەیانویست دەسەڵاتی ئەو بنەماڵە گەورانە لەناوبەرن، تا توانیبایان وەلایان دەنان و حاکمی تورکیان لە جێگە دادەنان، یا کوردی کەمتر نەجیبزادەیان بۆ پەیدا دەکردن . داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عوسمانییەوە، مەرکەزی نەجیبزادەی کوردی بەهێزکرد ، هیچ تازەپێداکەوتوویەك رێگای نەبوو لە رێی دەوڵەتی عوسمانییەوە ببێ بە حاکم و فەرمانڕەوا لە کوردستاندا .

بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتانە باشتر روون بکەینەوە، با مێژووی چەند ئەمارەتێك ( یا : بنەماڵەی فەرمانڕەوایان ) لە نزیکترەوە سەیربکەین .

## ٦- مێژووی سیاسیی چەند ئەمارەتێکی کورد

### مەلیکەکانی حسنکێف

حسنکێف شارێکی کۆنە و قەڵایەکی لەسەر دیجلە هەیە، دەکەوێتە نێوان ئامید و جەزیرەوە. خەڵکەکەی تا ئەم دوا- دواییانە زۆرتر مەسیحیی یاقووبی ( سووریانی، زمانیان: ئارامی وعارەبی) بوون. دەوروبەرەکەی ئێستا سووریانی و کوردی مسوڵمان و یەزیدین (عەشیرەت و ناعەشیرەت) وهەندێ عارەبیشی لێیە، رەنگە لەو سەردەمەی ئەم باسەی ئێمەدا جۆرەها خەڵکی تریشی لێبووبن ( شەرەفنامە هەر باسی عەشیرەتی کورد و جووتیاری مەسیحیی رەعیەت دەکا) . شەرەفنامە مەلیکەکانی حسنکێف بە پاشماوەی ئەیووبیەکان و یەکێك لەو پێنج بنەماڵە ناودەبا کە، راستە، قەت لافی سەربەخۆیی تەواو و پادشایی موتڵەقیان لێ نەداوە. بەڵام ناو بە ناو پارەیان بە ناوی خۆیانەوە هەبووە، خوتبەیان بە ناو خوێندراوەتەوەو لەقەبی مەلیك ( پادشا )یان هەبووە. مەلیك ئەشرەف، خۆی بە تابیع و دڵسۆزی تەیمووری لەنگ داناوە ( کە حەقمەن دەربڕینی ماددیی هەبووە)،سەردەمی حوکمی درێژو ئارام بووە، دوای مردنی ( لە سەرەتای سەدەی پازدەدا ) کوڕەکەی ( مەلیك خەلیل) جێی گرتەوە. شەرەفنامە دەڵێ: مەلیك خەلیل " بە دڵی گشت عەشیرەتە گەورەو بچووکەکان جێی باوکی گرتەوە "*. قەرەقۆیونلو قەت بەو ئاواتەیان نەگەیشتن کە بتوانن دەست بەسەر حسنکێف دا بگرن. کاتێ شاروخ Shahrukhی کوڕی تەیمووری لەنگ لە رێی چوونە سەر قەرەیوسفی قەرەقۆیونلودا( کە سەربە- خۆیی خۆی راگەیاندبوو) گەیشتە وان، مەلیك خەلیل چووە لای و تابیعی و دڵسۆزیی خۆی پێشکەش کرد. حوکمی مەلیك خەلیلیش سەردەمی ئاشتی و شادی بوو: " لەشکرو بەردەستانی لە چاکەی زۆر بەهرەدار و دڵخۆش کرد"**. دوای مردنی مەلیك خەلیل، مەلیك خەڵەف Xelf ( برازا) جێی گرتەوە. مەلیك خەڵەف چەندین شەڕی لە دژی عەشیرەتانی بۆتانی بەهێز ( جەزیرە)دا کرد، لە سەردەمی ئەودا ئوزون حەسەنی ئاق قۆ- یونلو بەرەو رۆژهەڵات پێی داگرت و ئەوەبوو عەسکەرە تورکەکانی ئابڵۆقەی حسنکێفیان دا، یەکێك لە برازا ( یا خوشکەزا)کانی(٧) بەغەدر کوشتی و دەرگای شاری بۆ تورکان کردەوە، بەو هیوایە کە ئوزون حەسەن ئەو لە جێی مامی (یا خاڵی) بکا بە پادشا. بەڵام سیاسەتی ئوزون حەسەن وا نەبوو، شارو ناوچەکەی بەمووچەی

---

* شەرەفنامە، ٢/١ : ١٨٤.

** هەمان سەرچاوە.

بە میراتگری دا بە مەزنێکی تورك . برایەکی مەلیك خەڵەفی کوژراو، بەناوی مەلیك خەلیل، بە نهێنی لە سووریا ( شاری حەما) دەژیا، تا کێشەوهەرای ناوخۆ حوکمی ئاق قۆیونلوی بێهێزکرد، ئەوجا بە یارمەتیی میر شامحەمەدی شیروی لە شاری حەما دەرکەوت - مەلیکەکانی حسنکێف هەمیشە وەزیری خۆیان لەو شیرو-یانە هەڵدەبژارد - و گەڕایەوە قەڵەمڕەویی خۆی، نوێنەرانی هەموو عەشیرەت و کۆمەڵانیجیاواز لە ژێرئاڵایدا کۆبوونەوە،لەپێشدا چوونە سەر سێرت و دوای ئەوە سەرحسنکێف و هەردوو شاریان لە ئاق قۆیونلوسەندەوە . ئیتر مەلیك خەلیل بوو بە پادشای تەواو سەربەخۆ،" و هیچ میرێکی کوردستان بە پلەو پایەو دەسەڵات بەو نەگەیشتووە"، و ژیان و کرداری لەهەموو روویەکەوە زۆر پادشایانە بوو، خوشکێکی ئیسماعیلی سەفەوی ( کە دوایی دەبێ بە شا)شی هێنا، بەڵام ئیتر ئەوەبوو (وێڕای ١٥ میری تری کورد ،وەك باسمان کرد) چووە لای شا ئیسماعیل لە تەوریزو شا هەمووی خستنە زیندانەوە . تاقە ئیمتیازێکی کە شائیسماعیل دای بە زاوای خۆی ئەوەبوو کە ناردی ژن و خێزانەکەی بهێنن (٨) . قزڵباش حسنکێفیان گرت و بە عەشیرەتی بەجنەوی ( ی کورد )یان سپارد کە بۆیان بپارێزن ( بەجنەوی رقیان لە مەلیك خەلیل هەڵگرتبوو، چونکە مەلیك خەلیل ئاغا-کەی کوشتبوون ) . مەلیك خەلیل، دوای (٩) شەڕی چاڵدێران ، رایکردو گەڕایەوە حسنکێف، سەیری کرد : خەڵکەکە دەیانویست یەکێك بە سەرۆك هەڵبژێرن کە رابەرییان بکا بۆ شەڕی دژی قزڵباشان، بەڵام بیروڕایان لەسەر ئەو یەکە یەك نەبوو، زۆربەیعەشیرەتەکان پشتی سولەیمان ( کوڕی مەلیك خەلیل)یان دەگرت،ئەوانی تر رایان لەسەر یەکێك لە ئامۆزاکانی سولەیمان بوو، بۆتان ئەو نایەك بوونەی بیروڕایانی بە دەرفەت زانیبوو و ئابڵۆقەی سێرتی دابوو کە لە چنگی قزڵباشی دەربهێنێ و بۆخۆی دەستی بەسەردا بگرێ . مەلیك خەلیل، هەرچۆنێك بوو، بە تاقە چەندرۆژێك یەکێتی خستەوە ناو پیاوەکانی و،بۆتان ناچارکرا واز لە سێرت بهێنێ و، مەلیك خەلیل بەزوویی سێرتی بۆخۆی گرتەوە . بەجنەویەکانی بەسەر شاری حسنکێفەوە بوون تەسلیم بوون، مەلیك خەلیل سزای نەدان، لێیان خۆش بوو و دێیەکیشی دا بە مەزنەکەیان لە بریتی خوێنی باوکی و ئاشتی - کردنەوە .

هەلومەرجی حسنکێف لە دوای ئەوە کە کرا بە بەشێك لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانی، بەتەواوی روون نیە کە چۆن بووە . بەهەرحاڵ، مەلیك خەلیل تا مرد هەر فەرمانڕەوا بوو . چوار کوڕەکەی هەمیشە ناتەبا بوون، لە پێشدا حوسێن Huseynجێی باوکی گرتەوە، دوو برای خۆی خستنە زیندانەوە،برای چوارەم رایکردو پەنای بردە بەر حاکمی عوسمانی لە ئامید ( خوسرەوپاشا) . خوسرەوپاشا، حوسێنی کوشت و سولەیمانی برای خستەجێی .

بەڵام مەلیك سولەیمان، بەهۆی رەقابەتی دوو براکەی و تووڕەیی عەشیرەتان کە گلەیی بەکوشت دانی مەلیك حوسێنی برایان لێ دەکرد، فەرمانڕەوایی بۆ نەچووە سەر، خۆی گەیاندە ئامیدو کلیلی قەڵاکانی تەسلیمی خوسرەوپاشا کرد و وازی لەو مەزنایەتیە هێنا . ئیتر فەرمانڕەوایی بە میراتگریی ئەم بنەماڵەیە بەوە کۆتایی هات . سوڵتان، مەلیك سولەیمانی برای لە بریتی حسنکێف لە ئورفەو دوای ئەوە لە شوێنانی تر کرد بە حاکم . براکانیش، هەریەکەو مووچەیەك( زەعامەت)یان وەرگرت و ژیانیان بۆ مسۆگەر بوو و رەحەت و سەحەت پاڵیان لێ وەدا .

## هەکاری و میرەکانی *

ئەمارەتی هەکاری زۆر زۆرتر لەژێر دەسەڵاتی سەفەویاندا مایەوە، هەمیشە ویلایەتێکی سەرسنوور و هەرتك ئیمپراتۆری چاویان تێبڕیبوو . هەرچەندە تەبیعەتی ناوچەکەشی وەهابووە کە بە هاسانی نەگیرێت، بەڵام دیسا هەر، میرەکانی زۆرتر هەرهۆشیاریەکی زۆریان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان پێویستووە . ژمارەیەکی زۆری ئاسووری ( مەسیحیی ئارامیزمان، پێڕەوی رێوشوێنی نەستۆری)یش بەشێك لە خەڵکی ئەمارەتەکە بوون، کە نیوەیان - وەکو مەسیحیی شوێنی دی - جووتیارو رەعیەتی عەشیرەتە کوردەکان بوون، نیوەکەی تریان بەهەرحاڵ لەعەشیرەت بوون و شەرکەری زۆر لێهاتوو بوون**، دوایین دێینە سەرئەوە کە چۆن ئەمانیش دەورێکی زۆر چالاکیان لە سیاسەتی ئەمارەتدا دیت . بنەماڵەی فەرمانڕەوای هەکاری خۆیان دەگەیەننەوە سەر خەلیفە عەباسیەکان، وادەبوو پارەی خۆیان دەردەکردو ناویشیان لە خوتبەدا دەخوێندرایەوە . کوردەکانی هەکاری لە رۆژگاری بەرلەوەدا لە باشوورتر باسیان هاتووە، بەڵام لەوسەردەمەی مەبەستی ئێرەی ئێمەدا لە " وان" و" جۆلەمێرگ" بوون ( ئێستا بە شاری جۆلەمێرگ دەڵێن هەکاری) . قەڵەمڕەویی میرانی هەکاری ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە ئەمڕۆ دوو ویلایەتیهەکاری و وانی تورکیا پێکدێنن و بەرەو باشووریش دەکشا بۆ ناو

---

* هەمان سەرچاوە، ٢/١ : ١١٤-١٣٢ ؛ و بۆ باسی نێوانیان لەگەڵ مەحموودی و دمبولی Dimbulî دا ١/٢ : ١٥٨- ١٧٧ یش .

** بۆ باسی ئەم نەستۆریانە بڕوانە جۆزێف Joseph . پێش کۆچی بە کۆمەڵیان، نیسبەتێکی زۆری خەڵکی هەکارییان پێکدێنا . کوینێ Cuinet ئەم سەرژماریانەی دەربارەی خەڵکی " سەنجاق "ی هەکاریی دەوری ساڵی ١٨٧٠ داوە : ١٦٥هەزار کورد، ٩٧هەزار ئاسووری کە ٥٢هەزاریان " ئۆتۆنۆم" بوون .

باکووری عیراقی ئەمڕۆ .

کاتێ تەیمووری لەنگ هاتە ئەو ناوە ( ١٣٨٧)، میر ئێزدین شێر فەرمانڕەوای ئەو قەڵەمڕەویە بوو و زۆر چاك پێشی بەهێرشەکانی تەیمووری‌لەنگ گرت، بەڵام کاتێ دیتی کە تەیمووری لەنگ خەڵکی تری (ناعەسکەری) زۆر ئەزیەت دەدا، تەسلیم بوو . خزمێکی ئێزدین شێر(بەناوی نەسرەدین) هەر ملی‌کەچ نـەکردو قەڵای وان ی تەسلیمی تەیمووری لەنگ نەکرد، دوایی زەحمەتیەکی یەکجار زۆری ویست تا بەرگریەکەی شکێنرا . لەوانەیە ئەوە بووبێ تەیمووری لەنگی وا لێ کردبێ بەوەندە رازی بێ کە هەکاری دەوڵەتێکی هەر - بە ناو- تابیع بێ و، بەتەواوی ئیدارەو حکومەتیشەوە بە خاوەنی میراتگری خۆی ( ئێزدین شێر)ی پێشکەش کردەوە . ئیتر بنەماڵەکە هەر دڵسۆزی تەیمووری لەنگ ( و دوای ئەو) ئەولادی بوون . کاتێ شاروخ ی کوڕی تـەیمووری لـەنگ چووە سەر قەرەیوسف ی یاخی ( دامەزرێنەری بنەماڵەی قەرەقەقۆیونلو - وەك باسمان کرد )، مـەلیك محەممەدی کوڕی ئێزدین شێر( لەگەڵ میری بتلیس" شەمسـەدین"دا) چووە بارەگای شاروخ بۆ رێز لێ نان و تا فەرمانی فەرمانڕەوایی بۆ نوێ بکرێتەوە .

شەرەفنامە دەربارەی سەردەمی دەسەڵاتی قەرەقۆیونلو هیچ نـالێ، زۆر وێ دەچێ بنەماڵەی هەکاری - وێڕای ئەوەش کە پەیمانی دڵسۆزییان دابوو بە تەیمووریەکان - لەگەڵ قەرەقۆیونلوشدا گونجابن . نووسەر ( شـەرەف خان) زۆر دۆستی بنەماڵەی هەکاری بووە، لەوانەیە وای پێ باشتربووبێ ئەومەسەلەیەیان بۆ ئاماژە پێ نـەکا. ئوزون حەسەنی ئاق قۆیونلو فەرماندە(تورکە)کانی لەشکری ناردە سەر پایتەختی‌هەکاری، ئیتر چوون گرتیان، چونکە حاکمەکەی ( " ئێزدین شێر" ێکی تر) بەرگریەکی نەکرد . هەرچەندە سەرکردەو پیاوماقووڵانی هەکاری دەست وداوێنی بوون بێ فایدە بوو،و تەسلیم بوو . میر کوژرا ( وێ دەچێ زۆری تری لەگەڵدا کوژرابن، ئەینا ئەگەر وا نەبوایە دەبوو دوایی کەسانێك پەیدابووبان رابەری‌کردنی بەرگرییان لەبەرامبەر داگیرکەردا وەئەستۆ بگرتایە) و ناوچەکە خرایە ژێردەستی عەشیرەتی دمبولی‌Dumbilî( ی کورد)ی دڕەوە ( کە رەنگە بە ئەسڵ لە جەزیرەوەهاتبن) . دمبولی کەڵکیان لە دۆستایەتیی نێوان مەزنەکەیان ( شێخ ئەحمەد) و ئاق قۆیونلو وەرگرت و بەناوی ئاق قۆیونلو هەندێ ناوچەیان بۆخۆیان داگیرکرد . یەکێتیەکی تری عەشیرەتان بە ناوی" مەحموودی" هەبوون کە بە دەوری شێخ مەحموودناوێکەوە کۆببوونەوەو یەکیان‌گرتبوو . ئەو شێخ مەحموودە خۆی خستبووە ژێرئاڵای قەرەقۆیونلو، قەرەیوسفی قەرەقۆیونلو ناوچەکانی" ئاشووت"و" خۆشاب" ی رۆژهەڵاتی ( کە جارو بارە تابیعی‌هەکاری بوون) دابوویێ . دوای ئەوە، حوسێن بەگی کوڕی ئەو شێخ مەحموودە هـەمان مەڵبەند و

تەنانەت شوێنی پتریشی لە ئوزون حەسەنەوە بە رەسمی بۆ دیارکرا . بەوجۆرە، ئەمارەتی هەکاری کەوتە ژێر دەستی دوو عەشیرەتی کورد( ی غەریب ) کە تابیعی ئاق قۆیونلو بوون . ئەوجا ، هەندێك لە ئاسووریەکانی ناوچەی دزDiz( یەکێك لە پێنج کۆمەڵە عەشیرەتیەکان) بازرگان بوون و هاتوچۆی سووریاو میسریان دەکرد . ئەوانە بیستبوویان کە یەکێك لە بنەماڵەی ئەسەدەدین ، بە شێوەی شەرکەرێکی هەڵکەوتوو لە خزمەتی سوڵتانە چەرکەسەکانی میسردا بوو ، چوونە لای و داوایان لێ کرد کە لەگەڵیاندا بگەرێتەوەو دارایی بنەماڵە- کەی خۆی بستێنێتەوە (!) . ئەسەدەدین بەپەلە گەرایەوە . یەکێك لەو قەڵایانەی کە دمبولی داگیریان‌کردبوون قەڵای" دز" بوو، کە دەبوو رەعیەتە مەسیحیەکان بارەدارو ئازووقەی بۆ بەرن . ئەسەدەدین و چەند پیاوێکی ئازای عەشیرەتەکەی لەگەڵدا ، جلوبەرگی ئاسووریەکانیان دەبەرکردو چەکیان دە ناو داردا شاردەوە و چوونە قەڵاوەو دمبولیەکانیان کوشتن . ئەسەدەدین ، بە ماوەیەکی کەم، بەشێکی زۆری لە قەڵەمرەویی هەکاری لە پیاوانی عەشیرەتی دمبولی‌ی داگیرکەر پاك‌کردەوە . ( لەرۆژگاری دوای ئەوەدا ئەم دمبولیانە لە ئازەربایجان - دەوروبەری " خۆی" - بە تابیعی سەفەویان دەبینینەوە) . مەحموودی، دیاربوو بەهەرحاڵ کە بەجەرگ بوون، بەشێکی قەڵەمرەویی پێشووی هەکارییان هەر چنگ لێ گیرکردبوو و چەندجار- بە یارمەتیی شەرکەرە تورکە- کانی ئاق قۆیونلو - کوری ئەسەدەدینیان شکاند، تەنیا کاتێ کە یارمەتیی بتلیس بەم گەیشت، ئەوسا کرا مەحموودی دەربکرێن . " زاهیدبەگ"ی نەوەی ئەسەدەدین خۆی ملکەچی فەرمانی شائیسماعیل کردووە و وادیارە لە میرە کوردەکانی تر پتر جێباوەری بووە . ئەوەبووە شا ئیسماعیل فەرمانی میرایەتیی بە میراتگری پێ بەخشیوە . دوای مردنی زاهیدبەگ، ئەمارەت بوو بە -بەلای کەم- دوو ئەمارەت :" ڤۆستان "( لە گۆشەی رۆژهەڵاتی باشووری دەریاچەی وان) و خودی "هەکاری" . کورەکانی زاهیدبەگ بوون بە فەرمانرەوایان : سەید محەمەد بوو بە فەرمانرەوای یەکەمیان و مەلیك بەگ بە فەرمانرەوای ئەوەکەی تر . هەلومەرجی ئەو ماوەیە زۆر نادیارو ئاڵۆزە، شەرەفنامە زۆر شت تەماوی دەهێڵێتەوە . بەهەرحاڵ، ئەوە روونە کە رەقابەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەرئەم مەڵبەندەی سەرسنوور، ئاگری کێشەوهەرایانی ئەوەندەی تر خۆش کردووە .

هەکاری لە ١٥٣٤ەوە بەناو سەر بە ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، بەڵام لە راستیدا سەربەخۆ بوو . یەکێك لە کورەکانی مەلیك بەگ، لای شاتەهماسب ( کوری شائیسماعیل ) بوو . کورێکی تری مەلیك بەگ، چووە دیاربەکرو ناوچەیەکی‌گەورەیان بە مووچە داپێ،لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا چووە شەری چلدرÇildlr(١٥٧٨) و لەوشەرەدا دیل کرا،درایە دەست برازایەکی‌خۆی کە دە لەشکری سەفەویدا بوو، ئەو کوشتی . کورانی تریش،

بە نوێنەریی باوك، ئێرەو ئەوێی هەكارییان حوكم دەكرد، رێك وەك ئەوە كە سوڵتانەكانیعوسمانی و شایەكانی ئێران كورەكانی خۆیانیان دەكردن بە حاكمانی ئەیالەتان، كە لەوەدا دوو مەبەست رەچاوگیرابوو : ئیدارەی وڵات لە دەستی بنەماڵەكەدا كۆدەبۆوەو خەتەرترین رەقیب لە پایتەخت دوور دەكەوتنەوە . زەینەڵ بەگ ( كورە گەورەی مەلیك بەگ ) بەگژ باوكی خۆیدا چوو و بە یارمەتیی سەرناسانی عەشیرەتەكەی شكاندی و خستیە زیندانەوە . باوك، هەرچۆنێك بوو، لە زیندان رایكرد و لەپێشدا چووە لای براكەی خۆی لە قۆستان و لەوێوە رووی كردە بتلیس، كە زۆر بەرێزەوە پەنای درا . سەیدمحەمەد ، بە هاوكاریی عەشیرەتی ( یا یەكێتی عەشیرە- تانی ) گەورەی پنیانیش، زەینەڵی برازای لە جۆلەمێرگ راونا و هەموو قەڵەمڕەویی بنەماڵەكەی لە ژێر ئاڵای خۆیدا كردەوە بەیەك . زەینەڵ،دوای ئەوە چووە ئاەربایجان بەڵكو سەفەوی یارمەتیی بدەن وهەكاری بگرێتەوە، كاتێ دیتی كە سەفەوی سەیدمحەمەدیان لا باشتربوو و هیوایەكیان لێ نـەدەكرا، بەهەمان نیاز رووی كردە ئەستەمبووڵ . رۆستەم پاشای وەزیری سوڵتان سولەیمان دڵی بەم وەزعە نوێیەی بنەماڵەی هەكاری خۆش بوو و بە هەلی دەزانی ئەومەڵبەندە - ی كە لە راستیدا سەربەخۆ بوو - بخاتە ژێر ركێفی دەوڵەت، بەڵام دەیزانی كە زەینەڵ بەگ كەینوبەینێكی لەگەڵ سەفەویانیشدا هەبوو، لەبەرئەوە پێیگوت كە بچێ ماڵ وخێزانی بهێنێتەوە قەڵەمڕەویی عوسمانی تا متمانەی پێبكەن . كاتێ زەینەڵ بۆ هێنانی ماڵ وخێزانی رووی كردە هەكاری، لە رێ دەنگوباسی پێگەیشت كە رۆستەم پاشا لادراوە،ئیتر نەیوێرا بچێتەوە ئەستەمبووڵ، سەرلەنوێ رووی‌كردە ئێران و هەوڵی لەگەڵ شاتەهماسب دا بەڵكو ئاوڕی لێ بداتەوە، سەفەوی كە تا دەهات نێوانیان لەگەڵ سەید محەمەددا خۆشتردەبوو ،گوێیان نەدایێ،ئەوجا لەپڕ بیستی كە رۆستەم پاشای دۆستی دیسان بووەتەوە بە وەزیر، ئەویش هەستاو دیسان چووەوە ئەستەمبووڵ، بەڵام ئیتر وادیارە وەزیر چیتر زەینەڵی بەدڵ نەمابوو و لە جیاتی ئەوە كە بیكا بە حاكمی هەكاری، ناردی ناوچەیەكی لە بۆسنێ بە مووچە دایێ كە بە داهاتەكەی بژی .

لەوبەینەدا ، ئیسكەندەرپاشای والیی وان،كە میریهەكاری- بڵێین - بە تیوری بە تابیعی ئەو دادەنرا* ،رقێكی زۆری لە سەید محەمەد هەڵگرت . سەید محەمەد فەرمانڕەوایی خۆی بە سەر هەكاری دا زۆر بەهێزكردبوو و

---

* وان، دوای ئەوەی كەوتە بەر حوكمی عوسمانییەوە، كرا بە ئەیالەتێك و حاكمی لە مەركەزەوە بۆ دیاردەكرا . حكومەتی زۆربەی ناوچەكانی ( وەك لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، بەرگی ٤ ، لاپەرە ١٢٢٦-١٢٢٨ی چاپی تەمەل كووران وئاكتاش‌دا دەردەكەوێ ) هەر بەدەست بنەماڵە فەرمانڕەوا كوردەكانەوە بوو .

پێوەندییشی لەگەڵ سەفەویدا هەبوو* ( لەوانەیە زۆرتر بۆ بارتەقایی هێز لەگەڵ عوسمانیدا بووبێ، تا ئـەوەی بەدڵ حەزی لە چارەیان کردبێ) . ئیسکەندەرپاشا توانی بە یارمەتیی مەحموودیەکان( کە هێشتا خۆشابیان بە دەستەوەبوو) بە فێڵێك سەید محەمەد بگرێ و بکوژێ، ئەوجا داوای لە ئەستەمبوڵ کرد کە بۆ ئارامکردنەوەی هەکاری زەینەڵ بەگی بۆ بکەن بە یاریدەدەر( بە " مشاور" یا بە" ئەفسەری سیاسی") . زەینەڵ بەگ، کەمێك دوای گەیشتنی، بە کاروبارێکی دەنگوباسچنی ناردرا سەرسنوور . بە رێکەوت، لەسەرسنوور، لووتی بوو بە لووتی براکەی خۆیەوە ( بایەندربەگ ) کە ئەویش بە هەمان کار بۆ شای ئێران ناردرابووەوە ئەو ناوە . دوو برا بەگژ یەکتردا چوون . بایەندر کوژرا . زەینەل چەند پیاوێکی براکەی بە دیل بۆ ئیسکەندەر پاشا هێنایەوە . عوسمانی، لەبەرامبەر ئەو بەڵگەیەی دڵسۆزیدا خستیانە سەر هەکاری .

ئیتر مێژووی ئەم بنەماڵەیە رۆژگارێکی زۆر هەر وا رۆیشت : هەمیشە دەسیسە، هانا بردنە بەرکاربەدەستانی عوسمانی و سەفەوی و، بەر بنەماڵەی تری فەرمانڕەوایانی کوردستان و عەشیرەتانی هەکاری . تاکو دوایی لە ناوەندی سەدەی رابردوودا دوا میری ئەو بنەماڵەیە وەلانرا . بەڵام سیاسەتی هەکاری، تەنانەت ئەمڕۆش، هـەر وەك ئەو سیاسەتەی رۆژگاری کۆنیەتی .

## چـەمشکـەزەك **

چەمشکەزەك ئەمڕۆ ناوچەیەکی سەر بە" دەرسیم"ـە ( باکووری رۆژئاوای کوردستان)، ئەوەندە پڕخەڵك نیەو لە ناوچە هەرە چەپەك و زۆرلێنەزانراوەکانی کوردستانە . شەرەفنامە فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەکی بەیەکێك لە بنەماڵە فەرمانڕەوا هەرە بەناوبانگەکانیکوردستان باس کردووە، قەڵەمڕەویەکەیان ئەوەندە بەرفراوان بووە کە زۆرتر وابووە لەجیاتی ناوەکەی خۆی هەر پێی گوتراوە " کـوردسـتان " ، خاوەنی٣٢ قەڵا بوون و زۆر عەشیرەتی گەورەو بچووکیان لەژێر فەرماندابوون . تەنانەت کاتێ جەنگیزخان،تەیمووری لەنگ،وقەرەیوسفی قەرەقۆیونلوش بەو بەشانەی دنیا وەربوون، ئەم بنەماڵەیە هەروەك خۆیان ماونەوە و فەرمانڕەوای قەڵەمڕەویی خۆیان بوون . دەسەڵاتیان، بەهەرحاڵ لەپڕ، بە پەیدابوونی ئوزون حەسەنی ئاق قۆیونلو لەناوچوو .

---

* وادیارە گومانی ئەوە لە سەیدمحەمەدکراوە کە نامەبەرو پێوەندیی نێوان مستەفای کوڕی یاخیبووی سوڵتان سولەیمان و شاتەهماسبی ئێران بووبێ ( شەرەفنامە ٢/١ : ١٢٧ ) .

** شەرەفنامە ١/٢ : ١- ١٦ .

فەرمانڕەوایانی ئاققۆیونلو دەیانویست هەموو بنەماڵە کوردە فەرمانڕەواکان، بەتایبەتی ئەوانەی دۆستی قەرە-قۆیونلوبوون، لەناوبەرن ( ئەوە بە قسەی شەرەفنامە - ئەگەر باوەڕی پێ بکەین ) . ئوزون حەسەن،عەشیرەتێکی ئاق قۆیونلو (بەناوی" خەربەندلو")ی ناردە سەر چەمشکەزەك و داگیری کرد ، بەڵام میری لاو " شێخ حەسەن" زۆر چالاکانە وەخۆکەوت و لەشکرێکی لە پیاوەکانی ساز دا و وڵاتی لە تورکە داگیرکەرەکان سەندەوە، ئیتر خۆی و تۆرەمەی تا سەردەمی شائیسماعیل خاوەنی ئەو قەڵەمڕەویە بوون . کاتێ شائیسماعیل ، نوورعەلی خەلیفە روملو ( فەرماندەی عەسکەری وحاکمی ئەرزنجان) ی ناردە سەر چەمشکەزەك . میری چەمشکەزەك " حاجی رۆستەم بەگ" بەرگریی نەکرد ، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ٣٠ ساڵ لەوەبەر ( ١٤٧٣-١٤٧٤ ) ی بەرامبەربەعوسمانی کە نەیهێشتبوو فەرماندەی قەڵایکەماخ تەسلیمی سوڵتان محەمەد ببێ، ئەمجارە هەمووی بە بێ شەڕوهەرا تەسلیمی نوورعەلی خەلیفە کردو رووی کردە بارەگای شائیسماعیل . لەوێ، پێشوازیەکی رەسمیی لێ کرا و لە بریتی چەمشکەزەك کردیان بە حاکمی شوێنێك لە ئێران .

خەڵکی چەمشکەزەك، لەوبەینەدا، لەدەست نوورعەلی خەلیفە وەزاڵەهاتن . تۆمەز زاڵمترین و دڕندەترین حاکمێك بووە، تەنانەت عەشیرەتانێکی هەر بەتەواوی لە ناوبردوون . زۆری نەبرد ، هەموو خەڵکی ناوچەکە دەستیان دایە چەك و لێی راپەڕین، کە بێگومان دەبێ بە نزیك بوونەوەی لەشکرەکانی عوسمانی ( شالاوی سوڵتان سەلیم - ١٥١٤) ورووژابن، ئەوجا بە شوێن حاجی رۆستەمیاندا نارد کە لە ئێرانەوە بێتەوە . حاجی رۆستەم لەوکاتەدا لەگەڵ لەشکری شائیسماعیلدا چووبووە چالدێران ( ئەندامی ستاد(ئەرکان) ی لەشکرەکە بوو)، دوای شکانی لەشکری شائیسماعیل ویستی بپەڕێتەوە لای عوسمانی، سوڵتان سەلیمی دیتەوەو " بە ماچ کردنی ئاوزەنگیی ولاخەکەی شەرەفیاب بوو". سوڵتان سەلیم گرتی و لە هەمان رۆژدا خۆی ونەوەی و ٤٠ ئاغا( ئەندامانی بنەماڵەی میرو سەرەك عەشیرەتانی تابیعانیان) ی کوشتن . پیر حوسێن بەگی کوڕی حاجی رۆستەم کە هێشتا لە ئێران دەژیا، ئەو دەنگوباسەی بیستەوە، بیروڕای هاتە سەر ئەوە کە بڕوا بچێتە لای چەرکسەکانی میسر . پیاوێکی ژیر،هەرچۆنێ بوو ،ئامۆژگاریی کرد کە بچێتە لای سوڵتان سەلیمو ملکەچیی خۆی پێشکەش بکا . ئەویش وایکرد، چووە لای سوڵتان سەلیم ( لە بارەگای زستانی لە ئاماسیە) . سوڵتان، ئازایی پیرحوسێنی لاوی لێ خۆشهات و ،ئەمارەتی چەمشکەزەکی دایێ کە بە هەمان رێوشوێنی باووباپیرانی فەرمانڕەوایی بکا ، و فەرمانی بۆ بیقلی محەمەدپاشا نارد کە قزڵباشان لە چەمشکەزەك وەدەرنێ و پیرحوسێنی لێ دامەزرێنێ . بەڵام پیر حوسێن ئەوەندەش رانەوەستا تا لەشکری محەمەدپاشای بگاتێ، عەشیرەتەکانی

ناوچەکەی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو هەر خۆی داگیرکەری وەدەرنا .

پیرحوسێن، ئیتر ٣٠ ساڵ بە ئاشتی و ئارامی فەرمانڕەوایی کرد . لەدوای مردنی،١٦ کوڕەکەی نەیانتوانی لەسەر جێگرتنەوەی ڕێکبکەون و کێشەوهەراکەیان گەیاندە لای سوڵتان . سوڵتان وای بڕیەوە : چەمشکەزەك کرا بە سێ ناوچە، یەکێکیان ( سەغمان) بوو بە مڵکی تاجیسوڵتان، دووەکەی تر(مەجەنگرد و پەرتەك) کران بە دوو سەنجاق و حوکمیان هەر درایەوە دەست بنەماڵەی فەرمانڕەوای خاوەنی . "جزیە"ی نامسوڵمانان و سەرانەی ئاژەڵ،کە جاران بۆ میر بوون، لەوەبەدوا بۆ سوڵتان بن . ١٤برای کە نەبوونە حاکم، هەریەکەو تیمار یا زەعامەتێکی درایێ . زۆری نەبرد، یەکێکیان بە داوایەکی زۆر زیرەکانە توانی سەغمان بە سەنجاقی بە میراتگری بۆخۆی وەربگرێ .

## ٧- دامودەزگاو شێوەی ئیدارەی کوردستان (ی عوسمانی ) لە سەدەی ١٦دا

### نەزمی زەوی و دامودەزگاو شێوەی ئیدارەی ئیمپراتۆریی عوسمانی ( لە سەدەی ١٥-١٦دا)*

ئیمپراتۆریی عوسمانی، میراتگری سێ نەریت بوو :

یەك - نـەریتی ئەو تورکانەی بناغەی ئیمپراتۆریەکەیان دانابوو، کە پیاوی عەشیرەت بوون و نـەریتی کۆنی خۆیان هەبوو( و بە مسوڵمان بوونیان گۆڕانێکی تێکەوتبوو) ؛ دوو- ئایینی ئیسلام،کە هەموو روویەکی ژیانی گشتی و تایبەتی دەگرتەوە ؛ سێ- ئەو نەریتانەی بەرلە حوکمی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەو شوێنانە هەبوون کە دواتر بوون بە بەشێك لەو ئیمپراتۆریە : دامودەزگای دەوڵەتەکانی کە پێشتر ئەو شوێنانەیان داگیرکردبوو و نەریتی خودی خەڵکی ئەو شوێنانەش . لەبەر ئەوە،نەزمی زەوی و باج سەندنی دەوڵەت لە هەموو ئیمپراتۆریە-کەدا وەکو یەك نەبوو، بە شوێن زۆر دەگۆڕا، ئیدارەش- بە رادەی کەمتر- لە شوێنێکەوە تا شوێنێك جیاوازیی هەبوو، کەواتە وەزعی زۆر شوێنی وەك ئەوە نـەبووە کە من لێرەدا بەگشتی باسی دەکەم .

دامودەزگای ئیمپراتۆری، لە دوو جۆرە ئیدارە پێکدەهات کە سەرۆکی هەردوولا بە فەرمانی سوڵتان دادەمەز-ران : هەر ناوچەیە حاکمێکی بە ناوی بـەگ هەبوو کە فەرماندەی عەسکەریی ئەو ناوچەیە بوو، قازیەکیشی لێ بوو کە بەرپرسی داوەری بوو . قازی دەبوو شارەزای شەریعەت و قانوون نامە ( ی سوڵتانان دەربارەی باج و گومرك و چی و چی...) بوایە .

سێ دەسەڵاتی تەنفیزی ( مجریە) و تەشریعی ( قانوون دانان) و داوەری ( قەزائی) بەم جۆرە بوو :

یەك- قازی نوێنەری دەسەڵاتی داوەری بوو .

---

* ( ئەم نیوەی یەکەمەی) ئەم لقە ( ی حەوتەم ) زۆرتر لەم کتێبانە وەرگیراوە :

فۆن تیشیندۆرف (١٨٧٢ ) Von Tischendorf ؛ فۆن هامەر (١٨١٥) ؛ ئینالجیك İnalcik ( ١٩٥٥) و ئینالجیك ( ١٩٧٣) ؛ لیبیەر Lybyer (١٩١٣) ؛ شۆ(١٩٧٦) ؛ کارپات Karpat ( ١٩٧٤ ) .

دوو- دەسەڵاتی تەشریعی :

ئا- بەشێکی بەدەست سوڵتان بوو ( دەیتوانی قانوونی سیاسی دەربکا) بەڵام دەبوو بەتەواوی لە قاڵبی شەریعەتدا بگونجێندرایە .

ب- مفتی هەبوون،کە پسپۆڕی شەرعی بوون، دەبوو ئاگاداری هەموو گۆشەو قوژبنێکی قانوونی قورئان بوونایە،هەر ئاڵۆزیەکیان شی بکردایەتەوەو ئاگاداری فیقهـ و ئیجتیهادات بوونایەو ،لە هەلومەرجی نوێدا کە بهاتایەتە پێش بڕیاریان بدایە . هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەبوو کێشەیەك بەرێتە بەر- دەمی مفتی تاکو ئەم بەگوێرەی شەرع ساغی بکاتەوە، مفتی بە فەتوایەك وەڵامی دەدایەوە . فەتوا بڕیاری بەرزترین دەسەڵاتی ئاینی و تاقە رێیەکی ئیبتیکار بوو لە ئیسلام (ی سوننی) دا .

سێ- بەگ نوێنەری دەسەڵاتی تەنفیزی بوو . سوڵتان ئاڵایەکی بە رەمز(ی وەزیفەکەی) دەدایێ کە پێی دەگوترا سەنجاق sanjaq ( ئاڵا ،پەرچەم، لِواء ) . ناوچەی کە دەخرایە ژێر فەرمانی، ئەویش هەر پێی دەگوترا سەنجاق . بەخۆی دەگوترا سەنجاقبەگی . چەند سەنجاقبەگی لە ژێر فەرمانی یەك بەگلەربەگی ( دواتر پێشی دەگوترا والی) دا بوون . بە مەڵبەندی ژێر فەرمانی بەگلەربەگی ( کەواتە هەموو سەنجاقەکان وێکرا) دەگوترا بەگلەربە- گیلك یا ئەیالەت . دابەش بوونی ئیمپراتۆری بە ئەیالەتان و سەنجاقان چەندین جار گۆڕا (هەرجارە بچووکتر دەبوونەوە) .

هێزی ئەســاسیی لەشکری عوسمانی، لە ئـەسڵدا، لە سوارەی عەشیرەتی پێکدەهات ( سپاهی ) . سپاهی، ناوچەیەکی لەبریتی معاش دەدرایێ کە داهاتی بۆخۆی لێ وەکۆبکاو پێی بژی، ئەوەش بەگوێرەی ڕێوشوێن و قانوونێك بوو کە بە دووروودرێژی لە تۆماری رەسمیی هەر ئەیالەتێکدا نووسرابوو . سپاهی بەجێهێنانی سێ ئەرکی لە ئەستۆدا بوو :

یەك- کاروباری ئیدارە هەڵسووڕێنێ و بە کێشەی بچووکی داوەرییش رابگا ( کێشەوهەرای جووتیاران لەسەر زەوی و شتی لەوبابەتە...) و هەندێ باج بۆ خەزێنەی مەرکەزی وەکۆبکا .

دوو- دەبوو کێڵانی زەوی مسۆگەربکا ( نەهێڵێ جووتیاران بە کۆمەڵ باربکەن و زەوی چۆل بکەن ) .

سێ- دەبوو هێزێکی سوارە ( جەبەلو )ی هەبوایە، لەهەر ئان و سەعاتێکدا ئامادەبوونایە ( لەگەڵ خۆیدا) بچنە

مەیدانەوە . ژمارەی جەبەلو بەگوێرەی داهاتی ناوچەی سپاهیەکە بوو .

گەورەیی ئەو ناوچەیەی کە دەدرا بە سپاهی و مووچـەی ( داهاتێکی کە لێی وەدەست دەکەوت ) بە گوێرەی شایستەی یا روتبەی سـپاهیەکە بوو . گـەورەیی و داهاتی مووچە بە حیسابی ئاقچە ( پارەی عوسمانی )* حیساب دەکرا . قانوون، دوو ( یا دەکرێ بڵێین سێ ) جۆرە مووچەی جیادەکردەوە :

١- تیمار : ئەوەبوو کە داهاتی ساڵانەی تا بە بیست هەزار ئاقچە دەگەیشت، مام ناوەندیەکەی شەش هەزار ئاقچەی تێدابوو ، خەڵاتی شایانی سپاهیەکی سادە بوو .

٢- زەعامەت : داهاتی بەگشتی لە بیست هەزار تا سەدهەزار ئاقچە بوو . دەدرا بە ئەفسەرانی سپاهی یا بە کارمەندانی بەرزی ئیدارەی مەدەنی** .

٣- خاس ( خاص ) : دەدرا بە سەنجاق بەگییان و بە کارمەندانی روتبە زۆرگەورە، بەڵام لەوەدا وەکو تیمار و زەعامەت نەبوو کە بۆ خودی ئەو کەسە بێت، بەڵکو دەدرا بە ئیدارەکەی . لە داهاتی دێهاتێك و

---

* ئاقچە پارەیەکی زیو ( لە ناوەندی سەدەی ١٦دا ٠,٧ گرام ) بوو . قورسایی و نرخی گۆڕینەوەی بە پێی رۆژگار گۆڕاوە (١٠) . ئاقچەی سوڵتان محەمەدی یەکەم ( ١٤١٣-١٤٢١) ١,١٢١ گرام

محەمەدی دووەم (١٤١٥-١٤٨١) ٠,٨٦٥ گرام

سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠) ٠,٦٩ گرام

مورادی سێیەم (١٥٧٤-١٥٩٥) ٠,٤٦٢ گرام

وەزعی باج سەندنیش هەمیشە بەگوێرەی گۆڕانی ئاقچە دەگۆڕا . نرخی کیلەیەك ( دەوری ٢٥,٦ کیلۆگرام) گەنم لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ٨ ئاقچە بووەو کیلەیەك جۆ بە ٦ ئاقچە بووە ( هینتز ١٩٥٠ : پەراوێزی ١٨٥) .

** وەنەبێ زەعامەت و تیمار بەگوێرەی داهات جیاوازبووبن، ئەوانە بە پلەوپایە ( دەرەجە) جیاوازبوون ، ئەوجاخاوەن تیمار لەبەرامبەر هەر سێ هەزار ئاقچەدا دەبوو جەبەلویەك رابگرێ، کەچی خاوەن زەعامەت بۆ جەبەلویەك پێنج هەار ئاقچەی بۆ دانرابوو ( شۆ (١٩٧٦) : ١٢٥ ؛ ئینالجیك (١٩٧٣) : ١١٣) .

وادەبوو داهاتی هەندێ تیمار لە داهاتی هەندێ زەعامەت پتردەبوو، زۆرترین داهاتی تیمارێك لەسەدەی شازدەدا لە فەلەستین ١٩٢٢٥ئاقچە بووە، و کەمترین زەعامەت ١٠٠٠٠ ئاقچە بوو ( لیویس Lewis (١٩٥٤) : ٤٨١-٤٨٢ .

باج و سەرانەی تر پێکدەهات،بۆ سەنجاق بەگی لە سەدهەزار تا بە شەش سەدهەزارئاقچە دەگەیشت، یا بۆ بەگلەربەگی تا بە ملیۆنێك ئاقچە دەچوو .

شێوەی تەشکیلاتی لەشکری سپاهی‌یش لە ئیمپراتۆرییدا هەربەگوێرەی ئەم سیستەمەی مووچە قاڵب درابوو:

- هەر بە چەند سپاهیەك، کە دێهاتی گەورەیان بە تیمار بەرکەوتبوو، لەبەردەستی ئەفسەرێکدا ( بە روتبەی سەروان ( نەقیب ) دا) بوون کە پێی دەگوترا جەریباشی jeribashi .
- هەموو خاوەن تیمارەکانی مەڵبەندێك بە جەبەلوەکانیانەوە، هێزێکیان پێکدەهێنا کە لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکی سەرووتردا بوو کە پێی دەگوترا: سوباشیsubashi ( sübaşı) ( و ئەم خۆی زەعامەت یا خاسێکی درابوویێ ) .
- سوباشیەکانی سەنجاقێك بە پیاوەکانیانەوە، فەوجی ( هەنگی ) ئەو سەنجاقانەیان پێکدەهێنا کە لە ژێر فەرمانی سەنجاقبەگیدا بوو .
- سەنجاقبەگیەکانی ئەیالەتێك لەژێر فەرمانی بەگلەربەگیدا بوون (" بەگلەربەگی" فەرماندەی هێزی ئەیالەتێك بوو کە لە تێکرای فەوجەکانی سەنجاقێك پێکدەهات ) .

بەمەزەندە وای بۆدەچن کە لە ساڵی ١٤٧٥دا ٢٢هەزار سپاهیی خاوەن تیمار لە بەشی ئەوروپایی و ١٧هەزار لە بەشی ئاسیایی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا هەبووبن ( کە جارێ کوردستانی نەدەگرتەوە)*. لە باسی ناوەندی سەدەی شازدەدا ژمارەی ٢٠٠هەزار سپاهی ( بە جەبەلوەکانیشەوە) دراوە .

سپاهی زۆرتر بە دەرەبەگ باس کراون، چونکە ناوچەکەیان بە مووچە دراوەتێ . بەڵام بەهەرحاڵ، تیمار لە زۆر شتدا لە دەرەبەگیی ئەوروپایی ( فیۆداڵی) جیابوو :

١- سپاهی پتر لەژێر دەسەڵات و چاودێریی مەرکەزیدا بوو، زەوی - هەرنەبێ لەرووی تیوریەوە - مڵکی دەوڵەت بوو . خاون تیمار، نەدەبوو بە خاوەن زەوی، مافی هەبوو داهاتێکی دیارکراو ی لێ بۆ خۆی وەکۆبکا، زێدە دادۆشینی جووتیاران دەکرا ببێتە هۆی ئەوە کە دەوڵەت تیمارەکەی لێ بستێنێتەوە . هەرچەندە زۆرتر وابوو کە کوڕی سپاهی تیماری باوکی بەمیرات دەگرت، بەڵام دەکرا دەوڵەت لە

* ئینالجیك (١٩٧٣) : ١٠٨ .

هەر سەعاتێکدا مووچەکە بستێنێتەوە .

٢- فیۆدالّی ئەوروپایی چارەنووسی خەڵکی ژێردەستی بە گوێرەی قانوونی عورف وعادەت دەبڕیەوە، کەچی سپاهی،سوباشی،و بەگ لە وڵاتی عوسمانیدا مافی ئەوەیان نەبوو وا بەکەیفی خۆیان تێکەون، دەبوو قانوونی زەویی دەوڵەتیان بەجێبهێنایە، حاڵەتی تری مەدەنی و جەزایی ( کەیفەری ) دەبرانە لای قازی .

٣- مافی سپاهیانیش بەسەر جووتیارانەوە لەوەی فیۆدالّی ئەوروپایی کەمتر بوو . جووتیار هەر ئەوەندە بنووسرایە ( لە سجیلدا کە ئەو زەویە دەکێڵێ) ئیتر نزیکەی هەموو مافێکی ئیجارەی زەویەکەی بۆ دابین ببوو و ئەو مافانە بە میرات دەمانەوە ( و نەدەبوو دەستاودەستیان پێبکرایە)، و جووتیارەکەش نەیدەتوانی بیفرۆشێ یا بیدا بە کەس . تەنیا ئەگەرجووتیار ،سێ ساڵی لەسەریەك بەبێ‌هۆیەکی بەجێ، زەویەکەی نەکێڵابایە،ئەوسا سپاهی دەیتوانی لێی‌بستێنێتەوەو بیدا بە یەکی تر . ئەرکی یەکەمی دە ئەستۆی جووتیاراندا ئەوەبوو زەویەکە بکێڵن،لەبەرئەوە مافی بارکردنیان نەبوو و لەوحاڵەتەدا سپاهی دەیتوانی بەزۆر بیانگێڕێتەوە .

٤- ئەو شێوە بەیعەتەی ژێردەستیی فیۆدالّی ئەوروپایی،بەزەحمەت لە سیستمی مووچەی‌عوسمانی‌داهەبوو. سپاهی پیاوێکی عەسکەری بوو ،لەژێر نەزمێکی عەسکەریدا بوو، لەوانەیە ملکەچی و بەرفەرمانیی تریش ( جگە لەوانەی کە لەسەر ئەساسی دیسپلینی عەسکەری بوون) هەبووبن، بەڵام شتی ئەساسی نەبوون بۆ سیستمەکە .

بەهەرحاڵ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئیترهەمیشەهەر وابووە، بەتایبەتی کاتێ سپاهی هەستی بە بێ دەسەڵاتیی دەوڵەت کردبێ گوێی بە قانوون ومانوون نەداوەو رەفتاری هەر شتێکی لەوبابەتەی فیۆدالّی ئەوروپایی بووە، بەتایبەتی لە کوردستاندا وابووە .

گوتمان زەوی بەشێوەی تیمار و زەعامەت و خاس بە مووچە دەدران، بەڵام هەموو ئیمپراتۆری بە مووچە نەدرابوو، زەوی هەبوون هەمیشە هەر ملکی دەوڵەت بوون پێیان دەگوتن : ئەملاکی هومایوون یا خاسی هومایوون، کارمەندانی ( بە معاشی ) دەوڵەت داهاتی ئەو زەویانەیان بۆ دەوڵەت وەکۆدەکرد . زەویی تری دەوڵەت هەبوون ( لەلایەن سوڵتان یا بەگلەربەگی‌یەوە) کرابوون بە وەقف ( زۆر : ئەوقاف )، داهاتیان ( یا

بەشێکی داهاتیان) بۆ خزمەتی مزگەوت و مەرقەدو چاك و چاڵاو و ...ئیدی بوو . جۆرە وەقفێکی تر هەبوو، ئەویش ئەو زەویانە بوون کە بەئەسڵ شەخسی بوون و لە ترسی زەوت کردنی دەوڵەت ( بەشێك لە) داهاتیان کرابوو بە وەقف .

تەنیا بەشێکی کەمی زەوی بە قانوون دارایی تایبەتی خەڵك بوو، پێیدەگوترا : مڵك mülk . مڵك - لە رووی تیۆریەوە- هەر لە شارەکاندا هەبوو و چەندناوچەیەکی کەمی کشتوکاڵیشی دەگرتەوە (عارەبستان وباشووری عیراق)، بەڵام لە راستیدا) زۆرکەسی بەدەسەڵات هەبوون کە زەویی دەوڵەتیان بەتەواوی کردبوو بە زەویی خۆیان . دوایی هەندێ سوڵتان ملیان بۆ دان و لەبەرامبەر ١٠٪ی بەرهەمدا( بۆ خەزێنەی دەوڵەت) ئەو مافە-یان بۆ سەلماندن، سوڵتانی تری بەدەسەڵات ئەو زەویانەیان سەندنەوە و مڵکیان هەر نەهێشت .

رەعایا ( رەعیەتی باجدەر، زۆرتر جووتیار) بەتەواوی لە چینی عەسکەری جیادەکرانەوە* . هەر کوڕی سپاهی یا کوڕی سوڵتان یا قوڵلار qullar ( کۆیلان )ی بەگەکان** و کەسانێکی چینی عەسکەریی ئەو وڵاتانەی تازەداگیرکراو بوون ( تەنانەت ئەگەر مسوڵمانیش نەبوونایە ) مافی تیمار وەرگرتنیان هەبوو*** . قوڵلەر

---

* لەپێشدا رەعیەت ( زۆر : رەعایا ) هەر بەو نامسوڵمانانە دەگوترا کە دەبوو باج بدەن بەو مسوڵمانەی کە کردبوونی بە رەعیەتی خۆی ( لە قانوونی عوسمانیشدا هەر وا نووسراوە) . دوایی وای لێهات بە هەموو ئەو جووتیار(ی ناسەربەخۆ) انە دەگوترا کە باجیان لێ دەسەندرا چ مەسیحی و چ مسوڵمان . ( لە هەکاری مەسیحی ( ئاسووری ) رەعایای مسوڵمانیان هەبوون ! ) . رەعایا هەموو جووتیار نەبوون، زۆریان لێ بازرگان و پیشەوەر بوون، بەتایبەتی لە بەشی ئەوروپایی ئیمپراتۆریی‌عوسمانیدا زۆر مەسیحیی دەوڵەمەند رەعایا بوون .

** لە چینی جووتیاران هەر چەندکەسێکی کەم توانیویانە تیمار وەدەستخەن، وەك پیاو لە قانوون نامە-کاندا دەبینێ کە زۆر بە توورەییەوە ئەو کارە مەحکووم کراوە ( بەغوونە بڕوانە قانوونەکان لە : دەستوور ( قانوونی ئەساسی) - فۆن هامەر، ١ : ٣٥٠، ٣٦٦، ٣٧١-٣٧٢ ) .

*** لە ئەڵبانیا،ساڵی ١٤٣١ : ١٦٪ی سپاهی پێشووتر خاوەن مووچە (ی مەسیحی) بوون، ٣٠٪ تورکی ئەنادۆڵ بوون، ٥٠٪ قوڵلەری سوڵتان و بەگەکان بوون،( ٤٪ـەکەی تر : قازی، مەتران (!)، خۆشەویستانی کۆشکی سوڵتان ) . ئینالجیك ( ١٩٧٣٩ ) . ئینالجیك سەرچاوەکەی بەناوی " هیجری ٨٣٥ تاریهلی ←

ئەو کەسانە بوون کە بە منداڵی لەکەسوکاری مەسیحیی خۆیان سەندرابوون و پەروەردەیەکی ئیسلامی درا-بوون، " دارایی"ی سوڵتان و گەورەپیاوی تر بوون، هەرچەندە راستە کە هەندێکیان کاری سووکیان دەدرایێ بەڵام بەشی زۆری وەزیفە بەرزەکانی دەوڵەتیش هەر بەدەست ئەوانەوە بوو، بە چینی عەسکەری دەژمێردران . رەعایا نە ئەرکی عەسکەرییان دە ئەستۆدا بوو و،نە ئیمتیازیشیان هەبوون،تەنانەت مافی چەك هەڵگرتنیشـ-یان نەبوو . قانوون رەعایاشی بەگوێرەی گەورەیی و بچووکیی زەویەکانیان لێكجیادەکردنەوە . ئیدارەی دەوڵەت گەورەیی زەویی بە چیفتلیك çiftlik دەپێوا . چیفتلیك نزیکەی ٦ تا ١٥ هێکتار ( ١٥- ٣٥ ئێکەر) بەگوێرەی زەوی دەکەوت . قانوون رێیان لەوە دەگرت زەوی کوت- کوتی زۆر بچووك بکرێن، بەڵام رەعیەت بەگشتی نـەیدەتوانی پتر لە یەك چیفتلیکی هەبێ . قانوون رەعایای بەگوێرەی ئەو ە دابەش -کردبوو : ئەوانەی یەك چیفتلیکیان هەبوو، ئەوانەی نیو چیفتلیکیان هەبوو، ئەوانەی کـەمتریان هەبوو، و ئەوانەی هیچیان نـەبوو ( لە زەویەکانیان رۆیشتبوون، رایانکردبوو،یا لەسەر زەویەك ناونووس نـەکرابوون : ( پێشوو کۆچەربوون یا رەعیەت بوون و لە ماڵی باوك وەدەرچوون و ...ئیدی ) . ئـەگەر سـپاهیەك پـەڵـە زەویەکی بێ جووتیاری لە تیمارەکەیدا هەبوایە،دەکرا بە ئیجارەیەکی دیارکراو بیدا بە جووتیاری لەوبابەتە، ئەگەر جووتیارەکەش سێ ساڵ لەسەریەك زەویەکەی بکێڵایە، ئیتر دەبوو بە رەعیەتی ئەو سپاهیە و مـافی ئیجارەی ئەو زەویانەی بە میراتگری بۆ دابین دەبوو .

جووتیار، چەند جۆرە باجیان لەسەربوو، هەندێك لە سەر ئەساسی شەریعەت و هەندێکی تر بەگوێرەی عورف وعادەت یا بەپێی تەشریعی ( قانوونی دانراوی) عوسمانی دانرابوون . قانوونی باج سەندنی دەوڵەت لەئەیالە-تێکەوە تا ئەیالەتێك زۆر دەگۆڕا . سیستمی باج سـەندنی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ماوەیەك ئـەوانەبوون کـە ئوزون حەسەن ( فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلو) داینابوون و دواتر دەستکاریەکی زۆرکەم کرابوون (بڕوانە : هینتز ١٩٥٠) . باجی هەرە گرنگ ئەمانە بوون :

١- جزیە (" خەراج"یشی پێدەگوترا): لە رەعیەتی نامسوڵمانی نێرینەی ( تەمەن) گەیشتوو دەسەندرا. ئەوە، بەگوێرەی وەزعی دارایی بـاجدەر، سێ جۆر بوو . تا رادەیەك لە بریتی عەسکەریکردن بوو . دەبوو

---

← سوورەتی دەفتەری سەنجاقی ئارڤانید" بڵاوکردووەتەوە( بڵاوکراوەکانی ت.ت. ك. ، زنجیرەی ١٤، ژمارە ١، ئەنقەرە ١٩٥٤) .

خاوەن مووچە بۆ خەزێنەی مەرکەزیی کۆ بکەنەوە، چونکە - بەگوێرەی قانوون - هـەمووی بۆ خەزێنەی مەرکەزی بوو .

٢- ئا- عوشر öşür ( یەك لە دە) : یەك لە دەی بەرهەمی زەویی مڵکی مسوڵمانان، یا کەمتریش .

ب- خەراج ( یا خەراجی ئەرزییە) : ٢٠-٣٣ ٪ بەرهەمی هەندێ زەویی نامسوڵمانان، ئەوانە دوای ئەوە کە ببوونە مڵکی مسوڵمانانیش باجەکەیان هەر وەك خۆی مابوو .

٣- رەسمی چیفت : پارەیەکی دیارکراو بوو، ساڵانە لەسەر هەر چیفتلیکێکی زەوی دەدرا بە خاوەن تیمار، ئەوەی نیو چیفتلیکی زەوی بکێڵایە نیوەی ئەو پارەیەی دەدا و...ئیدی بەوجۆرە* .

٤- رەسمی دۆنم : سەرەڕای رەسمی چیفت، پارەیەکیش بەگوێرەی ژمارەی دۆنمەکانی** زەوی دەسەندرا، پێی - دەگوترا : رەسمی دۆنم .

٥- سالاریە salariye : وابووە بەشێکی ( زۆرتر : ٣٠٪ی) بەرهەمی زەوی بە ناوی باجی سالاریە دراوە بە سپاهی . ( سالاریە لە ئەسڵدا خۆراکی جەبەلوەکان و ئالیکی وڵاخیان بووە ) .

٦- رەسمی ئەغنام : باجێکی ساڵانە بوو ،لە شوانکارەی کۆچەرو نیشتەجێ دەسەندرا .

٧- پووشانە : کە کۆچەرو نیوەکۆچەریش دەیاندا بە خاوەن تیمار، باجی لەوەڕی ئاژەڵیان لە مێرگی خاوەن- تیماردا .

باجی تری بچووکیش زۆر بوون : سوورانە ( لەسەر ژن هێنان)،باجی بازاڕ و ڕێگاوبان و...ئیدی .

---

* ئەم باجەی سەدەی ١٦ یا ١٧ی ئیمپراتۆری، بەگوێرەی فۆن هامەر، دەبێ ساڵانە بەناوەندی سەرو هەر چیفتلیکە ٤٢ ئاقچەیەکی گرتبێتەوە ( دەوری ١٣٠کیلۆگرام گەنم، بروانە پەراوێزی داوێنی ل١٦٨)، نیو چیفتلیك : ٢١ ئاقچە، زەویی لەوە بچووکتر : ١٢ ئاقچە یا ٦ ئاقچە یاهیچ .

٤٢ ئاقچەکە بەنیسبەتێك ( کە بەگوێرەی ویلایەت دەگۆڕا) لە نێوان سپاهی و ئەفسەرەکاندا دابەش دەکرا . زۆرتر وابوو : ٢٧ئاقچە بۆ سپاهیەکە بوو، ١٢ بۆ سوباشی، ٣ بۆ سەنجاق بەگی؛ لەشوێنی تر : ٢٧ بۆ سپاهی بوو و پازدەکەی تر بۆ سەنجاق بەگی بوو . ( فۆن هامەر، دەستوور، ١: ١٨٧) .

** دۆنم dönüm لە هەموو شوێنێ وەك یەك نەبوو، بەگشتی دەوری ٠,١ هێکتار ( ٠,٢٥ ئێکەر) یا تۆزێ کەمتر بوو .

باسی زەکات لە قانوون نامەکاندا نـەبوو، نازانم ئەو باجانەی تر لەبریتی زەکات بوون،یان زەکاتیشیان هاتووەتە پاڵ و ئەو کەسەی ویستوویە بە مەیلی خۆی داویەتی.

رەعایا بێگاریشیان بۆ سپاهی لەسەربوو، کە زۆرتر وابوو بە وردی دیارکرابوو: دەکرا تەویلەو ئاغەڵ و شتی لەوبابەتە بۆ سپاهی دروست بکەن ( بەڵام نەك خانوو)، عوشرەکە ( یەك لە دە) بگەیەننە بازاڕ( بەڵام هەر ئەگەر دوور نەبوایە)، لە کێڵگەی تایبەتی سپاهی‌دا کاربکەن ( بە نیسبەتی ساڵانەی هەر ماڵێك : ٣ رۆژی زەلامێك*) . سپاهی مافی بێگاریێ‌کردنی پتری نەبوو، و ئەگەر لە سنووری تێپەڕاندایە دەکرا تیمارەکەی لێ‌بسەنرایەتەوە، بەڵام ئەمە وادیارە هەر لە رووی تیوریەوە وابووە چونکە زۆرکەم سپاهی هەبوون کە بیگەیەننە ئەوە ( ی زێدە لەوەی کە رێ دراون جووتیاران بچەوسێننەوە) .

لە ناوەندی سەدەی شازدەدا کە خەزێنەی مەرکەزی داهاتی پتری دەویست، دەست کرا بە دانانی باجی نوێ : عەواریزی دیوانیە، کە دوایی وایان لێ هات لە باجەکانی تری پێشوو پتربوون و بە بارێکی قورس و زاڵمانە سەیردەکران .

چۆنێتی و چەندێتیی باج سەندن، لە قانوونامەکاندا نووسرابوون، کە سوڵتان بۆ ئەیالەتیان دەناردن .

> ئەم قانوون نامانە هەلومەرجی جیاوازی مەڵبەندەکانیان قەبووڵ کردبوو و ژمارەیەك باجی ئەو ناوچانەیان بۆهەمیشە جێگیرکردبوو، بەڵام بەگشتی باجیان پتر وەك‌یەك و بەداد کردبوو . ژمارەیەك سەنەدی‌عوسمانیی ساڵانی ١٥١٦ و ١٥١٨بەجوانی ئەوانە- یان باس کردووە ( لەلایەن " ئۆ. ل. بارکان Ö. L. Barkan" ـەوە بڵاوکراونەتەوەو، لە لایەن هینتز(١٩٥٠)ەوە شی کراونەتەوە) . ئەم سەنەدانە باسی قانوونی باج سەندنی ئوزون حەسەن ( فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلو) لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەکەن و باسی ئەو قانوونی باج سەندنەش دەکەن کە عوسمانی لەجێی ئەوەی ئوزون حەسەن‌یان داناوە . باجەکانی ئوزون حەسەن لە شوێنێکەوە تا شوێنێك زۆر جیاواز بوون (بەوە دەبێ لەسەر ئەساسی عورف و عادەت بووبن ) و دنیایەك باجی تایبەتی سەپێنراون، بۆ مەسیحیە- کان زۆر خراپ بوون، باجیان لەوەی مسوڵمانان پتر بووەو ( لەجیاتی رۆژێك) دوازدە

---

* ئینالجیك (١٩٧٣) : ١١١-١١٢ .

ڕۆژ بێگاریان لەسەر دانراوە . عوسمانی، ئەو جیاوازیە زۆرەیان نەهێشت، باجە تایبە-
تیەکانیشیان سەردەمێك هەر هەڵگرت . سەرچاوە باسی ئەو باجانە دەکەن کە لە
مسوڵمانانی چوارناوچە ( ئەرزنجان، خارپووت Xerpût، ماردین، بیرەجیك )
سەندراون :

ڕەسمی چیفت : ٥٠ ئاقچە لەسەرهەر چیفتلیکێك ( دەیکردە ١٥٠ کیلۆگرام گەنم،
بڕوانە پەراوێزی داوێنی ل ١٦٨) .

باج لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ : ٢٠٪ی دانەوێڵە، ١٤٪ی بەرهەمی باغ و ڕەزو بێستان .

ڕەسمی ئەغنام : هەر سەرە حەیوانە نیوئاقچە .

کۆچەر دەبوو هەرماڵەی ساڵانە ٦٤٠گرام نفیشك ( ڕۆنی کەرە) شیان بدایە .

باجی سەرمەسیحیەکان زۆرلەوانە قورستر نەبوون : لەجیاتی ڕەسمی چیفت باجێکیان
دەدا کە پێی‌دەگوترا : ئیسپەنجە، کە هەر پیاوە ٢٥ ئاقچەی لەسەردەکەوت . لە باغ و
... ئیدیشدا لەجیاتی ١٤٪ دەبوو ٢٠٪ بدەن . قانوون نامەیەکی دواتری دیاربەکر و
ماردین (ناوەندی سەدەی ١٦ ) لە وێنەیەکی ئەمە دەکا :

دەبوومەسیحی و مسوڵمان وەکیەك هەرماڵە ساڵانە سێ ڕۆژەکاری پیاوێك بێگار
بۆ سپاهی بکەن، کۆچەر بەهیچ جۆرێك بێگاریان لەسەر نەبوو، دەشکرا پیاو لەجیاتی
هەر ڕۆژەکارێکی بێگار (ی پیاوێك) دوو ئاقچە بدا بە سپاهی و ئیتر بێگارەکە نەکا .

زەوی دان بە تیمار بە سپاهییان و دواتر بە کارمەندانی غەیرە عەسکەریش، زەحمەتیی کۆکردنەوەی باجی کەم-
کردەوە . هۆیەکی تری ئەم تیماردانە ئەوەبوو کە دەوڵەت پارەی زێڕو زێوی نەبوو ( تا لە کۆتایی سەدەی ١٦دا
زێڕ و زێو ڕژانە ئیمپراتۆری لە ئەمریکاوە دەستی پێ کرد ) ، و باج زۆرترهەر بە شت بوو .

لە ساڵی ١٥٢٣دا، ٣٧٪ی تەواوی داهاتی دەوڵەت بە تیمار دابەش ببوو، زووتر نیسبەتەکە پتریش بوو . جزیە،
کە مەرکەز وەکۆی دەکرد، ٨٪ی تری پێك‌دەهێنا . بەشێکی زۆر، لەوانەیە زۆرترین بەشی داهاتی دەوڵەت لە
خاسی هومایوونیەوە دەهات، ئەوەی تریش لە باج و ماڵیاتە کەمەکانی ترەوە دەهات .

داهاتی مووچەو ئەوقافی لێ‌دەرچێ، باجی دەوڵەت بە کارمەندانی بە معاش وەکۆدەکرا کە پێیان دەگوترا :
ئەمین ، یا بە ئیلتیزام وەکۆدەکرا : مولتەزیم ئیلتیزامەکەیان لە مەرکەز وەردەگرت ( دوایی وای لێ هات

ئیدارەکە لەلایەن دەوڵەتەوە دەفرۆشرا! )، ساڵانە پارەیەکی دیارکراویان لە بریتی داهاتی زەوی و زارێك دەدا بە دەوڵەت، ئیتر تێدەکەوتن داهاتەکەیان بۆخۆیان وەکۆدەکرد و تا بۆیان بکرایە روحی جووتیارانیان پتر دەگوشی تا گیرفانی خۆیان پتر بئاخنن . کاتێ دەزگای حکومەتی مەرکەزی ئاتاج بە پارەی پتر بوو، سوڵتان ملیان لە گۆڕینی تیمار بە ئیلتیزام نــا( تیماریان سەندنەوەو بە ئیلتیزامیان دان)، دیارە ئەوە باری لە سەر شانی جووتیاران گرانتر کرد .

نوێ کردنی لەشکر، کە پیادەی هەڵگری چەکی گەرم وردە- وردە جێی سوارەی سپاهیی گرتەوەو ئەو بوو بە هێزی ئەساسی، بووە هۆی پێویستیی دەوڵەت بە پارەی پتر، بەڵام هەر ئەوەش بوو کە دەوڵەت توانی زەوی لە خاوەن تیماران بستێنێتەوە . ئەو گۆڕانە لە سەدەی پازدەدا دەستی پێ کرد، بەڵام هەرکە -زۆر وا دەبوو- دەوڵەت بێهێز دەبوو تەگەرەی تێدەکەوت، تا ئەوەبوو دوا تیمار ساڵی ١٨٣٢ سەندرایەوە .

کەواتە،لەشکری پیادەی نوێ لە سەدەی شازدەدا جێی یەکەمی لە سوارەی سپاهی سەند . لەشکری پیادەی نوێ لە قوللەر(qullar قووڵلار)ی سوڵتانان پێکهاتبوو(یەکێك: قاپوقولو، زۆر: <u>قاپوقوللەری</u> •qapuqullar). <u>یەنی چەری</u> ی بەناوبانگ، هێزی پیادەی لەشکری قاپوقولو بوون . قاپوقولو، جگەلەوە، هێزی تۆپخانە و سوارەشی هەبوون . قاپوقولو، بە پێچەوانەی سپاهی، لەشکری هەمیشەیی بوون، فەوجەکانیان لە هەموو مەرکەزە ناوچەییەکانی ئیمپراتۆریدا هەبوون، تەنانەت دەسەڵاتی زۆریان لە سیاسەتی دەوڵەتدا هـەبوو و ببوونە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا .

### بەجێ هێنانی نەریتی ئیدارەی عوسمانی لەکوردستاندا

ئەو ناوچانەی کوردستانی کە ساڵانی ١٥١٤ تا ١٥١٧ خرانە سەر ئیمپراتۆریی عوسمانی، کران بە سێ ئەیالەت : دیاربەکر، رەقە، مووسڵ .

دیاربەکر: زۆربەی باکووری کوردستانی رۆژئاوای دەریاچەی وانی دەگرتەوە .

رەقــە : ویلایەتی ئورفەی ئەمڕۆی تورکیاو محافەزەی رەقە Raqqa ( الرقّە)ی ئەمڕۆی سووریای دەگرتەوە، خەڵکەکەی جووتیاری دەوڵەمەند بوون و هەمیشـە پارووی چەوری تاڵانی عەشیرەتیکۆچەریکورد و تورك و عارەب بوون .

مووسڵ : نزیکەی هەموو باکووری عیراقی ئەمڕۆی دەگرتەوە .

لەم سێیانە، ئیدارەی عوسمانی یەکەم جار خرایە دیاربەکرەوە، ئەوەش - وەك گوتمان - لە ئەستۆی ئیدریس‌دا بوو، کە مەرکەزی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستانی هێشتەوەو جێگیری کرد . هەندێ ناوچە کران بە کورد حکومەتی Kürd hükumeti، کە فەرمانڕەواکانیان سەنەدێکی سەلماندنی فەرمانڕەواییان دەدرا دەست و، دەوڵەت پەیمانی دەدا کە قەت دەست نەخاتە مەسەلەی جێ‌گرتنەوەیان، کوڕ جێگەی باوکی دەگرتەوە ( و هەڵبژاردنی یەکێك لەکوڕەکانی فەرمانڕەوای پێشوو کاری عەشیرەتەکان بوو، نەك حکومەت ) .

حکومەتی کورد باجیان نەدەدا بە خەزێنەی مەرکەزی، و هیچ خزمەتێکی ڕێکوپێکی عەسکەرییان نەدەکرد ( نەدەبوونە سپاهی و عەسکەرییان نەدەکردو زەویشیان لەلایەن سوڵتانەوە بە مووچە نەدەدرا ) .

ئەوەی لە ئەیالەتی دیاربەکر وەبەر ئەو کوردحکومەتیانە نەکەوتبوو، کرا بە سێ سەنجاق . سەنجاق هەموو وەك یەك نەبوون، هەندێکیان لە مەرکەزەوە "سەنجاق بەگی" یان دادەنرا، ئەوانی تر پێیان دەگوترا : ئۆجاقلق ojaqlıq، یورتلوق yurtluq یا ئەکراد بەگلیگی Ekrad Begligi ( دارایی بنەماڵە یا سەنجاقی کورد) کە دەبوو حکومەتیان هەر لەو بنەماڵەی فەرمانڕەوایان بێت* .

حکومەتی مەرکەزی مافی ئەوەی هەبوو دەست بخاتە کاروباری ئەم سەنجاقانەوە، و بەگلەربەگی سەر لە نوێ فەرمانی دانانی‌هەموو فەرمانڕەوایەکی نوێی دەردەکرد- بەڵام فەرمانڕەوا دەبوو لە هەمان بنەماڵەی فەرمانڕەوا بوایە . بەوجۆرە دەوڵەت دەیتوانی لەکاتی‌کێشەو ڕەقابەتی ناوخۆی بنەماڵەکەدا بڕیارێکیان بەسەردا بسەپێنێ و بەلای یەکێکیدا بشکێنێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی هەمووبنەماڵەکە لا بدا و بنەماڵەیەکی تریان لەجێگا دابنێ .

---

* فۆن هامەر ( مێژوو...،٢: ٦٥٠ ) ئەم لیستەیە دەدا :

کورد حکومەتلەری : پالوو، ئەگیل، گەنج، حەزوو،جەزیرە .

ئەکراد بەی‌لیك‌لەری : سەغمان، قوولب، مهرانی Mihranî ، ئەتەق، پەرتەك، چەبەقچوور،چەرمك، تەرجیل .

سەنجاقی ئاسایی عوسمانی : دیاربەکر - مەرکەز ،خارپووت ( خەرپووتXerpût )، ئەرغەنی ( Erẍanî ئەرغانی) ، سێوەرەك Suwerek،نسێبین (نەسیبین) ، حسنکێف ( حسنکەیف )، میاقارقین (مەییافەرقین)، ئاقچەقەلا(ئاقچەقالعە)، سێرت (سێ عیرد)، سنجار، چەمشکەزەك .

وا دیارە کارمەندانی عوسمانی تا سەدەی نۆزدە هەر- تا رادەیەکی زۆر - پێبەندی ئەو رێوشوێنە بوون، کە رەنگە زۆرتر لە حەزلەسەربەخۆیی‌کردنی کوردان بدوێ تاوەکو وەفاداریی‌عوسمانیەکان بۆ بەڵێنێکی جارێك دابێتیان .

ئەوەبوو ،کاتێ میری بتلیس* عەبداڵ خان ساڵی ١٦٥٥ لە حکومەتی مەرکەزی راپەری(١١)، و گوێی بە ئامۆژگاری و وریاکردنەوەی والیی وان نەدا ( کە ئەو سەر بەو بوو)، والی بە لەشکرێکەوە هاتە سەری و دەرپەڕاند . والی زۆربەی دارایی عەبداڵ خانی زەوت کرد و، بە ئارەزووی تێکڕایی دانیشتوانی شار یەکێك لە کورەکانی عەبداڵ خان ( بە ناوی زیادین) ی لە جێگا دانا** .

لەوە بگەڕێتەوە، ئەو سەنجاقبەگی‌یە کوردانەش هەمان ئەرکی سەنجاقبەگی‌یەکانی تریان لەبەرامبەر دەوڵەتدا دە ئەستۆدا بوو . دەبوو رەگەڵ شالاوی عەسکەری بکەون، بەقسەی بەگلەربەگی بکەن ( کە ئاغایەکی کورد نەبوو، یەکێك بوو سوڵتان دایناوبوو) و، بەشێکی داهاتی سەنجاقەکانیان بدەن بە خەزێنەی دەوڵەت . کاتێ دەسەڵاتی‌مەرکەزی بەهێز بوایە و لەشکری سوڵتان نزیك بوایە،سەنجاق بەگیی کورد ئەرکی دە ئەستۆیاندا بەجێ‌دەهێنا ، لەکاتی تردا بەکەیفی خۆیان دەکردو گوێیان نەدەدایێ . هەرئەوەشە، کە بەگشتی لە نووسراوە مێژوویی‌یەکاندا باسی" یاخی بوون "ی کوردە تابیعەکان کراوە : باجیان نەداوە،یا کاتێ پشتگیریی‌عەسکەر-ییان لێ داواکراوە نەیانناردووە .

سەنجاقە کوردەکان وەك سەنجاقەکانی تر بە تیمارو زەعامەت دابەش ببوون،کە خاوەنەکانیان هەمان ئەرکی سپاهییان دە ئەستۆدا بوو،ئەگەر بەجێیان نەهێنابا مووچەکەیان لێ دەسەندرایەوە،بەلام دەبوو ئەوسا بدرایە بە کوڕێکی یا کەسێکی تری ئەو خاوەن مووچەیەو نەدەکرا بدرێ بە غەریبان (!)*** . کەواتە وادیارە ئەو

---

* بتلیس لەلیستەکەی فۆن‌هامەردا نیە ( پەراوێزی داوێنی ل١٧٧)،بەلام ئاشکرایە کە ئەکرادبەگلیگی بووە .

** ئەولیاچەلەبی بەچاوی خۆی ئەو رووداوانەی دیتوون و لە بەرگی ٤و٥ی سیاحەتنامەکەیدا باسی کردوون . ساکیسیانSakisian ( ١٩٣٧ ) پوختەیەکی‌کورتی ئەو بەشانەی بەرگی ٤و٥ی سیاحەتنامەی بلاوکردووەتەوە .

*** ئەولیا ، بەرگی ١ ( وەگێڕانی فۆن هامەر)، بەشی ١ ، لاپەڕە ٢٤ (هەندێکی ئەم بەشە لە چاپە تورکیەکەدا نیە !) .

مووچانە هەر دەدران بە خەڵکی شوێنەکە، ئەویش بەگوێرەی وەزعی دەسەڵاتی ئەو خەڵکەو دەوڵەت لەوکاتەدا جێ بە جێ دەبوو .

حکومەتەکوردەکان زەعامەت و تیماریان نەبوون،لەوەش ناکا بە رێکوپێکی هێزیان دابێ بەلەشکری بەگلەر-بەگی ( هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نیە جاروبارە داوای بەشداربوونیان لە شاڵاوی عەسکەریدا لێ نەکرابێ )، هیچ داهاتێکیشیان نەدەدا بە خەزێنەی مەرکەزی . ئەولیاچەلەبی دەڵێ : حوکمڕانەکانیان دەسەڵاتی تەواو-یان بەدەستە، نەك هەر هەموو داهاتی زەوی بۆخۆیانە، بگرە هەموو باجەکانی تریش ( کە دەبێ لە سەنجاقە-کاندا بدرێن بە خاوەن زەعامەت و تیماران ) وەك : پووشانە، سوورانە، ئەسپ، رەزو باغ هەر بۆ خۆیان




پالوو — حکومەت

چەرمك — ئۆجاقلق

نەخشەی ژمارە ٨ شوێنی ئەمارەتە هەرە گرنگەکان

هەڵدەگرن* . هەر بەگوێرەی ئەولیاچەلەبی، ئەیالەت لەسەردەمی ئەودا ( دەوری ساڵی ١٦٦٠) ٧٣٠ سپاهی، یان : وێڕای جەبەلوەکانیان ١٨٠٠ پیاوی هەبوو ،بەڵام هەر دەربارەی چەند ساڵێکی کەمی بەرلەوە، سەردەمی سوڵتان موورادی چوارەم ( ١٦٢٣-١٦٤٠) ژمارەی ٩٠٠٠ دراوە** .

لە شەرەفنامەو سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی و کورتە نۆڕینی فۆن هامەر لە تەشکیلاتی ئیدارەی عوسمانیی سەردەمی خۆی ( سەرەتای سەدەی ١٩) و سەرچاوەی تریش دەردەکەوێ کە، ئەم ئەکراد بەگـلیگی و کورد حکومەتی‌یانە لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا دروست کراون . فۆن هامەر - بەفوونە - لە باسی ئەیالەتی شـارەزووردا ( دوای ئەوە کە بیست سەنجاقەکانی دەژمێرێ ) دەڵێ : " چـەند عـەشـیرەتـبەیی یـا میرانـی عەشیرەتان لەم سەنجاقانەدا هەن کە تابیع بە هیچ سەنجاقبەگی‌یەك نین، بە بێ ئـاڵا یا تـەپڵ ( کە رەمزی سەنجاقبەگین)، سەربەخۆ هەن، رەگەڵ سەنجاقبەگی‌یەکاندا دەچنە شەڕ، دوای مردنیان کوڕەکانیان جێیان بە میرات دەگرن، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئـەگـەر بنەماڵەکە کەسی لێ نـەمابێتەوە ئەوسـا شـوێنەکە لە لایەن حکومەتەوە دەدرێ بە غەریبان"*** . بیرکەن Birken (١٩٧٦)یش کۆمەڵێك سـەنەدی بەکەڵکی دەربارەی سەنجاقەکانی سەدەی ١٦-١٩ باسکردووە . لەوانە، زۆر بە روونی بۆ پیاو دەردەکەوێ کە ئەیالەتی دیاربەکر دواتر ناوچەی پتری بە میراتگری حوکمکراون لەوانەی ساڵی ١٥٥٠ی**** : کە نیشانەیەکی بـێ هێزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزییە . ئەیالەتی تریش هەروابوون، بەڵام - لەبەر بێهێزیی یاهەر نەبوونی دەسەڵاتی‌مەرکەزی -

* هەمان سەرچاوە .

** هەمان سەرچاوە، ١/١: ١٠٤ ( فۆن هامەر) ؛ ١ : ١٣٤ ( تەمەل کووران و ئاکتاش ) .

*** فۆن هامەر، دەستوور...، ٢: ٢٦٦ . ئەیالەتی شارەزووری باشووری‌کوردستان زۆر لە دەشتی شارەزوور گەورەتر بوو، هەموو ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووکی دەگرتەوە، واتە ناوچەی شاخاویی دەگرتنەوە کە کۆنترۆڵیان زەحمەت بوو .

**** هەندێك لە سەنجاقەکانی دیاربەکری لیستەکەی بیرکەن (١٩٧٦ : ١٨٥-١٩٥) ی دەورانێك کە فەرما- نڕەوایانی ئۆتۆنۆمی‌کورد بە میراتگری حوکمیانکردوون و ،لە لیستەکەی فۆنهامەر( و ئەولیادا) نین : فاسوولFasul، جونگووش Cunguş، خەنووك Xenook، حلوان Hilwan ،خۆزات،ماردین،پۆشادی، سێوەرەك، زەرقی Zeriqî . بۆ لیستەی ساڵی ١٨٣١ بڕوانە ئاکبال Akbal (١٩٥١) : ٦٢٢ .

باش تۆمارنەکراون، بەڵکو نموونەیەك بەس بێت :

ئەمارەتی سامتسخە Samtskhe ( لە قەوقاس، باکووری قارس، کە ئەرمەنیی نیشتەجێ و عەشیرەتانی کۆچەری کوردی لێ دەژیان، ئێستا لە قەڵەمڕەویی سۆڤیەتدایە) ساڵی ١٥١٤ بوو بە دەوڵەتێکی تابیع بە ئیمپراتۆریی عوسمانی، لە ١٥٧٨-١٥٧٩دا کرا بە ئەیالەتێکی ئیمپراتۆری ( بە ناوی چلدر Childir)، کە فەرمانڕەواکانی ناوو مەرکەزی بەگلەربەگی‌یان دەدرایێ . چلدر لە سەدەی حەڤدەدا ١٥سەنجاق بوو،چواریان کۆچەر یا بە میراتگری بوون ـ کە زەحمەتە مانای هیچی غەیری ئەوە بدا کە لەلایەن ئاغایەعشیرەتی کوردەوە حوکم‌کراون . لە دەوری ساڵی ١٨٠٠دا، باسی ٢٢سەنجاق هەیە کە نۆزدەیان سەنجاقی کورد بوون،بەگی کورد " بە میراتگری " فەرمانڕەوایان بوون *! ( سێیەکانی تر، سەنجاقی ئاسایی بوون ) . وادیارە بەگلەربەگی‌ی ئەم ئەیالەتەی سەرسنوورە نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنێ، لەبەر ئەوە ئاغا بچووکە( کوردە)کانی تێدا خۆیان سەربەخۆکردووە، و باری تەشکیلاتی ئیدارەی دەوڵەتیش بە گوێرەی دۆخی دەسەڵاتی راستەقینەی ئەوکاتە شکێنراوەتەوە .

وێڕای ئـەکرادبەی‌لیکی و کوردحکومەتی، سیاسەتێکی تریش لە ئیدریسی بتلیسیەوە دەزانرێ : بە لینچ ( گەشتوەری دواساڵانی سەدەی١٩) گوتراوە کە پیاوی عەشیرەتی کوردی ناوچەی دیاربەکر، دوای شەڕی چالدێران، رەوانەی بانی ئەرمەنستان، نزیکی سنوورەکانی گورجستان و ئێران کراون و " دەڵێن بە یەکجاری لە هەموو باجێك بەخشرابوون، بەو مەرجە هێزێکی هەمیشەیی پاراستنی ئەو ناوچەی سەرسنوورە بوونایە کە پێیان دەسپێردرا" ( لینچ ١٩٠١، ٢ : ٤٢١) . لینچ، تێبینیەکی تایلەری کۆنسول ( ناوەندی سەدەی ١٩) بۆ پشتیوانی ئەم قسەیەی دەهێنێتەوە کە گوتوویە : " کـوردەکانی بانی ئەرمەنستان بە ئەسڵ خەڵکی نزیکی دیاربەکر بوون و هاتوونەتە ئەو ناوە، هەر یەك عەشیرەتیان ( بە ناوی مامەکانلو، کە گوایا لە مامی‌کۆنیان ی ئەرمەنی بوون ) بە ئەسڵیش خەڵکی ئەو شوێنە ( بانی ئەرمەنستان) بوون . ئەوە کە عەشیرەتە کوردەکانی ئەو بانە لە ئەسڵدا بە پاسداری سنوور هێنرابنە ئەوێ، شتێکە کەم دەکرێ گومانی لێبکرێ، بەڵام لەوە ناکا کاری

---

* بیرکەن ١٩٧٦ : ١٥٤ .

ئیدریسی بتلیسی بووبێ، بەپێی ئەوەندە بەڵگەو سەرچاوەیەی هەیە ( کە بەداخەوە زۆر کەمە) دەبێ زۆر دوای ئەوە ڕوویدابێ (١٢) . ئەمە لە ئیمپراتۆریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باو بووە، و ئەوە کە عەشیرەتی کورد پاسداری سنوور بوون نموونەی زۆری هەیە . نموونەی پێشووتر: " گەرمیان " بوون،کە پیاوی عەشیرەتی تورك وکورد (ی یەزیدی) بوون و سەڵجووقیەکان هێناویاننە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و کردوویانن بە هێزێکی پاسداری خۆیان لەبەرامبەر عەشیرەتی تورکی جێ مەترسیاندا*. دوایی دێمە سەر باسی دوو نموونەی تر : ئەوعەشیرەتە کوردانەی کە شاعەباس ڕەوانەی خوراسانی کردن تا ئێران لە هێرشی ئوزبەکان بپارێزن، و هێزی حەمیدیە کە سوڵتان عەبدولحەمید بۆ دابین کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئەیالەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییدا سازی - کردبوون . ئەو جۆرە هێزانە،بەهەرحاڵ، لە ئەسڵی جیاواز بوون و وادیارە هەمیشە ڕەوشتی تایبەتی عەشیرەت یا یەکێتی عەشیرەتیان وەخۆگرتووە .

ئیتر، ئەمارەتە کوردەکان، دوای ئەوە کە خرانە ئیدارەی عوسمانیەوەو تا سەدەی نۆزدەیەم، گۆڕانێکی کەمیان بەسەردا هات . نوێکردنی ئیدارەی عوسمانی لە سەدەی ١٩دا ڕووی لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی مەرکەزیی هێز کردو، ئەو ئەمارەتانە لەناودران .

---

* دەوری ساڵی ١٣٠٠ ئەمارەتێك بوو، کوتاهیاKütahya پایتەختی بوو ( کاهە ١٩٥٤ : ٣٥٦) .

## ٨- نـەریتی نـاوخۆی ئـەمارەتە کـوردەکان

سەلماندنی حوکمی فەرمانڕەوایانی کـوردو دانانیان بە سەنجاق بەگی یا بە فەرمانڕەوایانی ئۆتۆنۆم لەلایەن دەوڵەتیعوسمانیەوە، حەقمن تەئسیری کردووەتە سەرنەریتی ئەو ئەمارەتانە . بەوە کە حوکمی ئەو ئەمارەتانە بە میراتگری درابوو بە بنەماڵەکان، دەسەلات لەوناوچانەدا ئیتر هەر لەدەستی ئەو بنەماڵانەدا بوو، ئەوانیش چاویان لە دەربارو دەوڵەتی عوسمانی دەکرد و دەیانویست وەك ئەو بکەن . لەوانەیە، بە وەرگرتنی دابی چەند دامودەزگایەکی عوسمانی بوویێت کە ئەمارەتەکان زۆرتر دەوڵەتئاسایی بوون، بەڵام بەهەرحاڵ زەحمەتە پیاو لەو قسەیەش دڵنیابێت، چونکە لەوانەیە زۆر لەو دامودەزگایانەی سـەدەکانی ١٦و١٧ی ئەمارەتەکان بە سەدەها ساڵ بەرلەوە هەر هەبووبن . ئەمارەتی تەواو سەربەخۆ یا تابیع بە یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژ-هەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت بەرلەوە هەبوون کە دەوڵەتێکی عوسمانی لەدنیادا هەبوویێت . پێشتر باسی مەلیکەکانی حسنکێف کرا کە ئەیووبی بوون، ئەمارەتەکەیان میراتی هەمان دەوڵەتیگەورەی ئەیووبی بوو و زۆربەی دەزگاکانی ئەو دەوڵەتەی هەر هەبوو، بەڵام بە قەوارە بچووکتر ببووەوە . بەڵام هەر چۆنێ بێ، بەوە کە هەندێ بنەماڵەی کوردی فەرمانڕەوا بە سەدان ساڵ لەسەریەك، فەرمانڕەوایانی تابیع بە سوڵتانانی عوسمانی بوون، حوکمیان تاهاتووە ڕەنگ و ڕووی دەوڵەتی عوسمانیی پتر وەخۆگرتووە .

لە دەرباری بتلیسی ساڵی ١٦٥٩ و ئەوەی بابانی ساڵی ١٨٢٠، ئەمەی دووەم پتر وەکو دەرباری عوسمانی بووە، بەڵام لەوانەشە ئەوە زۆرتر بەهۆی هەلومەرجی تری تایبەتی هەردوو ئەمارەتەوە بووبێ . دەمەوێ لێرەدا باسێکی ئەو دوو ئەمارەتە بکەم، بەڵام بەوە کە زانیاریی بەشی ئەوەندە بەدەستەوە نیە پیاو بزانێ شێوەی پەرە-سەندنیان بە درێژایی سەردەمێکی زۆر چۆن بووە، و ئەوەش کە سەرچاوەکان بە مەبەست و بیری جیاوازەوە نووسراون، باسەکەی منیش ئەوە نیـە بڵێم دەکرێ بە ئەساسێکی ڕوون کردنەوە دابنرێ، مەگەر هەر شکڵی خەت کێشانی ڕووتی باسەکەی پێشتر ی کەمێك پێ برازێنمەوەو وێنەیەك بهێنمە بەرچاو .

### بـتـلیـس

باشترین و پترین زانیاریەکی دەربارەی ئەمارەتەکانی سەدەی ١٦و١٧ی بەدەستەوەیە ئەوەیە کە باسی بتلیسە . یەکێك لە میرەکانی، شـەرەف ( یا : شەرەفەدین ) خان، شەرەفنامەی نووسیوە (١٥٩٧) و فـەسڵێکی درێژی

دەربارەی مێژووی ئەمارەتەکەی نووسیوە. ئەولیاچەلەبیی ناوداری تورکیش، لە ساڵانی ١٦٥٠دا، ماوەیەکی باشی لە بتلیس و دەوروبەری بەسەربردووە . ئەولیا لەگەڵ مەلیك ئەحمەدپاشای خاڵیدا ( کە کرابووە والی وان) و بە سێ‌هەزار سەربازەوە، لە ڕێی چوونە واندا ،لایانداوەتە لای عەبداڵ خانی فەرمانڕەوای بتلیس و ، عەبداڵ خان میوانداریەکی باشی لێ کردوون . بەڵام بەهەرحاڵ، زۆر بەسەر ئەو میوانداریەدا نەچوو کە عەبداڵ خان پەلاماری قەڵەمڕەویەکانی تری دەوروبەری دا و بەشێوەی تریش پەیمانشکێنیی پیشانی دەوڵەتی عوسمانی دا . مەلیك ئەحمەدپاشا حەملەیەکی تەنبێ کردنی ناردە سەر بتلیس، عەبداڵ خانی دەرپەڕاند ، دارایی زەوت-کرد ، و یەکێك لە کوڕەکانی عەبداڵ خانی بە بیروڕای خەڵکی بتلیس کردە فەرمانڕەوای نوێ . ئەولیا چەلەبی ئەو جارەش لەوێ بووەو ئەوانەی بەچاوی خۆی دیتوون، جاری سێیەمیش، لە ڕێی‌گەڕانەوەیدا بۆ ئەستەمبوڵ ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە، ئەوەبووە عەبداڵ خان گەڕاوەتەوە بتلیس و جڵەوی حوکمی گرتووەتەوە دەست خۆی، ئەولیا بەزۆر گلدراوەتەوە ( واتا وەك بارمتەیەك) کە بە میوانی لای بمێنێتەوە . بەشێکی زۆری بەرگی ٤و٥ی سیاحەتنامەکەی باسی ئەو ڕووداوانە دەکا* . تاڤێرنیەش لە هەمان ئەو سەروبەندەی ئەولیادا لە بتلیس بووە، زانیاریکی کەمی کە داویەتی قسەکانی ئەولیاچەلەبی دەسەلمێنێ** .

مێژوو :

ئەمارەتی بتلیس لەو سەردەمەی جێباسی ئێمەدا ، ناوچەکانی : بتلیس- مەرکەز، ئەخلات، مووش، خنوس Xinus ی دەگرتەوە . نیسبەتێکی زۆری خەڵکەکەی ( بەتایبەتی لە دەشتی بەپیتی مووشدا ) ئەرمەنی بوون . ئەوەی ڕاستی بێ، ئەرمەنی تا سەردەمێکی زۆرنزیك تاقە دانیشتوانی ئەم زەویانە بوون . تورکی سەلجووقی هاتبوون ئەو ناوەیان داگیرکردبوو، بەڵام زۆریان لێ نیشتەجێ نەبوون (سەلجووقی لە ڕۆژئاوای باکووری دەریاچەی وان، تەنیا لە ئەخلات نیشتەجێ ببوون ) . ئەگەر کورد لە سەردەمی سەلجووقیدا لێرە هەبووبن، ئەوا لە چیاکان بوون، خەڵکی شارو دەشتەکان ئەرمەنی بوون . وادیارە کوردی کۆچەر لە سەدەی

---

* ساکیسیان (١٩٣٧) زۆرتر سەرنجی بۆ شەخسیەتی میر ڕاکێشاوە، کوهلەر Köhler (١٩٢٨) دە لاپەڕەی دەستنووسێکی وەرگێڕاوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە،هەرتك حەقەن زۆر جێ‌سەرنجن، بەڵام من بۆ شی بوونەوەی ئەو شتانەی کارم پێیان بوو گەڕامەوە سەر نوسخە تورکیەکە .

** تاڤێرنیە Tavernier (١٦٧٩)،١ : ٣٠٣-٣٠٦ .

١٢دا بوونە خاوەنی چیاکانی بتلیس و پێوەندیان بە شارەکانەوە دیسا زۆرترهەر راو رووت بووە . پەلاماری موغۆلان (١٢٣١و ١٢٥٩) ئاوەدانیی بتلیسی کەمکردەوە، ئەوەبوو کورد لە رۆژهەڵاتی باشوورەوە دەکشانە ئەو ناوەوە، تا دوایی لە دەوروبەری ١٣٧٥دا دەستیان بەسەر دەشت و شارەکاندا گرت * و وادیارە زۆر کورد زوو نیشتەجێ بوون . شەرەف خان دەڵێ کە زۆر دێهاتی ئەرمەنیان لە دەشتی مووش هەبوون، بەڵام دەڵێ دێهاتی گردەکانی دەوروبەر مسوڵمانی نیشتەجێ ( یا نیوە کۆچەر) بوون . دەبێ ئەمانە پێشوو کۆچەر بووبن و لێرە ملیان لە کشتوکاڵ نابێ، یا جووتیاری کورد بوون و لە شوێنی ترەوە ( کە وەك مووش بەپیت نەبوون ) هاتوونە مووش . بەوە کە مسوڵمان خۆیان لە دێهاتی گردەکانی دەوروبەر ژیاون و دەشتە بەپیتەکانیان داوە بەو مەسیحیانەی کە لە رووی سیاسیەوە پلەیان نزم بووە، دەبێ ئەو مسوڵمانانە وێڕای کشتوکاڵ کردن




---------------- رێی گەشتی ئەولیا چەلەبی

نەخشەی ژمارە ٩ بتلیس و دەوروبەری

---

• بەقسەی مێژوونووسی ئەرمەنیی سەدەی١٨ چەمچیانChamchean کە کوهلەر(١٩٢٨) : ٢٧-٢٨ باسی- کردووە .

شوانکارەییشیان هەرکردبێ . ئەگەر بکرێ شەرەف خان لەوەدا جێ بڕوا بێ، دەبێ باووباپیرانی لە سەرەتای سەدەی ١٣دا فەرمانڕەوایانیبتلیس بووبن . بەگوێرەی چیرۆکێك، دەبێ پێش دامەزرانیشیان بە فەرمانڕە-وایانی بتلیس لەلایەن یەکێك لە ئەیووبیەکانەوە ( دەوری ساڵی ١٢٠٠)، رابەرانی یەکێتیەکی گەورەی عەشیرەتان بووبن . ئەم یەکێتیەی عەشیرەتان ( شەرەف خان دەڵێ : عەشیرەت ) لە یەك رۆژدا پێكهاتووە، لەبەرئەوە ناوی بووە بە " رۆژەکی "، لەو رۆژەدا ٢٤ قەبیلە qebîle یەکیان گرتووەو رابەرێکیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە، ئەوجا هەموو بتلیس و حەزۆ Hezû( ئەولاتری رۆژئاوا) یان گرتووەو زەویەکانیان لە ناوخۆیاندا دابەش کردووە . گوتوویانە هەر کەسێکی لەوکاتەدا بەشێکی زەویی وەرنەگرتبێ، رۆژەکیی رەسەن نەبووە ( شەرەفنامە) . کەواتە رۆژەکی لەناوکوردیشدا هەڵبژاردە (نوخبە) بوون . میری رۆژەکی لەهۆزەکانی رۆژەکی نەبوون، چیرۆك وا دەگێڕنەوە کە دوای ئەوەی یەکەم سەرۆکی رۆژەکی مرد و کەسی لەپاش بەجێ نەما جێی-بگرێتەوە، رۆژەکی بەدوای دوو برایاندا نارد کە لە بەرەی ساسانی (بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای پێشووی ئێران) بوون و جگە لەوەش لێوەشاوە بوون و بۆ فەرمانڕەوایی دەستیان داوە، و لێیان داواکردوون کە ببن بە فەرما-نڕەوایان، یەکیان : ئێزدین ( عیززەددین ) کراوە بە میری بتلیس، و براکەی : زیادین کراوە بە فەرمانڕەوای حەزۆ ( حەزوو Hezû ).

عەشیرەت و میر :

پێوەندی نێوان عەشیرەت و فەرمانڕەوا لێرەدا ئەساسێکی" پەیمانی کۆمەڵایەتی" دەدا . رۆژەکی لە هەر عەشیرەتێکی تری کوردستان پتر دڵسۆزی میرەکانیان بوون، بەڵام هەرکاتێ میرێکیان بە دڵ نەبوایە وەلایاندەدا و خزمێکیان لەجێی دادەنا، وەك بەسەر ئێزدین شێری هەژار هات . رۆژەکیی بتلیس، دوای ماوەیەك، زیادینیان پتر بەدڵ بوو، لەبەرئەوە زیادینیان هێنایە بتلیس ( ی زۆر لە حەزۆ گرنگتر ) و ئێزدینیان ناردە حەزۆ .

کاتێ یەکی وەك ئوزون حەسەن یا شائیسماعیل میری دەگرت یا دووردەخستەوە و بتلیس بێ میر دەبوو، شیرازەی رۆژەکی تێكدەچوو . ئاغای عەشیرەتە گەورەکان هەوڵیان دەدا کەسانێك لە ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە دیلی و دووری رزگاربکەن وبیانهێننەوە بتلیس تایەکێتیی خۆیان( لەژێر ئالایدا) سازبکەنەوە . کەواتە پێویستیەکی ئەساسیی عەشیرەتان بە میر ئەوەبوو کە تەبایی و هاوئاهەنگیی خۆیانی پێ سازبکەنەوەو بپارێزن، چونکە دیارە کە یەکێتیەکی ئەوەندە گەورەی عەشیرەتان ئەیالەتێکی ئەوەندە دەوڵەمەندی وەك

بتلیسی بەدەستەوە بووبێ، کێشەوهەرا هەر هەبوون . کێشەی نێوان عەشیرەتانی رۆژەکی هەمیشەش بە میر تەخت نەکراوە، چونکە سەیر نیە هەندێ جار دووکەس یاپتریش بە تەمای فەرمانڕەوایی بووبن و عەشیرەتی گەورە بەرژەوەندی تەسکی خۆیان لەمەدا هێنابێتەکایەوەو بەگوێرەی رەقابەتی نێوانیانەوە دەنگیان بۆکاندیـ- دای دژ بە کاندیدای بەرامبەر دابێ .

عەشیرەتەکانی بتلیس :

شەرەفنامە رۆژەکیی بە دوو جۆری جیاواز ناوهێناوە، لیستەیەکی ناوی عەشیرەتان دەدا، بەڵام چونکە چیرۆکی پێشینان ژمارەی ئەو عەشیرەتانەی رێك بە ٢٤ ناوبردووەو نەدەبوو کەمتر بن، لیستەی ناوەکانی بە ناوی عەشیرەتانێکی وا تەواوکردووە کە لە شوێنی تردا دەڵێ کاتێ رۆژەکی بتلیسیان گرت ئەوعەشیرەتانە ئەوسا لە بتلیس بوون . لیستەکە بریتیە لە ناوی پێنج عەشیرەتی" دانیشتوانی ئەسڵی" ( قیسانی یا کیسانی، بایگیBayigî، مۆدکی، زەوقی، زەیدانی)، و دوو عەشیرەتی کە هاتوون بتلیسیان گرتووە : رۆژەکیی تەواو ( بڵباسی و قەوالیسی ) کە ١٩هۆز بوون* . لە قسەی شەرەفنامە وا دەردەکەوێ کە پادشا لە قەوالیسی و بڵباسی بوون، عەشیرەتەکانی تر لە حاڵەتی کێشەوهەرادا داویانەتە پاڵ یەکێك لەو دوو- انە، کە زۆر کەم وادەبێ شەرەفنامە بەجیا ناویان بهێنێ، ئەگەر بەجیاش ناوی هێنابن هەر بەناوی ئاغا فلان و فلانی قەوالیسی یا بڵباسی ناوی بردوون و قەت بە ناوی هۆزەکانیانەوە ناونەبراون . بەم قسانە دەبێ ئەم

* بڵباسی لەمانە پێکدەهات : ١- کەلەچیری؛ ٢- خربەلی؛ ٣- بالکی یا بایگی؛ ٤- خیارتی؛ ٥- گووری ؛ ٦- بەریشی؛ ٧- سەکری؛ ٨- گارسی یا کارسی؛ ٩- بیدووری؛ ١٠- بەلاکوردی .
قەوالیسی لەمانە پێکدەهات : ١١- زەردووزی؛ ١٢- ئەنداکی؛ ١٣- پەرتافی ؛ ١٤- کوردکی یا گردکی ؛ ١٥- سوهرەوەردی؛ ١٦- کاشاغی؛ ١٧- خالدی Xalidî ؛ ١٨- ئەستوودکی یا ئزتووکی ؛ ١٩- ئەزیزان؛ ( شەرەفنامە ١/٢ : ٢٣٢، یا لاپەڕە ٤٩٤ی چاپی تاران ) .

نزیکەی حەقەن، دەبێ شەرەف خان ویستبێتی هەرچۆنێك بووبێت ژمارەی ٢٤ قەبیلە تەواو بکات،کوردکی یان گردگی ( بە نووسینی عارەبی جیاناکرێنەوە) ( ژمارە ١٤ لێرەدا) بە هۆزێکی قەوالیسی ناویان هاتووە کەچی شەرەفنامە لە شوێنی تردا بە ناوی عەشیرەتێکی گەورە ناویان دەبا کە لە بتلیس بوون لەپێش ئەوەدا کە رۆژەکی داگیری بکەن ( شەرەفنامە ١/٢ : ٢٢٩ ) .

عەشیرەتانە بەرەیەکی تایبەتی رابەرانیان هەبووبێ ( وەك بەگزادە لەناو جافدا ) . بەقسەی ئەولیاچەلەبی، دەبێ رۆژەکی لە ناو کوردەکانی بتلیسدا" نوخبە " بووبن، میر سەرۆکی گەورە بووە کە عەشیرەتی گەورەو بچووکی ( عەشیرەت وهۆزی ) ژێردەستی بە ژمارە لە حەفتا کەمتر نەبوون، لەوانە هەر رۆژەکی بەتەنیا ٤٠هەزار کەس بوون( ئەولیا زۆرتر وایە ژمارەکان زیاد دەکا ) . رۆژەکی لە شار ژیاون و ئەو ئازایەتیەیان نەبووە کەکوردنموونە-یەتی، زۆرئەهلی فەرهەنگ و پەروەردە بوون و مەیلیئاینی و سۆفیایەتیان هەبووە . هێزی عەسکەریی بتلیس لە عەشیرەتەکانی تر پێکهاتووە، لەوانە مۆدکی لەبەرچاو بووە، کە هەر خۆی بەتەنیا ٧٠٠ تفەنگچیی هەبووە . ئەو عەشیرەتانە وێکڕا توانیویانە ژمارەیەکی زۆری عەسکەر بخەنە مەیدانەوە، کە ئەولیا و تاڤێرنیەش ئەو ژمارەیەیان بە دەیان هەزار داناوە .

دابین کردنی دەسەڵاتی میر بەسەر عەشیرەتاندا :

٧٠ ئاغای عەشیرەتان، لە کاتی سەردانی ئەولیادا، لە دەرباری میری بتلیس بوون . رێی تێدەچێ ئەمانە بۆ مسۆگەرکردنی گوێلەمشتیی عەشیرەتەکانیان هێنرابنە ئەوێ . شایەکانی ئێرانیش هەمان سیاسەتیان لەگەڵ یەکێتی عەشیرەتان / عەشیرەتە گەورەکانی ئیمپراتۆریەکەیان بەکاردەهێنا . من لە پیاوە پیرەکانی تۆرعابدین ( کە لە ئەمارەتی بۆتاندا بووە ) م بیستووە کە ئەوە باو بووە : هەر سەرەك عەشیرەتە برایەك یا کوڕێك ( یا پتر)ی ناردووەتە لای میر تا لەوێ لە" خزمەتێ میر"دا بمێنێتەوە . ئەوانە، لە راستیدا بارمتەی بە حورمەت بوون لای میر و لەژێر رەحمەتی ئەودابوون، میر بەوە دەسەڵاتی بەسەر عەشیرەتەکانیاندا دابین دەکرد . میر رێی تریشی بۆ ئەو دەسەڵات دابینکردنەی هەبوو : بەکارهێنانی کێشە وهەرای نێوان عەشیرەتەکانی ئەمارەت . پێشتر گوتمان کە دوژمنایەتیی خوێن و کێشەوهەرای تر بە زەلامێك چارە دەکران کە قسەی لای هەردوولا رۆیشتبا، کەواتە عەشیرەتی لێك نزیك و هاوبەرژەوەند پێویستیان بە زەلامێکی وا هەبووە، هەر ئەوەش ئەو چیرۆکەمان تێدەگەیەنێ بۆچی رۆژەکی لەدووی ئێزدین و زیادینیان ناردووە کە بێن و ببنە فەرمانڕەوایان ( سا ئەگەر چیرۆکەکە راست بێ یا رەمزی بێ ) . لەوانەیە میرەکان هەر بە ئانقەست جۆرە رەقابەتێکیان بۆ راگرتنی ( بارتەقایی) دەسەڵاتی خۆیان لەنێوان دوو دەستەدا - یەکیان بە دەوری قەوالیسی وئەوی تر بە دەوری بلّباسییەوە- هێشتبێتەوە . خەڵکەهەن ئێستاش لەیادیانە کە میرەکانی " هەکاری" ش هەر وایان کردووە، عەشیرەتەکانیان کردوونە دوو دەستە : چەپ و راست . بەڵام بەهەرحاڵ، دەسەڵاتێك بەوشێوەیە رابگیرێ ئەوە نیە پشتی پێ ببەسترێ و،- وەك چەندجار دەرکەوت - لەوانەیە بەهاسانی

تێکبچێ . هەر کە مەرکەزی میر پتر لە یەك کاندیدای هەبوایە، لەوانەبوو هەرعەشیرەتە یایەکێتیەیعەشیرە-تان کاندیدای خۆی هەڵبژاردایە و، ئەمارەتەکە بەوە تووشی کێشەوهەرای ناوخۆ دەبوو وهێزی لەدەست دەدا*.

بەڤوونە : کاتێ میرەکان لە سەردەمی ئاق قۆیونلودا دوورخرانەوە، سەرەك عەشیرەتەکان چەند جار هەوڵیان دا بیانهێننەوە و بتلیسیان بۆ لە ئاق قۆیونلوی داگیرکەر بستێننەوە، بەڵام بۆیان نەکرا . دوای ٢٩ ساڵ، دوو کەس لە بنەماڵەی فەرمانڕەوا ماونەوە . شەمسەدین ( پەنای بە بۆتانی هاوسێ بردبوو ) و ئامۆزاکەی ( شا محەمەد، لە ئێران راگیرابوو ) . ئاغایەکی زۆر دڵسۆزی بنەماڵەکە** لە پێشدا شەمسەدینی هێنایەوە بتلیس، کە لەشکرێکی دڵسۆز لە شەرکەرانی رۆژەکی چاوەڕێیان دەکرد، دەیانویست بچنە سەر شارەکەو شەمسەدین بخەنە سەرتەختی باوەگەورانی،بەڵام شەمسەدین لەشەڕی لەگەڵ تورکاندا کوژرا. شامحەمەی ئامۆزای، بەختی باشتری هێنا،عەشیرەتەکان شەڕیان بۆکرد و بوو بە خاوەنی شارو ئەیالەتەکە، بەڵام زۆری نەبرد مرد ( ١٤٩٧ ) . هەر دوو ئامۆزا کوڕی منداڵیان هەبوون . ئیبراهیمی کوڕی شامحەمەد جێی باوکی گرتەوە، بەڵام چونکە زۆر منداڵ بوو، عەبدوڕەحمان ئاغای قەوالیسی و چەند ئاغایەکی تری هەمان یەکێتیەی عەشیرەتان کاروباری دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد . شەرەف ( باپیری نووسەری شەرەفنامە)یکوڕی شەمسەدین کرا بە حاکمی مووش . وادیارە بڵباسی بەوە رازی نەبوون ئیدارەی گرنگی سیاسی بەدەست قەوالیسیەکانەوە بێت، شێخ ئەمیر بڵباسی ئاغایان

---

* ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێرانیش هەر وا بوون ( وەك هەموو دەوڵەتە پادشاییەکانی کە جێ‌گرتنەوەی پادشایان بەگوێرەی رێوشوێنێکی روون و ئاشکرا نەکرابوو) . لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، وادەبوو : سپاهیی تورك، یەنی چەری و، دەربارییش لەوەدا هەریەکە بە لایەکیدا رادەکێشا و زەق وئاشکرا بە بەرچاوی خەڵکەوە دەکەوتنە گیانی یەکتر .

** محەمەدئاغای گەلۆکی ( شەرەفنامە لە هیچ شوێنێ تردا ناوی نەبردووە، لە باسی عەشیرەتەکانیشدا ناوی گەلۆکیی نەبردووە)، خۆی و کوڕی، دەوری گرنگی سیاسیان لە بتلیس هەبووە . بۆ پێوەندی و دۆزینەوەی ماڵی میر (ی دوورخراوە) خۆی رەگەڵ ئاق قۆیونلو خستووە .

بە عەشیرەتە گەورەکەیەوە چووە مووش و، بە ئاشکرا بە بێ دڵیی میر ئیبراهیم و عەبدو-ڕەحمان ئاغای کردو خۆی خستە لای میرشەرەف، نێوانی دوو ئامۆزا زوو تێکچوو . میر ئیبراهیم فەرمانی بە میرشەرەف دا کە بچێتە بتلیس، بەنیازی ئەوە کە کوێری بکا . سەر-ناسێکی قەوالیسیانی داپراو، شەرەفی لەو کەین وبەینە ئاگادارکردەوە،شەرەف نەچوو. ئیبراهیم، لەشکرێکی لەهەموو ئەوعەشیرەتانەی بۆی سازدرا سازدا و چووە سەرمووش، هێزی زۆرتر بوو و لە شەڕدا سەرکەوتوو بوو . بەڵام بەهەرحاڵ، چەندین ئاغا لەوانەی کە لەگەڵیدا بوون، قسەیان بە نهێنی لەگەڵ شەرەفدا هەبوو، وادیارە ئەویان لا باشتر بووە و نەیانوێراوە بە ئاشکرا بیدرکێنن، ئەوانە ڕۆژی دووەم لە ئیبراهیم هەڵگەڕانەوە . وەزع بەوە هەڵگەڕایەوە، ئەمجارە شەرەف ئامۆزاکەی ڕاونا و بتلیسی ئابلۆقە دا . ئیبراهیم بە نیوە زەرەرێك ڕێككەوت: بتلیس (مەرکەز) و ئەخلات بۆ شەرەف بن، و ئەویش بەمووش و خنوس ڕازی بێ . ئامۆزا ڕێككەوتن و ئاشت بوونەوە، بەڵام شێخ ئەمیر بلباسی ( کە وا دیارە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بووە) لە ڕۆژی ئاشت بوونەوەکەدا ئیبراهیمی گرت و خستیە زیندانەوە، ئیبراهیم حەوت ساڵ زیندانی کێشا و شەرەف سەردەمێك تاقە فەرمانڕەوای ئەمارەتەکە بوو . ( شەرەفنامە، ١/٢ : ٢٧٧-٢٨٣) .

پیاو ناکرێ بیری بۆئەوە نەچێ کە ئەو دوژمنایەتیەی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا - کە شەرەف خان بە هەموو شتی دادەنێ - هەرلە چمکێکی شەڕێکی گەورەتر پتر نەبووبێ، شەڕێکی کە نەك هەر عەشیرەتەکانی بتلیس، بگرە عەشیرەتی تریش ( پازووکی) و، نزیکەی حەقەن، هێزانی تری دەرەوەش لەسەر دەسەڵات تێوە-گلابن . نووسەری نەجیبزادەمان (میر شەرەف خان،دانەری شەرەفنامە)،بەداخەوە،باسی کاروباریعەشیرەتیی کەم کردووە، لەبەرئەوە مەگەر هەر بە مەزەندەی خۆمان پەی بە زەمینەی گۆڕانی بەختی میران بەرین . دوای ئەو ڕووداوانەی کە باس کران، زۆری پێ چوو تا ئاسایش کەوتە بتلیسەوە . دوژمنایەتیی عوسمانی- سەفەوی ( بتلیس ئەیالەتی سەر سنوور بوو ) و کێشەوهەرای ناوخۆ بە درێژایی زۆربەی سەدەی ١٦ تێکەڵ ببوون . میرەکان جارێك لەگەڵ سوڵتان و جارێك لەگەڵ شادا بوون و بە گوێرەی ئەوە هەر جارە ناوونیشانیان لە یەکێکیان وەردەگرت، سەردەمێکی زۆر لە ئێران بوون و فەرمانبەرانی گەورەش بوون، تا سوڵتان موورادی سێیەم ساڵی ١٥٧٨ بە شەرەفەدین (دانەری شەرەفنامە)ی گوت بگەڕێتەوە بتلیس و کردوویە بە فەرمانڕەوای .

داهات و لەشکر :

بتلیس ئەیالەتێکی دەوڵەمەند بوو : زەویی کشتوکاڵی بەپیتی ( بەتایبەتی لە دەشتی مووش‌دا) هەبوو،و لەوەڕگەی چیایانی لە سەرتاسەری کوردستاندا بەناوبانگن . شاری بتلیس مەرکەزێکی بازرگانی بوو . لە شوێنێکی گرنگدا هەڵکەوتووە : شارێی بازرگانی بەوێدا دەڕۆن . چەند بازرگانی زۆر گرنگی لێ بوون، زۆرتر مەسیحیی یاقووبی بوون . بتلیس مەرکەزێکی گرنگی سەنعەتگەرییش بوو، ئەولیا بەتایبەتی سەنعەتی چەکی زۆر بە دڵ بووە،بەڵام باسی بەرگدروو،ڕەنگرێژ،دەباغ و...ئیدیش دەکا. شەرەفنامە باسی دووکان و کارگەی لە ٨٠٠ کەمتر ناکا، ئەولیا نیو سەدە دوای ئەوە ژمارەی ١٢٠٠ی داوە، خاوەنیان : ئەرمەنی، یاقووبی، و عارەب بوون . کەواتە بتلیس سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بووە .

بەڵگەیەکی ڕادەی سەربەخۆیی ئیمارەتەکە ئەو بەشە زۆرەی داهات بوو کە میر ڕێ درابوو بۆخۆی هەڵگرێ، کە زۆر لەوەی سەنجاق بەگیەکانی تر پتر بوو . لە لایەکەوە " خاس" (خاص) یکی بە ناوی معاشی ئیدارەی سەنجاق بەگی بە فەرمانی سوڵتان درابووێ*، کە بریتی بوو لە داهاتی ژمارەیەك دێهات و باجی بازاڕ ( ئیحتیساب)ی خودی بتلیس، بە هەمووی لە نیو ملیۆن ئاقچە تێ‌دەپەڕی . سوڵتان، پێنج ساڵ دوای ئەوە، لە ١٥٣٣دا، بەشێکی مووش‌یشی بۆ خستە سەر خاسەکەی، ئەویش ٢٠٠ هەزار ئاقچەی داهات بوو ( شەرەفنامە،١/٢ : ٤٣٤) . لە باسی جزیەدا گوتمان کە دەبوو هەمووی بدرایە بە خەزێنەی مەرکەزی، کەچی لێرەدا نیوەی جزیەی ٤٣ هەزار ڕەعیەتی مەسیحییش هەر بۆ میر بوو، نیوەکەی تری ڕەوانەی " وان " دەکرا بۆ ئەرکی عەسکەری ئەوێ ( ئەولیا ،٤: ١١٦٢) . بەپێی شەرەفنامە، ساڵانەی" جزیەو خەراج"ی ڕەعیەتێکی مەسیحی حەفتا ئاقچە بوو ( شەرەفنامە، ١/٢ : ٢٢٤)** .

---

* سەڤگەن Sevgen (ی تورك) ئەسڵی فەرمانەکانی دۆزیەوە ( حوکمو شەریف Hükm-ü sherif ) کە ساڵی ١٥٧٨ حوکمی شەرەفدینیان سەلماندووە، وێڕای وەرگێڕانیان بۆ سەر تورکیی نوێ بڵاوی کردوونەوە، (١٩٦٨) ژمارە ٢ : ٧٤-٧٦ .

** بەکارهێنانی وشەی خەراج لە سەدەی ١٦دا، بە یەك مانای دیارکراو نەبووە . وابووە بە باجێك ( ی سەر مەسیحیەکان) گوتراوە کە بەگوێرەی زەوی سەندراوە ( لەبەرئەوەیە کە بە باجی زەوی لێکدراوەتەوە)،وابووە پارەیەکی دیارکراو بووەو وادیارەهەمان جزیە بووە ( لەبەرئەوە بە باجی زەوی گوتراوە خەراجی ئەرزیە تاکو←

عەبداڵ خان لە میرەکانی بەرلە خۆیشی پتر پێ دەگەیشت، سوڵتان موڕادی چوارەم ( ١٦٢٣-١٦٤٠) خەراجی هەموو ناوچەی مووشی دابوویێ تا لە ژیاندایە بۆخۆی هەڵگرێ ( ئەولیا، ٤ : ١٦١-١٦٢) . ئەوەش پارەیە-کی زۆر بوو . دەکرێ سەرنجێکی شەرەفنامە لەو رووەوە بدەین تا ئەو داهاتە زۆرەی مووش بهێنینە بەرچاو: لە سەردەمی سوڵتان‌سولەیمان ( ١٥٢٠- ١٥٦٦) دا- جیا لەحیسابی دێهاتی ئەوقاف و زەوی و زاریهومایوونی-یە ١,٥ ملیۆن ئاقچەیان ژماردووە ( بە جزیەو خەراجی ٤٠٠٠ رەعیەتی مەسیحییشەوە، هەر رەعیەتە ٧٠ ئاقچە) ( شەرەفنامە، ١/٢: ٢٢٤) . بە قسەی ئەولیا ،میر خەراجی مووشی بۆ مەعاشی فەرماندەی قەڵا و ٢٠٠ سەربازەکانی حامیەی بەکاردێنا ( ئەولیا، ٤ : ١١٦٢) . میر باج و گومرکی لەو کاروانانەش وەردەگرت کە دەهاتنە ناوشار( ئەولیا، ٤ : ١١٦١) . دەکرێ پیاو لە قسەکانی ئەولیاوە وای بەرێتەوە سەر یەك کە میر باجی ساڵانەی لە سەر هەموو ئاژەڵی بتلیس وەرگرتبێ، رەنگە ئەو سەرانەیە داێکی عەشیرەتی بووبێ، پیاوانی عەشیرەت دابێتیان بە ئاغاکەیان، وەك ئێستاش‌هەیە . وادیارە سەرانە هەمیشە بە ئارەزووی دڵ نەدراوە، میر هێزێکی پیاوی چەکداری ناردووە وەکۆی بکەن، کە وەنەبێ زۆر جار لە سنووری قەڵەمڕەویی میر تێنەپەڕیبن و رەعیەتی میری تریشیان تاڵان نەکردبێ . هەموو میرەکوردەکانی تر وێڕای حاکمەکانی وان و ئەرزەڕۆم‌هاوار-یان بوو لە دەستی،دەیانگوت کە" دەبوو ٤٠ساڵ پێشتر بکوژرایە" . کاتێ ١٠هەزار(؟) پیاوی میر لە قەڵەمڕە-ویی ئەو تێپەڕین و چوونە مەلازگردو چل هەزار سەر مەڕیان پێش خۆیان دا و ٣٠٠ پیاویان تێدا کوشت، میر بە خوێن‌ساردیەکەوە بە والیی وانی‌گوت کە پیاوەکانی خەریکی وەرگرتنی مەڕانە بوون و لەوانەیە چەندهەڵەیە-کیشیان کردبێ ( ئەولیا، ٤ : ١٢٣٧-١٢٤٢) .

میر تاقە داهاتوەرگرێکی ناوچەکە نەبوو. بەقسەی ئەولیا ،پیاوانی‌عەشیرەت ١٣ زەعامەت و ٢١٤ تیماریان

---

← بەوە لە خەراجی بە مانای جزیە جیابکرێتەوە) . بەوە کە خەراج و جزیە لێرەدا پارەیەکی دیارکراو بووە، وێ دەچێ هەربەباجی سەرانە(ی سەرخەڵك) گوترابن و جارێ زەوییان نەگرتبێتەوە . بەڵام پارەیەکی زۆر بووە. ئەورووپایی کە لە سەرەتای سەدەی ١٦دا لە دیاربەکر ژیاون، سەرو ٥٥ ئاقچەیان جزیە داوە (هینتز ١٩٥٠ : پەراوێزی ١٨٢ ، لە ئەسنادی بڵاوکراوەی بارکان‌ـەوە ) . ئەوەندەی من بزانم،چەندیی ئەو پارەیەی جووتیار بە جزیە داویانە جارێ بڵاونەکراوەتەوە. سەیر نیە خەراج لەم حاڵەتەدا بە باجێکی تری سێیەم ( غەیری باجی سەرانە و باجی زەوی) گوترابێ .

لە بتلیس هەبوو، هەندێکیان روتبەی ئالابەگی، جەربباشی، و یوزباشییان لە لەشکری سپاهیدا هەبوو، کە - بەگوێرەی قانوونی پێشوو باسمان کرد - دەبێ ٣٠٠٠ جەبەلویان هەبووبێ . ئەگەر شەڕێك بقەومایە، دەبوو ئەوانە لەژێر ئالآی میری خۆیاندا رەگەڵ لەشکری"وان" بکەون . بەڵام ئەو ٣٠٠٠ پیاوەی کە بتلیس دەیدا بە لەشکری عوسمانی،تەنیا کەرتێك بوو لە ژمارەی ئەو پیاوانەی کە میر دەیتوانی بۆ مەبەستی خۆی پێکبهێنێ . بەشی سێیەمی کە داهاتی بتلیسی تێدەچوو، دامودەزگای ئاینی بوون . پیاو لە خوێندنەوەی شەرەفنامەوە دەڵێ دەبێ ژمارەیەکی باشی دێهات ئەوقاف بووبن . کاتێ پیاو سەیری سیاحەتنامەی ئەولیا دەکا، تێدەگا ئەوانە بۆچی بوون : هەر لە شارەکەدا پێنج مزگەوتی گەورە، زۆر مزگەوتی بچووك، چوارمەدرەسە medrese، و مەکتەب mekteb ( خوێندگەی سەرەتایی) لە حەفتا کەمتر نەبوون، و ٢٠ تەکیەش هەبوون . " شارەکە وێکڕا ١١٠ میحرابی تێدابوو" ( ئەولیا، ٤: ١١٦٢-١١٦٣) . هەموو ئەوانەو شتی تریش (٧٠ کانی و ٤١ چاڵاوی گشتی ( سەبیلاو) بە داهاتی زەوی وزاری ئەوقاف بەڕێوەبراون . رەنگە ئەو رۆژەکیانەی کە ئەولیا دیتوونی لە مزگەوتدا شەترەنجیان کردووەو ئەهلی شارستانێتی و ئاین بوون و لەوەی نەکردووە هیچ کارێکـ( ی بەرهەم - هێنان)یان کردبێ، ئەوانیش هەر - بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ - بە ئەوقاف ژیابن .

ئەوەی لەوانە دەمایەوە،دەچووە خەزێنەی دەوڵەتەوە . خەراج ئاغاسی (بەرپرسیاری وەکۆکردنی خەراج ) یەکێك بوو لە دوو کارمەندی کە والی دایدەنان، نەك میر . هەندێ زەوی ( بەغوونە : لە دەشتی مووش) مڵکی هوما- یوونی بوون وهەموو داهاتیان دەچووە خەزێنەی دەوڵەتەوە،خەراج وهەندێ باجی کەمی تری زەویو زاری تریش هەروا . جزیەشمان باس کرد، گوتمان نیوە بە نیوە لەنێوان میرو والی "ی وان "دا بەش دەکرا .

هێزی تری عەسکەری :

بارەگای فەوجێکی یەنیچەری لە بتلیس بوو . فەرماندەکەی، ئەو کارمەندە دووەمە بوو کە لەلایەن والییەوە دادەمەزرا . ئەولیا - جگەلەوە- باسی ١٠هەزار(؟) پیاوی میر* دەکا کە لە شارەکەدا

---

* ئەسڵەکە ( چاپی یەکەم) دەڵێ " نۆکەر" nöker ، کە وشەیەکی موغۆڵیە بە مانای برادەر/ هاوڕێ . میرئۆغلو دەڵێ سپاهی و نۆکەر هەر یەکن، کە دیارە هەڵەیە . بێلدیسیانو Beldiceanu باسێکی باشی ئەو زاراوەیەی کردووە، لە لێنۆڕینێکی بەرهەمێکی تری میرئۆغلودا :
Turkica IX/1 (1977) : 278/9 .

بە شیر و قەڵغان و گۆپاڵەوە، یەك بەرگی رەسمیی رەنگاورەنگیان دەبەردابووە، لە باسەكەی ئەولیا لەوە دەكا ئەوانە لەشكرێكی تایبەتی كۆیلەی میر بووبن ( ئەولیا،٤ : ١١٨٤) . ژمارەی ١٠هەزار - بەهەرحاڵ- قسەی قۆڕە . میر دەیتوانی،جگە لەوعەسكەرەهەمیشەییانە، ٢٠هەزار سوار وێڕای بەلای كەم ئەوەندەی ئەو سوارانە عەسكەری تری پیادەش لە كاتی پێویستدا سازبكا .

ئیدارە و داوەری :

وەك پێشتر گوترا، تەنیا دووكارمەند والی دایدەنان : خەراج ئاغاسی و فەرماندەی یەنیچەری، ئەوانی تر هەموو لەلایەن میرەوە دادەنران . ئەولیا هەرە گرنگەكانی ناوبردوون : " قازی"یەك، " مفتی"یەك،" نەقیبول ئەشراف"ێك*، قەڵادار ( فەرماندەی قەڵا)، ئەوانەی باج وگومركی رێگاوبان و بازاڕیان وەكۆكردووە و ژمارە-یەك كارمەندی بچووك .

دەسەڵاتی داوەری بە رەسمی دراوەتە دەست قازی . دیسا، وێ ناچێ میر ئەگەر كسانێك قسەیان شكاندبێ پەنای بردبێتە بەر قازی، دەبێ قازی كاروبارێكی برابنە لا كە پێوەندی راستەوخۆیان كەمتر بە میرەوە بووبێ . بەو بارە نائاساییەی كە میر - نەك حكومەتی مەركەزی - قازیی دامەزراندووە، قازی بە زەحمەت توانیویە ( وەك قازیی سەنجاقەكانی تر ) سەربەخۆیانە كار بكا . وەك ئەولیاش وریایانە دیتوویە : دەكرا معاشی یەكجار زۆری قازی** زۆر زیاد بكرایە ئەگەر لەگەڵ میردا رێك بوایە . بەوجۆرە، میر لە داوەریدا سەربەخۆ بوو ( بە ئەستەمبوڵەوە نەبەسترابۆوە) و داوەریی لەژێردەسەڵاتدا بوو . ئەو سەربەخۆییە لە مەسەلەی مفتییشدا سەلمابوو، مفتیەكانی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی بەگشتی حەنەفی بوون ( تەنانەت لە شاری وەك مەككە و مەدینەو قودسیشدا كە زۆربەی خەڵكیان غەیرە حەنەفی بوون، هەر تەنیا لە چەند حاڵەتێكی كەمدا دەكرا كە مفتی لەسەر رێوشوێنی یەكێك لە سێ مەزهەبەكەی تر بڕۆیشتایە ) ، كەچی بتلیس جیابوو، مفتیی شافیعی مەزهەب بوو ( كە زۆربەی كورد شافیعین ) . كەواتە، دەسەڵاتی تەنفیزی و داوەری ( بەنەرمی بیڵێین) بە وردی لێك جیانەكرابوونەوە، لە تەفسیری شەریعەتیشدا هەر سەربەخۆیی خۆیان لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانی پاراستبوو .

---

* نەقیبول ئەشراف: رابەری رەسمیی سەیدانی‌ناوچەیەك ،( سەیدان: ئەشراف،تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلام ) .

** نوسخەی چاپكراوی ئەولیا دەڵێ ٨٠كیسە، كە دەیكردە ٣,٢ ملیۆن ئاقچە( كیسەیەك ساڵی ١٦٦٠ - بەگوێرەی فۆن هامەر - دەوری چل هەزار ئاقچە بووە . دەستوور...، ٢ : ١٧١ ) .

کەواتە بتلیس زۆرتر لە پایتەختی دەوڵـەتێکی تابیع دەکا تاوەکو محافەزە ( ئوستان ) یەکی ئیمپراتۆری . سەربەخۆییەکی زۆر درابوو بە بنەماڵەی فەرمانڕەوا، و هەر کە لەدەستیان بهاتایە پتریش شـوولیان لـێ - هـەڵدەکێشا arrogated . کاتێ تاڤێرنیە سەری لە میر داوە، میر نـە حوکمی عوسمانیی قەبووڵ کردووە و نـە سەفەوی، و هەردوو ئیمپراتۆری - بەهۆی شوێنی گرنگی بتلیسەوە - بە پێویستیان زانیوە کە رووی خۆشی پیشان بدەن ( تاڤێرنیە، ١: ٣٠٣) . والیی تازەدامەزراوی وان ( مەلیك ئەحمەدپاشا) ویستی بە زەبری هێزی عەسکەریی زۆر، سنووری سەربەخۆیی پیشانی عەبداڵ خان بدا، بەڵام وەك ئەولیا بـە چاوی خۆی دیتی، تەئسیری ئەو حەملەیە دەوامی نەکرد .

تویێ - تویێی کۆمەڵایەتی :

سـنووری چین و توێژەکانی ئەمارەتی بتلیس بە باشـی لەبەرچاون، کە لەوەدا شان لە شانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەدا ( بە قەوارەیەکی بچووکتر) :

١- لە سەروو هەموان : میر و بنەماڵەکەی .

٢- لە یەکەم پلەی خوارووی ئەو: ئاغاوەتی عەشیرەتەکان و سـەرناسـانی تر، راوێژکاران و هەندێ کارمەندی گەورە لەو چینە بوون . ژمارەیەك لە نوخبەی عەشیرەتی کە خاوەن مووچە بوون، مووچەکانیان داهاتێکی سەربەخۆی بۆ دابین دەکردن و زۆریان لە شار دەژیان . لەوانەیە هەندێکی تر بە ئاژەڵ ( ی دابوویانە دەست شوانان ) و پێشکەشیی پیاوانی عەشیرەت ژیابن . رەنگە ئەوانەی لە دەربار دا ماونەوە ژیانیان لە سەر میر بووبێ .

٣- نوخبەیەکی تری وەك ئەوە، بەڵام نـاعەشیرەتی : فەرمانبەرانی گەورە، ئەهلی هونەر و زانست ( حیسابیان لەسەر میر بوو) و پیاوی گەورەی ئاینی : شێخ، سەید ، مەلا و...ئیدی .

٤- دەکرێ دوو دەستەی پیاوانی رەمەکیی عەشیرەت لێك جیا بکرێنەوە : سوارە و پیادە . خاوەن مووچە باشترین سوارەی بۆ جەبەلوی خۆی هەڵدەبژارد . چینی عەسکەری لە هەردوو دەستەی پیاوانی عەشیرەت و سەربازانی" کۆیلە" ( " نۆکەر" ) . روون نیە ئەو نۆکەرانە چۆن هێنراون و کراونە عەسکەر .

٤ئا - کوردێکی زۆری لە شار ژیاون و وەك کوردەکانی تر شەرکەر نەبوون، ئەولیا دەڵێ " رۆژەکی " بوون،

کەسانێکی ئەهلی شارستانیەت و رۆشنبیری بوون، کاروپیشەیان روون نیە .

٥- چینی جووتیاری کورد ( رەعیەت ) : لە گردەڵان و چیایان ژیاون . زانیاریەکی زۆرمان دەربارەیان و دەربارەی نێوانیان لەگەڵ عەشیرەتدا نیە .

٦- رەعیەتە مەسیحیەکان : هێزی ئابووریی بتلیس ( جگە لە ئاژەڵی کۆچەران ) لە رەعیەتە مەسیحیەکان پێکدەهات ( زۆرتر ئەرمەنی و هەندێك سوورپانیی یاقووبی بوون ) . جووتیاری نیشتەجێ، بە نیسبەتی زۆر، ئەرمەنی بوون . نیسبەتێکی زۆری خەڵکی شاریش هەر ئەرمەنی بوون . ئەرمەنی مەرکەزیان لە رووی سیاسیەوە نزم بوو، بەڵام زۆریان وەزعیان باش بوو : پیشەگەری زۆر لێهاتوویان تێدا-بوو و بازرگانی گەورە، هەندێکیان باغیان هەبوون و داهاتی زۆریان لێ وەدەست دەکەوت .

نوخبەی سیاسیی ئەمارەت لە دەستەی ژمارە٢و٣ پێکدەهات . ئەوە لە هەڵبژاردنی میری نوێدا روون دەبێتەوە: کاتێ عەبداڵ خان لەلایەن مەلیك ئەحمەدپاشاوە دەرکرا ،و دەبوو یەکێکی لەجێگە دابنێن، یەکێك لە سێ کوڕە-کانی عەبداڵ خان لەلایەن کۆڕێکی تایبەتیەوە هەڵبژێردرا ،کە وێڕای ئاغای عەشیرەت، ئەهلی زانست و پیاوی ئاینی، شێخ و سەرناس و سەیدی بتلیسی تێدا بوون .

رەعیەتی مەسیحی، مافی ئەوەیان نەبوو بە هیچ جۆرێك قسە لە سیاسەت بکەن، و قەت تەنانەت لە رۆژی رەشیشدا رێ نەدراون دەورێکی عەسکەری ببینن*. شەرەفنامە هەر تەنیا بە سەرچاوەیەکی داهاتیان باس دەکا .

> تەنیا جارێك،کە زۆربەی عەشیرەتان روو لە میرێك وەردەگێڕن و مەترسیی هێرشی بێگانە ( عوسمانی)ش لەپێش دەبێت، ئاغایەکی دڵسۆزی ئامۆژگاریی دەکا ئەرمەنیەکان چەکدار بکا و بەشداری بەرگریکردنی شاریان بکا . شەرەف خان، تەنانەت کە لە گێڕانەوەی رووداوی کۆنیشدا دێتە سەرئەو باسە،بە بەڵگەی تەواوی - بە وشەکانی خۆی -" حەماقەت وە نادانی" ی ئاغاکەی دادەنێ ؛ راوێژکارانی تری میریش هەمان بیروڕایان هەبووە .

---

* رەعیەتی نامسوڵمان لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ، مافی چەك هەڵگرتنیان نەبوو . بەڵام زۆر جاریش وابووە کوردو مەسیحیی هاوسێ / رەعیەتیان شان بە شان شەڕی دوژمنی هاوبەشیان کردووە .

لە نەتیجەدا ،کوردمەردانە و بەتەواوی شکاون . ئیتر دەبوو سەردەمێك ئەرمەنی باجەکەیان بدەن بە یەکی تر . ( شەرەفنامە، ١/٢ : ٣١٤-٣١٦) .

## بـابـان

ئەمارەتی بابان، بەشێکی گرنگی مێژووی سێ سـەدە ( دەوری ١٥٥٠ تا دەوری ١٨٥٠ ) ی ئەو شوێنە پێك - دەهێنێ کە ئەمڕۆ عیراقە . بابان نزیکەی تێکڕای ئەو ماوەیە بەنـاو هەر تابیعی عوسمانی بووە، چـەند جار بەشداری هێرشی سەر ئێران بووە، و باشتر کە ئەوە لەسەر حیسابی ئەمارەتی ئەردەڵانی هاودووانەی بووبێت کە ئەم ( ئەردەڵان) زۆرتر هەر سەر بە ئێران بووە .

فەرمانڕەوایانی بابان، هەمیشە چاویان لە سەربەخۆیی پتر بووەو وابووە لە پێناوی ئەوەدا دۆستایەتیی ئێران (ی دژی عوسمانی)یشیان کردووە . والیی عوسمانی و ئێرانیش، هەرتك لا، سەرگەرمی ئەوەبوون هەڵی کێشەو




نەخشەی ژمارە ١٠   بابان (١٣) و دەوروبەری

هەرای ناوخۆی بنەماڵەی میرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە، لەو رێیەوە دەست بخەنە ئەمارەتەکەوە و دەسەڵاتی خۆیانی تێدا زیادبکەن. عوسمانی، لە سەرەتای سەدەی ١٧وە ناوی "پاشا "یان دەدا بە میرەکانی بابان ( چەندسەنجاق بەگیەکی کەم ئەوسا ئەو ناوەیان هەبوو، دوایی لە دوا- دوای سەدەی ١٧دا درا بە زۆر سەنجاق بەگیی تر ) .

قەڵەمڕەویی حوکمی بابان زۆر بوو، عەشیرەت و ناعەشیرەتیشی تێدا بوون . عەشیرەتەکانی لە رێی ئاغاکا- نیانەوە حوکم دەکران، و نـاعەشیرەت حاکمیان لەلایەن میرەوە بۆ دادەنرا . میر هەر ناوچەیەی دەخستە ژێر " تەسەررووف" tasarruf ی حاکمێکەوە . حاکم، عەسکەری و لە عەشیرەت بوون : وا دەبوو لە ئـاغاوەتی عەشیرەتی کۆچەر دەبوون و لەو شوێنانە دەبوونە حاکم کە جێی زستانی عەشیرەتەکانیان بوون، یا ئاغای تر بوون و لە شوێنی ترەوە هێنرابوون، یـا خزم و کەس وکاری میر بوون . حاکم زوو- زوو دەگۆڕان، هەرلقێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوا دەچووە سەرتەختی ئەمارەت (یا بەزۆر زەوتی دەکرد) دارودەستەی خۆی دەهێنایە پێشەوە و لەوانە دەبوون بە حاکم،هەرحاکمەش دەستەی خۆی رەگەڵدا بوو( ریچ :(١)،١٤٩) . لە حاڵەتێکی تردا ،ئاغا- یەکی عەشیرەتی پیران ( دەرەوەی قەڵەمڕەویی بابان)، بەناوی سەلیم ئاغا، بانگ کرابوو بچێتە ناوچەی چوارتا ( شوێنێکی پەڕی قەڵەمڕەویی بابان) و لەوێ " بە هەقی دەرەبەگایەتی کرابوو بە پاسداری ناوچەکانی سنوور" . ساڵی ١٩١٩ تۆرەمەی ئەو سەلیم ئاغایە خاوەنی بۆچەندو چۆنی دێهاتی خەڵکی نـاعەشیرەتی ئەوێ بوون ( ئەدمۆندز ١٩٥٧ : ١٠١ ) .

وادەبوو میرهەمان کێشەی لەگەڵ تابیعەکاندا بۆ ساز دەبوو کە سوڵتان لەگەڵ تابیعەکوردەکانی سەرسنووردا دەیبوو . یوسفYûsufبەگ،ئیدارەی ناوچەی پژدەری لەلایەن بابانەوە درابوویێ، کەچی چووە تەوریزو بەڵێنی پێبەندیی دا بە حاکمی تەوریز ( وەلیعەهدی ئێران عەباس میرزا ،کە روو لە شکۆفایی بوو ) و لەوسەرەوە بە تابیعی عەباس‌میرزا هاتەوە کە"سەردەشت"یشی بۆ خستە سەرمەڵبەندی ژێردەستی( ریچ :(١)، ٣٢١-٣٢٢) .

ئەوە، ماوەیەکی کەم بەر لە گەیشتنی ریچ ( ١٨٢٠) رووی‌دابوو . زۆر دوای ئەوە نـەبوو مەحموودپاشا ،کە توانیبووی بە راگرتنی بارتەقایی دەسەڵاتی‌عوسمانی وئێران سەربەخۆیی خۆی بە رادەیەکی باش بپارێزێ،بەڵام مەیلی زۆرتر بەلای ئێراندابوو تا بەلای تورکاندا، بەڵێنی پێبەندیی دا بە عەباس‌میرزاش، کە ئەوە شەڕێکی هەردوو ئیمپراتۆریی هاوسێی وە زوو خست .

بەڕاستی، تاقە سەرچاوەیەك دەربارەی وەزعی ئەمارەتی بابان لە سەرەتای سەدەی ١٩دا، "ریچ" ـە،کە ساڵی ١٨٢٠ ماوەیەکی باش لە پایتەختەکەی ( سلێمانی) دا ماوەتەوە . فریزەر و ئێنسوەرت Ainsworth یش کە ١٥ ساڵێك دوای ریچ چوونە ئەوێ، زانیاریی‌کەمی تریان پێبووە بیخەنەسەر . ئەوەی ریچ لە دەربارداا دیتوو-یەتی، پترین پێوەندی بە باسەکەوە هەیە . ریچ ئاغای زۆربەی عەشیرەتە گرنگەکانی لەوێ چاو پێ کەوتووە، کە وادیارە دەبێ پاشاکانی بابانیش هەمان رێوشوێنی بتلیسیان بۆ دابین کردنی گوێ لە مشتیی عەشیرەتە-کان پێڕەوکردبێ کە باسمان کرد . لەوانەیە، لەوەش خۆشتر،لیستەی کارمەندانی دەربار بێ کە پیاو دەتوانێ لە نووسینی ریچی سازبکا . ناوی ئەو کارمەندانە نیشانەی لاسایی‌کردنەوەیەکی دەرباری عوسمانیە ( یا بەغدایە کە ئەویش لاسایی‌کردنەوەیەکی ئەوەی ئەستەمبووڵ بووە ) .

کارمەندانی کە ریچ باسی کردوون :

- سەرەك وەزیران : وەزیفەیەکی بە میراتگری ( ریچ : (١)، ١١٥) . سەرەك وەزیران زۆر دەسەڵاتی رەسمی و غەیرە رەسمییشی هەبوو : هەموو جۆرە خەڵکێکی لە هەر روتبەیەك لە دیوەخانیدا دەدیتران . ( پیاو بەدەست خۆی نیە ماڵی کوپرولوی دێتەوە بیر،کە زۆرکەسیان ئیدارەی سەرەك وەزیرایەتیی سوڵتانی عوسمانییان درابووێ و، دانەرو بەجێ‌هێنەری راستەقینەی سیاسەتەکانی سوڵتانان بوون ) .
- سەلکدارselikdar، یا شیرهەڵگر ( رەنگە سیلاحدارsilahdar بووبێ) : ئەویش وەزیفەیەك بوو بە میرات دەگیرا، ساڵی ١٨٢٠ بەر منداڵێك کەوت کە کەسێك وەزیفەکەی ( لەبریتی،تا پێ‌دەگا) بەڕێوە دەبرد ( ریچ : (١)، ١١٥) . ( لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانیدا، سیلاحدار یەکێ لە سێ کارمەندانی هەرەگەورەی کاری ناوخۆی کۆشکی سوڵتان بوو، هەموو پێوەندیەك بە سوڵتان و لە سوڵتانەوە لە رێی ئەوەوە بوو ( شۆ ١٩٧٦ : ١١٥ ) .
- ئیشیق ishlq ئاغاسی : سەرۆکی تەشریفات ( مەراسیم) ( ریچ :(١)،١٦٨) .
- حەرەم ئاغاسی : بەرپرسی پاسداریی جێی ژنان . ریچ زۆری لا سەیر بووە کە حەرەم ئاغاسی و یاریدەرانی " خەساو" نەبوون، پیاوی" کوردی بە ریش و تێك‌سەڕاو" بوون ( ریچ : (١)، ٢٨٤). ( لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا سەرۆکی خەساوان یەکێك لە بە دەسەڵاتترین پیاوانی سەرتاسەری ئیمپراتۆری بوو .
- ئیمراهۆر imrahor،یان ئەوەی بە سەر ئەسپان رادەگەیشت ( میرئاخوڕ ) ( ریچ :(١)،٣٦٦ ) . ( ئەمیری ئاخوڕ emir-i akhor ) یەکێك لەکارمەندەگەورەکانی‌کاری دەرەوەی سوڵتان بوو(شۆ١٩٧٦ : ١١٧).

ــ مونەجیم باشی münejjim bashi : فەرمانبەرێکی غەیرە ئیداری، بەڵام گرنگ، سەرۆکی ئەستێرەناسی / عیلمی فەلەك بوو( ریچ :(۱)،۱۳٦) . ( لە دەرباری ئیمپراتۆریی‌عوسمانییشدا مونەجیم باشی یەکێك لە کارمەندانی بەرز (ی رووحانی) بوو . شۆ ۱۹۷٦ : ۱۱۷۹ .

دامودەزگای ئیدارەی ئەمارەت یەکەم مەبەستی ریچ نەبووە، ئەوانەی سەرەوەی بە رێکەوت لە باسەکانیدا ئاماژە پێ کردوون . ریچ بە شێوەیەك باسی دەرباری بابانی کردووە کە دەبێ بەڕاستی زۆر خەملیو و بە شکۆ بووبێ .

ریچ - بەداخەوە- زانیاریی کەمتری دەربارەی کۆکردنەوەو دابەش کردنی داهات و باری ئابووری پێیە . ئەوەی سەرنج داوە کە عەشیرەتی " جاف " ی گەورەو دەوڵەمەندو بەدەسەڵات ( چەندین هەزار ماڵ) ساڵانە ۳۰کیسە یا وابووە کەمتریشی باج داوە، کە لەچاو باجی عەشیرەتەکانی تر زۆر کەم بووە ( ریچ : (۱)،پەراوێزی۲۸۱) . دیارە سەندنی باجی زۆر لە عەشیرەتی وا بەهێز، بەبێ خۆخستنە کێشەو دەردی سەری پێکنایە . حاکمانی بابان، بەهۆی کێشەوهەرای ناوخۆی بنەماڵەی فەرمانڕەوا و پیلانەکانی عوسمانی و ئێران، وادەبوو زوو لەپڕ دەگۆڕان و لە پایەداریی وەزیفەکانیان دڵنیا نەبوون، لەبەر ئەوە بیرو هۆشیان لای ئەوە بوو : تا بتوانن جووتیاران بگوشن و بەپەلە گیرفان بئاخنن، تا زووە و لانەدراون خۆ دەوڵەمەند بکەن ، ئەمە یەکێك لەو رووکارە هەرە دزێوانە بوو کە ئەمارەتی بابانی تێدا لەگەڵ هەموو ئیمپراتۆریی عوسمانیدا هاوسیفەت دەبوو . ئاغایەکی عەشیرەت بە ریچی گوتووە کە ئەو نائاسایشیە هۆیەکی سەرەکی بووە کە عەشیرەت خوویان نەداوەتە کشتوکاڵ ( کە دەکرا ژیانی گۆڕیبان ) "بۆچی دەبێ تۆو بوەشێنن ئەگەر لێیان روون نەبێ کە درێنەی دەکەن ؟ " . پیاوی عەشیرەت لە جیاتی ئەوە دەچوون جووتیاری رەعیەت ( گۆران gûran ) یان ئەوەندەی تر دەڕووتاندەوە . ئەساسی رێککەوتنی قانوونی و مانوونییان پێشێل دەکرد و بە کەیفی خۆیان تێ‌دەکەوتن هەرچەندی بۆیان بکرایە لێیان دەستاندن ( ریچ : (۱)، ۹٦،۸۹) .

> هێرشێکی حاکمی کرماشان ( ئەمیر محەمەدعەلی میرزا) چەوساندنەوەی جووتیارانی ئەوەندەی تر زیاد کرد، ئەمجارە ئێرانیش بەشی خۆی لێ دەستاندن . تا جووتیاران دوایی بە کۆمەڵ باریانکرد و بەرەو ئەو شوێنانە بوونەوە کە هەر تاقە یەك ئاغایان لێ بوو بیانچەوسێنێتەوە ( فرێزەر، ۱۸٤۰ : (۱) ، ۱۷۷) .

روون نیە، بەغدا یا خەزێنەی مەرکەزی چەندەیان داهات لە بابان پێ‌گەیشتووە . بێ‌گومان لەوەی سەردەمی

ئەوپەڕی دەسەڵاتی کەمتر بووە . زەوی و زاری بابان - بەگوێرەی شەرەفنامە - لەو سەردەمەدا مڵکی تایبەتی شاهانە بووە، واتە بە مووچە نەدراوە بە کەس، کارمەندانی بە معاشی دەوڵەت داهاتیان وەکۆکردووە . لەو کاتەدا هەر ئاغای عەشیرەتە ساڵانە " چوار باری کەرdonkeyloads 4" (١٤) زێڕی داوە بە خەزێنەی ئەیالەتی شارەزوور ( شەرەفنامە، ١/٢ : ١٤٤) .

## چەند تەعلیقێك

دەمەوێ لێرەدا چەند نوختەیەك دەربارەی ئەو قسانەی تا ئێستام یادداشت بکەم :

١- چەند دامودەزگایەکی هەر دوو ئەمارەت ( بتلیس و بابان ) و ئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە یەك بابەت بوون . بە نموونە : تیماری عوسمانی لە بتلیسیش هەبوو، بتلیسیش لە بەرامبەر قاپوقوللەری عوسمانیدا لەشکرێکی لە نۆکەران ساز دابوو . تەبیعی، شەرت نیە ئەم ئەمارەتانە ئەو نەزمانەیان لە عوسمانی وەرگرتبێ، ئەوانە بەشێکی فەرهەنگی هاوبەشی دەوڵەتە بچووك و گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون ( لە ڕاستیدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ئەمارەتێکی وەهاوە پەرەی سەندووە ) . ئەمارەتەکان، دوای کەوتنە ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە، تەئسیریان کردە سەر ئەو ئیمپراتۆریە و ئەویش تەئسیری کردە سەر ئەوان : عوسمانی چەند دامودەزگای ئەوانی وەك خۆ هێشتنەوە، بەڵام لە ڕیزی سیستمێکی یەکگرتووی ئیداریدا جێی کردنەوە، ماف و ئەرکی سەرشانی " چینە " جیاوازەکانی ئەمارەتەکانی لەگەڵ ئەوانەی شوێنەکانی تری ئیمپراتۆریدا - بەلای کەم بە تیوریی قانوونی- گونجاند( بڕوانە باسی" باج" ی لاپەڕە ١٧٢ و چەند لاپەڕەی بەدوویدا ) .

٢- ئەمارەتی بابان،وەك ڕیچ باسی کردووە،هەمان وەزعی خراپی ئیمپراتۆریی‌عوسمانیی ئەو ڕۆژگارەی هەبووە . ڕووکاری هەرە لەبەرچاو ئەوەبوون کە : کارمەند زوو- زوو گۆڕاون و جووتیار لە ڕادەبەدەر چەوسێنراونەوە . بابان و عوسمانی وێکڕا وایان بەسەرهاتووە . بابان لەژێر تەئسیری عوسمانیدا وای بەسەرهاتووە، بەڵام دیارە ئەمە هەر تەنیا لایەکی مەسەلەکە بووە ( هۆی تریش هەبوون ) .

٣- ئەم باسانە ( بەتایبەتی باسی بتلیس) دەریدەخەن کە ئەمارەتەکان هەر تەنیا زۆر بەکەمی و ناتەواوی ببوون بە بەشێك لە ئیمپراتۆری ، ئەو داهاتە زۆرەی میر بۆخۆی گل دەدایەوە،ئەو لەشکرە ( زۆرە)ی‌کە میر دەیتوانی بۆخۆی سازبکا بەراوردی بکەی بەو ژمارە (کەمترە) ی سەربازی کە دەیدا بە لەشکری عوسمانی، ئەوجا سەر- بەخۆیی میر لە ڕووی داوەریەوە ( خۆی معاشی قازیی دەدا )، ئەوانە هەموو سەربەخۆیی میر دەسەلمێنن .

هەرچەندە ئیمپراتۆری هێزی عەسکەریی ئەوەی هەبوو کە بیتوانیبا میر بشکێنێ و لابدا( وەك بەعەبداڵ خان کرا)، بەڵام ژێردەستهێشتنەوەی بەزۆری هەمیشەی کوردستان، نەك هەر بەهۆی هەڵکەوتی تەبیعەتیەوە، بەڵکو لەبەرئەوەش کەکەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆریی رەقیبی یەکترەوە، زەحمەت بوو. لەبەرئەوە عوسمانی زۆر ئیمتیازیان دەدان بە میرەکان تاکو دۆستایەتیی ئەو ئەمارەتانە بەخۆشی دابین بکەن ( تەنانەت دەبینین کە شەرەف خان لەکاتێکدا کە لای سەفەویەکان بوو، عوسمانی داوایان لێ کرد کە بێتەوە سەر بتلیس و کۆڵێك ئیمتیازیان دایێ، چونکە بۆ دابین کردنی بتلیس پێویستیان پێ هەبوو ) . ئەوەی راستی بێ، پیاو گومان لەوە دەکا میرەکان بەبێ راگرتنی بارتەقایی ئەو دوو ئیمپراتۆریە،میرایەتیان بۆبکرایە . باسی ئەو جۆرە کیانە سیاسیە نیوە سەربەخۆیانەی سەر سنووری ئیمپراتۆری، یا مەڵبەندی لەمپەری نێوان ئیمپراتۆریەکان، تا ئێستا کەم گوێی پێ دراوە .

٤- لە باسی تیمارو وەزعی باج سەندنی کردمان وا دەردەکەوێ کە، قانوونی عوسمانی نەیویستووە جووتیار ( ی نا مسوڵمانیش) لە رادەبەدەر بچەوسێندرێنەوە . بەوە دەبێ کە، تا دەسەڵاتی مەرکەز زۆرتر بووبێ چەوساندنەوەی جووتیار کەمتر بووبێ . بەڵام دوا رۆژگاری عوسمانی وەزعیکی تری بە پێچەوانەی ئەوە دەخاتە بەرچاو. بۆ روون کردنەوی ئەوە دەبێ بڵێین : راستە، قانوونیعوسمانیی سەدەی ١٦ باری جووتیارانی سووك کردووەتەوە، بەڵام روون نیە ئەمارەتە کوردەکان چەندە لە سەر ئەو قانوونانە رۆیشتوون ( هەرچەندە وێ ناچێ چەوساندنەوەی ئەوانیش زۆر بووبێ ) . کاتێ دەسەڵاتی مەرکەزیی عوسمانی لە سەدەی ١٧و١٨دا کز بوو، چەوساندنەوەی جووتیاران ( لە رێی سیستمی ئیلتیزام و...ئیدی ) زۆر پیس زیادی کرد . کاتێ حکومەتی مەرکەزی لە سەدەی ١٩دا هەیبەتی خۆی سەپاندەوەو خۆی راستەوخۆ ملی لە وەکۆکردنی باج و خەراج نا، وەزعی جووتیاران هەر باشتر نەبوو، خراپتریش بوو، بەڵام چونکە بەهێزبوونی حکومەت بەشی ئەوەندە بوو کە بتوانێ باج و خەراجی خۆی بستێنێ نەك ئەوەی ( یا نەیدەویست ) باج سەندنی ئاغاوەتی عەشیرەتیش قەدەغە بکا، لەبەرئەوە خراپتربوونی وەزعی جووتیاران لەوەدابوو کە دەبوو دوو باج بدەن : بە حکومەت و بە ئاغاوەتی عەشیرەتیش .

٥- هەرچەندە جیاوازیی نێوانعەشیرەت و رەعیەت زۆر لە مەسەلەی پەیدابوونی تیمار کۆنترە،بەڵام تیماریش (بەشێك لە ) جووتیارانی بەشێوەیەکی قانوونی کردە ژێردەستەی هەندێ پیاوی عەشیرەت، سیفەتی قانوونی - بوونی دا بەو جیاوازی و ژێردەستەییە و پشتی گرت و ئەوەندەی تری سەپاند .

٦- میرەکان، بە بارتەقایی و بەرامبەر بە یەکتر راگرتنی عەشیرەتان ( دروشمی لێك بکەو حوکم بکە) و بە هێشتنەوەی ئاغاکان لە دەرباری خۆیاندا، حوکمیان رادەگرت. قەبووڵ کردنی سەرۆکایەتیان لەلایەن دەوڵە-تەوە حوکمی پتەودەکردن. بەڵام ئەمەش هەموو شتێك دەربارەی حوکمی بنەماڵەیەکی تایبەتی روون-ناکاتەوە. هەرچەندە دەزانم پرستی شەخسیەت هەر مارکەیەکە( نیشانەی بەرچەسپ) و روون کردنەوە نیە، بەڵام دیسا هەر بەپێویستی دەزانم حەقەن سەرنج بۆ دەوری شەخسیەتی میر رابکێشم. پتر لە سەدساڵیش دوای نەمانی دوا ئەمارەت، ئێستاش خەڵك بە رێزەوە باسی بنەماڵەی میرەکان دەکەن. دەسەڵاتی سیاسیی راستەقینە دەکرێ بەدەست راوێژکارانەوە بووبێ، بەڵام بەهەرحاڵ،پیاوی عەشیرەت ملکەچی فەرمانی میر بوون و قەت هیچ راوێژکارێك نەیتوانیوە جێی بگرێتەوە.

## ٩- لەو نێوانەدا : کۆچ کردن بۆ رۆژهەڵاتی باکووری ئێران

چەند سەد هەزار کوردێك لە باکووری خوراسان هەن، هەندێك هەرکۆچەرو زۆربە نیشتەجێن، سەر بە زۆر عەشیرەتانن،ئەو عەشیرەتانە بە سێ" ئیل îl" دابەش بوون : شادلوŞadlû، زەعفەرانلو،و کەیوانلو . ئێستاش زمانە کوردیەکەیان ( شێوازی کورمانجیی باکوور ) هەر پاراستووە، بەڵام زمانەکەیان زۆر کەوتووەتە ژێر تەئسیری تورکیەوە، عەشیرەتی واشیان تێدا هەیە کە هەر تورکی دەڵێن . هەموویان شیعەن . بەگوێرەی سەر- چاوەی مێژوویی خۆیان، زۆربەیان لە یەکێتیەکی گەورەی عەشیرەتان بوون بە ناوی " چەمشکەزەك" . شا عەباس ساڵی ١٦٠٠ ناردوونیە ئەوناوە تا سنووری ئێرانی بۆ لە ئوزبەك و تورکمەنان بپارێزن . بەرلەوانیش، کوردی تر (ی عەشیرەت) ناردرانە ئەوێ، شای تری دوای شاعەباسیش دەستەی تریان ناردوونە ئەو ناوە . بەتایبەتی نادرشا ( ١٧٣٠- ١٧٤٧) لەشوێن پێ‌گۆڕینی عەشیرەتاندا چالاك بووە .

سەفەوی، دوو هاوسێی سوننیان هەبوون : عوسمانی لە رۆژئاوا و ئوزبەك لە باکووری رۆژهەڵات،کە شیعە- یەتیی سەفەوییان کردبووە بەهانەیەکی باش بۆ پەلاماردانی . سنووری سەرعوسمانی زۆرتر بە قزڵباشی‌تورك پاسداری دەکرا ،کوردیش دەکرانە پاسداری ئەو سنوورە بەڵام جێی متمانە نەبوون، تەنانەت شیعەکانیشیان روویان دەکردە ئەو لایەنەی بای قازانجی لێوە بهاتایە، تەنانەت ئەوانەی لەگەڵ قزڵباشان هاتبوونە ئێران، ئەوانیش لەوانەبوو لەپڕ با بدەنەوەو بچنە لای عوسمانی . لەبەرئەوە سەفەوی وایان بە باشتر دەزانی کوردان بنێرنە سەرسنوورەکانی تر،کە مەترسیی هەڵگەڕانەوەیانی لێ کەمتر بێ . سیاسەتێکی تری سەفەوی ( کەمێك سەرکەوتوو) ئەوەبوو : عەشیرەت یا یەکێتی عەشیرەتانی نوێیان لەو کوردانە ( و دەستەی تری قزڵباشیش ) بە ناوی " ئیل" پێکدەهێنا ، کە سەرۆکیان بەدڵی خەڵکەکە هەڵدەبژێردرا و بە فەرمانی شا دەبوو بە سەرۆك .

گوتمان چەمشکەزەك یەکەم کورد نەبوون کە ناردرابوونە خوراسان . شەرەفنامە باسی عەشیرەتی گیل ( یا کیل ) دەکا ، و باسی ئەوە دەکا چۆن " چەکنی" چوونە ئەوێ . چەکنی لە عەشیرەتە هەرە ئازاو بە سامەکانی کوردستانی ئێران بوون، لە سەدەی ١٦دا بێ گەورەئاغا مابوونەوە و هۆزەکانیان بە سەرتاسەری زۆربەی رۆژئاوای ئێراندا پرش و بڵاو ببوونەوە،ناویان بە رێگری و تاڵان کردن رۆیشتبوو . کاتێ حکومەت فەرمانی دەرکرد کە لێیان بدرێ، دەستەیەك لە ئاغاکانیان بەپیاوەکانیانەوە روو بە رۆژهەڵات بەرەو هیندستان وەڕێ-

کەوتن، کە گەیشتنە خوراسان ( کەئەوسا بەشێکی کەوتبووە دەست ئوزبەکانەوە) لەوێ لای حاکمی یاخی‌بووی هەرات گیرسانەوە . شاعەباس (١٥٨٨-١٦٢٩) دوایی یاخی بوونەکەی لەناو دا، بـەڵام پێی وابوو ئەگەر چەکنی باش ئیدارە بکرانایە دەکرا بۆ پارێزگاریی خوراسان زۆر بەکەڵك بوونایە . بوداغ بەگ ناوێکی میر-زادەی چەکنی لە پاسدارە شەخسیەکانی ( قۆرچیqorchi) بوو، هێنای کردی بە ئەمیر( فەرماندەی عەسکەر-ی)ی ناوچەیەکی خوراسان لە دەوروبەری خەبووشان ( قووچان) و ناردی پیاوانیعەشیرەتی خۆی رابەری بکا . پلانەکەی سەری گرت . چـەکنی، پشت ئەستوور بە فەرمانی شـاهانە، گەڕانەوە سەر هـەمـان راورووتـی جارانیان،بەڵام ئیتر ئەمجارە ناویان لێ نا : بـاج سـەندن . هەموو کەسێك ( تاڕادەیەك) شـاد بوو، تـەنانەت جووتیاریش هەرچەندە بێ‌گومان چەکنی بارێکی قورس بوون بەسەریانەوە، بەڵام هەرباش بوو لەو ئوزبەکانە-یان دەپاراستن کە ئەرکیان لەوانیش ( چەکنیانیش) قورستر بوو .

شایەکانی بەر لە شاعەباس ئیمپراتۆریەکەیان بێ‌هێز کردبوو، و بەشێکی ئوستانەکانی رۆژهەڵاتی باکوور و باکووری رۆژئاوا لەلایەن عوسمانی و ئوزبەکەوە ( کە دەستیان خستبووە دەستی یەك) داگیرکرابوو . عەباس




----- سنووری نێوان دەوڵەتانی ئێستا ........ زنجیرە چیا

نەخشەی ژمارە ١١ خوراسان

ناوچە داگیرکراوەکانی گرتنەوەو هەندێك قەڵەمڕەویی تریشی گرت . لە ڕۆژهەڵات پێشی ئوزبەکانی گرت ( کە چەکنییش دەوریان تێدا دیت ) ، شاعەباس هێزێکی زۆری پێدەویست، بە کەمەربەندی باشووری تورکمەمن سەحرایدا بڵاوبکاتەوە، تا وەزعی سەرسنووری ڕۆژهەڵاتی باکووری قـایم بکا، ئەوەبوو کە کۆچی بەزۆری چەمشکەزەك ڕوویدا . لەوکاتەدا ،چلهەزار ماڵەکورد یا پتر لە خاری وەرامین (ناوچەیەکی باشوور-ی ڕۆژهەڵاتی تاران) دەژیان، زۆرتر شوانکارە و چادرنشین بوون، هەندێك چەمشکەزەك بوون، ڕەنگە ئەوانە بووبن کە لەگەڵ حاجی ڕۆستەم بەگ ( بڕوانە لاپەڕە ١٦٤و١٦٥ ) دا هاتبوونە ئێران و ئیتر لەوێ مابنەوە . عەشیرەتی تریشی لێ بوون کە لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون ( بە نموونە : ئێستا هۆزێك لە خوراسان ناوی حەسەنلوە ، کە وێدەچێ پێوەندی بە عەشیرەتی" حەسەنان"ی خنوسەوە هەبێ ) . زۆر عەشیرەتی بچووکی کوردی تریشی لێ بوون کە لە باشووری قەوقاسەوەهاتبوونە ئەوێ : یرمی دورت( بەتورکی واتا بیست وچوار) ناسرابوون . بەشێکیان لە کاتی داگیرکردنی قەوقاس لەلایەن عوسمانییەوە (١٥٧٦) یا لە شەڕەکانی عوسمانی و سەفەویی دوای ئەوەدا لە قەوقاس ڕایانکردبوو و هاتبوونە ئێران . بەڵام شاعەباس لێیان دڕدۆنگ بوو، هەندێکی بەزۆر لە گیلان نیشتەجێ کردن، هەندێکی تری ناردنە خاری وەرامین لای چەمشکەزەکی کە لەوێ بوون . شاعەباس ئاغایەکی چەمشکەزەکی کرد بە " میر"یان، ناوی شاعەلی خان بوو،دەبێ لەبەرئەوە بێ کە دوایی هەموو بە چەمشکەزەك ناوبراون . هێزێك لەو چەمشکەزەکانە بە ڕابەریی میر شاعەلی خان لەگەڵ لەشکری شاعەباسدا چوونە سەر ئەفغانستان . شاعەباس ساڵی ١٦٠٠ فەرمانی دا چلهەزار ماڵ بچنە باکووری خوراسان (دەرون، نزیکی ئەشخاباد) و شاعەلی خانی کرد بە حاکمی ئەوناوچەیەو ناوی" ئیل خانی" ی داییێ . بەڵام کوردەکان دڵیان بەوە خۆش نەبوو، زۆریان نەچوون، یا لە ڕێ نیشتەجێ بوون، تا لە دواییدا ١٥هەزار ماڵیان گەیشتنە ئەوێ .

دەرون لە دەشتدایە،شەڕی دژی ئوزبەك لەو دەشتە بۆکوردەکان زەحمەت بوو،لەبەرئەوە بەزوویی بەرەوباشوور کشان و چوونە چیاکانی دەوروبەری خەبووشان ( قووچان) کە بۆ ئەوان شوێنێکی لەبارتر بوو . بەمە بەشێکی جێی دانیشتوانی تورك ( یا ئەوانەی ببوونە توك ) یان گرتەوە، کە بە بێ خوێن ڕشتن نەبوو . ڕەنگە چەکنیی پیربوداغ بەگ لەوساوە لە چەمشکەزەك (ی بە ژمارە زۆرترو گەورەتر)دا توابنەوە، چونکە ئیترلە ساڵانی دوای ئەوەدا چیتر دەربارەیان نابیسین .

شاعەباس ساڵی ١٦٢٧-١٦٢٨میرێکی نوێی (بە ناوی یوسف سوڵتان Yûsuf Soltan) بە میری چەمشکە-

زەك دامەزراند . یوسوف سوڵتان بەئەسڵ گورجی بوو، لە دەرباری شادا گەورەکرابوو و پەروەردەی ئیسلامی بوو، کرابوو بە یەکێك لە پاسدارە شەخسیەکانی ( قۆرچی)، شاعەباس ئەم یوسف سوڵتانەی کرد بە حاکمی خەبووشانیش . ئەگەر شا ئەوەی بە نیازی شکاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەی شاعەلیخان کردبێ،ئەوا تێیدا سەر- نەکەوتووە، چونکە زۆر عەشیرەت هەر مێهراب بەگی نەوەی شاعەلی خانیان بە رابەری خۆیان دەزانی . بەو جۆرە، دوو بنەماڵەی فەرمانڕەوا دروست بوون . یوسف ژنێکی کوردی لە عەشیرەتی" شادی"هێنا ، لەبەرئەوە بە تۆرەمەی خۆی و پیاوەکانی گوترا شادلو، بە ئەوانی تر(عەشیرەتانی سەر بە تۆرەمەی شاعەلی خان) دەگوترا زەعفەرانلو. دوای ماوەیەك شادلو و زەعفەرانلو لەسەرئەوە رێككەوتن کە بەشی رۆژئاوا بۆ شادلو ومەرکەزی لە بۆجنورد بێ،و رۆژهەلات(دەوری شیروان و خەبووشان) بۆ زەعفەرانلو بێ . جگە لەو دوو بنەماڵەیە،هەندێ ئاغای بچووکیش پەیدابوون و ژمارەیەك عەشیرەتیان لە دەوری خۆ کۆکردەوە . یەکێتیەکی عەشیرەتان بە ناوی کەیوانلو لە ناوچەی سەرسنووری رۆژهەلاتی قەڵەمرەویی زەعفەرانلو هەبوو،ناوبەناو سەربەخۆ ( و واش دەبوو لە ژێردەسەڵاتی زەعفەرانلودا) دەبوو . ناوی چەند عەشیرەتێکی کەمی تری گەورە لە رۆژگاری دواتردا هاتووە کە سەربەخۆ بوون ( لە شا و لە هەردوو بنەماڵەکەش )، وەك عەمارلو ( نادرشا هێنابوونیە ئەوێ ) و قەرەچورلو Qeraçûrlû ( یەکێك لە عەشیرەتەکانی‌شادلو) . سەربەخۆیی ئەمانە بەهەرحاڵ هەر سەردەمێك بوو، تەنیا دوو بەشەکەی کە سەرۆکیان بە رەسمی قەبووڵ کرابوون مانەوە . هەردوو بنەماڵە لە سەردەمی قاجاردا ( سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ ) ناوی ئیل‌خانی و وەزیفەی حاکمیی ناوچەکانیان هەبوو . زۆر یاخی دەبوون،و لە راستیدا بە سەربەخۆیی حوکمیان دەکرد. داهاتی زۆریان وەکۆدەکرد ،مەگەر بەزەحمەت کەمێکیان لێ بدایە بە خەزێنەی دەوڵەت، زۆربەیان بە شێوەی دیاری دەبەشیەوە بەسەر عەشیرەتانی تابیعیاندا و بەسەر ئاغاوەتی تورکمەنیشدا ( بۆ سازکردنی یا راگرتنی ئاشتی لەنێواندا) . هەرچەندە سەربەخۆش بوون، بەڵام هەر وادیارە فەرمانی دەڵەت بووە کە حوکمی ئەوانە لە حوکمی بنەماڵەی تر پایەدارتر ( بەردەوامتر) کردووە .

---

(( تێبینی : ئەم بەشە زۆرتر لەسەر ئەساسی قسەی دەمی ئەندامانێکی بنەماڵەی فەرمانڕەواکانی ئەو ناوە نووسراوە، کە خۆیان بۆیان گێڕاوەمەوە . جارێ بۆم نەکراوە لە سەرچاوەی نووسراو بکۆڵمەوە . ))

---

## ١٠- گۆڕانی سیاسی لە سەدەی نۆزدەدا

وەزعی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لە ژێر تەئسیری دوو سیاسەتی بەرامبەر - یەکدا بوو . ئیمپراتۆری، دوو سەدە بوو کە لەسەرەخۆ بەڵام بەردەوام رووی لە کزی بوو، ئەوەندە بێ هێز ببوو لەوەی دەکرد لەسەر لێواری مەرگ بێ، ئەوە گیانی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ناوچەکانی سەرسنووری هان دەدا . هێزە ئەورووپاییەکان دەسەڵاتی زۆریان لە دەرباری عوسمانیدا هەبوو، کە هەمووکەس بە بێهێزیی عوسمانییی دادەنا و لە راستیشدا هەر وابوو . بەڵام هەر ئەو دەسەڵاتە ئەورووپاییەش سوڵتانی هان دەدا باری ئیدارەی ئیمپراتۆریەکەی دەستکاری بکا . سوڵتان مەحموودی دووەم ( ١٨٠٨-١٨٣٩) زۆر کۆشا دەسەڵاتی مەرکەزی بسەپێنێتەوە . کەواتە سەپاندنی مەرکەزیەت ( لەلایەن دەوڵەت ) و نا مەرکەزیەت ( لە لایەن ئەمارەتی کوردو فەرمانڕەوایانی تر ) ، هەردوو، بەرامبەربەیەك، لە ئارادابوون . لەوانەیە ئەمە ئەوە روون بکاتەوە بۆچی لەوماوەیەدا کە هەموو ئەمارەتە کوردەکانی تێدا لەناودران، دوو ئەمارەتی کوردیش ( سۆران و بۆتان ) سەردەمێك بە هێزو شکۆیەك گەیشتن کە بەرلەوە وێنەی نەبوو .

کاتێ مەحموودی دووەم چووە سەر تەختی سەڵتەنەت،هەر میرەکوردەکان نەبوون کە فەرمانڕەوای نیوەسەربەخۆ بوون لە ئیمپراتۆریدا، بنەماڵەی دەست ڕۆیشتوو لە سەرتاسەری ئەنادۆڵدا وەزیفەی حکومەتیان خستبووە دەستی خۆیانەوەو لە راستیدا فەرمانڕەوایانی"دەرەبەیی"( بەی (بێی/ بەگ/ مەزن) ی دۆڵ ) ی سەربەخۆ بوون . زۆر حاکمی کە لەلایەن دەوڵەتەوە کرابوون بە حاکم، ئەوانیش بەکەیفی‌خۆیان دەکردو منەتیان بە ئەستەمبووڵ نەبوو . میسر، دوای داگیرکردنێکی فەرەنسی (١٧٩٨-١٨٠١)، سەربەخۆیی راستەقینەی خۆی بە رابەریی محەممەدعەلی (١٨٠٥-١٨٤٨) وەدەستهێنابوو . عوسمانی لە شەڕی لەگەڵ رووسدا (١٨٠٦-١٨١٢) تووشی شکستێکی نوێ بوو ،لە ١٨٢٨-١٨٢٩دا شکستێکی پیستریشی بەدواداهات و ئەوەبوو رووس سەردەمێك ئەرزەرۆم و ترابزۆنیان داگیرکرد ( کەواتە بەشێکی کوردستان ماوەیەك لە ئیمپراتۆریی عوسمانی داپچڕا ) . هەر لە ١٨٢٨دا، یۆنانیە نەتەوەییەکان - کە مەحموود لەپێشدا شکاندبوونی - توانیان دەوڵەتێکی یۆنانیی بچووکی سەربەخۆ دامەزرێنن، کە هێزە ئەورووپاییەکان ساڵی ١٨٣٠ سوڵتانیان ناچارکرد ئەو سەربەخۆییە بسەلمێنێ . محەممەدعەلی ساڵی ١٨٣١ سووریای داگیرکرد ،و لەشکری بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشا ساڵی

دوای ئەوە لەشکری عوسمانییی لە جەرگەی ئەنادۆڵدا شکاند (!) . لەشکری میسرو ئەوەی عوسمانی ساڵی ١٨٣٩ لە نیزیب ( لە رۆژئاوای کوردستان) شەڕیان کردو دیسان عوسمانی شکان .

ئەو لەشکرەی کە ئیبراهیم پاشا پیس شکاندی، لە ساڵانی بەرلەوەدا سەرگەرمی هێرشی سەرکوردستان ببوو، زۆر بە دڵڕەقی بەڵام بەتەئسیر لەوئاغا کوردانەی دابوو کە گوێلەمشت نەبوون و عەشیرەتی جەردەی بە سزا گەیاندبوون . سوڵتان مەحموود رێك دوای شەڕی رووسی١٨٠٦-١٨١٢بە چالاکی ملی لەمەرکەزیەت نابوو و تا رادەیەکی زۆر تێدا سەرکەوت :" بە کۆمەڵە چالاکیەکی سیاسی،عەسکەری و پۆلیسی، لە دەرەبەیی و پاشا یاخیەکانی دا و کارمەندانێکی لە جێگە دانان کە لە ئەستەمبوولەوە دیارکرابوون" . لە ١٨٢٦دا دەرەبەییە-کانی ئەنادۆڵ ملکەچ کرابوون و ئیتر توانی دەست بە ئارام کردنەوەی کوردستان بکا . رەشیدمحەمەدپاشا ( حاکمی پێشووی سێواس،کە دوایی دەبێتە سەرۆکوەزیران)، ئەو هەڵکەوتووە عەسکەریە بوو ئەو هێرشانەی هەڵسووراندکە ئێستا هاتنەکایەوە . لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا کوردستان ئەمارەتێکی تێدا نەمابوو و لەوە-بەدوا- بە رەسمی- بە دەست حاکمانیعوسمانیەوە بوو ،هەرچەندە ئەو حاکمانە لە راستیدا هەرلەنزیکی شارەکان هێزیان هەبوو و خەڵك لە هیچ کوێ بە خاوەن دەسەڵاتی خۆیان دانـەدەنان .

بەشێکی،کاردانەوی سیاسەتی سەپاندنی حوکمی مەرکەزی بوو، و بەشێکیش بەهۆی وەزعی سیاسەتی دنیا ( نێو- نەتەوایەتی) و شەڕەکانی عوسمانی بوو کە دوو میری کورد شکۆی ئەمارەتەکانیان ژیاندەوە . میر محەمەدی رواندز ( بەهۆی نەخۆشیەکی چاوی پێی دەگوترا میری کۆر) ساڵی ١٨١٤ بوو بە رابەری ئەمارەتی بێ هێزبووی سۆران، و زۆربەی ئەو ناوچانەی گرت کە باکووری عیراقی ئێستا پێکدێنن . والیی بەغدا، کە پێشی میری پێنەدەگیرا ،میرایەتیی بەسەر ئەو ناوچەگیراوانەدا بۆ سەلماندو ناوی" پاشا"شی دایێ بەوهیوایە کە لەدەستی نـەچێ و خۆی هەر تابیع بەو دابنێ، بـەڵام بێ فایدە بوو . کاتێ میر لەشکری بەرەو نسێبین و مـاردین نارد و باسی ئەوە لە ئارادا بوو کە پێوەندی بە ئیبراهیم پاشای میسرەوە هەبووبێ، ئیتر سـوڵتانی عوسمانی رەشیدمحەمەدپاشای نادە سەر . فەرمان درا هەردوو والیی مووسڵ و بەغداش هاوکاریی هێرشی تەنبێکردنی میر بکەن . میریکۆر بە مەرجی زۆر بەفایدەی خۆی تەسلیم بوو: کە بە حاکمی رواندز بمێنێتەوە، بەڵام رایبگەیەنێت کە ملکەچی سوڵتانە (١٨٣٥) . میر ناردرایە ئەستەمبووڵ، سوڵتان زۆر رێزی لێنا. بەڵام لە سەفەری گەڕانەوەیدا ،بەهەرحاڵ، بەشێوەیەکی تاریك بێ سەروشوێن بوو . ئەوجا " رەسووڵ "ی برای چەند ساڵێك حاکمی رواندز بوو، تا والیی بەغدا ساڵی ١٨٤٧ دەریکرد و ئەمارەتی سۆران کۆتایی هات : رواندز

لەوەبەدوا راستەوخۆ بە کارمەندانی تورک حوکمدەکرا* . (١٥)

دووەم ئەمارەتی کە سەردەمێکی کورتی بەر لە ئاوابوونی، شکۆی پەیداکرد : " بۆتان "ی بە رابەریی میر بەدرخان بەگ بوو . زۆر کورد حوکم و یاخیبوونەکەی بە یەکەم خۆدەربڕینی نەتەوایەتیی کورد دادەنێن .

* میری کۆر، زۆری دەربارە نووسراوە . یەکەم نووسینی جێسەرنج بە زمانێکی رۆژئاوایی ئەوەی " فرێزەر"ە، بەرگی١ : ٦٣-٨٣ . باسی دکتۆر رۆس ناوێکی بژیشکی ( کارمەندە) ئینگلیسەکانی بەغدایە کە بە سەردان چووەتە لای میر .

## ١١- راپەڕینی بەدرخان بەگ و رووخانی ئەمارەتی بۆتان

بـۆتـان، چەندین سەدە بەدەست بنەماڵەیەکەوە بووە کە خۆیان بە تۆرەمەی خالید ئیبن وەلید (ی هـەڤاڵی پێغەمبەر) لە قەڵەم داوە . بەپێی شەرەفنامە، جارێك، سێ برا، لەجیاتی ئەوە کە کێشەوهەرا لەسەر جێ‌گرتنە-وەی باوکیان بکەن، قەڵەمڕەویەکەیان لەنێوان خۆدا بەشیەوە . بەشی هەرە گرنگ سەر بە شاری سەرەکیی ئەمارەتەکە (جەزیرە) بوو، قەڵای " فنیك" (لە باکووری رۆژئاوای جەزیرە) و " گورکێل" (لە رۆژهەڵاتی) مەرکەزی دوو بەشەکەی تر بوون (شەرەفنامە ٢/١ : ١٤٦) . هەندێ جار هەرسێك - بەگشتی لە ژێر رابەریی جەزیرەدا - دەستیان دەخستە دەستی یەکەوە، واش دەبوو شەڕی سـەختیان لەنێواندا دەبوو . بەگوێرەی ئەو بەیتانەی کە من لە بۆتان وەکۆم کردوون، دەبێ ئەمەی دواییان زۆرتر باو بووبێ (بەڵام بەیت زۆرتر باسی رووداوی نائاسایی دەکەن، نەك حاڵەتی ئاسایی) .

هێزی ئەساسیی بۆتان (بەشی جەزیرە) لە دوو یەکێتی عەشیرەتانی کۆچەر پێك‌دەهات*، بەناوی " شللەت " و " چۆخ سۆر" (وەك قەوالیسی و بڵباسی بتلیس،یا راست و چەپی هەکاری)، کە زۆربەی ئەوعەشیرەتانەیان دەگرتەوە کە ئێستاش، یا - بڵێین - ئەوەندەی بە بیرەوەریدا دێ هەر کۆچەری تەواو بوون . کـوردی سەر بە گورکێل بە " حاجی بەیران " (بە ناوی میرێکی پێشوویان : حاجی بەدر) ناسـرابوون، چەندعەشـیرەتێکی کۆچەرو نیوەکۆچەر بوون و کـوردی نیشتەجێیی تەواوی واشیان تێدا بووە کە نەریتێکی عەشیرەتی ئەوتۆیان پێوە دیار نـەبوو . کوردی سەر بە فنیك‌یش خەڵکی لە هەمان بابەتی ئەوانەی گورکێل بوون، پییان دەگوترا : دەهی** . بـەوە کە جـەزیرە حوکمی عەشیرەتە کۆچەرە هەرە بەهێزەکانی دەکرد، زۆرتر وا دەبـوو دەیتوانی

---

* ئەم باسەم لە بەهارو هاوینی ١٩٧٦دا لە بۆتان لە دەمی خەڵك هەڵگرتووەتەوە .

** چۆخ سۆر لەمانە پێك‌دەهات : میران، ددووران، ئەلیکان، سۆران (؟)،گارسان (؟) .

شللەت : باتوان، کچان Kiçan، تەییان،خێرکان، موسێ رەشان .

حاجی بەیران : سپێرتی،گیتەیان ، هەوێری (هەرسێکیان کۆچەر)،گۆیان (نیوەکۆچەر)، و جووتیاری ناعەشیرەتی کوردو ئەرمەنیی شرناخ و سیلۆپی .

دەهی : گارسان (کۆچەر)، دێرسەڤی، خەس خێری، ئەرووخی، چووفی، جیلان . ←

حاجی بەیران و دەهی بخاتە ژێردەستی خۆیەوە . ئەوجا بەوە کە رێی کۆچی شللەت و چۆخ سۆر ( ی جەزیرە) دەکەوتە خاکی دوو بەشەکەی ترەوە، حەقەن نـەدەکرا کێشەوهەرایان لێ پەیدانەبێ . هەر یەکێتی عەشیرەتا- تانەش لەوانە، لە ناوخۆدا ئەوەندە پتەو و یەك پارچە نەبوو . دوا میری گورکێل " سەعیدبەگ" لە شەڕێکدا کوژرا کە ئاغاکانی شرناخ ( کە تابیعی حاجی بەیران بوون) لەو شەڕەدا لەگەڵ میری جەزیرەدا بوون لە دژی ئەو . ئەو ئاغایانە،دوای کوژرانی سەعیدبەگ، مرخیان لەوە خۆش کردبوو داهاتەکەی بۆ خۆ دابڕن (وکەمێك لەوەدا سەرکەوتن)، ماوەیەکی زۆر رادەیەکی سەربەخۆییان لە بەرامبەر جەزیرەدا هەبوو بەڵام دەسەڵاتیان بە سەر حاجی بەیراندا قەت بەوەندە نەگەیشت کە بتوانن ببنە میریان .

رابەریی چۆخ سۆر و شللەت لە دەستی دووعەشیرەتدا بوو : " میران" رابەری ئەوەی یەکەم و" باتوان" رابەری ئەوەی تر بوون . هـەر کە میر شەخسیەتێکی بەهێزو سیاسیەکی چازان نـەبوایە، بڕیاری گرنـگ زۆرتر لە دەستی ئاغاوەتی ئەو عەشیرەتانەدا دەبوو تاوەکو میر خۆی . ئەندامێکی بنەماڵەی رابەری میران پێی گوتم : هەرچی بێ، ئاغا واتا باشترین پیاوی هەموو عەشیرەت، بەڵام مەرکەزی میر لەسایەی ئەوەوەیە کە تورك بە میراتگری داویانە بە بنەماڵەکەی* . قسەیەکی کۆن هەبووە، ئێستاش زۆر دەیزانن، هەمان مانا بە دەستەوە دەدا کە دەسەڵاتی راستەقینە بە دەستی ئەو دوو عەشیرەتەوە بووە، دەڵێ : " میران میرن، باتوان وەزیرن، شللەت سەیێن پیرن ( سەگی پیرن ) ** .

---

← دوو عەشیرەتی تری ناوچەی جەزیرە ( هارونان و هەسنان) سەر بە هیچ یەکێك لەو یەکێتیانەی عەشیرەتان نـەبوون .

* جەزیرە لەم سەردەمەدا چیتر وەك سەدەی شازدە حکومەتی ئۆتۆنۆم نەبوو . بەدرخان بەگ، نەك هەر ئەوە کە حکومەت بە رەسمی میراتیەکەی بۆ سەلماندبوو، بگرە "موتەسەللیم müteselim" ( حاکمی ویلایەت) و میرئالای (سەرهەنگ)ی عەسکەری رەدیفە ش ( میلیشیای ئیحتیات، دوای ١٨٣٣ پێکهێنرابوون) بوو- بەگوێرەی سەنەدەکانی عوسمانیی کە سەڤگەن لە ئاب/ ئووتی ١٩٦٨دا بڵاوی کردوونەوە .
(میرئالای روتبەیەکی لە ئاستی سەنجاق بەگیدا بووە) . ڤۆن مۆلتکە باسی چۆنێتیی وەدەست خستنی ئەو میرئالایەتیەی بەدرخانی کردووە (..) (ڤۆن مۆلتکە١٨٨٢ : ٢٥٦ ) .

** ئێستاش کەسێکم نەدیت بتوانێ مەبەستی بەشی سێیەمی ئەم قسەیەم تێبگەیەنێ .

دەوروبەری ساڵی ١٨٢١، بەدرخان بەگ بوو بە میری ئەو حەشاماتە کەللەرەقە. ئاغای میران ئیبراهیم ئاغا ئەو میرایەتیەی بەدرخانی نەسەلماندو باجی نەدایێ و، تەنانەت بەوە کە ناوبژیی باتوان و حاجیبەیرانی کردبوو وادیارە - وەك ئێستاش باس دەکرێ - هیچ نەبێ هەندێك لە کاروباری میریشی بە خۆی رەوا دەدی بیکا. بەدرخان ئیبراهیمئاغای کوشت،شەڕێکی لێ پەیدا بوو چەند سەدکەسی تێدا کوژرا،عەشیرەتەکانی تری چۆخ-سۆر لەوەدا یارمەتییمیرانیان دا،بەڵام بەدرخان بەگ(کە کوردەکانی تری بۆتانی لەگەڵدا بوون) دوایی توانی دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەمواندا بسەپێنێ. هەر لەو کەین و بەینەشدا، کاری وا لە بەدرخان دەدیتران کە سەر-بەخۆییان دەنواند، بەنموونە: هەرچەندە حکومەت داوای لێ کردبوو هێزێك بە ناوی خۆیەوە بنێرێتە شەڕی عوسمانی و رووسی ١٨٢٨-١٨٢٩، ئەو ئەو داوایەی بەجێ نەهێنا* .

بەدرخان هەموو ئەمارەتەکەی ( بە بەشەکانی حاجی بەیران و دەهیشەوە) بە دەستی پۆڵایین حوکم دەکرد، سزای سەختی لە سەر سووکترین خەتا دەدا و بۆتانی کردە پەناگای ئاسایش و ئارخەیانی، ئیتر پارێزگاری لە ژیان و ماڵ جێی جەردەیی گرتەوە، هەموو کەس خەنی ببوو و هەرچی هەبوو گەشابۆوە** .

میر، بۆبڕیاری گرنگ، ئاغا گەورەکانی کۆ دەکردنەوەو راوێژی پێدەکردن، بەڵام بەهەرحاڵ، هەر تەنیا خۆی بوو لەدواییدا بڕیارەکەی دەدا .

لەشکر، کەمێ لەگەڵ باری نوێی رۆژگاردا ساز درا، هەرچەندە دەستەی عەشیرەتیی واش هەرهەبوون کە بە

---

* بە قسەی سافراستیان (١٩٤٨) : ٥٥ .

** دوو لە بڵاوکەرەوەکانی مەسیحیەت رایت Wright و بریت Breath، ساڵی ١٨٤٦ سەریان لە بەدرخان داوە ( مشنەری هیرالدMissionary Herald ، ٤٢ ، نوامبری ١٨٤٦ : ٣٧٨-٣٨٣) ، چەندنموونەیەکی ئاسا-یشیان لەو بەشانەی کوردستاندا باسکردووە . لە رێگای چوونیان لە ورمێ وە شەو لە دێیەك لایانداوە کە خەڵکەکەی ( خۆیان ئاشکرا کردووە) پێشوو جەردە بوون، بەو میوانانەیان گوتووە کە : " ئەگەر پێش سەردەمی حوکمی بەدرخان ئاوا میوانمان بوونایە، خودا شاهیدە زۆر جوان رووتمان دەکردن و هیچمان پێ نەدەهێشتن . ئەو دووە، دوای مانەوەیان لای میر گوتوویانە : خەتابار،لە دەست حوکمی بەدرخان دەرچوونی نیـە، بەرتیل و واسیتە و خاترو خۆترو شتی لەوبابەتانەی کە رێی قانوون و دادی وڵاتانی ئەو ناوەیان شێواندووە، لێرە ( لای بەدرخان) هەر نین (٣٨١) .

رابەریی ئاغاکانیان دەچوونە شەڕ، بەڵام ئیتر هەمووی وا نەبوو، فەوجی لەشکری شارەزا و بەزیپیکوزاکوون لە باشترین پیاوانی هەمووعەشیرەتان دروست کرابوون و راستەوخۆ لەژێر فەرمانی میردا بوون . ئەو فەوجانە لەشکرێکی هەمیشەیی بوون و پتر دڵسۆزوگوێڕایەڵی فەرمانی میر بوون تاوەکو ئاغای عەشیرەتی خۆیان، خەڵك پێیان دەگوتن خولام (غۆلام xolam ) واتا خزمەتکاری پیاوی گەورە . ئاغاوەتی عەشیرەتی، بە دامەزرانی ئەو فەوجە نموونەییانە بەو شێوەیە،باشترین پیاوانیان لە دەست چوو و بەوە دەسەڵاتی سەربەخۆ شیان لێ درا . بەدرخان لەلایەکی ترەوە، پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ دوو سەرۆکە گەورەکانی تری کوردستانی مەرکەزیدا (میری هەکاری نووروڵڵابەگ،و خان مەحموودی موکس ) و چەند ئاغای تری بچووکی نزیکی خۆی و دووریش ( تا بە مووش و قارس دەگا) بەست *.

هێرشەکانی رەشیدپاشا بۆ سەرئەو سەرۆکە کوردانەی زۆرسەربەخۆ بوون، بەدرخانیشی گرتەوە. رەشیدپاشا ،




نەخشەی ژمارە ١٢ ئەمارەتی بۆتان لە سەردەمی هەرە گەورەبوونیدا (١٨٤٦)

---

* بەگوێرەی لیستەیەکی ناوی ئاغاوەتی هاوپەیمانی بەدرخان ( بلەچ شێرکۆ Bletch Chirguh ١٩٣٠ : ١٤؛ ئەم بڵاوکراوەیەی خۆیبوون رەنگە سورەیا بەدرخانی ماڵی بەدرخان نووسیبێتی ) .

جەزیرەی پایتەختی بەدرخانی ئابڵۆقە دا و دوای ماوەیەکی زۆر گرتی(١٨٣٦) . خان مەحموود بە لەشکرێکی گەورەوە ( سافراستیان دەڵێ بیست هەزار کوردو ئەرمەنی و ئاسووری) ویستی بە هانایەوە بێت، بەڵام تورك پردەکانی سەر چەمی بۆتانیان هەڵتەکاندبوون و خان مەحموود نەیتوانی بپەڕێتەوە، ناچار هەردوو سەرۆك ( بەدرخان وخان مەحموود) بەرەو دژو پەناگای چیاکان هەڵکشان و ماوەیەك لەوێ مانەوە .

زۆر کورد ،بە چاوی خۆیان شکانی عوسمانییان لە بەرامبەر لەشکری ئیبراهیمپاشای میسردا دیت و ئەوەشیان بە بەڵگەیەکی تری بێهێزبوونی ئەساسیی عوسمانی دانا . بە لێکدانەوی کوردە نەتەوەییەکانی دوایی ( کە دەوری ئەولادی بەدرخان لەناو ئەوانەدا دیارو لەبەرچاو بوو، کە ئەمەش حەقمەن تەئسیری کردووەتە ئەوەی چۆن سەیری باوە گەورەیان بکەن) میر لێرەدا دەستی بە نەخشەکێشان کرد بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ . سەرچاوەیەکی ئەو کاتەمان دەست ناکەوێت ئەو باری سەرنجە بسەلمێنێ، بەڵێ بەدرخان ڕاپەڕی، بەڵام ڕەنگە بۆ شتی ترو بە نیازی کەمتر بووبێ . بەدرخان سەردەمێکی ئەوەی سوود لێ بینی کە سەپاندنی مەرکەزیەتی عوسمانی چەتی تێ کەوت، چوو قەڵەمڕەویەکانی هاوسێی گرت . ساڵی ١٨٤٥ ، بەگشتی، تەواوی ناوچەکانی خەتی دیاربەکر- مووسڵ و سنووری دەوڵەتی ئێرانی لە ڕاستیدا خستە ژێردەستی خۆیەوە ( سەربازخانەی تێدا دانان ) . دوو ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت، هاوینی ساڵی ١٨٤٦، دوو حەفتە لای بەدرخان بوون و دیتوویانە کە" نزیکەی هەرچی ئاغای کوردستانی باکوور هەبوون، بۆ ڕێزنوێنی هاتوونە خزمەتی، پارەو ئەسپ و ئێسترو شتی تری بەنرخیان بە پێشکەشی هێناوە . تەنانەی بەگی هەکاری (..) و خان مەحموودیش(..) وادیارە بە شانازیی دەزانن کە لە خزمەتی ئەودان " ؛ و " ئەو هەمووە ئاغا جەسوورانەی ژێر حوکمی، بەو هەمووە چەمووشی و سرکی و سەرشێتیەیان، یەکێکیان تێدا نیە لە بەرامبەر میردا زاتی ئەوە بکا بڵێ لەل!" * (..) . میر ئەوەشی بە میوانەکانی گوتبوو کە نیازی نەبوو گفت و پەیمانی لەگەڵ سوڵتاندا بشکێنێ، ئەمە بەلای کەم ،گومان دەخاتە ئەو تەفسیرانەی دوایی کە باسی مەبەستی نەتەوەیی و جیابوونەوە - خوازیی بەدرخان دەکەن** . بەهەرحاڵ، بەدرخان بەتەمای هەرچی بووبێت، ڕووداوی تر سەریان لێ هەڵێنا .

---

* ڕایت و بریت ( بڕوانە دووەم پەراوێزی داوێنی لاپەڕە ٢١٣) : ٣٨١ .

** تەبیعی، دەکرێ پیاو بڵێ میر ویستوویە نەخشەو نیازی لە میوانەکانی بشارێتەوە،بەڵام هەرهەموو ڕابەرانی نەتەوەیی کورد لە ڕێی هەر بێگانەیەکەوە لە دەوروبەریان بووبێ هەوڵیان داوە یارمەتیی بێگانە وەدەست بێنن .

ئینگلیس و ئەمریکایی، مەسیحیەکانی کوردستانی مەرکەزییان" دۆزینەوە ( ئیکتیشاف کرد)" و مەلانێیەك بۆهیدایەت کردنی نەستۆریەکان ( کە ئەوەندەش هیدایەت بەخش نەبوو) هاتە ئاراوە . ئەم نەستۆریانە، دەوری نیوەیان لە عەشیرەت بوون، و ئەوانی تریان جووتیاری رەعیەتی ئاغای کورد بوون، هەموو بەهیوا بوون لە ژێردەستەیی هەمیشەی مسوڵمانان رزگاربن . شکانی عوسمانی بەدەست هێزێکی مەسیحییەوە ( رووسیا )، بۆ ئەوان، بە مژدەی رۆژگارێکی باشتر دەهاتە بەرچاو . نەستۆری، رووی خۆشیان پیشانی ئەوانە دەدا کە دەهاتن مەسیحیەت بڵاوبکەنەوە، چونکە چاوەڕوانی ئەوەبوون حکومەتی ئەوانە ( ئەو مەسیحیەت بڵاوکەرە-وانە) یارمەتیان بدەن بینە ئاغای خۆیان . حەقەن هەندێ نەستۆری چاویان بڕیوەتە ئەوە کە لە رێی هاوکاریی بێگانانەوە بە پایەی دەسەڵات بگەن . رابەریئاینیی نەستۆریەکان مارشیمون Mar Shimun، پێی بە شێوە-یەك لە سنووری دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاند کە قەت بەرلەوە نەیبیبوو، تۆوی دووبەرەکیی لە ناو نەستۆریەکاندا چاند و کوردیشی ورووژاندن* . ئەوەی راستی بێ کورد لە ورووژان ئەولاتر، هەستیان بە مەترسی دەکرد، و مەسیحیەت بڵاوکەرەوەکانیش کەم بە تەنگ ئارام کردنەوەی دڵیانەوە دەهاتن . ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت، خوێندگەیەك و ماڵێکی شەوانە رۆژی ( داخلی)یان لە سەرووی بەرزاییەك دروست کردبوو کە بە سەر تێکڕای ناوچەیەکیدا دەڕوانی** . نێوانی مسوڵمان ومەسیحی، تا دەهات پتر دەشێوا . کاتێك نەستۆریە تیاریەکان، کە مارشیمونیان لەناوبوو، باجی ساڵانەی میری هەکارییان نەدا، میری هەکاری بۆ سزادانیان داوای یارمەتیی لە بەدرخان کرد . هێزی زۆری عەشیرەتی ناردرانە سەر تیاریەکان ( ١٨٤٣) . وادیارە زۆر کورد هەبوون کە هەر داخی زۆریان لە دڵدا بوو دەیانویست بە نەستۆریانی بڕێژن *** . کوشتارێکی

---

* سەردانی لۆری Laurie و سمیت Smith لە ئاشەتا Asheta و جۆلەمێرگ Julamerk ، مشنەری هیرالد ، ٤١، ( نیسان/ ئاوریلی ١٨٤٥) : ١٢٠-١ .

** " لایارد"ی کە ناکرێ هیچ ویستبێتی خاتری بەدرخان بگرێ، زۆر دوای کوشتارەکان ( ی کوردان لە نەستۆریەکان) نەبووە کە چووەتە مەڵبەندی تیاری و وێرانەی ئەم خانووانەی دیتووە، ئەوەی سەلماندووە کە پیاو زۆر چاك لەو ترس و دڕدۆنگیەی کوردان دەگات . ( لایارد ١٨٤٩، ١ : ١٧٩ ) .

*** لۆری وسمیت و سەرچاوەی تریش هەمان شت ( مەگەر تۆزێك جیاواز) دەڵێنەوە . هەموو بەدرخان بە بەرپرسی یەکەم دادەنێن کە بە رادەی یەکەم ویستوویە لە مارشیموون بدا . چەندین نەستۆریی ئاتەبا ←

دزێوی لێ پەیدا بوو. دوای چەندساڵێك،کوشتارێکی تریشی بەدوودا هات ئەوەندەی ئەوەی پێشوو خوێناوی بوو . دەنگوباسی ئەو کوشتارانە لە ئەورووپادا زۆر دەنگی دایەوە و ئەوەبوو بەدرخانی بە رووخان گەیاند . ئینگلیس و فەرەنسی، تەوژمیان بۆعوسمانیهێنا کە بەدرخان سزا بدا و نەهێڵێ چیتر مەسیحی بکوژرێن . لەشکرێکی گەورە ناردرایە سەر بەدرخان،و لە ١٨٤٧دا ناچارکرا کە تەسلیم بێ . خۆی وهەمووکەس وکاری برانە ئەستەمبووڵ، لەوێ رێزێکی زۆریان لێ نرا و ئەوجا دوورخرانەوە . ئیتر رێی کەس نەدرا جێی بگرێتەوە .

بۆتان دوای نەمانی میر :

نزیکەی دەست بەجێ دوای نەمانی میر، تان وپۆی ئەمارەت لێك هەڵوەشا، شیرازە پچڕا و بوو بە کەڵەکێشی، هەرعەشیرەتە بۆ لای خۆی رادەکێشا . دەست بەسەرداگرتنی دوژمنایەتیی نێوانیان بە بێ میر نەدەکرا . کاربەدەستانی حکومەت جێباوەڕی کەس نەبوون و هەموولا ناخۆشیان - دەویستن، لەبەرئەوە ( ئەگەر بیشیانویستایە) نەیاندەتوانی ناوبژیان بکەن، دەسەڵاتی ئەوەیان لێرە نەبوو قانوون ونەزم بسەپێنن . ئەو ئاسایشەی لە سەردەمی بەدرخاندا باڵی بە سەرکوردستانی مەرکەزیدا کێشابوو، نەما . باری وڵات بە پێچەوانەی ئەوسای لێ هات، ئیتر سەفەرکردن زۆر خەتەر بوو، بێ بڕوایی و لێك - دڕدۆنگی دنیای پڕکرد ، کێشەوهەرای کە لەکاتی خۆیدا نەبڕابوونەوە یەکێتیی زۆربەی عەشیرەتانیان تێکدا، هۆزی وا لە عەشیرەت جیا دەبوونەوە کە تا ئەوسا هەر نەبیبوون . چەند ئاغایەك ( وەك ئەوانەی بە سەر ناعەشیرەتەکانی شرناخ ـەوەو وەك ئاغاکانی میران) توانیان دەسەڵاتی سیاسی (و ئابووری)یان لەم پشێویەدا زیادبکەن . بەڵام بەهەرحاڵ، کەس نەبوو بتوانێ مەرکەزی میر بگرێتەوە، رەقیبی لەرادەبەدەر زۆرهەبوون . تاکو مستەفائاغای میران کرا بە پاشای حەمیدیە، و توانی ( لە ساڵانی ١٨٩٠دا، بڕوانە لاپەڕە ٢٢٥-٢٢٦) ببێ بە تاقە پیاوی هەرە بەهێزی ناوچەکە . بەرلەوە، دوو کوڕی بەدرخان : ئۆسمان و حوسێن Huseyn، رێك دوای شەڕی عوسمانی و رووسی ١٨٧٧-١٨٧٨، ئەمارەتی بۆتانیان ماوەیەکی کەم ژیاندەوە . هەردووکیان کرابوون بە پاشا و فەرماندەیی لەشکریان لەو شەڕەدا دەکرد و، وادیارە کوردێکی زۆر لەو لەشکرەدا بوون .

---

← لەگەڵ مارشیموندا کە هەبوون، نەك هەر دەستیان بۆ نەبراوە، بگرە " دیاری"شیان لەلایەن بەدرخانەوە دراوەتێ، چونکە لەپێشەوە پێبەندیی خۆیان بە بەدرخان پیشان دابوو ( سمیت و لۆری... : ١١٨) .

کاتێ شەڕەکە بە شکانی عوسمانی تەواو بوو، هەر دوو برا وێڕای کوردەکانی ژێر فەرمانیان چوونەوە بۆتان و جڵەوی وەزعیان گرتە دەستی خۆیانەوە. ئۆسمان (براگەورە) خۆی کرد بە میر و، وادیارە زۆربەی عەشیرەتان بە شادیەوە چوونە ژێر فەرمانیەوە. بەگوێرەی سەرچاوەی کوردی نەتەوەیی،ئۆسمان هەشت مانگ حوکمی ئەو مەڵبەندەی کرد کە دەکەوێتە ختتی : جۆلەمێرگ ـ مدیات ـ ماردین ـ نسێبین ـ زاخۆ ـ و ئامێدی ( Imadiye عیمادیە)،وناوی لە خوتبەدا خوێندرایەوە . هەرچەندە سوڵتان لەشکرەکانی ناردە سەریان،بەڵام ئەو لەشکرانە هیچیان لەبەرامبەر کورددا پێ نەکرا،و هەر لە رێی فرت و فێڵ و دەسیسەوە بوو کە توانیان میر بگرن . ئیتر بێ نەزمی کەوتەوە وڵات . تەنانەت ئەمڕۆش زۆر کەس هەن سەردەمی ئەمارەتەکە بە سەردەمی زێڕین باس - دەکەن . پڕۆپاگەندەی نەتەوەیی وێنەیەکی تەنانەت میسالیتریشی لێ دروست کردووە .

## نـەتـیـجـەگـیـری

بەوجۆرە، بەشی زۆری کوردستان لە ژیانی" ئەمارەت"ـەوە گەڕایەوە سەر" عـەشیـرەت" .

ئەو گۆڕانە هەنگاوی بەرەو دواوە بوو؟ یـا بەرەو پێشەوە بوو ؟ .

دەکرێ کەسێك بڵێ : دەبوو ئەمارەت تێكبچێ تا هەنگاوی بەرەوپێشەوە بنرێ و کورد ژیانی دەوڵەتی پەرەسەندوو وەخۆبگرێ، لەجیاتی هەرخرانە چوارچێوەی دەوڵەتەوە . بەڵام بەهەرحاڵ،تەنیا بە شێواندنێکی زۆری حەقیقەت دەکرێ ئەو رووداوانە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لێكبدرێنەوە، ئەگینا خۆ کورد تازە کەم- کەمە لە دەوڵەتدا دەتوانەوەو پرۆسەکە ( قۆناغەکانی گۆڕانی بەرەوپێشەوە) تەواو نەببوو( کە لێی درا وهێنرایە دواوە) . ئەسڵەن دەوڵەت تاساڵی ١٩٢٠ و لە زۆر شوێندا تا زۆر دوای ئەوەش پێوەندیەکی کە لەکوردستاندا هەیبووە هەرلەگەڵ عەشیرەتاندا بووەو راستەوخۆ لەگەڵ تاك- تاکی خەڵکدا نەبووە . شکڵی گۆڕانی کۆمەڵگای کورد لەجیاتی ئەوە کە بەرەوپێشەوە بچێ« لە شێوەی لە عەشیرەت ساکارتر( پێشعەشیرەت) بۆ عەشیرەت ولەوەوە بۆ یەکێتی عەشیرەتان و ئەوجا بوونە ئەمارەت و دوای ئەوە یەکێتی ئەمارەتەکان لە دەوڵـەتێکدا- وەرگێڕ»، بەرەو پاشەوە چوو « لە ئەمارەتەکان دا وەستا، رێ نەدرا ئەمارەتەکان یەك بگرن و یەك دەوڵەتی نەتەوایەتیی کـورد پێكبهێنن، لەجیاتی ئەوە : ئەمارەت لێ درا و هەڵوەشانەوە رووی‌دا، ئـەمارەت گەڕایەوە سەر یەکێتی عەشیرەتان، یەکێتی عەشیرەتانیش هەڵوەشان و بوونەوە بە عەشیرەتانی بەجیا، عەشیرەت بۆ کەرت - کەرتی عەشیرەت و لەوێوە بۆ بنەماڵەو ، لەوێشەوە بۆ ئا ئەم وەزعەی ئێستا- وەرگێڕ» . بەڤوونە : تەییان عەشیرەتێك

بوو له عه‌شیره‌ته‌کانی"یه‌کێتیعه‌شیره‌تانی شلله‌ت"، شلله‌ت له ئه‌ماره‌تی بۆتاندا جێی گرتبوو، به‌ڵام ئه‌ماره-ته‌که له‌ناودرا، یه‌کێتی عه‌شیره‌تانیش ورده- ورده هه‌ڵوه‌شا، ئیتر ته‌نانه‌ت دوژمنایه‌تیی نێوان چۆخ سۆر و شلله‌تیش نه‌یتوانی یه‌کێتیی ناوخۆی هه‌ر یه‌ك له‌و دووانه ( به‌هۆی دوژمنایه‌تیی ئه‌وی تر ) رابگرێ . عه‌شیره‌تی ته‌ییانیش به‌رگه‌ی ئه‌و لێدانه‌ی نه‌گرت، لقێکی لێ دابرا و په‌ڕیه‌وه لای چۆخ سۆر . ئیتر ئه‌وانه دوای چه‌ندساڵێك ناوه‌کانیان نه‌بێت هیچیان لێ نه‌مایه‌وه، ئه‌مڕۆ ته‌ییان له راستیدا هیچ ده‌سته‌یه‌ك پێك - ناهێنێ : سه‌رۆکێکی نیه، به‌شه‌کانی هه‌میشه لێکدابراون و جیان و هیچ ره‌فتارێکی به‌کۆمه‌ڵیان نیه .

وادیاره تا دامودەزگای ئیداره‌ی ده‌وڵه‌ت گه‌وره‌ترو په‌ره‌سه‌ندووتر بێ، ده‌سته‌ی عه‌شیره‌تی به ته‌ئسیری ئه‌وه و که‌م تا زۆر بۆ گونجان له‌گه‌ڵ ئه‌و باره‌دا بچووکترو ساکارتر ده‌بن . به‌ڵام مه‌سه‌له‌ی ئه‌و گۆڕانه هه‌ر به‌وه‌نده نابڕێته‌وه، ئه‌وه هه‌ر نوختەیه‌که . له‌ناوبردنی ئه‌ماره‌تی کورد، مانای به‌سترانه‌وه‌ی تاك- تاکی خه‌ڵکه‌که‌ی به ده‌وڵه‌ت ناگه‌یه‌نێ . حوکمی جارانی ده‌وڵه‌ت له رێی میره‌وه بوو، واتا ده‌وڵه‌ت ناڕاسته‌وخۆ ( له رێی میره‌وه) حوکمی خه‌ڵکه‌که‌ی ده‌کرد ،به‌ڵام وه‌نه‌بێ دوای نه‌هێشتنی میر چووبێ خۆی پێوه‌ندی راسته‌وخۆی به تاك-تاکی خه‌ڵکه‌وه دامه‌زراندبێ . حوکمی ده‌وڵه‌ت تا زه‌مانێکی زۆرهه‌ر به شێوه‌یه‌کی ناڕاسته‌وخۆبوو( ئێستاش له زۆر شوێنی کوردستاندا هه‌ر وایه )، به‌ڵام پێوه‌ندیه‌که‌ی ( که جاران له رێی میره‌وه به خه‌ڵکه‌وه هه‌یبوو ) ئه‌مجاره له رێی ئاغاکانی عه‌شیره‌ته‌وه بوو، دواتر له رێی ئاغای دێ ( یا مه‌زنی باڤك) ـه‌وه بوو، حکومه‌ت ده‌ستی ده‌خسته ده‌ستی ئه‌وانه‌وه‌و له رێی ئه‌وانه‌وه حوکمی خه‌ڵکی ده‌کرد ،واتا شیرازه‌ی پێوه‌ندی له ئه‌ماره‌ت ومیراتیه‌وه ( که خه‌ڵکێکی زۆری ده‌گرته‌وه) گه‌ڕایه‌وه سه‌ر خوارووترین پله‌کانی ( بچووکترین ده‌سته،به‌نموونه : ئاغای دێ،مه‌زنی باڤك) . من لام وایه ئه‌وه‌بوو که- به‌ر له‌هه‌رشتێکی تر - ئه‌م قه‌واره‌یه‌ی ده‌سته‌ی عه‌شیره‌تی و به‌وه باری په‌ره‌سه‌ندنی به‌م شێوه‌یه شکانده‌وه .

## ١٢- قانوونی نوێی زەوی و تەئسیری

قانوونی ساڵی ١٨٥٨ی زەوی، بەونیازە دەرچوو نەزمی زەوی لەکەچکاری و وەزعی زیانبەخشی تێی‌کەوتبوو پاك بكاتەوەو، بیهێنێتەوە سەر بارو حاڵی ئاسایی . زەویەکی زۆر لەلایەن نەجیبزادەکانی ئیمپراتۆری و لە لایەن مولتەزیمەکانیشەوە - کە لە ئەسڵدا حکومەت دایانابوون - کرابوو بە مڵکی تایبەتی . لە شوێنانی تر، فرۆشتنی ئیدارەی " مولتەزیم" ( بە موزایەدە! ) ببووە هۆی چەوساندنەوەی جووتیاران، جووتیارێکی زۆر لە دەست ئەوە دەستیان لە زەویەکانیان بەردابوو و رۆیشتبوون .

سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩)، دوا مووچەی زەویی نەهێشت ( کردنی بە ئیلتیزام ) . قانوونی زەویی عەبدول مەجید ( کەدوای مەحموودی دووەم بوو بە سوڵتان ) پێی لەسەرئەوە داگرتەوە کە دەوڵەت خاوەنی ئەساسی و ئەخیری زەویە ( جگە لە تەرزێکی زۆرکەمی کە بە مڵکی شەخسی مایەوەو زەویەکی‌کەمی مەوقووفەجاتیش ) . دەبوو پارچەی زەوی بە قەباڵەیەك بە ناوی " تاپو tapu سەنەدی" لەلایەن ئیدارەی تاپۆوە بدرێ بە هەر زەلامە . نەدەکرا دەستەیەك بە کۆمەڵ زەویان هەبوایە( بەندی ٨ : ناکرێ تێکڕای زەویی دێیەك یا شارێك بدرێ بە دانیشتوانی،یا بە یەك یادووانیان . دەبێ پارچەی بەجیا بدرێ بەهەرتاکێکی نیشتەجێ..."،

دەبوو هەموو زەویی‌کشتوکاڵ بە ناوی تاك- تاکی خەڵك بنووسرایە . هەریەکە پارەیەکی دەداو" تاپوسەنەدی" یەکی وەردەگرت کە مافی خاوەن سەنەدی لە زەویەکدا تێدا دیارکرابوو . گیانی ئەوروپاییەتی و نیازی تێك - شکانی عەشیرەت لە قانوونەکەدا دیارە، بەڵام حەقەن بۆ ئەوەش بوو کە عەشیرەتی کۆچەر هان بدا نیشتەجێ بێن ( زەویی کشتوکاڵی بە هاسانی وەدەست دەخست) . جگە لە زەویی کشتوکاڵ، دەکرا لەوەڕگەش بدرایە بە تاك - تاکی خەڵك ( بەڵام شەرت نەبوو ) ( بەندی ٢٤) .

کارمەندانی تاپۆ بەزوویی ملیان لە نووسینی زەوی نا ، بەڵام کارەکە یەکجار زۆر بوو ، لەبەرئەوە لەسەرەخۆ دەچووە پێش، لە عیراق ساڵی ١٨٦٩ ( کە مدحەت پاشای ئیسلاحکاری بەنێوبانگ بوو بە والیی بەغدا) دەستی پێ کرد و هەر بەشێکی کرا . ئینگلیس کە هاتن ( ١٩١٤ باشووری عیراق و ١٩١٨-١٩١٩ کورد- ستانی عیراقیان گرت) درێژەیان پێدا . دوای دەست پێ‌کردنی تاپۆ، بەزوویی دوو شت لە بەرچاو ئاشکرا - کرابوون :

١- وەدەستخستنی زەوی بۆکشتوکاڵ کردن بەزوویی بوو بە ملّکی تەواو . قانوونەکە زەویی بە میراتگری دەدا و رێی ئەوەشی دەدا یەکێك زەویەکە بە پارە یا بە دیاری بدا بە یەکێکی تر، بەو مەرجە کە ئیجازەی لە ئیدارەی تاپۆ وەربگرتایە . خاون سەنەد ، بەهەرحاڵ، زەویەکەی بە ملّکی تەواوی خۆی دەزانی و ئاوڕی لەهیچ قەیدو مەرجێك نەدەدایەوە .

٢- لەکاتێکدا کە قانوونەکە لەوەی دەکرد بۆ ئەوە هاتبێ زەوی بداتە ئەو کەسەی دەیکێڵێ و رێ لە رەفتاری زیانبەخش بگرێ،کەڵکی - لە راستیدا- هەر بە نوخبەیەکی کەم گەیاند . " نەزانی و بەرتیلخۆریی کارمەندانی تاپۆ"* ترس و دڕدۆنگیی دێهاتییانی لە حکومەتێکی کەهەر لە رۆژی باج سەندن وعەسکەرگرتندا دەیناسین، ئەوەندەی تر زیادی کرد . ئیتر ئەوەبوو،ئەوانەی زانیان چۆن لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتدا بگونجێن، توانیان پارچەی‌گەورەی زەوی بە ناوی خۆیان بنووسن، ئەوانە لەکوردستاندا: ئاغاو شێخ وهەندێ چینی شارستانیش ( زۆرتر بازرگان و کارمەندانی‌گەورە) بوون . ئەوانەی کە لە راستیدا زەویان دەکێڵا، کاتێك بەو کەین وبەینە-یان زانی کە تازە ئیتر درەنگ کەوتبوو . داوسەن Dowson، کە لە هەلومەرجی عیراقی دەوروبەری ١٩٣٠ی روانیوە،لە باسی کوردستاندا نووسیویە : " ... وێ دەچێ زۆر دێ بەتەواوی یان بەشێکیان لێ بە ناوی نەجیبزادان نووسرابن، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ مافی زۆرکۆنی ئەوانە کرابێ کە بە رێکوپێکی زەویەکە-یان بەدەستەوە بووەو کێڵاویانە یا لەوەڕگەیان بووە . وادیارە ئەوانە زۆرتر لە کاتێکدا ئێشەکەیان چێژتووە کە زەویەکانیان بۆ قەرز لای بازرگانی شار دەگرەوخستووەو لەدەست چووە . ئەو نێوانە شەخسیەی کە جاران تەنانەت زاڵمترین ئاغاش لەگەڵ جووتیارانی دێدا هەیبوو، ئەو نیازمەندیەی ئاغاو جووتیار بە یەکتریان هەبوو، زۆر جار وێ دەچوو گۆڕابێ و ،کۆششێکی ساردی‌هەڵسووڕاندنی رەنێوهێنانی زەوی لە دەرەوەڕا جێی ئەو نێوانەی پێشووی گرتبێتەوەو، رێی ئەوەی لە نـاوەوە خـەرا کردبێ " . وادەبوو ئاغا هەر لە دێیەکەی باری دەکردو دەچووە شار ( دەبووە خاون ملّکی شارنشین) . بەڵام حەقەن ئەو قسەیەی داوسەن هەمووکورد-ستان ناگرێتەوە،وەزعی زۆر جیاواز هەن . چەند جار، لە زۆر دێهاتی جیاکانی باکووری‌کوردستان، ئەوەیان بۆ باس کردوومەوە کە زۆربەی دێهاتیەکان یا زۆریان خاوەنی سەنەدی ملّکداری بوون . لە دێهاتی تردا وایە زەوی بە قانوون هی ئاغایە، دێهاتی هەمان ئیجارەی دەدەنێ کە ئاغای شوێنی دی بەناوی باج ( زەکات )

* لۆنگریگ Longrigg (١٩٢٥) : ٣٠٧ .

وەریدەگرن . وادیارە نووسینی زەوی، لەو دێهاتەدا ( جارێ) گۆڕانی گەورەی نەخستووەتەوە . تاپۆی زەویی زۆر، لە چیاکان زۆر کەمە یا هەر نیە، بەڵام لەدەشتەکاندا ( تا چارەسەرکردنی ئەم دواییانەی کشتوکاڵ) پتر باوی ئاسایی یەکەی بووە تاوەکو لادان لەوە . پێشتر دزەییمان بە نموونەی بەرەیەك هێنایەوە کە دەسەڵاتێکی زۆری سیاسی و ئابووریان لەو زەوینووسینە وەچنگ کەوت، باوەگەورەیان ( ئەحمەدپاشا یا کوڕەکانی ) بەشێکی زۆری دەشتی هەولێریان بە ناوی خۆ نووسی و دوایی بە ڕێوشوێنی تر خستیانە سەر سەروسامانی خۆیان . ( ١٦ ) .

کەواتە، دەکرێ تەئسیری بەجێ هێنانی قانوونی زەوی وا خولاسە بکەینەوە :

١- لێدانی باری هەرەوەزیی ئابووریی عەشیرەتی، روو لە فەردیەت کردن .

٢- چینبەندیی ئابووریی عەشیرەت، چینی پتری تێکەوت . زۆر ئاغا بوونە خاوەن زەوی، پیاوەکانیان بوونە شەریکەبەش . ئەوە بە مەودای ڕۆژگار وای کرد کە هەندێ ئاغا دەسەڵاتی لە ئەندازەبەدەریان بەسەر خەڵکی رەمەکیدا هەبێ .

٣- چینێکی نوێ بە تەرزە ژیانێکی نوێ سەری هەڵدا : خاوەن زەویی شارنشین .

٤- هاوکاری و سەودای نوێی خاوەن زەویە شارنشینەکان و ئاغاوەتی عەشیرەتی دێ نشین هاتە کایەوە . کاتێك هێی (ساڵی١٩١٩) چووەتە هەولێر،دیتوویە کە ئاغای شارنشین" دیوەخانی زۆر بە شکۆ"یان هەبووە، ئاغای عەشیرەتی کە چوونە شار لە دیوەخانێکی وادا میوان بوون :"هەر سەرەو سەروسەودای لەگەڵ ئەم یا ئەو ئاغایەی شارداهەیە". ئەوانە نێوانیان رەنگە بە چەندین پشت هەرهەبووبێ . میوان بۆ ئەو میوانداریە دیاریەکی بچووکی لەگەڵ خۆی دەهێنا و" ئەوەشی لێ چاوەنۆڕ دەکرا لە هەر هەرا-یەکی عەشیرەتیدا چاوی لە بەرژەوەندی دۆستە شارنشینەکەی بێ لە دێدا، ئاغای شارنشینیش وا-دەبوو دەبووە نوێنەری ئاغای دێ لە شاردا" ( هێی ١٩٢١ : ٨٣-٨٤) .

٥- ئەوانەی زەویان دەکێڵا، لە زۆر حاڵەتدا ،هەندێ مافی لەمێژینەیان لەدەست چوو، بوونە شەریکەبەش یـا تەنانەت وەرزێـر، خاوەن زەوی ئـەگەر بیانویستبا دەیانتوانی دەریـانکەن*، بـەڵام زۆرتر وابوو

---

* بەندی ٢٣ی قانوونی زەوی باسی ئەوەی کردووە هەرکەسێك کە زەوی لە خاوەنی قانوونیی ←

نەیاندەکرد تا مەکینە خرانەکشتوکاڵەوە،ئیتر بەمە زۆر پیاو لە پێویست بەدەربوون و ئەوەبوو دەرکران . بەوە کە زەوی بە رەسمی هی خاوەن زەوی بوو، ئەم دەیتوانی لە کاتی ناڕەزاییدەربڕینی جووتیاراندا حیساب بۆ پشتگیریی دەوڵەت بکا . هەرچەندە شتی وا سەدەیەك دوای دەرچوونی قانوونی زەوی رووی دا، بەڵام ئەوە نەتیجەیەکی راستەوخۆی ئەو قانوونە ( یا باشتر بڵێین : شێوەی بەجێ هێنانی ئەو قانوونە) بوو .

سیاسەتی زەویی ئینگلیسەکان لە کوردستانی عیراق

قانوونی زەوی لە سەردەمی عوسمانیدا بە زۆر شوێن نەگەیشت . تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە هەبوو، وەنەبێ وێنەی گوێ پێ نەدانی و مانەوەی پێوەندیی کۆنی بەرهەم هێنان کەم بووبێ . هێزی داگیرکەری ئینگلیس، کە سەرچاوەی نووسراوی بۆ مەسەلەی وەکۆکردنی داهات پێدەویست، ئیدارەی تاپۆی بۆ ئەوە ژیاندەوە . ئینگلیس نەیاندەویست چاو بە ناهەقی و بەدرەفتاریی سەردەمی نووسینی زەویدا بهێننەوە، وەك مەئمووری داهاتی ساڵی ١٩١٩ گوتوویە : " دەبێ ئەوە بسەلمێنن کە کاری ئێمە بەر لە هەموو شتێ ئەوەیە : ماف نەدەین بە ئەوانە کە نیانە، بەڵام مافی ئەوانە دابین بکەین کە هەیانە " . ئەوەی راستی بێ، وادیارە سیاسەتی ئینگلیس وابووە، لەنێوان ئاغای عەشیرەت و رەمەکیدا لایەنگریی ئاغاکان بکەن . مەندووبی سامیی بریتانیا لە عیراق لە ١٩٢٣ تا ١٩٢٩ سێرهێنری دۆبس Sir Henry Dobbs، ئەوەی کردووەتە بەردی بناغەی سیاسەتی لە مەسەلەی زەویدا . تەئسیری ئەو سیاسەتە زۆرتر لە باشووری عیراق لەبەرچاو بوو،کە شێخی عەشیرەتی عارەب بوونە خاوەنی زەویی یەکجار زۆر . لە کوردستانی عیراقیشدا بەهەرحاڵ ئەو بارەی کە قانوونی زەویی عوسمانی پەیدای کردبوو، لە سەردەمی حوکمی بریتانیدا بەهێز کرا و توندتر پێش برا .

---

← ئیجارە بکا، مافی هەمیشەیی قەت پێ نابڕێ .

## ١٣- دامەزراندنی میلیشیای عەشیرەتیی کورد : حەمیدیە (١٧)

عەبدول حەمیدی دووەم ساڵی ١٨٧٦ بوو بە سوڵتان . هەرچەندە ئیسلاحاتی سوڵتانەکانی پێش خۆی درێژە-پێ دا، دیساهەر هەندێ سیاسەتی هەبوون بەتەواوی بەپێچەوانەی ئەو ئیسلاحاتە بوون . لەکاتێکدا کە ئەو ئیسلاحاتە بۆ ئەوە بوون کۆچەر نیشتەجێ بن و لە عەشیرەتگەری بدرێ، ئەم چوو ساڵی ١٨٩١ جەندرمەی عەشیرەتیی بە رابەریی ئاغاوەتیعەشیرەتی پێکهێنا ( بەناوی خۆیەوە : حەمیدیە) . تەبیعی، ئەو ئاغایانەی دەبوونە ئەفسەری حەمیدیە، بەوە دەستیان زۆر دەڕۆیشت و حەقەن لەو حاڵەتەدا بەدرەفتاریشیان دەکردو، جگە لەوە، بارتەقای دەسەڵاتی ناوچەیی بەوە زۆر دەگۆڕا .

سوڵتان عەبدول حەمید، ئەوەشی وەك زۆرکاری کۆنەپەرستانەی تری، لە ترسی هێزە گەورەکان، بەتایبەتی ئینگلیس و رووس کرد . لەشکری رووس دوو جار( لە شەڕەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩و١٨٧٧-١٨٧٨دا) هەندێ بەشی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییان داگیرکرد بوو . رووسیا نـەتـەوایەتی و جیابـوونـەوەخوازیی ئەرمەنیەکانی رۆژهەڵاتی( وەکو ئەوەی سلاڤیەکانی رۆژئاوا) دنە دەدا . ئەوەی راستی بێ، ئەرمەنی لە ١٨٧٧ - ١٨٧٨دا یارمەتیی داگیرکەرانی رووسیان دابوو . بریتانیاش لە کۆنگرەی بەرلین(١٨٧٨) دا وای پیشان - دەدا کە حەزی لە" مەسەلەی ئەرمەنی" دەکرد . باندی ئیرهابیی ئەرمەنیەکان ساڵانی ١٨٨٠ لەئەستەمبووڵ و لە رۆژهەڵاتدا کەوتنە چالاکی . کوردیش ئەوە نەبوون دەوڵەتیعوسمانی پشتیان پێ ببەستێ . شێخ عوبەیدو-ڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ رابەریی راپەرینێکی دژی دەوڵەتی، بە ئاشکرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد کرد و هەوڵی دا پشتگیریی بریتانیا بۆ نـەخشەکانی دابین بکات . ئەگەر خەلیفە لە کاتی تەنگانەدا رووی هاوکاریيمسوڵمانێتیی لەکوردەکان نابا ،لەوانەبوو کورد لەدژی ئەرمەنی و/ یا رووسان بەهاواریەوە بچووبان، بەڵام شەرتیش نـەبوو وایان بکردایە . سوڵتان عەبدول حەمید، بەدروست کردنی سوارەی حەمیدیە ویستی کوردەکان وا لێ بکا کە،بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا ببینن کە ببنە پیاوی سوڵتان و، جەندرمەیەتیی لە رۆژ-هەڵاتی ئەنادۆڵدا بۆ بکەن . حەمیدیە لەسەرمۆدێلی کۆزاکان دروستکرابوون . فەوجی سوارە، لە عەشیرەتی کوردی کۆچەرو نیوەکۆچەر ( و وادەبوو عەشیرەتی قەرەپەپاخی تورکیش )، و بە رابەریی ئاغای عەشیرەتیی خۆیان بوون . هەر فەوجە دەوری ٨٠٠ - ١٠٠٠ پیاو بوو، هەندێ عەشیرەت فەوجێك یا پتریان سازدەدا،

عەشیرەتانی بچووکتر دەخرانە فەوجێکەوە . ئەفسەرانی لەشکری نیزامی مەشقیان پێ دەکردن . هەر لە کاتی بەئەنجام دانی کارێکدا پارەیان دەدرایێ، بەڵام خۆیان و ماڵیان لە زۆر باج بەخشرابوون . تادەهات زۆر دەبوون، لە ١٨٩٢دا ٤٠ فەوجی سوارەی حەمیدیە هەبوون، لە ١٨٩٣دا بوونە ٥٦ و لە ١٨٩٩ دا ٦٣ فەوج بوون . ئامانجی راستەوخۆی پێکهێنانی ئەو فەوجانەی حەمیدیە ئەوەبوو ئیرهابی ئەرمەنیەکان ( کە هێشتا زۆر نەبوو) کپ بکرێ و،چنگی حکومەت باشتر لەکوردان گیر بێ . سوڵتان هیوادار بوو بەو چاکەیەی لەگەڵ عەشیرەتەکانی کوردیدا دەکرد بیانکاتە لایەنگری شەخسی خۆی : بە ناوی حەمیدیەوە وەزیفەی گەورەی لەشکری دەدانێ و لە راستیدا رێی راورووتیشی بۆ خۆش دەکردن . هەرواش دەرچوو، سوڵتان لەوەدا زۆر سەرکەوتوو بوو، کورد بە سوڵتانی هەرە خاوەن چاکەی خۆیان دادەنا و پێیان دەگوت" Bavê Kurdan باڤێ کوردان". هەندێ ئاگادارانی وەزع (بەڤوونە: کۆنسولە ئینگلیسەکانی ئەو ناوە) پەیان بەوەبردووەکە حکومەت ویستوویە لە رێی حەمیدیەوە دووبەرەکی بخاتە نـاو کـوردانەوەو بەوە سواری ملیان ببێ ." هەڵبژاردنی عەشیرەتان بۆ حەمیدیە، وادەبوو بۆ راگرتنی بارتەقایی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بەکار دەهێنرا، واش دەبوو تەئسیری پێچەوانەی ئەوەبوو . زۆرتر وابوو ئەگەر بۆیان بکرایە عەشیرەتی بێهێزیان دەهێنانـە ریزەوەو، ئەسپابی باشتری کە دەخرایە دەستیان و مەشقێکی پێیان دەکرا کەمهێزییانی لە بەرامبەر رەقیبە لەمێژینە بەهێزترەکانیانی بۆ تێهەڵدێنانەوە "، یا وەك جاسووسێکی دواتری ئینگلیسی کە بە ئاشکرا بە قـازانجی کوردان قسە دەکا دەڵێ: هەرە مەبەست لە حەمیدیە ئەوەبوو" دوژمنایەتیی عەشیرەتی بەجۆرێك بەکاربهێنرێ کە وەزعیك سازبکات پێکەوەگونجانی تێدا لەدژی حکومەت زۆر وەزەحمەت بکەوێ " . ئەگەر حکومەت بە راستی حەمیدیەی بۆ بەرامبەر بەیەکتر راگرتنی عەشیرەتان ویستبێ، لەوەدا زۆرکەم سەرکەوتوو بووە . راستیەکەی، زیادبوونێکی دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتان لە ساڵانی ١٨٩٣و١٨٩٤دا دەدیترا ( Duguid دەگوید: ١٤٧) . بەڵام راستیەکی گرنگتر بەهەرحاڵ ئەوەیە کە حەمیدیە دەسەڵاتی هەندێ ئاغای بە رادەیەك گەیاند کە ئەگەر حەمیدیە نەبوایە خۆیان بەتەنیایی پێی‌نەدەگەیشتن . هەڵبژاردنی ئاغایەك لە هەرعەشیرە- تێکدا بە فەرماندەی حەمیدیە، تاوەکو رەقیبەکانی، زۆربەی کێشەوهەرای بە قازانجی ئەو ئاغایە دەبڕیەوە، ئەو ئیتر شتی بەدەست بوو خەڵکی پێ خنی بکا ( کارو وەزیفەی زۆر پەسند ،چەك) تا بەشی زۆری عەشیرەت بکێشـێتە لای خۆی، و حـەمیدیە لە دژی رەقیب و دوژمنەکانی بەکار بهێنێ . بـەلای کـەم، دوو ئـاغـای فەرماندەی حەمیدیە بە دەسەڵاتێك گەیشتن کە دەکرا جێ‌مەترسی بوونایە بۆ دەوڵەت .

یەکەمی ئەو دووانە، مستەفاپاشای میران بوو*. لە هەموو ئاغاکانی ئەمارەتی پێشووی بۆتان،هەر ئەو کرابوو بە فەرماندەی فەوجێکی حەمیدیە و ناوی" پاشا"ی درابوویێ . ئاغای تری عەشیرەتە کۆچەرەکان ( ی بۆتان) روتبەی عەسکەریی کەمتریان هەبوو** . ئیتر ئەوەبوو، عەشیرەتانی چۆخ سۆر و شللەت، هەرتك لا، هاتنە ژێر فەرمانیەوەو بەهۆی ئەوانەوە حوکمی بەسەرخەڵکە نیشتەجێیەکەدا سەپاند . لێهمان-هاوپت کە لەوسەردەمەدا بە بۆتاندا تێپەڕیوە، دیتوویە کە مستەفاپاشا بەزوویی دوای ئەوە کە ئەو مەرکەزەیان داوەتێ " پادشایەتی"ی بچووکی تایبەتی خۆی دامەزراندووە . ئیدارەی عوسمانی، تەنانەت لە شاری جەزیرەشدا، هیچ دەستی نەڕۆیشتووە،هەرچی هەبووەونەبووە لە دەستی مستەفاپاشادا بووە . مستەفاپاشا باجی قورسیشی لەکاروانان و لەو کەڵەکانەش دەستاند کە کاڵایان بە دیجلەدا دەهێناودەبرد، پیاوەکانی مەڵبەندێکی زۆری دەورووبەریان کردبووە مەیدانی راورووتی خۆیان . کەواتە مستەفاپاشا هەندێ دەسەڵاتی جارانی میری وەدەست خستەوە . بەڵام بە هەرحاڵ، دوو جیاوازیی گرنگ هەبوون :

١- دەسەڵاتی مستەفاپاشا، بەدڵی خەڵك نـەبوو و بە زەبری کوتەك بوو . ئەوە لە کاتی کێشەوهەرای ناوخۆی عەشیرەت و نێوان عەشیرەتاندا بە چاکی دەردەکەوت، کە قەت ئەو کێشەوهەرایانە نـەدەبرانە بەردەمی مستەفاپاشا( وەك دەبرانە بەردەمی میر)، لەجیاتی ئەوە دەبرانە بەردەمی شێخێك .

٢- مستەفاپاشا توانی سەربەخۆیی خۆی لەبەرامبەر ئیدارەی مەدەنیدا بپارێزێ، چونکە پشتی بە حەمیدیەو زەکی پاشا قایم بوو ( نـەك وەك میرەکان کە سەربەخۆیی خۆیان بە هێزی خۆیان دەسەپاند) . زەکی پاشا،

---

* ئەوەی من دەربارەی مستەفاپاشای دەزانم زۆرترم لە مایسی ١٩٧٦دا لە ئەولادی ماڵی مستەفا پاشا لە قەرەچۆخ ( رۆژهەڵاتی باکووری سووریا ) وەرگرتووە،چەند ئاماژەیەکی لێهمان-هاوپت ونۆئێلیش ئەم قسانە دەسەلمێنن .

** حەمیدیە هەمان روتبەی عەسکەریی لەشکری نیزامییان هەبوو : ئۆن باشی ( فەرماندەی دە کەس )، یوزباشی ( فەرماندەی سەدکەس، کاپتن) . نازانم لە ئەسڵدا کام عەشیرەت لە فەوجەکانی مستەفاپاشادا هەبوون . لە شەڕی باڵکاندا (١٩١٢/ ١٩١٣) کە حەمیدیەی کۆن بە ناوی میلیشیا زیندووکرایەوە، عەبدول کەریمەی کوڕی مستەفاپاشا رابەریی فەوجێکی کرد تەنیا لە چوار عەشیرەتان پێکدەهات : میران،کچان، تەییان، خێرکان .

خزمی سوڵتان ( زاوا و ژن برا ) و فەرماندەی لەشکری چوارەم بوو لە ئەرزنجان، باڵی بەسەر فەرماندەکانی حـەمیدیەدا کێشابوو و ئەوانە بە کەیفی خۆیان دەکرد، گوێیان بە کارمەندانی مەدەنی نـەدەدا و، ئەوەی دوژمنی قانوون و ئیدارەی مەدەنی بوایە لەژێر سێبەری حەمیدیەدا وەدەحەسا . ئیدارەی مـەدەنی بەم قانوون شکاندنەی حەمیدیە زۆر وەرز بوو ،بەڵام شتێکی وای لەگەڵدا پێ نەدەکرا ،حەمیدیەش و ئیدارەی مەدەنیش هەردوو سەر بە سوڵتان بوون .

ناوی مســتەفاپاشـاو بنەماڵەکەی لە باکووری جەزیرە، ئێستاش زۆر بە هەیبەت و ڕێزن . مێجەر نۆئێل لـە دەنگوباسچنیدا ، ساڵی ١٩١٩ لەوێ، وا تێگەیشتووە کە هەرچی عەشـیرەتە کۆچەرەکان بوون، هـەموو لقی میران بوون، هەڵەیەکی کە بۆ دەسەڵاتی مستەفاپاشا زۆر گرنگ و جەوهەری بووە .



مستەفا پاشای میران

فەرماندەیەکی تریش لە حەمیدیە، ئیبراهیم پاشای سەرۆکی یەکێتیگەورەی عەشـیرەتانی ملان ( M•lan ) ناوو ناوبانگی لە مەڵبەندی خۆی تێپەڕی، نووسەرانی تورك و غەیری تورکیش بە جەردەیەکی ئەفسانەیی و

" پـادشای بێ تاجی کـوردسـتان "یان ناوبردووە، مللان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لە چەند عەشیرەتێك پێك- هاتبوو کە ژمارەیان لە گۆڕاندا بوو ( جگە لە کوردی سوننی، چەند عەشیرەتیکوردی یەزیدی وعارەبیشیان تێدابوو)، لە دەوری کۆمەڵێکی مللانی تەواو کۆببوونەوە . دژو قەڵا لە وێرانشارWîranşehr هەبوون و زۆر- بەی عەشیرەتەکانی دوو ئەیالەتی ئورفە و رەقە کۆچەر بوون . بنەماڵەی فەرمانڕەوای مللان خۆیان بە حاکمی لەوانەش پتر دادەنا . بەگوێرەی ئەفسانەیەکیکوردان،گوایا هەرچیعەشیرەتی کوردهەن یا لە Mil مل(/ میل) ( یا Milan مللان/ میلان ) یا لە Zil زیل ( یا زیلان) ـن (١٨) . ئێستاش زۆر عەشیرەت هەن ئەوە قەبووڵ دەکەن و خۆیان بە یەکێك لەو دووانە دادەنێن، کە گوایا دەبێ یەکەمیان لە باشوورو ئەوی تر لە رۆژهەڵاتەوە هاتبن . ئیبراهیم پاشا دەیگوت کە هەمووعەشیرەتانی Mil مل ریزیان لە خزمەت سەرۆکایەتیی بنەماڵەکەیدا هەیە . سایکس،کە زۆر بە کوردستاندا گەڕاوە، دیتوویە کە بەڕاستی ئیبراهیم پاشا لەلایەن عەشیرەتانەوە تا بە دەرسیم و ئەرزنجان گەیشتووە - هەرچەندە ئەوانە لەوێ تابیعی سیاسیی راستەوخۆشی نەبوون - زۆر ڕێزی لێ گیراوە ( سایکس ١٩٠٨ : ٤٧٠) . بەڵام خۆ بنەماڵەکە قەت دەسەڵاتی سیاسی هەر تەنیا بەو ڕێزە پێك- نـەهاتووە . هەندێ لە باووباپیرانی ئیبراهیم پاشا لە سەدەی پێش ئەوەدا دەسەڵات و هێزێکی زۆریان پێکەوە- نا،کەچی ئەو دەسەڵات وهێزە لە سەردەمیکەسانێکی تریاندا بەزوویی لەناوچوو . لە ساڵانی ١٨٥٠دا کێشە وهەرای ناوخۆ یەکێتیەکەی ( عەشیرەتانی ملی ) هەڵوەشاند، هاوسێ و دوژمنی لەمێژینەی ملی : عەشیرەتی شەممەری عارەب هەلی بە دەرفەت زانی و هەندێ قەڵەمڕەویی لێ داپاچی و دەستی کرد بە باج سەندنیش لە عەشیرەتانێك کە بەرلەوە باجبەدەی ملی بوون . ئیبراهیم ساڵی ١٨٦٣ بوو بە سەرۆکی ملی و بەزوویی هەندێ بەشی یەکخستنەوە . عەشیرەتی کوردو عارەب بە رابەریی شەممەر وێکڕا دوو هێرشی گەورەیان کردە سەری، بەڵام هیچیان بۆنەکرا و سەرنەکەوتن . ئیتر شەممەر لەهێرشی سێیەمدا نەدەبوو چیدی حیساب بۆ ئەو کوردانە بکا کە لە یەکەم و دووەم شەڕدا پشتیان گرتبوو . تەنانەت عەشیرەتی گرنگی کیکان Kîkan ( ی کورد ) لە پشتگیریی شەممەرەوە پەڕیەوە لای ئیبراهیم پاشا، ئیتر باجی دەدا بەو و یارمەتیی ئەوی دەدا لە دژی شەممەر . ئیبراهیم پاشا لەوساوە ملی لە بەرینکردنی قەڵەمڕەویەکەی نا،عەشیرەتی پتری دەخستنە ژێردەست و قەڵەمڕە- ویی باج سەندنی پتر دەبوو . بەوە کە سوڵتان پیاوێکی ئەوەندە بەدەسەڵاتی کردووە بە فەرماندەی حەمیدیە، دەبێ کاری لە بارتەقایی عەشیرەتان پتر پێبووبێ . ئیبراهیم پاشا هەمیشە هەر دڵسۆزی سوڵتان مایەوە،بەڵام ئیدارەی ئەیالەت بە پیسترین دوژمنی خۆی دادەنا . پیاوەکانی ئیبراهیم پاشا ملیان لە راورووتی نـاوچـە-

یەکی زۆر نابوو، تەنانەت وادەبوو چادرەکانیان لە دەوری شوورەی شاری دیاربەکر هەڵدەدا و خەڵکی شاریان هەراسان دەکرد . کە ئەوە بووە هۆی یەکەم دەربڕینی ئاشکرای ناڕەزایی لە سوڵتان لەوێ (!) . ئەوەبوو لاوانی شار، کە زیاگۆك ئالپ ی ناودار یەکێك بوو لەوانە، خۆیان لە ئیدارەی بەرید ( پۆست )ی شاردا قایمکرد و بەریان نەدا تا سوڵتان بەڵێنی دا کە ئیبراهیم پاشا بنێرێتە باشوور ( بە پارێزگاری خەتی شەمەندەفەری حیجاز) . راپەڕینی تورکی لاو لە تەمووزی ١٩٠٨دا حوکمی عەبدول حەمیدی کۆتایی پێهێنا . ئەوجا ئیبراهیم پاشا رایەڕی : رژیمی نوێی قەبووڵ نەکرد و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، هەوڵی دا هەموو سووریاش لە حکومەت بورووژێنێ، کە وادیاربوو بۆ سوڵتانی دەکرد لەدژی تورکی لاو . لەشکری تورکی رژیمی نوێ بەهەرحاڵ ئیبراهیم پاشای شکاند، ناچار رایکرد چووە چیاکانی عەبدولعەزیز ( لەنێوان ئورفە و رەقە)، پێنجهەزار لە پیاوەکانی تەسلیمی تورك بوون و، زۆری پێنەچوو مرد . کوڕەکەشی مەحموود، بەهەرحاڵ، دەستی زۆر دەڕۆیشت، " پسپۆڕ"ێکی ئینگلیس ساڵی ١٩١٩ ئەو و یەکێکی تری بە باشترین دوو کاندیدا داناوە بۆ ئەو دەوڵەتە پادشاییەی کوردی کە ئینگلیس لە بیری ئەوەدابوون بە تابیعی خۆیانی دروست بکەن .

حەمیدیە لە یەکەم زنجیرە کوشتاری ئەرمەنیانیشدا ( ١٨٩٤/١٨٩٦) کە بەدوای یاخی بوونێکی ئەرمەنیان لە ناوچەی ساسووندا هات، دەورێکی بەدناویان هەبوو . ئەرمەنی لەوە یاخی بوون کە لە دوو سەرەوە باجیان لێ دەستێندرا، لە لایەکەوە حکومەت راستەوخۆ ملی لە باج سەندن نابوو و، لەلایەکی ترەوە کوردیش باجی لەمێژینەی خۆیان هەرلێدەستاندن . ئیتر حەمیدیەیان بەگژدا کرا، حەمیدیە لە سەرتاسەری دێهاتی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا کەوتنە راوورووت و تاڵانی ئەرمەنیان، دیارە زۆرتر بە فەرمانی سوڵتان بوو، بەڵام بەبێ فەرمانیش . بە هەزاران، یا بە دەیان هەزار ئەرمەنی کوژران، ژمارەی زۆر لەوەش پتر ساف لە ساف تاڵان کران . دەبێ پیاو ئەوەش لێرەدا بڵێ کە وێڕای ئەو هەمووە دڕندەییەش کە بەرامبەر بە ئەرمەنیان کرا، دیساهەر پلانێکی بە نەزم بۆ دەرکردن یا قەڵاچۆکردنی ئەرمەنیان لە ئارادا نەبوو ( وەك ئەوەی کە بیست ساڵ دوای ئەوە هاتە کایەوە ) ، تەنانەت ئیدارەی مەدەنیی عوسمانی هەوڵی دەدا لە هەندێ بەڵای حەمیدیەیان رزگار بکا . کۆنسولێکی ئینگلیس لە راپۆرتێکیدا نووسیویە : " زۆری ئەو تاڵانەی کە کورد لە ئاب و ئەیلوولی ١٨٩٤دا لە ناوچەی ئەرزەرۆمیان کردبوو، لەکاردابوو کە حکومەت بیداتەوە بە خاوەنە ئەرمەنیەکانی " .

کاتێ تورکیلاو سوڵتان عەبدول حەمیدیان لادا ( ١٩٠٨)، حەمیدیەی دڵسۆزی سوڵتانیشیان نەهێشت و، روتبەی ئەو کوڕە ئاغا کوردانەشیان کەم کردەوە کە ببوونە ئەفسەرانی لەشکری نیزامی . بەڵام بەهەرحاڵ، چونکە وادیاربوو هێزی عەشیرەتیی کورد لەشکری نیزامییان تەواو دەکردو تەنانەت پێویستیش بوون، بەتایبەتی لە ناوچەی تەبیعەت سەختی سنووری رۆژهەڵاتدا، حەمیدیە بە زوویی بە ناوی میلیشیا زیندوو کرایەوە . هەرچەندە پتر لە لەشکری نیزامیدا هەڵشێلرا، بەڵام زۆریش لە جاران جیاواز نەبوو . فەوجەکانی ئەم میلیشیایانە خرانە شەڕی باڵکانەوە (١٩١٢و١٩١٣) ( کە زیانی زۆریان تێدا لێ کەوت) ، و چوونە جەبهەی رۆژهەڵاتیش لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا و بەشداری شەڕی ئیستیقلالی تورکیاش بوون ، پارتی نەتەوەیی کورد "ئازادی "، ئەندامانی لە فەرماندەکانی ئەم میلیشیایانەوە هێنابوو، کە مستەفا کەمال ( ئەتاتورك)یان بۆ سەندنەوەی سەربەخۆیی تورکیای نوێ یارمەتی دابوو . ئێمە ئەم ئاغایانە لە زەمینەی راپەڕینی گەورەی ١٩٢٥ی کورددا دەبینینەوە کە لە فەسڵی پێنجەمدا باسی دەکەین .

## ١٤- گۆڕان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

بردنەوە سەریەکی هەموو گۆڕانەکانی چەند دە ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستاندا، کارێکی بەئارەزووخواستنی لە رادەبەدەر زۆرە، من دەمەوێ تەنیا ئاماژە بە چەند شتێك بکەم کە راستەوخۆ تەئسیریان کردە سەر نەریتی عەشیرەتی.

### سنووری نوێ: دابەش کردنی پتری کوردستان

لە ئەنجامی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی بەتەواوی رووخا، و وێڕای بەڵێنی رۆژئاواییەکانیش کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرایە، کوردستان ئەوەندەی تر دابەش کرا. هێڵی سنووری تورکیا- سووریا- عیراق بە ناوقەڵەمڕەویی عەشیرەتاندا کێشرا و رێی گەرمیان و کوێستان کردنی زۆر عەشیرەتانی گرت کە دەکەوتنە ئەم دیو- ئەودیوی ئەو سنوورەوە، ئیتر یا ئەوەتا دەبوو - ئەگەر بۆیان بکرایە - لەوەڕگەی تر بدۆزنەوە یا دەبوو نیشتەجێ ببن. ئەوەبوو - بەڤوونە- زۆربەی کۆچەری بۆتان، کە لەوەڕگەی هاوینیان دەکەوتە ناوهێڵی سنووری تورکیاوە (ئێستاش هەروایە)، لە تورکیادا مانەوەو زستانانە دەهاتنە سەر ئەو پارچە کەمە باریکەی زەویی نزمی پەنا هێڵی سنووری باکووری سووریاو عیراقەوە. ئێستا هەر تەنیا میران لە مەڵبەندی پێشووی زستانیان (جەزیرەی سووریا) دەژین، ئەویش زۆرتر بە هۆی سیاسیەوە بوو (ترسی چەوساندنەوەی ئەتاتورك) کە وایانکرد. دەستەی بچووك لە عیراق نیشتەجێ بوون.

نیشتەجێ بوونی کۆچەران لە تورکیا بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٥٠وە پەرەی سەند، هیچ نەبێ بەشێکی بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئیتر لەوەڕگەی زستان (دوای ئەوەی رێی جەزیرەیان لێ گیرا) بەشی نەدەکردو ناچاربوون نیشتەجێ ببن. میران (لە سووریا) ناچار ملیان لە کشتوکاڵ کردن نا، چونکە ئیتر لە سەرچاوەی لەمێژینەی گەڤیان (جووتیارانی دیاربەکر) داپران.

بە کێشانی ئەو سنوورانە، کارو پیشەیەکی نوێ پەیدا بوو: قاچاغچێتی. وەزعی وەدەست هێنان و "نرخ"ی تووتن و گۆشت و شتی لوکس (کەمالیات) لەو وڵاتانەدا کە پارچەکانی کوردستانیان لەپاڵدایە، زۆر جیاوازە. ئەوجا کاروبارێکی تری ئەوتۆش لە کوردستان دەست ناکەوێ پارەی کاش (نەقد)ی تێدا بێ. ئەو دوو هۆیە، قاچاغچێتیان کردووە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئابووریی کورد. پیاو ناتوانێ نیسبەتی قاچاغچێتی لە

داهاتی نەتەوایەتیی کوردستاندا بزانێت، بـەڵام من لەخۆم رادەبینم وای دابنێم کە لە پلەی سێیەمدایـە و لەدوای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دێ . دەبێ قاچاغچێتی لە سەرەتادا تەئسیرێکی بۆ نەهێشتنی عەشیرەتگەری هەبووبێ، چونکە پیاوێك بۆخۆی بەتەنیا توانیویە بیکا و پیاوی‌عەشیرەت لەوەدا کەمتر پەکی لەسەرعەشیرەت و ئاغاکانی کەوتووە . بەڵام ئەوە ئێستا بەهەرحاڵ گۆڕاوە،کۆنترۆڵی سنوورەکان توندترە،تێپەڕینی قاچاغ زۆر زەحمەت بووە . سنووری تورکیا- سووریا مین (لوغم)کاری‌کراوە . نوخبەیەکی‌کەمی پسپۆڕانی سنووربەڕینەوە هەن، بەڵام زۆربەی قاچاغ ( حەقەن هەموو ماڵێکی زۆر) لە ڕێی بەرتیلەوە دەڕوا، کە دەدرێ بە کـارمەندانی سەر سنوور . ئەوە دەسەڵاتی ئابووریی و سیاسیی داوە،یا داوەتەوە، بـە دوو دەستەی خەڵك کە دەزانن چۆن کارمەندان بەرتیل بکەن : یەکێکیان نـوخبەی کۆنی ئاغایان، ئـەوی تریان چینێکی نوێی پـەیمانکاران ، قاچاغچیەکی سادە کار بۆ ئەوانە دەکا و بەگوێرەی نەزمێکی نوێی سەوداکاری بەوانەوە بەستراوەتەوە .

## سیاسەتی دەوڵەتانی نوێ بەرامبەر بە عەشیرەت

سیاسەتی ئەو چوار دەوڵەتەی لە ١٩١٩وە کوردستانیان لەنێواندا بەش کراوە، لە مەسەلەی عەشـیرەتدا، وەك یەك نەبووە . حکومەتی هەر دەوڵەتەو لەسەر سیاسەتێکی جیاواز ڕۆیشتووە . ئینگلیس لە عیراق سەردەمێك دەسەڵاتێکی موتڵەقی وایان دا بە ژمارەیەك ئاغاوەتی عەشیرەت کە بەرلەوە قەت نـەیانبووبوو . لە ئاغاوەتی رەقیب بە یەك، یەکێکیان هەڵدەبژاردو ئیتر هەر ئەوە بە " ئاغا" حیساب بوو . نەك هەر ئەوە کە بڵێی تەبیعی نێوانی ئەو ئاغایە لەگەڵ ئینگلیسدا باوی مەرکەزو دەسەڵاتی خۆش کردبێ، ئینگلیس بە ئاشکرا عەشیرەتەکەیان بە قانوون دەخستە ژێر دەسەڵاتی موتڵەقیەوە . کێشەوهەرای نێوان پیاوانی عەشیرەت، بەگوێرەی " قـانوونی بڕینەوەی کێشەوهەرای عەشیرەتی " پێویستی بەوە نەبوو بکەوێتە دادگای مەدەنیەوە، دەکرا هەر بەگوێرەی قانوونی عورف وعادەت ببڕێتەوە، واتا ئاغا یا ریش سپیەکان بەشێوەی لەمێژینەی خۆیان حوکمیان تێدا دەداو حوکمەکەیان بە حوکمی قانوون دادەنرا . نەك هەرحاڵەتی مەدەنی، بگرە حاڵەتی جینائیش بەهەمان شێوە دەبڕانەوە . سەردەمێکی کەم وابوو کە ئاغای کورد بەرەسمی دەکرانە حاکمی ئیدارە (مدیرناحیە،قایمقام) و جەندرمە (ی کورد)شیان لەژێر فەرماندا دەبوو . دیارە پیاو دەتوانێ بەهاسانی پەی بەوە بەرێ کە ئاغا ئەم جەندرمانەی زۆرجار وەك لەشکری تایبەتی شەخسی خۆی بەکارهێناوە . تەنانەت دوای ئەوەش کە سیاسەتی حوکم کردنی نـاڕاستەوخۆ ( لە ڕێی ئاغاکانەوە) وازی لێ هێنرا، ئینگلیس مەعاشیان هـەر دەدا بە ئاغاکانی

" سه‌ر به خۆیان"و به‌وجۆره مه‌رکه‌زیان به‌هێزده‌کردن . حکومه‌تی ئینگلیس له عیراق،دوا حکومه‌تێك بوو که به‌ره‌سمی و ئاشکرا پێڕه‌ویی له سیاسه‌تی حوکمکردنی نــاڕاسته‌وخۆی کوردستان کرد . ئینگلیس له ساڵانی دواتری ئینتیدابدا ده‌ستیان له‌و سیاسه‌ته هه‌ڵگرت . کاتێ عیراق بوو به ده‌وڵه‌تێکی پادشایی سه‌ربه‌خۆ، ئاغاکان پتر له ئیمتیازان دابڕان، به‌نفوونه : معاشیان نه‌ما، له نه‌تیجه‌دا ده‌سه‌ڵاتی ئاغایان به‌سه‌ر عه‌شیره‌ته-کانیاندا رووی له کزی نــا .

